تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

لە بڵاوکراوەکانی
(پەنجاهەمین ساڵیادی کۆچی دوایی یەکەم مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید)

مامۆستا جەعفەر

شاری سلێمانی

ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان 1820-1920

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي



سلێمانی 2006

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

مامۆستا جەعفەر

شاری سلێمانی

ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان

(١٨٢٠ ـ ١٩٢٠)

مافی لە چاپدانی تەنیا بۆ خاوەنیێتی

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٦

٣٠٥,٥١٣

ف ٢٣٤ فازيل كەريم ئەحمەد

شاری سلێمانی: ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-
١٩٢٠/ دانانی فازیل کەریم ئەحمەد "مامۆستا جەعفەر". ــ سلێمانی:
بنکەی ژین، ٢٠٠٦.

ئیندێکسی ناو: ل (٢٧٦-٢٩١).

٣١٠ل: (١٦,٥ × ٢٣ سم)، وێنە، بەڵگەنامە.

١- سلێمانی- ململانێی کۆمەڵایەتی ئ- ناونیشان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتایی پۆلێن و پێرستی ئامادە کردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

- زنجیرە: ٤٦
- کتێب: شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان (١٨٢٠ ـ ١٩٢٠)
- نووسەر: مامۆستا جەعفەر "فازیل کەریم ئەحمەد"
- تایپ: لیزان سامی، هەرێم جەزا
- بەرگسازی: جوان قادر سۆفی
- تیراژ: ١٥٠٠
- ژمارەی سپاردن: (٨١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦
- شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

بنکەی ژین

بۆ بووژانەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

هەرێمی کوردستان عێراق– سلێمانی، سەرچنار، گەڕەکی ١١٩ ، شەقامی ٧٥ سەگرمە، خانووی ٧٣

سنووقی پۆست: ١٤ تەلەفۆن: ٣١٢٣١٠٥ مۆبایل ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یا ٠٧٧٠١٥

E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

پێشکەشە بە...

مامۆستا جەعفەر

دواجار لەساڵی ١٩٧٥ یەکترمان لەبەردەم چایخانەی شارەوانیی سلێمانیدا بینی، بەڵێن بوو جارێکی تر یەکتر ببینینەوە. زۆرم چاوەڕوان کردو هەر نەهات، کاتێک بەخۆمم زانی ئەو لەبەردەمی پەتی سێدارەدایە.

ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ئەوو شیهابی شێخ نوری، هەرجارێ بەبەردەم شوێنی چایخانەی شارەوانیدا تێدەپەڕمو پۆلە کۆترێکی سپی بەئاسمانەوە دەبینم، هەست دەکەم ئەوە رۆحی ئەوانەو بە ئاسمانی ئەم شارەدا دەسوڕێتەوە. دەزانم! زۆر چاکیش دەزانم، نە من وەکو ئەوان دەتوانم بفڕمو نە ئەوان دەتوانن دابەزنە خوارەوە...

رێکەوتێکی سەیری پێزانین و ئەمەکداری ناوی شەهیدێك بۆ من بووە خاچێکی گەورەو گرانو تا ئەو رۆژە دەمێنم، بەسەر شانمەوە دەبێت. سەرەتای شۆڕش واباو بوو، هەرکەسێك دەچووە شاخ هەر لە رێگەوە ناوێکی (نهێنی) نوێی بۆ دادەنرا.

شەهید ئارام چەند هەفتەیەك پێش شەهید بوونی خۆیو پاش ساڵێك لە شەهید بوونی شەهید جەعفەر، کاتێك زانی ئێمە هاوڕێی یەکترین، پێشنیاری کرد، وەکو زیندوو راگرتنی بیرەوەری سەرکردەو مامۆستایەك، نێوی (مامۆستا جەعفەر)م بەسەردا ببڕێت، بەو هیوایەی ئاڵاکەی ئەو نەوی نەکرێتو پەیامی سیاسیی ئەو باشتر رابگەێنرێت..

هیوادارم توانیبێتم یەك لەهەزاری ئەو بکەم..

مامۆستا جەعفەر

پێڕست

بابەت	لاپەڕە
پێشەکیی چاپی دووەم	٧
کێشەی پێناسە	٢٧
چینی بۆرجوازی	٢٨
((طبقەی خواص)) و ((طبقەی عوام))	٣١
شاری سلێمانیو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی	٣٤
ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا	٣٧
باری ئابووریی سلێمانی لەنیوەی یەکەمی سەدەی (١٩) دا	٤٤
سەرەتاکانی ڕۆڵی سیاسی چینی بۆرجوازی، لە شاری سلێمانیدا	٥٣
وێنەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەشیعرێکی سالمدا	٥٦
هۆزی کۆچەرو گروپی ئایینیو ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨١	٦٤
مانگرتنو نارەزایی دەربڕین	٦٥
ئیدارەی شار	٦٩
هەشت کەسایەتیی ئابووریو سیاسیی سەرەتای سەدەی بیستەم	٧٠
گروپی شێخان	٨٠
کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی - لقی سلێمانی	٩٣
جیهانی پیشەوەری	٩٦
زانیاریی گشتی	٩٩
بەراورد لەنێوان سلێمانیو کەرکوک	١٠٣
توێژی دەوڵەمەندی بۆرجوازی	١٠٥
تەرازووی هێزی ئابووری	١٠٧
خوێندنەوەیەکی تر بۆ پێناسە	١٠٨
پێناسە کۆکردنەوەی دووەم	١١١

دۆزینەوەی ستراکتووری کۆمەڵایەتی.. ١١٥
رووناکبیری بێ پرۆژە، یان پرۆژەی بێ رووناکبیر.................................... ١١٩
ئەوەی بنەماڵەی ئۆرۆستۆکراتی.. ١٢٤
مستەفا پاشای یامولکی.. ١٢٨
محەممەد ئەمین زەکی.. ١٣٣
جەمال عیرفان.. ١٣٧
کۆتایی ١٤١
ژێدەر و پەراوێزی پێشەکی.. ١٤٧
ژێدەر و پەراوێز.. ١٤٩
پاشکۆ ١٦١
پەیدابوونی کۆکراوە.. ١٦٣
غەزەتەی (العراق).. ١٧٥
عەزیز بەگی بابان.. ١٧٩
روونکردنەوەیەک دەربارەی هەندێک لەباسەکانی چیم دی.............. ١٩١
بۆ ئیدارەی کوردستانی خواروو.. ٢٠٩
ئیسلامچێتی و کوردایەتی.. ٢١٥
سلێمانی.. ٢١٩
چەند بەڵگەیەکی مێژوویی.. ٢٢٣
پەراوێزەکان.. ٢٥٧
وێنەکان.. ٢٦٧
ناوی شوێنەکان.. ٢٧٩
ناوی کەسایەتییەکان.. ٢٩١
بەرهەم و بڵاوکراوەکانی نووسەر.. ٣٠٩

پێشەکیی چاپی دووەم

نزیکەی بیست ساڵ لەمەوپێش، پرۆفیسۆرێکی کۆمەڵناسی ئەڵەمانیی ناسیاو پێیگوتم: ((ئەگەر بتوانی نووسینو بەرهەمی سۆسیۆلۆگە کوردە بەناوبانگەکانم بۆ پەیدا بکەیت، بۆ ئەوەی باشتر لەکێشەی کورد تێبگەم، هەر زۆر سوپاست دەکەم)).

منیش گوتم: ((من جارێ کتێبەکانی خۆمم لەسەر کۆمەڵی کورد نەنووسیووە!))

پرۆفیسۆری داماو، کە ناوی (میشائیل نۆیمان) بوو، تف لەقورگیدا ووشك بوو، گوتی: "تێناگەم چی دەڵێیت؟"

من هەر بە سوبعەتەوە گوتم: ((بەداخەوە کورد جارێ کۆمەڵناسی نییەو هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیمان نییە، تا بتوانیین ناوی لێ بنێین ـ لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی ـ ڕەنگە من یەکەم کەس بم کە بمەوێ لەداهاتوودا لەسەر کۆمەڵی کورد بنووسمو منیش جارێ یەك دێڕم نەنووسیووە..))

ئەو بەدەموچاویدا دیار بوو، کە لەوەڵامدانەوەکەی مندا، تووشی نائومێدیی گەورەو حەپەسان هاتبوو، قسەیەکی گوت، کە تا ئەو ڕۆژەی لەژیاندا بم، بیرم ناچێتەوە.

ئەو گوتی: ((چۆن گەلێك دەتوانێ ڕزگار بێت، گەر سۆسیۆلۆگو لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگیی باشی نەبێت؟))

من بزەیەکم بۆ کردو ئەو بەسەر سامییەوە لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو:

((کاری سیاسیی جیدی پێویستی بەکاری کۆمەڵناسی باشی سەرکەوتوو هەیە. ئێوە دەوڵەتیشتان بۆ دروست بکرێت، تووشی هەزارو یەك کێشەی سیاسییو کۆمەلایەتی زۆر قورس دەبن. خەڵکی سیاسیی، لەناوەڕاستی شەپۆلی شێتو چەمووشی ڕووداوەکاندا قومپاسی (قیبلەنما) پێنەبێت، بەرەو کوێ، لەتاریکە شەودا سەوڵ لێدەدات؟))

* * *

مـن پێموانییـه، نـه ئـهم نووسـینهو نهنووسـینهکانی پێشووتریـشم، هـهروا بهئاسـانی لهخانـهی لێکۆڵینـهوهی سۆسـیۆلۆگیدا جێگـهیان ببێتـهوه. یـهکێك دهتوانـێ ئهم کاره بکات، که ههموو کاتـی خۆی تهنیا بـۆ ئـهم مهبهسـته تـهرخان کردبێتو ناچاری خۆدزینهوهو دهست بهکاتهوه گرتن نهبێتو لهناو دهزگایـهکی لێکۆڵینهوهی سۆسیۆلۆگیدا کاربکات.

گـهورهترین کـهلێن لـهم پرۆژهیـهدا، رهنگـه نـهبوونی سهرچـاوهی کـوردیو وهرنهگێرانی بهرههمه سهرهکییه کلاسیکییهکانی مارکسو ماکس ڤێبهرو ئیمێل دورکهایمو نۆبـهرت ئیلیـاسو.. هتـد بێـت، بـۆ سـهر زمـانی کـوردی. نهشارهزایی لهزمانـهکانی لاتینـی، ئینگلیـزی، فهرهنـسیو ئهڵـهمانی یارمـهتی خوێنـدکاران نـادات، بـهزمانی ئهسـڵی سهرچـاوهکان بخوێنـرێنـهوه. وهرگێرانـه کوردییهکـهش لهبهردهستدا نهبوو، ئیدی ئهوه خوێندکار به ناچاری خـۆی بـه هەنـدێ تێکستی لاوازی وهرگێردراو گرێدهدات، که هیچ سوودێکی ئهوتۆیان بۆی نابێت.

لهبــهردهم پــردی وهرگێرانــدا، کێــوی ســهختی چــهمکی زانــستی تایبــهت (تێرمینۆلۆگی ـ Terminology) قوت دهبێتهوه، که زمانی کوردی تێیـدا هـهر زۆر ههژارهو هیچی نییه. نهبوونی چهمك (تێرم) رێگره لهبهردهم لێکۆڵینـهوهی جیدی سهرکهوتوودا. کێشهکه بهوهرگێرانی حهرفیو داتاشین چارهسهر ناکرێتو پێویستمان بهکات ههیه تا چهمکه کۆمهڵناسییهکان، جێگهی خۆیان دهکهنهوه...

* * *

هـهر وهکـو چـۆن بـاوكو دایـك بێـچووی خۆیـان چـاکتر دهناسـنهوه، منـیش نووسینهکانی خـۆم چـاك دهناسـمو رێگـه بـهخۆم نـادهم، بـهو مامۆسـتا ئهڵهمانـه بڵێم، خهونـهکانی ئـهو، ئـهوه خهریکـه دێنـه دی. یـهکێك پێشینهی فهرههنگیی دهوڵهمهندی نهبێتو ژیانی خۆی بۆ کارێك تهرخان نهکردبێت، چـۆن دهتوانێت ئهوه بنووسێت، که لێی چاوهروان دهکرێت؟

لەگەڵ ئەوەشدا من ئەم نووسینە بەکارێکی پێویست دەزانم. ڕەنگە ئەمە یەکەمین کاربێت کە لەسەر بابەتی چەمکی هاوشاریبوون، واتە: بازرگان‌و کاسب‌و فەرمانبەرو رووناکبیر کرابێت. لەئەدەبیاتی رۆژاواو رۆژهەڵاتدا، بەهەزاران لێکۆلینەوە لەسەر ئەم چینە نووسراون. ئێمە ئەمرۆش لەرووومان نایەت باسی ئەوە بکەین، کە چینی بۆرجوازیمان هەیە یان هەبووە. چینێك لەشار لەدایك بووبێت‌و بەبازرگانی‌و کاری پیشەیی ژیابێت، هەر زۆر لەچینی جووتیارو دەرەبەگ جیاواز دەبێت.

ساڵی ١٨٨١ لەشاری سلێمانیدا، ئەم چینە لەناو شاردا راپەڕیوەو بۆ ماوەی سێ رۆژ شاری ئازاد کردووە. ساڵی ١٩٠٢ بازرگان‌و کاسبی شاری سلێمانی، بۆ ماوەی یەك مانگ مانیگرتووەو سێ برووسکەی نارەزایی ڕەوانەی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم) کردووەو داوای (ئازادی)و (دادپەروەری) یان بەگوێرەی دەقە عوسمانییەکە: (حریە) و (عدالە) کردووە. کەچی ئێمە هەر لەبەر ئەو ئەفسانەو داستان‌و میتیۆلۆجیا ناسیۆنالیستییەی کە ئاسمانی بیرکردنەوەمانی داگیر کردووە، چەپترین‌و پێشکەوتووترین مێژوونووسمان ناوێرێت ڕاستییەکان وەکو خۆی بەڕاشکاوی بگێڕێتەوە. ئەمە کارەساتێکە، کە خۆمان هەست ناکەین، لەچ کارەساتێکی نەتەوەییدا دەژین‌و هەستی پێ ناکەین.

شانازی بەخەباتی خەڵکی شارەوە ناکەین لەپێناوی ئازادی‌و دادپەروەری‌و دژی چەوسانەوەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کردویانە، هەر لەبەر ئەوەی ڕاستییە مێژووییەکان لەگەڵ ئەو (وەهم)ە ئەزۆکانەدا ناگونجێت، کە ئێمە بڕوامان پێی هەیە!

* * *

ئەوەی ڕاستی بێت، ئارەزوویەکی سەیر هانیدام بۆ جاری دووەم ئەم کتێبە چاپبکرێتەوە. چاپی یەکەم بەهۆی زۆریی هەڵەی تایپکردن‌و گوێنەدانی لەشکری

بێ سەلیقەی هەڵبڕ، بە پەلاماری کوتوپڕی پەنجەی تایپیستەکان، کە خۆیان لەزۆریی پەڕینی ڕستەو برگەو لاپەڕە بە بەرپرسیار نازانن، ، ئەوەندە هەڵە سنوور دەبەزێنێت، کە نووسەر تێیدا شەرمەزار دەبێتو کەس تاقەتی خوێندنەوەی کتێبەکەی نامێنێت. چاکتر وایە لەمەودوا نووسەران خۆیان کاری خۆیان تایپبکەنو منەتی قەساب هەڵنەگرن.

ئەگەر خوێنەرانی ئازیز تووکیان لەچاپی یەکەمی کتێبی: (پێکهاتنی چوارچێوەی ئابووریو سیاسیی چینی بۆرجوازی لەشاری سلێمانیدا ١٨٢٠ - ١٩٢٠)[1] گردبێت، ئەوە مافی خۆیانەو منیش وەکو ئەوان ڕەنجاوو دڵشکاوم. چاپی یەکەم بەکتێبی خۆمی دانانێمو نامەوێ کەس بۆ کاری زانستی بەکاری بهێنێت. نازانم کەی دەمپەرژێتە سەر ئەوەی جارێکی تر دوای ئەو سەرچاوانە بکەوم.

ناونیشانی کتێبەکەشم گۆڕی، چونکە ناونیشانی پێشوو بۆ نووسینێك بە ئەڵمانی نووسرابێت، ئەوە ڕەنگە کێشەیەکی ئەوتۆ ڕوو نەدات، بەڵام بۆ خوێنەری کورد تۆزێ تەمو مژاوییەو کەس ناتوانێ لەخوێندنەوەی ناوی کتێبەکەوە، هەر یەکسەر بزانێت ئەو کتێبە لەسەر چییەو باسی چی دەکات؟ فراوانکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەش ئەوەندەی تر جیاوازیی نێوان ناوو ناوەڕۆکی دروستکردووە.

ئەم کتێبە دەبا پاشکۆیەکی قەبەو زل بە دوای خۆیدا ڕاکێشێت، کە زۆر بەڵگەنامەی بڵاوکراوەو بڵاو نەکراوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەبێت، جوانتر دەبوو لەبەشی پاشکۆدا جێگایان بکرایەتەوە.

((چەند بەڵگەیەکی مێژوویی)) کە مامۆستا (مستەفا نەریمان)[2] لەساڵنامەی عوسمانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردیو کاك ئازاد هیدایەت دەلۆ لەگۆڤاری ڕامان ژمارە (٦٧)دا بڵاویکردووەتەوە، ئەوە مۆڵکی وەرگێڕەو دەبا بەگوێرەی قانوون، ئێمە ئیجازەی دووبارە بڵاوکردنەوەی لەخێزانو کەسو کاری وەربگرین.

بەڵام ئەوە نەکراوە، داوای لێبوردنیان لێ دەکەین، هەرچەند هەوڵمان داوە، پەیوەندییان لەگەڵدا بکەین و داوای ڕێگە پێدانییان لێ بکەین، بەهۆی وەزعی ئێستای بەغدا دەستمان پێیان نەگەیشت.

شیعرەکەی سالم (عەزیز بەگی بابان) کە کاتی خۆی (محەمەد مستەفا کوردی) بەشێکی بڵاوکردەوەو پاشان (د. مارف خەزنەدار) لەکتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)[٣] بەرگی سێیەمدا بەتەواوی هەر (٩٨) بەیتەکەی بۆ یەکەمین جار بڵاوکردووەتەوە، دەمەویست بەیت بە بەیت لەسەری بنووسم، بەهۆی بێکاتی و سەرقاڵییەوە، دەستم لەهەویری ئەو پرۆژەیە هەڵگرت. ئێستا هەر دنەی کاک (محەمەد مستەفا ـ حەمە بۆر ـ[٤]) دەدەم ئەوکارە بکات، پاش ئەوەی بەنامەو بەقسە، چەندین جار تکام لەمامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) کرد، ئەو بەڵێنەی سەرەتای حەفتاکان داویانە، دیوانەکەی (سالم) ساخبکەنەوەو شەرحی بکەن و بڵاوبکەنەوە، بهێننە دی. دەزانم باری تەندرووستی هەردووکیان وەکو بیست ساڵ لەمەوپێش نییە، بەڵام لەوە دڵنیام کەسی تر نییە، یەك لەدەی ئەوانیش شارەزایی لەسالم و کوردی هەبێت. بریا پەنجای تری وەکو ئەو دوو برایە هەبووان و ئەو ئەرکە لەستۆی ئەوان نەبوایە...

کاک (حەمە بۆر) ئەم شیعرەو هەندێ بەیتی تری خستووەتە سەرو بە(١١٧) لاپەڕە ڕاڤەکارییەوە، بەتایپکراویەوە بۆی ناردم و ماڵی ئاوا بێت. من پرسیارم لە (دکتۆر کەمال فوئاد) کرد، کە ئەو سەرجەمی دەسنووسەکانی کتێبخانەی دەوڵەتی پرۆیسی خوێندووەتەوەو کۆپی ڕەوانەی لای کاک (محەمەدی مەلا کەریم)و (د. مارف خەزنەدار) کردووە، کە شیعرەکەی سالم تەنیا (٩٨) بەیتە، نەك (١٥٧) بەیت. ڕاڤەکەی کاک (حەمە بۆر) خۆی بەکاری (شکلی)یەوە خەریك کردووەو زۆرجار نیشانی نەپێکاوە. بۆیە من تەنیا شیعرەکەی (سالم)ی (د. خەزنەدار) سەرلەنوێ بڵاودەکەمەوە...

دەبا شیعرە بڵاونەکراوەکەی (مەلا حەمدوون)یش بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەبەر دڵی خەڵك و هەست و سۆزی ئەوانەی رەختەیان ئاراستەکراوە، منیش گوێی خۆمم لێ کەڕکرد، وەکو ئەوانەی تر، کە ماوەی پتر لە (٩٠) ساڵە ئەو شیعرەیان لایەو لەبەر خاتری ئەمو ئەو بڵاویان نەکردووەتەوە. منیش چوومە پاڵ ئەوان.

ئەم نووسینەی من هێشتا زۆر کەلێن و ناتەواویی تێدایەو هەق نەبوو، لەبڵاوکردنەوەی چاپی دووەمدا پەلە بکەم. ماوەی دەساڵ لەمەوپێش چاوم بە سەرچاوەی ئەوتۆ لەکتێبخانەکانی ئەڵەمانیا کەوتووەو ئێستا هەرچەند لەوێش هەوڵمدا دەستم نەکەوتنەوە. بێگومان هەندێکیان یەکجار سوودیان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبوو.

دوو گەڕیدەی ئەڵمان کە ناویان (بەرلینەرو بورخارد)[5] لەسەر کاری زێڕنگەری کتێبێکیان نووسیووەو ناوی (کاری زیوگەری لەکوردستاندا)یە، ژمارەیەك وێنەی دەگمەن و نایابیان لەسەر کاری زێڕینگەری (زیوگەری) گرتووەو ساڵی ١٩٢٢ لەشاری بەرلین بڵاویان کردووەتەوە.

Berliner, R. und Borchardt, P.: Silberschmiedearbeiten aus Kurdistan, Berlin, 1922.

هەق بوو ئەم کتێبە، یان ئەم کەتەلۆگە بەبێ زیادو کەم بکرێتە کوردی و بڵاوبکرێتەوە، بەڵام تەنیا پێشەکییەکەم کردووە بەکوردی و لەبەشی پاشکۆدا دانراوە. زانیارییەکانی نووسەران، دوورو نزیك تیشك دەخەنە سەر بەشێك لەژیانی کۆمەڵایەتیی شاری سلێمانی لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانی.

مامۆستایان (عبدالرقیب یوسف)و (سدیق ساڵح) ساڵی ٢٠٠٤ کتێبی (لەبەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود ـ تۆمارێکی شارەوانی سلێمانی ١٩٢٣ـ ١٩٢٤)[٦] یان بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە هەر زۆر زۆر بەنرخە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر حکومەتی شێخ مەحمود لێتوژینەوەی زانستی و کۆمەڵایەتی بنووسن.

لەڕێگەی ئەو دۆکۆمێنتو فاکتو ژمارانەوە، دەتوانرێت ستراکتووری ئیداریو بەڕێوەبەرایەتی سەر لەنوێ داڕێژرێتەوە (ریکۆنسترەکشن).

من بۆ خۆم لە (ئەحمەد خواجە) ١٩٩٥ەوە کۆمەڵێك زانیاریم لەسەر شێوەی بەڕێوەبەرایەتی دەورانی شێخ مەحمود تۆمارکرد بوو، لەم کتێبەدا سوودم لێیان وەرگرتووە. کارەکەی مامۆستایان (عبدالرقیب)و (سدیق ساڵح) بریتییە لە بەڵگەنامەو سەرچاوەی دەستی یەکەمو ئەم کتێبە زۆر لایەنی نەزانراوو شاراوەی خستووەتە بەرتیشکی ڕۆژ.

نووسەرە لاوەکان، دەتوانن بەبێ گرێوگۆڵ، بەپشت بەستن بەخشتەی داهات وەرگرتنو شێوەی سەرف کردن، سروشتی دەسەڵات بدۆزنەوە. هەر بۆ نموونە من پێشتر نەمدەزانی وەزیفەیەك هەبووەو پێیگوتراوە (چراچی) یان (باشکاتب).. هتد. لەڕێگەی تۆماری شارەوانییەوە چەندین پۆستو کار بەرچاو دەکەون، کە ئێستا نەماون. ئەم تۆمارە، تایبەتە بە شارەوانیو بەداخەوە ئێمە لەسەر دامەزراوەکانی تر هەر زۆر کەم دەزانین.

پێش بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە هاوبەشە، مامۆستا (سدیق ساڵح) لەساڵی ٢٠٠٣دا کتێبی (تۆمارێکی شارەوانی سلێمانی ١٩١٩ـ ١٩٢٢)ی[٧] بڵاوکردەوە. ئەم کتێبەش بۆ تێگەیشتنی ڕەفتارو قەوارەو هێزی داراییو ئابووری گروپە کۆمەڵایەتییەکان یەکجار بەسوودە.

جگە لەم دوو کتێبە، برایان (رەفیقو سدیق ساڵح) کارێکی ئەفسانەیی بێوێنەیان لەبواری سەر لەنوێ چاپکردنەوەی (بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال، ژیان، نزار،... هتد) کردووە، هەوەکو چۆن لەمێژووی ڕووناکبیریو ئەدەبی ئەڵەمانیدا (بروودر گرم ـ Bruder Grimm) هەیە، واتە: برایانی گرم، لەزۆر شوێن پەیکەریان بۆ دانراوەو کەم شار هەیە شەقامێك ناوی شەقامی (برایانی گرم) نەبێت، برایانی ئێمەش هەرچەند هەردووکیان هێشتا گەنجن، بەڵام دوو ئەوەندەی (برایانی گرم) کاریان کردووە.

ئەوان هەر بەوەوە ڕانەوەستاون، کە لەماڵەوە خزمەتی ژیانی ڕووناکبیری کوردی بکەن، بەڵکوو (بنکەی ژین) یان بەیارمەتی چەند برایەکی تر دامەزراندووە. ئێستا ئەم دامەزراوەیە بەپلان هەوڵدەدات، بەهەزاران بەڵگەنامەو دۆکۆمێنت لەدەستی نەمانو تیاچوون ڕزگار بکات.

لەناو بنکەی ژیندا کاک (عەبدوڵڵا زەنگەنە)ش[٨] جێگەی دەستی دیارەو شان بەشانی مامۆستایان (عبدالرقیب یوسف)و (ڕەفیق ساڵح)و (سدیق ساڵح) قەڵەمێکی ڕەنگینی هەیەو کاری زۆر باشی کردووە. مەگەر یەکێکی وەکو من بزانێت بۆ پەیداکردنی ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) چەند خۆی ماندوو کردووەو بڵاو کردنەوەی هەرچوار ژمارەکە بە وەرگێڕانی گوتارە عوسمانییەکان بۆ کوردی چەند کاتو شەونخوونیی لێی ویستووە.

کارە مەزنەکانی مامۆستایان (محەمەد عەلی قەرەداخی)[٩] و (کەمال ڕئووف محەمەد بابی لالۆ"[١٠]) بۆ ئەم نووسینەی من زۆر بەسوود بوون. ئەمانە لەبواری دۆزینەوەو ساخکردنەوەی دۆکۆمێنتو بەڵگەنامەدا ڕەنجی فەرهادانەیان کێشاوەو بەداخەوە کەم کەس لەگرنگیو بایەخ هەوڵو تەقەلای ئەوان تێدەگات. من دڵنیام ئێمە ئەگەر ناوەندێکی پارێزگاریکردن لە دەستنووسو بەڵگەنامەمان هەبوایە، ئەوا بەهەزاران دەستنووسو دۆکۆمێنت، بە هەرزانو تاڵان بۆ دەرەوەی وڵات نەدەڕۆیشتنو خۆمان ڕۆژێ لەرۆژان سوودمان لێیان وەردەگرت.

کتێبەکەی کاک (ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە) (سلێمانی)، کە بەدوو بەرگ بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوانەی لەسەر هەندێ لایەنی سۆسیالو ئیتنۆلۆگیی سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی (٢٠) دەنووسن، سوودی خۆی هەیە.

* * * *

جێگـەی داخو کەسـەرە، دامـەزراوە زانستییەکان: زانکـۆ، کـۆڕی زانیـاریو وەزارەتی رۆشنبیری، هێشتا زۆر ئەرکی سەرشانی خۆیـان جێبەجـێ نـەکردووەو هیچ پلانێکیان بۆ بووژاندنەوەو پاراستنی دۆکۆمێنتو بەڵگەنامە نییە.

زانکـۆ، بەتایبـەتی بەشـی کۆمەڵناسـیو زانـستی سیاسـیی، دەتوانـن بـۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێ برگەی مێژوویی بەرنامەی پلان بۆ دانراویان هەبێت.

بڵاوکردنـەوەی ئـەم ژمـارە زۆرە لەبەڵگەنامـە، پێویـستیی سـەر لـەنوێ نووسینەوەی مێژووی پاش یەکەمین جەنگی جیهانی دەکاتە ئـەرکێك، کـە دەبـێ پەلـەی تێـدا بکرێـت. پـێش راپـەڕینی ١٩٩١ ئەگـەر گێڕانـەوەی داسـتانو چیرۆك ئامێز بۆ ڕووداوەکانی دیـرۆك، بیانوویـەکی هـەبووبێت، ئـەوا پـاش چەسپاندنی دەسەڵاتی کوردیو فەراهـەم بـوونی هەلومـەرجی باشـتر بـۆ لێکۆڵـەرو لێتـوێژەر، ئەمانی هەرەشەی نەمان، ئەو بیانووە بەدەستەوە ناهێڵن.

ئـەوەی بەڵگەنامـەکانی ئـەم سـەردەمە بخوێنێتـەوە، کـە مامۆسـتایان (عبـدالرقیب یوسـف)و (رەفیـق سـاڵح)و (سـدیق سـاڵح)و (محەمـەد عـەلی قـەرەداخی)و (عەبـدوڵڵا زەنگەنـە)و (کـەمال رەئـووف محەمـەد) بەشـێکیان بڵاوکردووەتـەوە، یەکـسەر هەسـت دەکـات، نووسـەرو لێکۆڵـەران هـەر زۆر بەجێماون. یەکێکی وەکو کاك (نەوشیروان مستەفا ئەمین) لە (سەردەمی قەڵەمو موراجەعات)و (چەند لاپەڕەیەك لەمێـژوی رۆژنامـەوانی کوردی ـ ب١ ، ب٢)دا[١٢] چاکتر سوودی لەرۆژنامەکانی ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو وەرگرتـووە، تـا زۆر کەس، کە لەزانکۆدا کورسیی (مێژووی نـوێ) و (مێـژووی رۆژنامـەوانی) یان هەیە.

من هەر لەبەر ئەوەی ساڵانی بیستەکانی سـەدەی پێـشوو، دەکەوێتـە دەرەوەی بازنـەی ئـەو سـەد سـاڵەی بـۆ نووسـینەکەم دیـاریم کـردووە، نەمویـست زیـاد

لەپێویست پانتایی ستراکتوورو میکانیزمی ئیداری ئەو سەردەمە، بهێنمە ناوچەقی بابەتەکەوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆگی سەربەخۆی پێویستە.

نازانم ڕۆژێك لەڕۆژان دەمبەرژێتە سەر ئەوەی مێژووی بیر لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم بنووسمەوە، یان سەرئێشەی ژیان بۆ تاراوگەی پرۆژەیەکی تر ڕاپێچم دەکات؟

*   *   *

لەولاتی ئێمەدا، هێشتا ئەوە نەبووەتە باو، لەسەر شار بنووسرێت، هەرچەند دەسەلاتی کوردی دەزانێت، ئەمرۆ شار کۆڵەکەی سەرەکیو بڕبڕەی پشتی کۆمەڵە. شاخ، ڕەنگە لەسەر نەخشەی عەسکەری یان ستراتیجیی دەزگاکانی گەشتوگوزار، دەزگا سەربازییەکان گرنگیی خۆی هەبێت. هەر دەسەلاتێك شار پشتی تێکردبێت، نەیتوانیوە لەشاخ خۆی بگرێتەوە. شار پێویستی بەتێگەیشتنی دەسەلاتی سیاسیی هەیە. لەهەڵبژاردندا، هێزو لاوازیی دەسەلاتو حیزبو ڕێکخراوەکان دەردەکەون. ئێمە لەمەودوا ناتوانین تەنیا بەگوتار ڕازاندنەوەو سیحری چاوی کامێرای تەلەفزیۆنی، دڵی کۆمەڵانی خەڵك بۆلای خۆمان ڕاکێشین. سۆسیۆلۆگیای شار ڕەنگە لەمەودوا بتوانێت دەرگای لێتوێژینەوەو شیکردنەوەی گەڕەك بخاتە سەر پشت، لەسەر بنەمای ڕاپرسیو کۆکردنەوەی فاکتو ژمارە، دەربارەی ژمارەی دانیشتوانو فێرگەو باخچەی ساوایانو سەنتەری لاوانو حەوزی مەلەو باخچەی پیاسەو گۆمی سەیرانو یاریگەی وەرزشو مزگەوتو حەمامو... هتد. لایەنی لاوازو بەهێزی دەسەلات دەردەکەون.

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە، لەئەورووپاو ئەمریکادا لەکۆتایی شەستەکانەوە بڕەوی هەیە، بەتایبەتی پاش تەقینەوەی شۆڕشی خوێندکاران ١٩٦٨. لەناو دەزگاو ئامۆژگاو دامەزراوە زانستییەکاندا پێیدەگوترێت (کۆمەڵناسی شاری نوێ ـ New Urban Sociology) زۆربەی ئەو کارانەی لەئیتالیاو فەرەنساو

ئەمریکاو ئەڵمانیادا لەسەر ئەم بابەتە نووسراون، بایەخیان بەلێتوێژینەوەی ئیمپیری empirical زانیاری بەئەژمار کۆکراوەتەوەو پاشان شیکراوەتەوە.

دەسەڵاتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی، بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانەی لەکۆمەڵدا ڕوودەدەن، دەستەوئەژنۆو ساکاوو حەپەساوە. لەماوەی بیست ساڵدا لادێ چۆڵ دەبێتو شاری یەك ملیۆنی دروست دەبێت. دەسەڵاتی سیاسیی، نەتێگەیشتنی بۆ ئەم كێشەو تەنگژەیە هەیەو نەستراتیجیای ڕوونی هەیە، نەدەتوانێ هەنگاوی ڕاست هەڵهێنێت. ئێستا، ٨٠٪ دانیشتوانی کوردستان لەشار دەژینو تەنیا ٢٠٪ دانیشتوان لەلادێدا ماونەتەوە!

((شاری نوێ))ی ئێمە، هەر زۆر بەشێوەیەکی ناسروشتی گەشەی کردووە. شاری ڕۆژاوایی، لەماوەی سەدەیەکدا، ئەوپەڕی ١٠٪ لەژمارەی دانیشتوانو شەقامو گەڕەك دەگۆڕێت. ئەوەی ئێمە، کار لەڕێژەو ڕێژەکاریدا نامێنێت، هەموو سنوورێك تێدەپەڕێنێت. ساڵی ١٩٢٠ واتە: تەنیا (٨٥) ساڵ لەمەوپێش، ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی (١٠٠٠٠) دە هەزار کەس بووە. هەولێر (١٠٠٠٠) دە هەزار کەس بووەو کەرکوك (١٥٠٠٠) پانزە هەزار کەس بووە. دهۆك تەنیا چوار سەد (٤٠٠) ماڵ بووە. ئێستا سلێمانی (٨٥٠٠٠٠) کەسو هەولێرو کەرکوك یەکی نزیکەی ملیۆنێك کەسیان تێدا دەژێتو شاری دهۆکیش نزیکەی (٧٠٠٠٠٠) کەسی تێدا دەژێت.

شارەوانی، ڕێگەی بەدروستکردنی خانوو داوە، بەڵام نەیتوانیوە شەقامیان بۆ قیرتاو بکات. ڕەنگە حکومەتەکانی پێشوو کارەباو ئاویان تەنیا بۆ (١٥٠٠٠٠) کەس دابین کردبێت، ئێستا ئەو دەزگایانە ناتوانن پێویستییەکانی هاوشاری لەئاوو کارەبا دابین بکەن. بەکورتی شارەوانی پێش شەقام دروست کردنو زێرابو ئاوڕاکێشان بەهەزاران پارچە زەوی دابەشکردووە، یان خەڵك بەبێ ڕەزامەندی شارەوانی، واتە بە (تجاوز)، گەڕەکی گەورەی دروستکردووە. کەسانی

(خێرۆمەند) هەرزوو مزگەوتیان بۆ دروست کردوون‌و خەڵك ژیانی تێدا بەسەر دەبات‌و حکومەت ناچار دەکات ئەو زەویانەی کە بەناڕەوا داگیرکراون بەڕەسمی لەسەریان تاپۆ بکات!

بێگومان تۆپەڵبوونی هەزارانی لادێ، لەقەراخی شاردا بەبێ خزمەت‌و پڕکردنەوەی پێویستی، هەستی جیاوازیی چینایەتی، دەوڵەمەندی‌و هەژاری، ناعەدالەتی دروست دەکات. ئەم خەڵکە، حکومەت ناتوانێ داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات‌و دڵیان ڕازی بکات، بۆیە دەچنە ریزی ئۆپۆزسیۆن‌و بەتایبەتی دەبنە لایەنگری گروپە دینییە توندڕەوەکان، کە ناتوانن بەڵێنی چاکردنەوەی ژیانی سەر زەویان بدەنێ، بەڵکو بەڵێنی بەهەشت‌و حەفتاودوو حۆری‌و ئەو دونیای پڕخۆشی‌و کامەرانی مسۆگەر بکەن.

هەرکەسێك سەیری قەراخ‌و بازنەی دەوروبەری شار بکات، هەر لەدهۆکەوە تا کەلار دەبینێ یەك مۆدێلە، ئەگەر ئێمە شاری دهۆك وەکو نموونە لەبەرچاو بگرین، لەباکوور، هەندێ تیرەی عەشیرەتی سندی، گلی، بەرواری نیشتەجێ بوون، کەچی لەڕۆژهەڵات هەندێ تیرەی دۆسکی‌و مزوری گەڕەکی خۆیان دروستکردووە. ڕۆژهەڵات، خەڵکی عەشیرەتی سلیڤانی لەشوێنی کۆنی خۆیان تیادا هەڵکەنراون‌و لەوێ جێگیربوون، باشووریش زۆربەیان بنەماڵەی ئێزیدین.

شاری چوارقورنە، لەکاتی دروستکردنی بەنداوی دوکاندا، لەئەنجامی کۆکردنەوەی دێهاتی (گولەك، قوروجە، تەنگژە، بازمووسیان، شیلانە، تۆبەکارە، میرزا ڕۆستەم) فوتکراوەتەوە. هەر گوندێك ناوی گەڕەکی لێنراوە، هەر گەڕەکێك مزگەوتی خۆی هەیە، لەهەر گەڕەکێك یەکێك بمرێت لەمزگەوتی گەڕەك پرسەی بۆ دادەنرێت. ئەم دێهاتە ـ گەڕەکە لەساڵی (١٩٥٨)ەوە پەیوەندییان لەگەڵ زەوی‌و زاری جارانیانەوە تا ئەمرۆ نەپچڕاندووەو بەشێکیان هەر بەکاری جووتیاری دەژین.

بەشێك لەگەڕەكەكانی هەولێر، كۆلۆنی (مستعمرة)ی نوێی عەشیرەتەكانی دەوروبەری شارن. خەڵكی دزەییاتی، هاتوونە كووران، بەشێك لەبەڕانەتی لەگەڕەكی تەیراوە دامەزراون، خۆشناوەتی، لەسێتاقان‌و سەیداوە جێگەی خۆیان كردووەتەوە. گەڕەكی بیرەژییان، لەئەنجامی كۆچكردنی جووتیارانی گوندی (بیرەژی)ەوە دروستبووە. كۆچی ناچاری زۆرەملێ، گەڕەكی (بەلاشاوا، گێمەدێ، دڕكاوا، پۆتیناوا، ...)ی هێناوەتە كایەوەو هەر ناوی گەڕەكەكان بەڵگەی مێژوویی پرۆسەی دروستبوونی گەڕەكەكان‌و هاواری ناعەدالەتی‌و زوڵم‌و زۆری سیاسی‌و كۆمەڵایەتین.

شاری كەلار، لەساڵی (١٩٧٠)ەوە هەر بەناو شارە، بەڵام شارێكی بێ كولتووری شارییە. لەبازاڕەكەیدا گوزەری پیشەگەری جیاجیا نییە (ئاسنگەر، دارتاش، كورتاندروو، نالبەند، مسگەر، ...). لەم شارەدا، ئوتێل‌و ریستۆرانت‌و مەیخانە نییە. كەچی لەخانەقی، كە ژمارەی دانیشتوانی نیوەی ئەوێش نابێت، چەندین ئوتێل‌و دوكانی فرۆشتنی خواردنەوەی هەیە. یەكێك لەكەلار، بیەوێ قومێك عارەق بەقوزەڵقورتی بكات، دەبێ سواری ئۆتۆمۆبێل بێت‌و تا سلێمانی یان خانەقی نەوەستێت. ئەم (شار)ە بریتییە لەتۆپەڵكردنی زۆرەملێ‌و ناچاری بەشێك لەدێهاتی گەرمیانی ئەمبەرو ئەوبەری سیروان. هەرچی پەروێزخانی‌و سالاری هەیە بەزۆری لە(حەمەی كەریم) كۆبوونەتەوەو كاكەیی، لەبەردەسوورو خەڵكی كۆڵەجۆ، زۆربەیان لەخوار شیروانە نیشتەجێكراون...

لەسلێمانیش هەروایە گەڕەكە نوێكانی ڕۆژاوا، بەگشتی لەقەرەداخەوە بۆ ئەوێ باریان كردووەو ئەو گەڕەكانەی كە لەدامێنی گۆیژە دروستكراون لەشارباژێڕەوە هاتوون.

پێش ساڵی ١٩٧٥، شار شاربوو، لادێش لادێ. شار كولتووری خۆی هەبوو، لادێی داماو نەیدەتوانی بەئازادی پیاسەی ناو شار بكات‌و نان‌و كەبابێك بەئیسراحەت

بخوات. شـاریی ئەوەنـدە نوکتـەی لەسـەر دروسـت دەکـرد، لادێـی نەیـدەوێرا بـۆ سـەردانیش ڕووبکاتـە شـار. ئـەمڕۆ بنەماڵـە دەوڵەمەنـدو خانەدانـە شـارییەکان، بەگـشتی لاتو پـاتو بێـدەرەتانن، لەچـاو ئـەو پـارەدارە لادێیانـەی، کـە ئێـستا بەملیۆن دۆلار قسە دەکەنو لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی دوورو نزیـکو ڕۆژاوادا بازرگـانی دەکـەن. شـاریی ویـستویەتی وەکـو فەرمانبـەرو دوکانـدار ژیـان بەسـەر بـەرێتو نـان پەیـدا بکـات. کـوڕی لادێ، بەعەرەبانـەی دەسـتی، مـسو فـافۆنی کۆکـردۆتـەوە پـارەی بەیەکـەوەناوەو دەسـتی گەیـشتووەتە هـۆنگ کـۆنگو سـەنگافوورەو جاکارتـا. ئـەم کـارە بەفەرمانبـەرو کاسـبی سـونەتیو خوێنـدکاری زانکۆ ناکرێت!

ئەم نوسینەی من دوورو نزیك پەیوەندی بەسۆسیۆلۆگیای شارو لێکۆڵینەوەی شارەوە نییە. هەرچی (کۆمەڵناسی شاری نـوێ - New Urban Sociology) هەیە، لەسەر کۆمەڵی ئێستای شار کاردەکات، نەك لەسەر ڕابوردوو. کارەکەی من، خوێندنەوەی سۆسیۆلۆگیە بۆ برگەیەکی مێژوویی دیاریکراو.

* * *

ئاسمـانی بیرکردنـەوەی ئێمـە، بەئەفـسانەو میتیۆلۆجیـا داگیرکـراوە. ڕاسـتی لەناو شەوەزەنگی ناڕاستیدا شاراوەتەوە. نەوەی نوێ، پێویـستیی بەخوێندنـەوەی خۆی هەیـە بـۆ ڕابـوردوو، بـۆ ئـەوەی لەئێـستاو داهاتوو تێبگات. زانکۆی ئێمـە، دەتوانێت لەسـەر کۆمـەڵو مێـژووی دراوسێ، باشـترین زانیـاریو وێنـە پێشکەش بکـات، بـەڵام لەسـەر کۆمـەڵی خۆمـان دەستەپاچـەیەو ناتوانـێ ئـەرکی سەرشانی خۆی ڕاپەڕێنێت.

ڕەنگـە لای زۆر لێکۆڵـەری ڕۆژهـەڵاتی هـەر زۆر سـەیر بێـت، گـەر بنووسـم: زۆربەی ئەوانەی لەسـەر سۆسـیۆلۆگیای شـاری نـوێ نووسـیویانە، کەڵـە نووسـەرە مارکـسییەکانی ئـەمریکاو فەرەنـساو ئیتالیـاو ئـەڵمانیا بـوون، وەکـو (بـارانو

سویزیو ئالتووسەر... هتد). تێکشکانی ئەزموونی بەناو سۆسیالیستی لەساڵی ١٩٨٩ بەدواوە، زیانی گەورەشی بەچەپ گەیاند لەسەرانسەری جیهاندا. لای ئێمە، زیانەکە گەورەتر بووە، ئەلتەرناتیڤی چەپ، داکشان بووە بەرەو ئامێزی بزاڤی ئیسلامی سیاسییو کۆنەپارێزیو سەرلێشێوان.

لەزۆربەی زانکۆکانی ئەوروپادا ـ بەشی فەلسەفەو مێژووو زانستی سیاسییو سۆسیۆلۆگیو ئابووریو ... ـ خوێندنی هێگڵو مارکس، بایەخی خۆیان پاراستووەو بۆ تێگەیشتنی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵو جیهان سوودیان لێ وەردەگرێت، لای ئێمە، هیچ کەسێکی پسپۆڕ لەو بوارانەدا نییە، ئەگەر هەشبێت، لەبەر دڵی ڕێبازی پەروەردەیی باو، زانکۆ دەیگۆڕێت. ئێمە سوود لەپسپۆرە بەعسیو دواکەوتووەکان وەردەگرین، بەڵام ئامادەنین سوود لەئەزموونی وڵاتە کەپیتالیستەکان وەربگرین.

بەرزکردنەوەی ئاڵای نەفرەت کردن لەتیۆری، شیکردنەوەی کۆمەڵ لەسەر بنەمای خەباتی چینایەتی، هەڵەیەکی گەورەیەو پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە. لەزانکۆکانی وڵاتە کەپیتالیستەکاندا جیاوازی لەنێوان مارکسو لینینو ستالیندا دەکرێت. لینینو ستالین لەڕووی تیۆرییەوە ئەوەندە دیلی بیرورای باکونینو پرۆدۆن بوون، نیوئەوەندەش لەمارکس تێنەگەیشتبوون. من لێرەدا نامەوێ بگەڕێمەوە بۆلای بۆچوونی مارکسیی نوێو بزاڤی چەپی مۆدێرن. تەنیا ئەوە دەڵێم: تیۆریی حزبی پۆڵایینو سیستمی موخابەراتیو کاری مافیایی پەیوەندی چییە بە (ئەنتی دۆهرینگ)و (دیالێکتی سروشت)و (کەپیتال)ـەوە؟ ئێرە جێگەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە نییەو جێگەی ئەوەش نییە: چۆن خەبات بۆ کۆمەڵێکی ئازادی کراوە بکەینو چۆن لەپاشماوەی ئەو هەموو بیرکردنەوە فاشیو نازیو ناسازانە ڕزگارمان بێت؟

من نه لەکاتی خوێندنی بالادا بواری ئەوەم هەبووە سەرقاڵی هێگل‌و کانت‌و مارکس ببم‌و نە پاش ئەوەش هەلومەرجی گونجاوم بۆ ڕەخساوەو ئەوەش ناشارمەوە، کە ماوەیەك سەرقاڵی نووسینەکانی (ماکس ڤێبەر) بووم، لەسەر تیۆریی دەسەلات‌و کاریگەرایەتی پەیوەندی کۆمەلایەتی. من بۆ خۆم ناکۆکییەکی زۆر گەورە لەوەدا نابینم، کە یەکێك سوود لەتیۆریی شیکردنەوەی کۆمەڵ وەرگرێت، لەهەمان کاتدا، لەبەر سۆمای چاو، کردارو ڕەفتاری کۆمەلایەتی‌و دەوری کاریزماو دەسەلاتی جیاجیای ناو کۆمەڵ بزر نەکات.

شان بەشانی ئەم تیۆریانە، من بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگیم داوە بەبۆچوونی نووسەرێکی ئابووریزانی ئەلمانی کە ناوی (ئولریش کوینسل)ـە، کوینسل لەکتێبەکەیدا (کاروکەسایەتی کەسایەتییە ناسراوەکان) تیشکی خستووەتە سەر ژیان‌و کاروکەسایەتی دە کەسایەتی جیهانیی ناسراو وەکو (ئەرستۆ، شکسپیر، ناپلیۆن، جۆرج واشنتۆن، بسمارك، غاندی، ...) لەڕێگەی تیشك خستنە سەر کاروکەسایەتەوە، ئەو توانیویەتی چوارچێوەی بیرکردنەوەی سیاسیی‌و فەلسەفی ئەوان بەئاسانی بدۆزێتەوە.

دەمەوێ ئەوەش لەپێشەکیدا بنووسم، کە ئەو کۆمەلانەی دەوڵەتیان هەیە بەشێوەیەك گەشە دەکەن‌و ئەو کۆمەلانەی دەوڵەتیان نییە، بەشێوەیەکی تر گەشە دەکەن. ڕاستە لەئەورووپادا نزیکەی پەنجا نەتەوەو گەلی گەورەو بچووك دەوڵەتیان نییە وەکو (ئێرلەندەی باکوور، باسك، کەتالانی، کۆرسی، ...)، بەلام مافیان وەکو مرۆڤ تاڕادەیەك پارێزراوە. تەنانەت پاراستنی مافی مرۆڤیش شوێنی نەبوونی دەوڵەت پڕ ناکاتەوە، ئەوە ئێمە ئەگەر گەورەترین گەلی دونیا نەبین، یەکێکین لەو گەلە گەورانەی کە دەوڵەتمان نییە. بەچاوی خۆمان دەبینین لەکوردستانی عیراقدا، ماوەی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١و ماوەی پاش ڕاپەڕین‌و دروستبوونی حکومەتی هەرێم چەند جیاوازن.

ئێمە لەماوەی سەد ساڵی ڕابوردوودا، ئەگەر دەوڵەتێك، دەوڵەتۆکەیەك، نیمچە دەوڵەتێکمان هەبوایە، بێگومان باری سیاسیی و ئابووریی ئەم وڵاتە بەجۆرێکی تر دەبوو. گەشەکردنی شارێکی وەکو شاری سلێمانی، کە بەشاری هەڵمەتو قوربانی ناوی ڕۆشتووە، ئەگەر دەوڵەتمان هەبوایە ڕەنگە ناوی هۆنگ کۆنگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست یان شاری گوڵو سەیرانو گەشتوگوزار بوایەو کەس بەخەیاڵیدا نەهاتایە ناوی (هەڵمەتو قوربانی) بەسەردا دابڕێت، چونکە پێویستی پێ نەدەبوو.

پێش ئەوەی یەکێکی تر ڕەخنە لەم کتێبە بگرێتو هەندێك هەڵەو کەموکووڕی بخاتە ڕوو، دەمەوێ خۆم دەستپێشکەری بکەمو کەلێنێکی زەقو زۆپ بخەمە بەرچاو: من دەمەویست تیشك بخەمە سەر ژیانی ناوەوەی گروپی بازرگانو کاسبو فەرمانبەرو ڕووناکبیرانی شاری سلێمانی. هەڵبژاردنی چەند نموونەیەك لەهەر خێزانێكو ڕاکێشانیان بۆ دووانو گفتوگۆ لەسەر خۆیانو مێژووی چالاکی ئابووریو سیاسیو کولتووریو پشتگیری قسەکان بەبەلگەو دۆکۆمێنت، هەنگاوێکی زۆر پێویست بوو. مەخابن هەموو ڕێگەیەکمان بۆ پەیوەندیو لێدوان گرتەبەر، بەلام کەس ئامادە نەبوو، یەك دوو سەعاتێك لەکاتی خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان بکات.

* * *

ئەم کتێبە ئەگەرچی زۆر بەسادەیی نووسراوەو نێوی یەك کەسی لەسەرە، بەبێ پشتگیریو یارمەتی دڵسۆزانەی ژمارەیەك دۆستو ناسیاوو برا نەبوایە، هەڵەو کەموکووڕی دە ئەوەندەی ئێستا دەبوو. میشائیل نۆیمان دەقە ئەڵمانییەکەی خوێندووەتەوەو سەرنجو تێبینیی وردی لەسەر نووسیوە. سوودێکی زۆر لەنووسینەکانی ئەو لەئینسکلۆپیدیای فەلسەفی وەرگیراوە. کاك

(عیمـاد ئەحمـەد)و (مامۆسـتا موحـسین) بـەش بـەش دەقـە کوردییەکـەیان پێگەیشتووەو کۆیان کردووەتەوەو بۆ چاپدان هانیان داوم.

کـاك (حەسـەن یاسـین) یەکـەمین و دواهـەمین تایپکردنـەوەی بـەوردی خوێندۆتـەوەو بەشـێکی بەرچاو دارشـتن و دەسـتەواژەو ئـیملای گۆڕیـوە. کـاك (عوسمان ئـەنوەر) هەڵەی چاپ و رێنووسـی گرتۆتـە ئەسـتۆو هەرچـی گیاکەڵەو درك و داڵی بەرچاو کەوتووە، هەڵیکێشاوە. کاك (رێبوار حەمە تۆفیق)بۆ دواجـار سـەیری رێنووسـی کـوردی و هەڵـەی چـاپی کـردووەو بـەوردی چـاوی پێـدا گێڕاوەتەوە.

پـاش کـاك(رێبـوار حەمـە تۆفیـق) ، کـاك حەسـەن یاسـین سـەرلەنوێ کاردکـەی خوێنـدووەتەوەو لاپەڕە بەلاپەڕە کوردییەکەی مشت ومالّ کردووە.

رەنگـە خوێنـەری ئـازیز پرسـیارێکی رەوای لادروسـت بێـت بـۆ خـاوەن خەلـەو خـەرمان بـۆ خـۆی مالّـەغان و شـەنی شـکابوو، چـاوێك بەدەسـنووس و لاپـەڕە تایپکراوەکاندا بگێڕێت؟

مـن بـۆ خـۆم کـەمتر لـە دە جـاران نووسـینەکەم نەخوێندۆتـەوەو هەڵەی تایـپ سەرئێشەیەکی بـەردەوام بـووە. تـۆ لەلایەکـەوە هەڵـە بـژاردن دەکـەیت، کەچـی، لەوسەرەوە باوەشێك هەڵەی ناقۆلای تایپکردنت بۆ دەگەرێتەوە. بۆیە لەئەنجامدا ناچـار بـووم داوای درێـژکردنی دەسـتی یارمـەتی لـەهاوکارو هاورێکـانم بکـەم. دڵنیاشـم بەهەرهەمووماندـەوە درۆینەکـەمان بەشـێوەیەك نییـە بـەدڵی زۆربـەی خوێنەران بێت. بۆ هەر هەموو ئەو برایانە سوپاس و پێزانینم پێشکەش بێت.

مامۆستا جەعفەر

سلێمانی ٢٠٠٦/٩/٣٠

چيني بۆرجوازی

ئەم چینە لەزمانە ئۆروپییەکاندا، بەگوێرەی کاتو سەردەمو بۆچوونو ئایدیۆلۆجیا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە: پێش شۆڕشی فەرەنسا، دیدرۆ (Diderot) (١٧١٣ ـ ١٧٨٤) لە ئینسکۆپیدیادا نوسیویەتی: بۆرجوازی، دانیشتوانی شارنو ستۆین (Citoyen) ئەوانەن، کە لەکاروباری گشتی کۆمەڵدا بەشدارن. تێگەیشتنی ژان ژاك ڕۆسۆ (١٧١٢ـ ١٧٧٨) بەجۆرێکی تر لەستۆینو بۆرجوازی بووەو ئەو پێناسەی تایبەتی بۆ داناون[1].

لەزمانی ئەڵەمانیدا، چەمکی بۆرجوازی لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستیو کۆمەڵناسیدا بەکاردێت، بەڵام چەمکێکی خۆماڵیی خۆشیان هەیە، کە (بوێرگەر)ی (Bürger) پێ دەڵێن. بۆرجوازی، تاڕادەیەك وەکو جوێنی لێ هاتووە، هەرچەندە یەکێکی وەکو (ماکس ڤێبەر) خۆی بەبۆرجوازی داناوە. بوێرگەر (Bürger) لەم سەردەمەدا، مانایەکی یاسایی (قانونی) هەیە وەکو ئەندامانی دەوڵەتێك، کە بەرامبەر ستۆین (Citoyen)ی فەرەنسیو ستزنی (citizen) ئینگلیزییە، بەڵام (بوێرگەر) واتای خۆی وەکو چەمکی بۆرجوازیی فەرەنسی، لەدەست داوە. من، کەچەمکی بۆرجوازی لەم نووسینەدا بەکار دەهێنم، مەبەستم تەنیا چەمکە مێژووییەکەیە ، کە بۆ چینێك بەکارهاتووە.

پێناسەی بۆرجوازی، پێناسەیەکی زۆر زەحمەتە، چونکە لەبن باڵی یەك پێناسەدا، چەندین گروپی کۆمەڵایەتی دەخرێنە پاڵ یەکترەوە: پلەو پایەو هێزو توانای جیاواز، لەبازاڕداو داهاتی ئابووریو بەرزیو نزمی لەپەیژەی کاری دەوڵەتیو بەڕێوەبەرایەتیداو پەیوەندیی لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریدا، پۆلپۆلێنی کۆمەڵایەتی دەخەملێنیو توێژو گروپی ناکۆك دروست دەکاتو سنوورو چوارچێوەی چین دەبەزێنیو ناهێڵێ لەبن باڵی یەك پێناسەدا، لەپاڵ یەکتردا کۆبکرێنەوە.

دەرکەوتنی ڕۆڵی سیاسی چینی بۆرجوازی

کێشەی پێناسە

ئەم نووسینە کورتو سادەیە، بۆ تێگەیشتنی هێزو تواناو هەڵوێستی چینی بۆرجوازیی کوردیی شاری سلێمانییە ، لەڕووی ئابووریو سیاسییو کۆمەڵایەتییەوە، لەماوەی نێوان ساڵی (١٨٢٠-١٩٢٠) واتە: سەرەتاکانی دروستبوونی شارێكو سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق. سلێمانی نموونەیە بۆ شارەکانی تر، بوونی ژێدەرو سەرچاوەو زۆریی ڕووداوەکان، دەوریان لەهەڵبژاردنی پایتەختی میرنیشینی باباندا بینیوە ، بۆ بابەتی لێکۆڵینەوە.

نەبوونی دامەزراوی ئەکادیمیی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگیو نەبوونی پشتگیری، زیانی لەکاری سیاسیش داوە، نەك تەنیا بڵاوکردنەوەی نووسین لەسەر ئەم خاڵە گرنگەو تێگەیشتنی سیاسیی بۆ دەوری هێزە کۆمەڵایەتییەکانی لاواز کردووەو بیری سیاسیی هاویشتووەتە گەرووی خولانەوە لەبازنەی بەتاڵدا، دەمەوێ ئەوەش لەیاد نەکەم، کە ئەم کارە بۆ خوێنەری ڕۆژئاواییو بۆ مەبەستێکی زانستی نووسراوە، وەکو بەشێك لەکارێکی گەورە، بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ئەمڕۆ، لەبەر ڕووناکیی پەرەسەندنی کۆمەڵو بەرەو پێشەوە چوونیدا تەرخان کراوە.

لەهەندێ برگەی سەردەمێکی مێژووییدا، ئەم گروپە کۆمەڵایەتییانە بەگشتی یەك هەڵوێستیان هەبووەو مۆرکی خۆیان بەڕووداوەکانەوە ناوە، بۆیە نووسەران وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرنجیان داوەتێ.

لەزمانەکانی عەرەبی، کوردیو فارسیدا، هیچ چەمکێکی زانستیی گونجاو بۆ بۆرجوازی نەدۆزراوەتەوە، هەرچەندە دەستەواژەیەکی گشتی هەبووە وەکو (مەلیكو رەعیەت)، کە (رەعیەت) دانیشتوانی مەمملەکەت (مملکة) بوون، بەبێ جیاوازی لەنێوان شاریو لادێیو بازرگانو پیشەگەر، لەهەمان کاتدا (ئاغاو مسکێن) هەبوون. ئێستا (مواطن)، (هاووڵاتی) جێگەی (رەعیەت)ی گرتووەتەوە، هەرچەندە دەسەڵاتداران مافی هاووڵاتیبوونیان بەکردەوە نەسەلماندووەو مافی هەڵبژاردنو بەشداریکردنیان لەژیانی سیاسیدا لێ زەوتکراوە. دیارە مافو ئەرکی (مواطن) و(رعیة) جیاوازەو نابێ لەڕووی یاساییو سیاسییەوە جێگۆرکێیان پێ بکرێت. بۆماوەو میراتی فەر هەنگی سەدان ساڵ لەمەوپێش وەکو شاخەبەفر بەجارێ ناتوێتەوە، گەر زەمینەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بۆ خۆش نەکرێت.

مەبەست لەچینی بۆرجوازی ئەو بازرگانو پیشەگەرو سەنعەتکارو کاسبکارو دوکاندارو فەرمانبەرانەن، کە دانیشتووی شاربوونو لەژیانو هەڵسوکەوتو بیرکردنەوەدا لەگەڵ چینی فەرمانڕەوادا جیاواز بوون. توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵو میرومیرزادەکان بەچاوی زۆر سووك سەیری کاسبکارانیان کردووە و هەمیشە لەبن چەوسانەوەدا بوون[٢]، ئەم چینە کۆمەڵایەتییە، خاوەن هێزو توانای ئابووریو سیاسیو فەرهەنگیی خۆی بووە. سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، سەرەتای هەستکردنە بەبوونو جوڵانەوەی ئەم چینە. هیچ مانیفێستو بەڵگەی ڕاستەوخۆ لەنوێنەرانی ئەم چینەمان بەدەستەوە نییە، بەڵام ئاماژەکردنو نیشانەو شەقڵی تایبەت لەسەر جووڵانەوەو دەربڕینی هەڵوێستیان هەیە. ئێمە نموونەکان دەستنیشان دەکەین، کە دەلالەتی مێژوویی خۆیان هەیەو لەبەرچاویان دەگرین.

چینی بۆرجوازی لەوڵاتە ئۆروپیەکاندا، ئاڵاهەڵگری یەکگرتنەوەی نەتەوەییو هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی پاشایەتیو دەرەبەگایەتی بووەو دەسەڵاتی گرتووەتە دەست بۆ نموونە(شۆڕشی فەرەنسا) لەوڵاتی تری وەك ئەڵمانیادا ـ بۆ نموونە ـ ئەم چینە بەهۆی لاوازیی ئابووریو فەرهەنگیو سیاسییەوە، نەیتوانیوە بەشۆڕشو راپەڕینی چەکدار دەسەڵات بگرێتە دەستو دەسەڵاتی مەلیكو کایزەرو (Kaiser) میرو دەرەبەگەکان هەڵوەشێنێتەوە. هەر دوابەدوای سەرنەکەوتنی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی لە ئەڵمانیا ساڵی ١٨٤٨، کە دەیەویست وەکو شۆڕشی فەڕەنسی، ڕژێمی کۆن بەڕژێمێکی بۆرجوازی بگۆڕێو یەکگرتنەوەی نەتەوەیی بهێنێتەدی، هێزە بۆرجوازییەکان تووشی تێکشکانو ژێرکەوتنو پەرتەوازەیی و لاوازی بوون.

ئاڵای شۆڕشی کۆمەڵایەتی نەوی کراو ئاڵای سازشو سازشکاری لەگەڵ هێزە کۆنەپارێزەکاندا بەرزکرایەوە. هێزە کۆنە پارێزەکانیش بۆیان نەدەلوا وەکو جاری جاران فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن، بەبێ گۆڕانی ئایدۆلۆجیاو سیستمی کۆمەڵایەتیو سیاسیی کۆن. لەماوەیەکی زۆر کورتدا، لەسەنگەری دوژمنایەتی یەکگرتنەوەی نەتەوەییەوە، گواستیانەوە بۆ سەنگەری بزووتنەوەی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی. ئۆتۆفۆن بسمارك، کەمیرێکی بچووکی، کەم دەسەڵات و گومناوی رۆژهەڵاتی پرۆیسیا بوو، لەچاو بنەماڵەی مەزنی هابسبۆرگ ـ نەمسا. بەهۆی یەکێك لەرووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەیان دژی هێزەکانی شۆڕش لەبەرلیندا، ناوبانگی دەرکرد. پاش سەرکوتکردنی شۆڕش بووە ئاڵاهەڵگری یەکخستنەوەی ئەڵمانیا. میرنشینو مەملەکەتو دەوڵەتۆکەو دەوڵەت شار (Stadtstaat)ی بەلوولەی تفەنگ یان بەڕەزامەندی لەنێو پرۆژەی یەك دەوڵەتی نەتەوەیی توێنرانەوە[2]. ئەڵمانەکان ئەمڕۆش ئەو پرسیارە دەکەن: کە ئەڵمانیا پرۆیسیای قووتدا، یان پرۆیسیا ئەڵمانیای قووتدا؟

* * *

((طبقەی خواص)) و ((طبقەی عوام))

من زۆرم لا مەبەست بوو نووسینێك بدۆزمەوە كە بۆچوون‌و تێڕوانینی كەسانێكی تێدا بێت، لەنێوان سالآنی (١٨٢٠ ـ ١٩٢٠) ژیابن‌و لەسەر تێگەیشتنی ئەوان بۆ چین‌و ریزبەندی چینایەتی شتێك نووسرابێت یان شتێكیان نووسیبێت. وتارێكی (ئەحمەدی عەزیز ئاغا)م بەرچاو كەوت لەژێر ناونیشانی ((طبقەی خواص))و ((طبقەی عوام)) كە لەسالّی ١٩٢٦ لەڕۆژنامەی ((ژیان)) بلاّوكراوەتەوە. نووسەر كاتی نووسینی بابەتەكەی تەمەنی (٣٢) سالّ بووە، واتە: لەچارەكی چوارەمی ئەو سەد سالّەدا ژیاوە. ئەو، كۆمەلّ لەڕووی چینایەتییەوە، دەكاتە دوو گرووپی سەرەكییەوە: ((خواص)) یان ((خەواس))، واتە: هەلّبژاردەی كۆمەلّ: زانا، ئەشراف، بازرگان، خاوەن مولّك‌و ڕووناكبیران. ئەوەی دەمێنێتەوە دەیانخاتە ڕیزی ((عوام))، واتە: جووتیارو پالّەو كرێكارو پیشەوەرو وردەوالّە فرۆش‌و كاسبی بچووك، دەچنە خانەی ((عوام))ەوە. نووسەر پێیوابووە چینی ((خەواس)) یان ((تایبەت)) دەتوانێ دەوری بزوێنەر لەكۆمەلّدا بگێڕێت‌و بەرەو گەشەكردن‌و پێشكەوتنی بەرێت. ئەو بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێمەوە پێیوابووە: ئەم دوو ((چینە)) ناكۆك‌و دژی یەكترن. ئەو دەنووسێت: ((هەردوولا بەچاوێكی بێگانەیی‌و نەفرەتەوە تەماشای یەكتریان كردووە)). كەواتە: ئەوە هەموو بەلّگەیە لەسەر ڕیزبەندی چینایەتی پێش هەرەسهێنانی میرنشینی بابان‌و پاش هەرەسهێنان ١٨٥١ز ڕاست نیین. ئەمە تێڕوانینێكەو رەنگە بۆ سالآنی ١٩٢٦ بەدواوە جۆرێك تێگەیشتن بێت بۆ لێكدانەوەی دابەشبوونی ستوونی كۆمەلّ بۆ چین‌و توێژی جیا جیا. باشتر وایە دەقەكەی نووسەر پاش گۆڕینی بۆ سەر ڕێنووسی ئەم سەردەمە، سەرلەنوێ بخوێنرێتەوە، هەر بۆئەوەی خوێنەری ئازیز خۆی ئاشنایەتی لەگەلّ شێوازی بیركردنەوەی ئەو كاتەدا پەیدا بكات:

ئەمڕۆ، هەموو میللەتێکی سەر ئەرز بۆ ئەوەی هەریەکە لەرێیەکەوە ئیستراحەتی خۆیان تەئمین بکەن تەبەقە (طبقة) تەبەقە جیابونەوە هەریەکی ناوێکیان لەخۆیان ناوە، وەکو عولەما، ئەشراف، توجار، موتەحەییزان، منەوەران، ئەمانە تەبەقەی (خواص)و سائیری کە عەوامن. ئینجا بزانین ئەمانە وەزیفەیان چییە؟ بۆ یەکتری ئەبێ چی بکەن؟

تەبەقەی خەواس: چونکە قیسمێکی تایبەتین و تەئسیریان هەیە لەناو تەبەقەی عەواما ویجدانەن مەسئول و موکەلەفن کە هەر فەردێك بەقەدەر توانای خۆی سەعی بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی قەومی خۆی بکاو بەهەموو نەوع فیداکاری مەعاونەت و ئینسانیەت موکەلەفن، یەعنی وەزیفەیان عیبارەتە لەبیناکردن مەکتەب، کۆکردنەوە ئیعانە بۆ مەعاریف و فوقەرای میللەت، تەشکیل کردن دەستگاە، سەنعەت، تەبەروع کردنی کتێب، ئیرشاد میللەت، بۆ ئمور خەیرییە ئیکمال نەواقیس ئومەت و تەشەبوس (تشبث) کردن بۆ رەفاە و سەعادەتی مەملەکەت و دیسان ئەبێ لەگەڵ تەبەقەی عەوامدا شەفەقەتێکی باوکانە بنوێنن و هەموو زەحمەت و مەشەقەتێکیان بۆ ئختیار بکەن.

تەبەقەی عەوامیش، موکەلەفە بەئیتاعەتێکی جدی و ئەولادانەو هەموو وەختێ وەکو سیلاحی دەستی تایبەتی حازرو ئامادەبێ بەئیتاعەت و فەرمان برادەری و بەبێ ئیعتیراز بە کامل فەخرەوە بۆ ئەمری خەیر بچوکیان قبوڵ بکەن.

ئەنجام بەم تەرحە میللەتان تر مەیدان بەهیچ فەلاکەتێك نادەن و موتەحیدەن بۆ ئامال یەکتری هەوڵ ئەدەن، گەورەکان تەدبیر مەعقول و مەقبول رێکئەخەن بچوکەکان تەعقیب و ئیجرای ئەکەن.

بەلام داخی بەجەرگم چونکە ئەم تەقسیم وەزائیفە تا ئێستا لای ئێمە نەبووە، ڕۆژ بەڕۆژ تەسبیحات فەلاکەتمان کردووە، سەعات بە سەعات

دوواکەوتوین، هەڵخلیسکاوین نە گەورە بەزمیی بەبچوکا هاتۆتەوەو فیداکاری بۆ ئیستراحەتی کردوەو موحیبەت خۆی پیشان داوەو نەبچوك ئیتاعەتو مەربوتیەتی بەرامبەر بەو گەورەیە نواندووە.

هەردوولا بەچاوێکی بێگانەیی‌و نەفرەتەوە تەماشای یەکتریان کردووە، کەس ئەمنیەتی نەکردووە دەردە دڵ خۆی لای کەس بکاتەوە چونکە موخاتەبەکەی لەجیاتی دەرمان دۆزینەوە توشی تەنگو چەڵەمەی کردووەو هەر لەم ڕووەوە بۆ چەند تاقمی وەکو مەڕ قوربانی سەوقی ئەشکەوتو بڕینی دار فەلاقەکرانو هاوارو فیغانیان عەرشی عەزیمی کەڕ کرد، کەچی تەبەقە عەوام ((تایبەتی)) دەستیان ئەدا بەپشتی ملیانا (احسنت، احسنت)یان ئەوت.

ودیسانەوە هەر بەم واستەیەوە بۆ چەند میقدارێ لەقسم تایبەتی تەحقیرو تەجریم کران عەوام پێیان پێئەکەنین ئاواتیان ئەخواست.

بەسورەتێکی (صورتێکی) وا لەیەکتری جوێ بوینەوە تابوین بە بەرەی خۆخۆر، بوین بە ئالەت جینایەت لەحەق یەکتری‌و وتویانە (تەجاوزکردن فەردێك، حەقارەتە بۆ عموم) ئەگەر ئێمەش ئەوڵ ڕۆژ تەجاوزی فەردێکمان قبوڵ نەکردایە عومەن موحەقەر نەدەبوین، ئەگەر ڕۆژی خۆی گەورەیەك لەسەر بچوکێكو، بچوکێك لەسەر گەورەیەك بهاتایەتە جواب ئەم پاشکەوتنو نزمییەمان بە خۆمانەوە نە ئەدی.

ئەمەی کە دیمان ئینتیباهێکی تاریخی بوو نابێ قەت لەبیرمان بچێتەوە. خولاسەی کەلام، ئەگەر هەموو فەردێکی میللەت وەزیفەی خۆی زانی‌و لەپاش زانین بەتەواوی بەجێی هێنا، دائیمەن سەرئەکەوێو هەموو ئانێك بەرەو تەرەقی ئەڕوات ئەگینا نەء.

من انچه شرط بلاغست باتوميگويم

توخواهی ازسخنم پندکيرو خواهی ملال[٤]

شاری سلێمانی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی

بۆرجوازی کورد، وەکو هێزێکی سیاسیی سەربەخۆ، ئالای سەربەخۆیی نەتەوەیی بەرزنەکردووەتەوەو لەسەر شانۆی رووداوە سیاسییەکاندا دەوری سەرەکیی نەبینیوەو خۆی خزاندووەتە پەراوێزی رووداوە مێژووییەکانەوە. رەنگە یەکێك بوێرێ باسی کولتوری دەرەبەگایەتی، یان کولتوری عەشیرەتگەری بکات، بەڵام باسکردنی کولتوری بۆرجوازی هێشتا نەختێك زووە. دیارە من نکۆڵی لەبوونی (کولتوری شاری)، بەرامبەر کولتوری گوندنشینیو کلتوری کۆچەرایەتی، ناکەم. ئەوە راستییەکەو سێو چوار کردن هەڵناگرێ. کولتوری شاری، کولتورێکی گشتییەو پشکی ئۆروستۆکراتی خێڵەکیو توێژی بنەماڵەی شێخزادەو زانایانی ئاینیی دەستڕۆیشتوو، کرێکارو زەحمەتکێشانی پێوەیەو هەروا بەئاسانی سنووریان بۆ دانانرێ.

دروستبوونی کولتوری بۆرجوازی، یان دروستبوونی بەکاڵیو کەم رەنگیی، نیشانەی لاوازیی ئابووریی ئەو چینەیە:

ئایا ئەم دیاردەیە بەڵگەیە لەسەر بێ هێزی و لاوازیی ئابووریی ئەم چینە یان میکانیزمی داگیرکراوی ئەم چینەی لەرووی ئابووریو سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەوە کردووەتە پاشکۆ یان پاشکۆی پاشکۆ؟

داگیرکراوی پەیوەندیی پاشکۆبوونی هێناوەتە بەرهەم یان لاوازیی ئابووریی چینی بۆرجوازی، بۆ دەستکەلاو ئامرازو داردەستو پاشکۆی چینی بۆرجوازی داگیرکەر لەقاڵب داوە؟

جێگەی خۆیەتی رووناکبیرو کۆمەڵناسو مێژوونووسانی کورد بیر لەو پرسیارەش بکەنەوە:

بۆ شاری سلێمانی بووە بەناوەندی جووڵانەوەی نەتەوایەتی لەکوردستانی عیراقداو شارەکانی تر ئەم شەقڵەیان پێوە دیار نییە؟

زۆربەی رووناکبیران پێیان وایە: ترادسیۆن (Tradition)و کولتوری میرنشینی بابان، کاریگەری خۆی هەبووە، لەگەڵاڵە بوونی هەستی نەتەوایەتیدا. ئەگەر ئەم بۆچوونە راست بێتو لەسەر داروبەردی داڕووخاوی میرنشین، بزووتنەوەی نەتەوەیی لەدایك بووبێت، بۆ هەمان دیاردە لەشاری راوەندوز، کە پایتەختی میرنشینی سۆران بووە، بیری بزوتنەوەی نەتەوەیی لەوێش سەری هەڵنەداوە؟

تۆ بڵێی: گەورەیی‌و بچوکیی شارو بەهێزبوونی بزاڤی تەریقەتی قادری، هۆیەکی گرنگ نەبووبێت یان پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی یەکێکیان رێگە خۆشکەر نەبێت بۆ دروستبوونی بزاڤێکی نەتەوەیی؟

ئەگەر گەورەیی‌و بچووکیی شار دەوری بینیبایە لەسەرهەڵدانی جووڵانەوەی نەتەوەییدا، دەبوو لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتو باکووریشدا هەمان دیاردە بەرچاو بکەوتایە، بۆ شارێکی چکۆلانەی وەکو سابلاخ (مەهاباد)، کە سەردەمێك پایتەختی میرنشینی موکریان بووە، دەبێتە ناوەندی جوڵانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی، کەچی شارێکی گەورەتری وەکو سنە (کوردستان)، کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پایتەختی والییەکانی ئەردەڵان بووە، ناتوانێ خەرمانەی بیری نەتەوەیی لەخۆی بئاڵێنێ؟

تۆ بڵێی، پەیوەندیی خزمایەتی‌و مەزهەبی، بەشێك لەئەرۆستۆکراتەکانی ئەردەڵان بەبنەماڵەی شاکانی قاجارەوە، بیری نەتەوەیی تاڕادەیەك خەفە نەکردبێت یان کاریگەری گۆرانکاری دەرەکی (هاتنی سوپای سۆڤێت) ئاگری بزاڤی نەتەوەیی خۆش نەکردبێت؟

ئەمانە هەموو پرسیارن‌و لەبەردەم ڕووناکبیراندا قووت دەبنەوەو پێویست بەوە دەکات، ئەوەی ئەمڕۆ کاریان لەسەر بکات‌و هەروا بەفەرامۆشکراوی بۆ ئەوەی داهاتوو بەجێیان نەهێڵێ.

من بۆ ئەم نووسینە، بەڵگەو فاکتی زۆر کەمم بەدەستەوەیەو هەندێ لەو بەڵگانە، دەستم پێیان ڕاناگات، لەبەر دووری‌و پشت گوێخراوی . بەڵگە عوسمانییەکان‌و ئەو بەڵگەو دۆکۆمێنتانەی کە لەبەغدان. پێش ئەم نووسینە، کەس ڕاستەوخۆ هەوڵی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم بابەتە نەداوە، هەروەکو دەڵێن: (مشتێك نمونەی خەروارێکە) ئەم نوسینەش مشتێکە لەخەرواری مێژووی بابەتەکەو مەبەست تەنیا پێشکەشکردنی بۆچوونێکە، نەك لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی فراوان، کە بەداخەوە لەهەموو ڕوویەکەوە سەرووی توانای بەندەیە.

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

چوارچێوەی هەلومەرجی سەرهەڵدانو گەشەکردنو شێوەگرتنو خۆدارشتنی چینی بۆرجوازیی ڕۆژهەڵاتی، لەزۆر گۆشەنیگاوە لەگەڵ چینی بۆرجوازی ڕۆژئاواییدا جیاوازە. هەردوولا، خاڵو شەقڵی ناوکۆیی یەکانگیرو هاوبەشیان هەیە. ئەو ماکانەی شاری پێ پێناسە دەکرێ وەکو: (دامەزراندنی بازاڕ، خانووی بەچڕی لە تەنیشت یەکتر دروستکراو، کاری بازرگانی ـ بەگشتی ـ نان پەیداکردن.. هتد)[٥]، بەڵام لەڕۆژهەڵاتدا مەرجێکی گرنگ بزرە، کە بریتییە لەرەزامەندیی دەربڕینو بەڵێنی پارێزگاری میرو دەرەبەگە مەزنەکان بۆ دانیشتوانی شار. بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی گەورەمیران لەلایەکەوە، کاڵای دوورە وڵاتان بەبەردەوامی دەڕژێتە بازاڕەوە، لەلایەکی ترەوە داهاتی ساڵانەی ئەو بەگومرگو سەرانەو بازاڕانەو باجی پاراستن، فرەتر دەبێ[٦].

ئەوەش لەڕۆژهەڵاتدا بەدی دەکرێ ئەوەیە مەرج نییە پیشەگەرو بازرگانو کاسبکاران لەیەك بەرو یەك نەتەوەدا بن، بەڵکو ئەوان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەو بەشەیان لە (رەعیەت) بە (بییانی) داناونو هەر زۆر بەسووك سەیریان کردوونو باجی قورسیان لەسەر داناونو کاری ئەوانیان بە (عەیب) داناوە[٧] ریچ ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێك لە سلێمانی دەبێتو هەواڵی خالید پاشا لەعەبدوڵڵا پاشا دەپرسێو ئەویش دەڵێ: ((هێندە لەبەغدا ماوەتەوە هیچ سیفەتی عەشایەری تێدا نەماوەو ڕەنگی بازرگانی لێ نیشتووە، کە بەئینگلیزییەکەی وەهایە:

((He has been so long in Baghdad that he has lost all traces of clanship, he has become no better than a merchant))[٨]

(وشەی بازرگانو کاسبکار لای چینی ئۆرستۆکراتیی بابان گەورەترین جوێنو سوکایەتی بووە).

هەرچەندە کاری پیشەیی لەگەشەکردنو پەرەسەندندا بوو، بەڵام شاری ڕۆژهەڵاتی تا سەرەتای سەدەی بیستەم، خۆی لەتۆیپۆسی (Typus) شاری شارنشینی کشتوکاڵی ـ شاری بۆرجوازی جوتیاری نەترازاندووە. ئەم دیاردەیە دژی شێوەی بەرهەمهێنانو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاواییە، شارییەکان بەرەبەرە بەخەبات مافی خۆیان وەدەستهێناوەو سەپاندووە و پارێزگارییان مسۆگەر کراوە. شاری ڕۆژهەڵاتی، لەبن قەمچیی سێبەری بازنەی دەسەڵاتی خێڵە کۆچەریەکاندا بووە، جارجار باش لە یەك تێنەگەیشتن، یان پێویستیی ژیان، بەمەبەستی پارێزگاریو ڕێز لە یەکگرتنو دەستدرێژ نەکردن بۆ سەر مافی یەکتر هەرەسی پێ هێنراوەو شار لەلایەن هێزە کۆچەرییەکانەوە پەلاماردراوەو شارنشینان بەر ڕەحمەتی هاوپەیمانەکانی کەوتوون. هەروەکو پاشان ڕوونتر دەکرێتەوە: بۆرجوازی لەبەردەم دووڕێیانێکدا بووە و ڕێگەی سێیەم لەهاوکێشەی هەڵبژاردندا دەرهاوێژراوە، یان ئەوان دەبا خۆیان لەبن ڕەشماڵی دەسەڵاتی سەرۆك هۆزێك بهاونو سەری خۆیان بقمبڵێننو ئاگرە سوورەی تاڵانو پەلامارو تووڕەیی خێڵە کۆچەرەکان لەخۆیان دوورخەنەوە، یان بۆ خۆپاراستن پەنا بۆ دیوەخانی دەسەڵاتی دەرەبەگی مەزن بەرنو سەلامەتیی کاروانو ژیانی خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەم پەیوەندییە ناهاوسەنگەی نێوان شارو دەوروبەر، نێوان دەسەڵاتی ڕەسمیو نهێنی، کە زۆر جەورو ستەمی تێدابووەو پابەندی هیچ دەستوورو یاسایەك نەبووە، مایەی گەشەنەکردنی شارو تێکشکانی پرۆژەی ڕزگاری بۆرجوازی ڕۆژهەڵاتییە، کە تا ئەمڕۆش باڵا دەستو سەرفراز نییەو لەسەدان لاوە ڕزگاریو سەربەستیی ئابوریو سیاسیی پێشێل کراوە. هەر ئەم هۆیانەش ڕێگری دەستپێکردنو گەشەکردنی ژیانی پیشەسازی بوون. بەهۆی

نەبوونی (ماف شار)ەوە، کە لەڕۆژئاوادا بەخەباتی زۆر سەخت بەدیهێنراوە، ئازادیو سەربەستی تاکە کەسیش لەرۆژهەلاتدا نەیتوانیوە جێگەی خۆی بکاتەوەو وەکو دوورگەی سەربەستی لێ بێتو زوڵم لێکراوان پەنای بۆ بەرن، وەکو لەکۆندا ئەم گوتەیە لەڕۆژئاوادا باوبووە (هەوای شارئازادو سەرفراز دەکات) (Stadtluft macht frei)[٩] ئەم جۆرە پەیوەندییە لەنێوان دەسەلاتدارو بێ دەسەلاتدا، لەنێوان فەرمانڕەواو بن دەستدا، تەنانەت ڕێگەی بەپەیدابوونی دامەزراوەی ئەوتۆ نەداوە تا نوێنەری بەرژەوەندی مرۆڤی شاری بێت و ئازادی و سەربەستیش ڕەوانەی تاراوگە کراوە.

لەکوردستاندا شاری ئەوتۆ هەن، کە ڕەگو ڕیشەیان دەگاتە سەدە کۆنە نەزانراوەکانی مێژوو (وەك کەرکوك، هەولێر، خانەقی، کۆیە، کفری، ئامێدی...)کە هەر زۆر کۆنن. ئەم شارانەی لەکوردستانی عیراقدا بواری نوێبوونەوەو گەشەکردنیان نەدراوەو تا سەرەتای سەدەی پێشووش لەبن باری قورسی دیرۆکی خۆیاندا نالاندوویانەو بەهەزار داو ڕێگەی ئەوەیان لێ گیرابوو، کە ببنە ناوەندی شارستانی مۆدێرن. نەبوونی دەوڵەتی کوردی، دەوری خۆی بینیوە، لەسەقامگیرکردنی میکانیزمی پاشکەوتنو بەجێماندا. دامەزراوەی دەوڵەتی، بۆی هەیە دەوری هاندەرو پشتگیر بگێڕێ. نەبوونی داوودەزگای دەوڵەتی دەتوانێ، وەکو وێرانبوونی ئەو شارانە شاهیدبن، پەرەسەندن بەرەو دواوە بگەڕێتەوەو پێشکەوتن بەپاشکەوتن بگۆڕدرێت. کارەساتی هەڵەبجە، بەڵگەی وێران کردنو شێواندنو درندایەتی داگیرکەر دەسەلمێنێ. داگیرکەر نیوەی ئەوەی لەپرۆسەی کاولکردندا بەکاری هێناوە، بۆ پرۆژەی بیناو دامەزراندنو دروستکردن بەکاربهێنایە، هەڵەبجەش وەکو هەموو شارێك بەگوڵ خۆی دەڕازاندەوە. نەبوونی داموودەزگای دەوڵەتی، زیانێکی گەورەی لەژیانی شاران داوە. تەختکردنو ڕاگواستنی چوارهەزارو پێنجسەد گوندی دڵڕفێن ئەوە

هەر باسیان ناکەم. لەکۆنیشدا هەر وابووەو لەئەمرۆشدا ـ لەپێش ساڵی ١٩٩١ ـ باشتر نەبووە، داگیرکەر وەکو داگیرکەر هەڵسوکەوتی کردووەو تەنیا باجو سەرانەو راورووتی خۆی مسۆگەر کردووە. هێزەکۆچەرەکانیش، بەشێکیان لەسەدەی نۆزدەهەم بۆ خوارەوە، کەجۆرێك پەیوەندیو هاریکاریان لەگەڵ داگیرکەراندا هەبووە، بەئارەزووی خۆیان کوشتوبڕیان کردووە، باجیان داناوە، سەرانەیان سەندووەو کەس نەیوێراوە بەرامبەریان بوەستێتەوە. ئەم خۆسەپاندنەی خێڵو هۆزە گەورەکان تەنیا سەپاندنی دەسەڵاتی ئابووریو سیاسیی ئەوانی وەکو هێزێکی باڵا دەست سەلماندووە. ئەم دەسەڵاتە، سێبەری خۆی هاویشتووەتە سەر شارەکانیشەوە، تەنانەت بیروباوەڕی کۆچەریو نەریتو شێوەی هەڵسوکەوتی ئەوان لەناو چەقی شارە گەورەکانیشدا زاڵبووە. شاری وەکو (شاری) هەڵسوکەوتی نەکردووەو بیری نەکردووەتەوە، بەڵکو وەکو کابرایەکی کۆچەری یان خێڵەکی، یا ئەو کەسانە لەژیانی ڕۆژانەشدا گرێدراوی شێوەی بەرهەمهێنانی بۆرجوازیش بووبن.

شارییەکان، قوربانی تاڵانکردنو چەوسانەوەو تەنگ پێ هەڵچنین بوون. لەسنوری چەندایەتیشەوە، ژمارەیان خۆی خواردووەتەوە، هەر بۆ نموونە ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی، لەساڵی ١٨٢٠دا بەنزیکەی دە هەزار (١٠٠٠٠) کەس دادەنرێت. سەیر دەکەین، پاش سەد ساڵ واتە: ١٩٢٠ ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی وەکو خۆی ماوەتەوەو بۆتە (١٠٠٠٠) کەس سەرلەنوێ[١٠]. شارە کوردنشینەکان لەم سەردەمەدا لەچاو شارە گەورەکانی عیراقدا بچوك بوون. شاری کەرکوك، ژمارەی دانیشتوانی (٢٥٠٠٠) کەس بووەو شاری هەولێر (١٥٠٠٠) کەس بووە. ئێمە ئەگەر ئەم سێ شارە لەگەڵ سێ شاری عیراقدا لەساڵی ١٩٢٠دا بەراورد بکەین، دەبینین: ژمارەی دانیشتوانی شاری بەغداد (٢٠٠٠٠٠) کەس بووە،

شاری موصل (٧٠٠٠٠) کەس بووەو ژمارەی دانیشتوانی بەسرەش (٥٥٠٠٠) کەس بووە[١١].

دیارە هۆیەکیتری گەورە نەبوونی شارە کوردنشینەکان، دوورییانە لەڕێگەی ئاوریشمەوە(طریق الحریر). ئەم ڕێگەیە هەر لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە، بەکەناری کوردستاندا تێدەپەڕیّو ناکەوێتە سەر ڕێگاکان:

* شاری ئیسکەندرۆنە، لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست.
* حەلەب دیار بەکر ـ موسڵ ـ بغداد ـ بەسرە ـ لەسەر کەنداو.
* بەحری قەزوین ـ زەنجان ـ تەورێز ـ ئەرزڕووم ـ دەریای ڕەش.

پەیوەندی شارە کوردەکان، بەڕێگەی ئاوریشمەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

- هەولێر ← موسل
- راوەندووز ← بەغداد
- سلێمانی ← مەراغە ← تەورێز
- سلێمانی ← بەغداد
- سلێمانی ← تەورێز[١٢]

ئێمە لەئەدەبی گەڕیدەو گەشتکەرو مسیۆنارەکاندا بەرامبەر ووشەی کوردستان، چەمکی (جیهانی شاخ و کێو ـ World of mountains)مان بەرچاو دەکەویّ. لەئەوروپادا، خەڵك چاوی بڕیبووە کاڵای نایابی وەکو ئاوریشم‌و بەهارات، کە لەهیندو ئێراندا دەهاتنە بەرهەم. بەرهەمە کوردییەکان، تەنیا بۆ بازاڕی ناوچەیی دەیانتوانی کڕیار راکێشن‌و ئەو بەرهەمانە بۆ بازاری گەورەی جیهانی ئامادە نەدەکران. دەسەڵاتدارانی مەزن، دەستیان بەسەر گرنگترین ناوەندی بازرگانیدا گرتبوو (تەورێزو مووسڵ‌و بەغداو ئەرززروم‌و حەلەب) نموونەی ناوەندە بازرگانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون. ئەم دەسەڵاتدارانە

دەیان توانی رێگەی هاتوچۆی کاروان بپارێزن‌و هەناردەو هاوردە (صادرات و واردات)ی ئێران‌و دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ وڵاتە ئۆرپییەکاندا بەبێ تەگەرە بەڕێوە ببەن. شەڕو شۆڕو گێرەو کێشەی نێوان ئێران‌و دەوڵەتی عوسمانی، لەبنەمادا لەسەر ئاسایشی کاری بازرگانی‌و ڕێکەوتننامەی گومرگی‌و بەربەستی ئابووری بووە، نەك جەنگی ئاینیی‌و مەزهەبی.

هەروەکو دیوی دەرەوەی ڕووداوە خوێناوییەکان، ئەو تێگەیشتنە شێواوە بەبەشداران‌و بینەران دەبەخشن، کە جیاوازی مەزهەبی‌و ناکۆکیی بیروباوەڕ، بورکانی ڕق‌و کینەی تەقاندووەتەوە، هۆکارە ڕاستەقینەکان، لەبن هەوری ڕەشی پرۆپاگەندەی راگەیاندنی مەزهەبیدا شاراونەتەوە[١٣]).

قەوارەی کاروان، نرخی کاڵا، مەودای هاتوچۆی کاروان، پێوەرن بۆ زانینی هێزی ئابووریی ناوچەیەك. بەراوردێك پێویستە لەنێوان کاروان‌و قەتاری کوردی‌و عەرەبی ـ عیراقی ـو فارسیدا[١٤]) قەوارەی کاروانی کوردی، لەچاو کاروانی عەربیدا هەر زۆر بچوکەو ڕێگەی کاروانیش بۆ ئاڵوگۆڕو کڕین‌و فرۆشتن، کورتە، تاڕادەیەکیش ناوچەییە. کاروانی عەرەبی ـ عیراق ـ پێکهاتبوو لەدوو هەزار بۆ سێ هەزار حوشتری بارکراو. کورد، ئەو زەمانە هێستری بۆ کاروان بەکارهێناوە. سەرەتای سەدەی پێشوو کاروانێك[١٥] بریتی بووە لە ٣٠-٤٠ هێسترو هەندێ جار ٨٠ هێستر وەکو ڕەحمەتی (ئەحمەد خواجە) بۆی گێرامەوە[١٦].

سەردەمی میرنشینەکان، بازرگان‌و سەنعەتکارو پیشەگەرو کاسبکار، لەهەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر زوڵم و زۆریان لێ دەکرا. ئەوان لەڕووی ئایینی‌و نەتەوەییەوە جیاواز بوون: جوولەکە، عیسایی، فارس، عەرەب، ئازەر بوون[١٧].

ئەو زەمانەی (برایم پاشای بابان) دەیەوێ شاری سلێمانی دروست بکات، وەستاو سەنعەتکار لەشوێنی دوورەوە بانگ دەکات. سەنعەتکاری وەستای شارەزاو

فێربووی دەویٚ، لەلایەکی ترەوە پیشەو کاری دەستی جێگەی نەفرەتو بێزلیٚ هاتنەوەی چینی سەرەوەی کۆچەرەکان بووە[١٨].

شەڕوشۆڕی بەردەوامی میرنشینەکان، لەگەڵ هێزە دەرەکیو ناوەکییەکاندا، هەلومەرجی دڵنیاییو ئارامی بەکاسبکاران نەدەبەخشی، تاپرۆژەی گەورە بگرنە ئەستۆو بازنەی کەسابەتەکەیان فراوانتر بکەن. خەزێنەی بەتاڵی میرەکان[١٩] ناچاری دەکردن باجو سەرانەی کاسبکاران زیاتر بکەنو هەمیشە پاڵەپەستۆو گوشاریان بخەنە سەر. شەڕ بەرپاکردنو درێژەپێدانی، پارەی دەویٚ. ژیانو گوزەرانی دەرباری میرانیش داهاتێکی باشی دەویٚ. کەس لەخۆوە، بەئارەزوو باجو سەرانە نادات‌و کەس حەزی نەکردووە خۆی ماڵوێران بکات لەپێناوی بەختەوەریی میر، بۆیە زەبرو زەنگ بۆ پڕکردنەوەی خەزێنە بەکارهاتووەو کەلێن لەنێوان حاکمو حوکمکراودا دروست بووە.

بـــــاری ئـــــابووریی ســــــلێمانی لــــەنیوەی یەکــــــەمی سەدەی (١٩) دا

نووسـەرێکی ڕۆژاوایـی بیـەوێت لەسـەر (گوێتـە) یـان (شکسپیر) یـان هـەر کەسایەتییەکی ئـەدەبی یـان سیاسیی لێکۆڵینـەوە بکـات، ڕەنگـە لەبـەر زۆری دۆکۆمێنـت و فاکـت و بەڵگەنامـە لێتوێژینـەوەو لێپێچانەوە ئاسان نـەبێت. ئێمـە لەبەر نەبوونی زانیـاری، هیـچمان پـێ نانووسـرێت. هـەروەکو چۆن لەناوەڕاستی هەشـتاکانی سـەدەی پێـشوودا بەشـێکی گونـدەکانی گـەرمیان ئـەنفالکران و لەچـاوتررووکاندنێکدا ژمارەیـەکی زۆر هـاووڵاتی بێتـاوان بێـسەرو شـوێن کـران، ئاوهاش بەڵگەنامەکانی شارەوانی، دادگا، ئیدارەی پارێزگا، تاپۆ، گومرگ ... هتد، لەسەرەتای هەشتاکان و لەکاتی ڕاپەڕیندا بەدەستی کاربەدەستانی ڕژێم و خـەڵکی نەزان و ناحاڵی لەناوبران و کرانە خۆراکی ئاگر.

واتە: سەرچاوەی ڕەسەن و دەستی یەکـەم، ئـەوە دەسـتی لـێ بـشۆ. سەرچاوەو ژێدەری دەستی دووەم و سێیەم ئەوە لەگۆشەو کەناری هەندێ کتێب و بڵاوکراوەو زانیاریی پەرش و بڵاودا هەن، کە بەشێکیان هەر زۆر لەبابەتەکەوە دوورن و ئێمە ناچارین پەنا بۆ پووش و پەڵاشی قەراخ ئاو بـەرین و دەسـتیان پێـوە بگـرین. ئـەم زانیـاری و ئامـاژە نیـوەو نیوەچڵە، بەتـەنیا ڕەنگـە وێنەیـەکی لـێڵ و ناتـەواومان بخەنە بەردەست، بەڵام بەخستنە پاڵ یەکتر وەکو یاری (پـووزل ـ Puzzl) بـەرە بەرە وێنەیەکی تۆزێ باشترمان دەست دەکەوێت.دکتۆر (محەمەد سەلمان حەسەن) ئاماژەیـەکی سـەرپێی بـۆ قـەوارەو ڕێـژەی دانیـشتوانی شـار لەکوردسـتاندا لەچاو کۆچەرو خەڵکی گوندنشین ساڵی ١٨٦٧ و ١٨٩٠ز کردووە، کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئێمە سوودی خۆی هەیە:

ڕێژەی دانیشتوانی کوچەری ـ لادێیی ـ شاری ـ بەهەزار (٣٠)

١٨٦٧ و ١٨٩٠

ساڵ	هەرێم	کوچەری	ڕێژە	لادێیی	ڕێژە	شاری	ڕێژە	کۆی گشتی
١٨٦٧	ناوچەی باکور	٧٠	٢٦	١٤٠	٥٢	٥٥	٢٢	٢٦٥
	ناوچەی ناوەڕاست	١١٥	٢٣	١٧٠	٣٩	٤٦	٤١	٤٩١
	ناوچەی باشور	٢٦٠	٥٠	٢١٥	٤١	٤٩	٩	٥٢٤
	عێراق	٤٥	٣٥	٥٣٥	٤١	٣١٠	٢٤	١,٢٨٠
١٨٩٠	ناوچەی باکور	٩٣	٢٣	٢٢٣	٥٥	٨٥	٢٢	٤٠١
	ناوچەی ناوەڕاست	٦٥	١٣	٣٤٠	٥٩	٢٧٠	٢٨	٦٧٥
	ناوچەی باشور	٢٧٥	٢٧	٤٠٠	٥٣	٧٥	١٠	٧٥٠
	عێراق	٤٣٢	٢٥	٩٦٢	٥	٤٣٠	٢٥	١,٨٢٦

بەگوێرەی ئەم خشتەیە بێت، ساڵی ١٨٦٧ز ژمارەی دانیشتوانی شاران تەنیا (٥٥٠٠٠) کەس بووەو (٢٢٪) کۆی دانیشتوانی کوردستان بووە. کۆی ژمارەی دانیشتوانی عیراق لەم ساڵەدا (١,٢٨٠,٠٠٠) کەس بووە.

ژمارەی دانیشتوانی شار، گەر هێندە کەم بووبێت، ئەوا بێگومان ناتوانێ دەوری گرنگ و بەرچاو لەڕووداوە سیاسییە چارەنووسسازەکاندا بگێڕێت. نابێ ئەوەشمان بیر بچێتەوە میرانی کورد پشتیان بەهێزی کۆچەرو گوندنشین بەستبوو، ئەوان هێزێکی (میلیشیا)ی چەکداری ئامادەبوون، کە دژی هێزی دەرەکی یان هەر هەڕەشەو پەلامارێکی چاوەڕوان نەکراو بجووڵێنەوە.

من پێمباشە کوردستانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ یەکێك لەوڵاتەکانی ئۆروپا (ئەڵمانیا بۆ نموونە/ ساڵانی ١٦٠٠ز) بەراورد بکەم. ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە (٢٤) ملیۆن کەس بووە، رووبەری ئەوێ رەنگە لەو کاتەدا هەرئەوەندەی رووبەری عیراق بووبێت. بیست هەزار (٢٠٠٠٠) شار لەوێ تۆمار کراوە، کە بەگوێرەی پێناسەی شاری ئەو زەمانە پێناسە بکرێت. لەوێش سێ لەسەر چواری دانیشتوان لەلادێدا ژیاونو (٢٥٪)یان لەشار ژیاون. لەوێ، ڕەنگە گەشەکردنی هێزی ئابووری بازرگانو پاشان شۆڕشی پیشەسازی دەوری لە پەراوێزی ئازادیەدا گێڕابێت، کە شار بەدەستی هێناوە[٢١]، ئەو زەمانە، هەر شارێك ژمارەی دانیشتوانی (٣٠٠٠) تەنها سێ هەزار کەس بووبێت، بەشاری گەورە دانراوە.

* * *

سەبارەت باری ئابووریی شاری سلێمانی، کۆمەڵێك بیروبۆچوون و ئاماژەی ناکۆك هەن. من پێم باشە تابلۆیەك لەبەرچاوی خوێنەر بێت و ئەو سەرپشك بێت، تا یەکێکی (تۆزێ) لەئێمە بەختەوەرتر بەدوای بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی کتێبخانەکانی لەندەن و بەغدا دەکەوێت و بەژمارەو فاکت ڕاستی دەسەلمێنێت:

دکتۆر (هەڵکەوت حەکیم) دەنووسێت:

بابانەکان بۆ ماوەیەك میرنشینی سۆرانیان داگیر کرد، بەشێك لەئەمارەتی ئەردەڵانیان هێنایە ژێر رکێفی خۆیان و چەند ساڵێکیش کەرکوك و هەولێریان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هەروەها بەسەر ئەمارەتی ئامێدیدا زاڵ بوون.

شان بەشانی پەرەسەندنی عەسکەری، هێزی ئابووریش پەرەی سەند، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ شارەکانی تردا، وەکو: ئەستەموول، دیاربەکر، مووسڵ، کەرکوك، بەغدا، سنە، کرماشان ... هتد، هەتا دەهات فراوانتر دەبوو. هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵی بابان لەوڵاتە عوسمانییەکاندا دەنگیان دابووەوە. ئەو میرانەی لەدەرەوەی کوردستان دەژیان ژیانێکی دەست بڵاویان بەسەر دەبرد، کە ناتوانین لەنیشانەی دەوڵەمەندی بەولاوە شتێکی دیکەی لێ تێ بگەین. بەڕای (کامپانیل)، کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا سەری لەسلێمانی داوە، میرنشینی بابان لەو سەردەمەدا یەکێ لەدەوڵەمەندترین میرنشینەکانی کورد بووە[٢٢].

* * *

(فرایزەر) ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە: کاتێك سەرتیپ (محمد خان) بەخۆی و ٤٠٠ سەربازەوە لەسلێمانی بووە بۆ پشتیوانیی سلێمان پاشای بابان لەدژی (محمود پاشا)ی برای، داوای دووسەد تومەن لەپاشا دەکات کە نەهەیەتی بیداتێ و نەبۆیشی پەیدا دەکرێت. دیارە پاشاکانی بابان لەڕووی داراییەوە پەرێشان بوون.

سەرتیپ (محەمەد خان)، لەگەڵ قوەتێکی لەچوار صەد سەرباز کەمترو نەفەری تۆپچی و پێنج تۆپی جەبەل لەسلێمانی بوو. ئەم قوەتە، بۆ محافەزەی

(سلێمان پاشا) بەرامبەر بە (مەحموود پاشا)ی برای لێرە هێڵرابووەوە. لەدواییدا باسی فیشاڵو خۆهەڵکێشانی ئەم سەرتیپەی بە دوورو درێژی نووسیوە. (فرایزەر)، لەلایەکی تردا باسی فەقیریی (سلێمان پاشا) ئەکاو ئەڵێ سەرتیپ داوای دووصەد تومانی لێ کردبوو بۆ عەسکەرەکەی، بەڵام پاشا هەرچەند هەوڵیدا بۆی پەیا نەکرا[٢٣].

لەکاتێکدا ئەم تێبینیەی (فرایزەر) دەنووسمەوە، دەمەوێ سەرنجی خوێنەری ئازیز بۆ ڕایەکی پێچەوانەش ڕاکێشم، کە لەلایەن میرزادەیەکی بابانییەوە تۆمار کراوە:

(حاجی بەگ، لەماوەی دوومانگدا، حەفتا هەزار تمەنی دا بەپاشا. بابی نووسەریش پەنجا هەزار تمەنیدایە، پاشان داوای زامنی لێکردن، کە ئازادیان بکاتو بۆ هیچ کوێ ڕانەکەن. چوار کەس لەبازرگانانی وڵات بوونە دەستەبەر، کە ئەگەر ئەو دووکەسە لەفەرمانی پاشا بچنە دەرەوە، ئەوا ئەوان دە هەزار تمەن بدەن بەپاشا)[٢٤].

چەند ڕوونکردنەوەیەك بۆ تێگەیشتنی تێکستەکە پێویستن:

❖ ئەم ڕووداوە ساڵی ١٢٤٩ ك بەرامبەر ١٨٣٣ ـ ١٨٣٤ ز لەزەمانی سلێمان پاشادا ڕوویداوە.

❖ ڕاپۆرتەکەی (فرایزەر)و گێڕانەوەکەی (عەبدولقادری بابان) باسی زەمانی یەك پاشا لەیەك ساڵدا دەکەن. یەکێکیان باسی نابووتیو ریسوایی پاشا دەکاتو ئەویکەیان باسی پاشایەك دەکات، کە توانای سزادانی قورسو سەرانە وەرگرتنو پارە پەیدا کردنی بەهەزاران هەیە.

❖ دەبێ ئەم دوو گێڕانەوەیە، یەکێکیان ڕاست نەبێ. رەنگە (سلێمان پاشا) پێی (ئەغز) بوو بێت، تەنانەت دوو سەد تمەنیش بکاتە دەست (سەرتیپ محمدخان). دووریش نییە کابرا هێندە بێ شەرمانە داوای پارەی کردبێتو پاشای بێزار کردبێت. ئەو (ئیحتمال)ەش دەمێنێتەوە، تا بەرپابوونی شەڕ لەماوەیەکی کورتدا، تەڕو وشکی سوتاندبێت.

ئەم بەراوردو بەراوردکارییە بۆ مێژوونووسان بەجێ دەمێنێ، ئەوەی بۆ ئەم نووسینە بایەخدارە ئەوەیەچوار (بازرگان) دەبنە زامنی دوو میری بابان یان دوو خزمی نزیکی پاشا، ئەم گێڕانەوەیە، بەڵگەی هێزو تواناو ڕەواجی بەڵێنی بازرگانەکانە. بازرگانەکان لەوە دەچێ لەمیرەکان زیاتر جێگەی متمانە بووبن، میری بابان، دەیتوانی داوای کەفیلێك بکات، سەر بەبنەماڵەی حاکم بێت یان ئەندامی ئەو بنەماڵەیە بێت. ئەوەی تۆزێ شارەزای مێژووی ئەم میرنشینە بێت دەزانێت: میرەکان توخمێکی پڕ بەمەترسیو سەر بەگۆبەن بوونو هەمیشە لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵاتدا (بەغداو تارانو ئەستەموولو سنەو کرماشان) پەیوەندییان هەبووە. بەشێك لەمیرەکان هێزی چەکدار (میلیشیا)ی خۆیان هەبووە. ئەندامانی بنەماڵەی میر، هەندێ جار پشتیوانو پشتو پەنای میر

بوون، هەندێ جاریش سەرچاوەی مەترسیو پیلان بوونو پڕ زەرەر بوون بۆ چارەنووسی میرایەتی. هەمیشە سەرکەشوسەرچڵ بوونو ئامادە بوون بەچاو تڕووکاندنێك، لەبەرەی لایەنگرانو هاوسەنگەرانەوە بۆ بەرەی ئۆپۆزسیۆن جێگۆڕکێ بکەن. بازرگانەکان لەم هاوکێشەیەدا، بەرەی (بێپا) بوون، نەك بەرەی (پادار)، بەگوێرەی پەندە هەورامییەکە. ئەوان خاوەن بەرژەوەندیو کارو کەسابەت بوونو بایی ئەوە قورساییان هەبووە کە بەکەفالەت دوو میر لەزیندان بەرەڵڵا بکەن. ئەوەی کە (ڕیچ)یش لەسەر دارایی میرانی بابان دەنووسێ. وێنەیەکی یەکجار جیاوازەو پێویستی بەلێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە.

*　　*　　*

(محەمەد ئەمین زەکی بەگ) لەساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٣٠٧ی ڕۆمی (بەرامبەر ١٨٩٢ز) لیستی داهاتو دەرچووی (مصروفات)ی دەرهاویشتووە. لەم خشتەیەدا میزانیەی ساڵی (١٨٩٢ز) بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەداهاتی پارێزگای سلێمانی مەسرەفی ئیدارەیان داپۆشیووەو یەك ملیۆن قوروش ڕەوانەی خەزێنەی گشتی دەوڵەت کراوە. واتە: لەدەوڵەتەوە پشتگیری دارایی ڕەوانەی ئێرە نەکراوە، بەپێچەوانەوە، سەرەڕای خراپیو نالەباریی ئیداری، لێرەوە پارەی زیادە بۆ دەرەوەی سنووری پارێزگا ڕەوانە کراوە، لەکاتێکدا سلێمانی خۆی زۆر پێویستی بەداهاتی خۆی هەبووە.

((نەفسی شاری سلێمانی، مەرکەزی ئالای صەدەمینی رەدیفو ئالایەکی نظامیەی فرقەی سیو شەشەمینی کەرکوك بوو، طابوورییەکی ضەعیفی ژاندەرمەشی بوو.

میزانیە (بوودجە)ی لیوای سلێمانی لەساڵی ١٣٠٧ی رۆمیدا لەژێرەوە قەید کراوە:

واردات	غرۆش	مەصروفاتی	غرۆش
وێرگۆی ئەملاک و عەقار	٨٠٤٧٧	شەرعییە	٥٠٢٠٩
وێرگۆی تەمەتوع	٩٣٩١٨٧	داخلییە	٣٢٧٢٨٨
بەدەلی عەسکەری	٢٦٥١١	عەدلییە	١٩٣٨٢٠
رەسمی ئەغنام	٧٥٧٨٧١	مەعاریف	
بەدەلی عەشتار	٦٥٤٠٦١	نافیعە	
حاصیلاتی ئەعشار	٢٧٨٥٠	ئەورامان	؟٢٠٠٠٠
خەرجی ئەملاک و طاپۆ	١٧٧٢٠٠	مەعادن	
خەرجی مەحاکم	١٥٠٢٥	مالییە، ێرگوو	
وە مەعاشاتی زاتیە	٢٥٨٥٠٦		
رسومی موتەنەویعە	٥٢٢٥٠	ضە بطییەو ژاندرمە	٨٨٦٠١٤
حاصیلاتی موتەفەریقە	٥١٠٠٠	صحییە	٦٠٠
مەجمووعی	٢,٧٢٥,٦٣٧		١,٧٠٦,٦٣٧

(ئەم ئەنجامە بەپێی لێکدانەوەکەی (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، کە پێ دەچێ هەڵە بێت، و ئەنجامە راستەکان بەم شێوەیەن کە مەجموعی واردات ٢,٧٨١,٦٥٧ قروش، وە مەجموعی مەصروفات ١,٧٣٦,٦٣٧)قروشە.

تێبینی/ م.ج

عەینی ساڵنامە، بۆ خەدەماتی نافعە (دروست کردنی بیناو رێگەو پرد)ی ولایەتی موصل ٢٠,٩٨٨ غرۆش، یەعنی تەقریبەن دووسەد لیرەی داناوە، لام وایە ئەم پارە بەتەنیا مەعاشی باشی موهەندیسی موصل و معاونەکەی بوو.

مەصارفاتی سەنەوییەی مەعاریفی لیوای سلێمانی لە ۱۳۰۷دا نزیکی صەدو پەنجا لیرەیەو ئەمەش بۆ مەعاشاتی مەعلمینی تەنیا مەکتەبێکی روشدیەی مولکیە بوو. باقی مەکتەبەکانی لیوا یا بەخێروخێراتی ئەهالی وە یا بەواسیطەی ئەوقافی خصوصیەوە ئەژیا. هەروەکو لەمیزانیەی لیوادا نیشانمان داوە. واریداتی لیوا کەم نەبووە لەمەصاریفی ۱۰ هەزارو شتێکی زیاد بووە. بەڵام لەباتی بۆ ئاوەدانیو زانستی لیواکە صەرف بکرێ یا بۆ ئەستەموولْ ئەنێرراو ئەچووە باخەڵی مەئمورین))دوە[٢٥].

هیچ زیانێکی نابێت ئەگەر ئێمە بزانین بەهای قروشێك لەساڵانی ۱۸٦٥ ـ ۱۸٦٦ هەر ۱۱۰ قروش بەرامبەر (۱) پاوەنی ئیستەرلینی یان (۱) دینار بووە،. ساڵی ۱۸۹۰ بڕی (۳۰۰,۰۰۰) لیرەی عوسمانی بەرامبەر (۱۸۰,۰۰۰) دینار بووە (تێکڕای نرخی سەرفکردن ۲٥ قروش بە (۱) پاوەنی ئیستەرلینی یان بە (۱) دینار گۆڕێنراوەتەوە[٢٦].

سەرەتاکانی رۆڵی سیاسی چینی بۆرجوازی، لە شاری سلێمانیدا

لەسۆنگەی چەوسانەوەی بەردەوامدا، بۆرجوازی چاوی بڕیبووە رزگارکەرو فریادڕەسێك، لەدەرەوەی چینەکەی، خۆی تا دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکات، بۆئەوەی لەزوڵم‌و زۆری دەسەڵاتداران سەرفرازی بکات. هەر بۆ نموونە، پێش ساڵی ١٨٢٠ (مەولانا خالید نەقشبەندی)، لەشاری سلێمانیدا دەرکەوت. (مەولانا خالید) (١٧٧٩ - ١٨٢٧) پیرێکی کارێزما بوو، بەدەرکەوتنی ئەو، پۆلپۆلێنێکی کۆمەڵایەتیی توندوتیژ هاتەکایەوە[٢٧]. میرەکانی بابان‌و شێخ‌و مەلاکانی لایەنگیری (شێخ مارف نۆدێ)، کەپابەندی دۆگماتیزم بوون، بەرەیەکیان پێك دەهێنا، بەرەکەی تریش (مەولانا خالید)و موریدەکانی بوون، کە زۆربەیان بازرگان‌و کاسبکاری شاری بوون. دیارنییە لەو ژمارە (١٢٠٠٠) موریدەی مەولانا خالید[٢٨] چەندیان سەر بەچینی بۆرجوازیی شاری سلێمانی بوون، بەڵام دوورنییە رێژەیەکی گەورەی موریدانی تەریقەتی نەقشبەندی خەڵکی کاسبکارو پیشەگەری ئەم شارە بووبن. چونکە میرانی بابان هەندێ جار پەیوەندی زۆر باشیان لەگەڵ مەولانادا هەبووە، تاساڵی ١٨٢٠ ناکۆکیەکە بەربەست نەکراوەو ئیدی ئەو رووی کردووەتە شام. لەجەنگی دووبەرەکیدا، بەرەی میرانی بابان‌و شێخ مارف نۆدێ، سەرکەوتووبوون. تەنانەت ناشتنی (سلێمان پاشای بابان) بەتەنیشت (شێخ مارف نۆدێ)وە شێوەیەکی گرنگەو جۆرێکە لە پشکدارکردنی پیاوە ئایینیەکان لەدەسەڵاتی دونیاییدا. دوور نییە گەر هاوکێشەی پشکداریکردن لەدەسەڵاتی سیاسیدا بەقازانجی (مەولانا خالید)و تەریقەتی نەقشبەندی ببوایە، داهاتووی میرنشینی بابان بەجۆرێکی تر نەبوایە. تەوژمی سۆفیگەری‌و دەسەڵاتی دونیایی، رەنگە بزوتنەوەی زۆر بەهێزی لێ پەیدا بێت (نموونە: رێکەوتنی میرە سعودییەکان‌و شێخ محەمەد بن عەبدولوەهاب - بزوتنەوەی وەهابی) تێکشکانی

کاتیی بزاڤی نەقشبەندی ساڵی ١٨٢٠ گۆڕانی بەسەر کارو جوڵانەوەی نەقشبەندیو چینی بۆرجوازیی شاری سلێمانیدا هێنا. دیارە نوێنەرانی ئەم چینە، بۆ دەرفەتێك گەڕاون، تا لەپێشەوە لەدەسەڵاتی میرانی بابان بدەن. ئەوان، هاریکارییان لەگەڵ هێزی دەرەکیو یارمەتیدانیان بۆ تێکشاندنی دەسەڵاتی ئەو زەمانە، بەکارێکی باشو گونجاویان داناوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بەچەوسانەوەو تالانکردنو زوڵمو زۆر بهێنن. لەوە دەچێ ئەم چینە لەڕووخاندنی میرنشینی باباندا (١٨٥١) دەوری کاریگەریان گێڕابێت. ئەگینا هیچ هۆیەکی تر ڕەنگە لەئارادا نەبووبێت بۆ (سالمی ساحێبقران)ی شاعیر (١٨٠٠ ـ ١٨٦٦)، کە ئەندامێك بووە لەچینی ئۆرستۆکراتی دەسەڵاتدار، بەم تاڵییە هێرش بکاتە سەر کاسبکارانی شاری:

لەئەصلا بانیی ئەم کارە کاسبهایی شەهری بوون
لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەرانسەر میثلی مەردانن

لەئەوضاعی سلێمانی ئەوانە شادو ئاسودەن
لەفەرعا نوطفەیی حەیزن لەئەصلا جنسی شەیتانن

گەهی هەم دەردی ئەکرادن ، گەهی هەم عەیشی ئەتراکن
لەیەك لا مادەری بەرخن ، لەیەك لا یاری گورگانن[٢٩]

شیعرەکەی سالم هاوار دەکات، کە (کاسبهایی شەهری) دەوری سەرەکییان لەڕووخاندنی میرنشیتی بابان بووبێ: لەئەصلا بانی ئەم کارە. واتە: ئەم چینە وەکو هێزێکی سیاسیی (ئۆپۆزیسیۆن) دەوری بینیوەو دەستپێشکەری کردووە.

دیارە ئەم شیعرە وەکو زۆربەی شیعرە سیاسیو (ملحمي: داستان)ییەکانی شاعیر پاش هەرەسی میرنشین نووسراون، ئەگینا شاعیر بۆ هۆکار نەدەگەڕا.

ئەڵەمانەکان دەڵێن: سەرکەوتن زۆر باوکی هەیەو ژێرکەوتن یەك باوکی هەیە، واتە یەك (تاکەهۆ)ی هەیە. هەرەسو رووخانو ژێرکەوتنیش لای ئەو (کاسبهای شەهری)یە، نەك دەیان هۆی چارەنووسساز، بەگوێرەی ئەم شیعرە، بەتایبەت ئەم دێرەی خوارەوە:

(گەهی هەم دەردی ئەکرادن ، گەهی هەم عەیشی ئەتراکن)[٣٠]

دەستنیشانکردنی سروشتی ڕاڕاییو ئۆپۆرتۆنیستیی چینی بۆرجوازیە. دیارە وەکو هێزێکی کاریگەر جێ گۆڕکێیان کردووەو بەرەیان گۆڕیوە، بەگوێرەی بەرژەوەندیی ئابووریو بەرتەسك، بەبێ گوێدانە ناسنامەی نەتەوەیی هاوپەیمانو دۆست هاوسەنگەریان گۆڕیوە. ڕەنگە ئەمە تاکە کەس نەگرێتەوەو وەسفە بۆ ئاکاری کۆمەڵایەتیی سەرجەمی چینێك. تاکە کەس ناگرێتە (پێوەر) گەر جارێك ڕووبدات، سالم قورساییو دەوری چالاکانەی ئەم چینەی لەبەرچاو بووە، بۆیە وا دەنووکی خستووەتە سەر. بێگومان ئەم چینە دەوری بنەڕەتیو کاریگەری نەبوایە سالی شاعیر بەم توندو تیژیە رەخنەی لێ نەدەگرتن.

وێنەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەشیعرێکی سالمدا

دەربارەی سەرجەمی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەی کە پاش هەرەسهێنانی میرنشینی بابانو ماوەی ڕاستەوخۆی پاش داگیرکردنی شاری سلێمانی، لەلایەن سوپای عوسمانییەوە، ڕوویان داوە بەلگەی زۆرمان بەدەستەوە نییە، کە بەکۆکردنەوەو خستنەپاڵ یەکتریان، وێنەیەکی گۆڕانی پەیوەندی سۆسیالمان، بەڕاشکاوی پێشکەش بکات. داستانە شیعریەکەی (سالم)ی صاحبقران، کە بەشیعری (ئیپۆس – EPOS) واتە:(ملحمي) دادەنرێت، ڕاستگۆترین بەلگەی مێژوویی ڕاستەوخۆیە سەبارەت بەڕووداوە تراجیدییەکانی ئەو سەردەمە. سالم ویستوویەتی هەڵوێستو کاری (پاڵەوان)انەی (عەزیز بەگی بابان) بەنەمری بهێڵێتەوە، کە هێزی چەکداری پێکەوە ناوەو، لەگەڵ هێزی چەکداری عوسمانیدا شەڕی زۆر سەختی کردووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی میرایەتی بابان بگێڕێتەوە. ئێمە وەسفی شاعیر بۆ ڕووداوە دراماتیکییەکان بۆ کەسانی تر جێدەهێڵین، کە دەیانەوێ لەسەر ڕووداوە سیاسییو عەسکەرییەکان بنووسن. مەخابن ئەم شیعرە هێشتا بەلێکدانەوەو ڕاڤەکاری زانستی ساخ نەکراوەتەوەو پەراوێزی بۆ نەکراوە. بەشێکی زۆری ووشەو زاراوەو دەستەواژەی ناو شیعرەکە کۆن بوونو لەئەدەبیاتی ئەمڕۆدا، کەس بەکاریان ناهێنێت. ئەم کێشەیە یارمەتیمان نادات لە (کۆد)ەکان بەباشی تێبگەین.

من دەمەوێ تەنیا تیشك بخەمە سەر یەك دوو بڕگەی ئەو تێکست (Text)ە ئەدەبییە، کە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەرجەستە کراون، بەتایبەتی جوڵانەوەو هەڵوێستی چینی بۆرجوازیی شاری سلێمانی، کە مەبەستی ئەوە بووە، ئەو کەلێنەی چینی ئۆرۆستۆکراتی بابانی پاش خۆی جێهێشتووە، پڕی بکاتەوە. بەگوێرەی تێڕوانینی (سالم)[٣١] : ئەو چینە نوێیە لەڕووی ئابووریو

سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەوە، خۆی وا دانابێت، کە بتوانێت ئەو بۆشاییە سیاسیی‌و فەرهەنگییەی داڕووخانی دەسەڵات پڕبکاتەوە:

چارەسەر کەن ئەهلی دەروێش نانی مونعیمتان بڕا
لوولە بوو سفرەو نەواڵە، ون کرا زەرفو خووان

خووان: تەختەیەکی لاکێشەیی ڕەنگاو ڕەنگ بووە، شەش پێی هەبووە، قاپی خواردنی لەسەر دادەنراو لەکاتی نانخواردنـدا لەدیوەخان دادەنـراو نـانی لەسەر دەخورا وەکو مێزی نانخواردنی ئەم زەمانە بووە.

ئاوابوونی ئەستێرەی دەسەڵاتی چینی ئۆرۆستۆکراتی، چەند دیمەن‌و دیاردەی هاوکاتی بەدەسەڵات گرێدراوەوە، دەبنە بەشێك لەڕابوردوو، لەناو کۆمەڵی (نوێ)دا جێگەیان نابێتەوە. میوانداری‌و سفرەو زەرفو خووانی پاشاو دەسەڵاتدارانی تر، وەکو سەنتەرو ناوەندی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیی ئەو سەردەمە، شانۆی نواندنی دەسەڵاتی ئابووری‌و هێزی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی چینی سەرەوەی کۆمەڵ بوو. بەهاتنی سوپای داگیرکەر ((مەجلیس))ی میرو خانەدانەکانی تری ئەو سەردەمە کۆتاییان پێهات:

ئەهلی ساداتو مەلاو حاجی بلا شین کەن بەسۆز
دەفتەری ئەهلی وەزایف دیم عومووماً حەك کران

ئەم بەیتە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بوونی دامەزراوەی دەوڵەتی‌و نیمچە دەوڵەتی (مؤسسات) کە فەرمانبەرو کارمەند کاری تێدا دەکەن. ئەو ئەم توێژە لەکارکەرانی دەوڵەت بە ((ئەهلی وەزایف)) ناو دەبات: (أهل الوظائف) یان توێژی

فەرمانبەر (موظف) بەگوێرەی ناولێنانی ئەم سەردەمە، توێژێکن لەدەزگای حکوومەتی کەرتی گشتی کار دەکەن. ئێمە نازانین لەسلێمانی (١٨٥١)دا ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە چەند بەهێز یان چەند لاواز بووە؟ ئەندامانی ئەم توێژە کێبوون و لەکام چینەوە هاتوون؟

ئێمە لامان ئاشکرا نییە، ئەوانەی فەرمانبەر بوون، لەترسی گوشاری سمبۆلەکانی دەسەڵاتی داگیرکەر نێوی خۆیان سڕیوەتەوە، یان بۆئەوەی ئازار نەدرێن و تووشی سەرئێشە نەکرێن، یان نوێنەرانی دەسەڵاتی داگیرکەر، بەربوونەتە دەفتەرەکان و ناوی فەرمانبەرانی بابانی کوژێنراوەتەوە بۆئەوەی کەسانی تری سەر بەخۆیان لەجێگەی وان دامەزرێنن؟ ئێمە ئیحتمالی دووەم بەراست دەزانین و داگیرکەرو داردەستەکانی سەرجەمی دەزگاو فەرمانبەرانیان گۆڕیوە:

ئەسکەمل بێنن قەراریان دەن لەجێی ئاغەلەران

مەجلیس شوورا ئەمێستە خاصە بۆ ئەصنافەکان

یوونی (مەجلیس شوورا) لەسەردەمی بابانەکاندا، بەلگەیە لەسەر هەڵسوڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی شار، لەلایەن (مەجلیس شوورا)وە. من نانووسم ئەوانە دەوری شارەوانی ئەمڕۆیان بینیوە، بەڵام کۆلکەزێڕینەی خەیاڵ بۆ ئەوە دەچێت، ژمارەیەك کەسانی ئۆرۆستۆکراتی و دەسەڵاتداری میرنشین ئەندامی ((مەجلیس شوورا)) بوون. پاش داگیرکردن و رووخاندنی دەسەڵاتی بابان ((مەجلیس شوورا)) لەئەندامانی سەرەوەی کۆمەڵ پاکسازی کراون. لەجێگەی ئەواندا کەسانی ((بێ ناونیشان))ی خوارەوەی کۆمەڵ دانراون. ((ئەسنافەکان)) واتە: ((أصناف))ەکان، کە چەمکێکی ترە بەرامبەر پیشەوەر ((حرفي))، کە ئەو زەمانە لەرۆژهەڵات و بەتایبەتی لەئەدەبیاتی فارسیدا بەکارهاتووە. ئەم ئاڵوگۆڕە

کۆمەڵایەتییە لەکودەتایەك دەچێت، کە سەنگەر بەسەنگەر جێگەیان پێ چۆڵ کرابێتو خۆیان لەجێگەی ئەواندا دامەزراندبێت. ئەمەی (سالم) بۆ چینەکەی خۆی بەتراگیدیا تێیدەگات بۆ پیشەوەران، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بووبێت، سەرکەوتنێکی گەورە بووە.

سەبارەت بەزاراوەی (اصناف) لەسەدەی ۱۹و سەرەتای سەدەی ۲۰ئێمە زانیاریو شارەزاییمان نییەو نازانین هێزو قەوارەیان چۆن بووە؟ بۆئەوەی وێنەیەکی باشتر پێشکەشی خوێنەرانی ئازیز بکرێت، تیشك دەخەینە سەر جوڵانەوەی (ئەسناف) لەشاری کرماشان لەسەرەتای سەدەی پێشوودا.

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی شۆڕشی مەشرووتە ۱۹۰۵ لەشارەکانی ئێراندا بەدەیان ئەنجومەن (انجمن - شورا) پێکهێنرا. ئەنجومەنی ناوەندی هەبوو رابەری ئەنجومەنەکانی خوارەوەی دەکرد. هەر بۆ نموونە، لەشارێکی وەکو شاری کرماشاندا، کە ئەو کاتە ڕەنگە ژمارەی دانیشتوانی (۸۰,۰۰۰) هەشتا هەزار کەس بووبێت، ئەنجومەنی خوێندکاران (انجمن طلاب)و ئەنجومەن سادات (انجمن سادات) هەبووە. لەپاڵ ئەمانەدا ئەنجومەنی پیشەوەران هەبووە (انجمن اصناف):

ئەنجومەنی ئاسنگەران (انجمن آهنگران)و ئەنجومەنی زێڕینگەران (انجمن طلاسازان) هەبوونو دەیان ئەنجومەنی تریشو هەر هەموویان لەبن چەتری ئەنجومەنی یەکێتی پێشەوەراندا (انجمن اتحادیە اصناف) کۆبوو بوونەوە[٣٢].

وا (کەریم ئاغەی نەنێ) تەدبیری هەستەی جاف دەکا
(خاڵە هۆمەر) دارۆغەی شارو مودیر (حاجی ئەحان)

کەس نەچێتە پێشەوە (حاجی غەنی) تەدبیرییە
مەئمووری ئەبتی نوفووسەو شاغیلی باجی دوکان

دارۆغە: لەکاتی بابانەکاندا بەرێوبەری پۆلیس، یان سەرۆکی پۆلیس بووە. سەبارەت بە کەسایەتیو شوێنو پلەی ناوەکان ((کەریم ئاغەی نەنێو خاڵە هۆمەرو...)) ئێمە شتێکی ئەوتۆ نازانین، هەر کەسێك بنو هەرچییەك بن، پلەیەك یان چەند پلەیەك لەخوارەوەی چینی ئۆرۆستۆکراتینو لەگەڵ چێژو زەوقی شاعیردا هەر زۆر دوورن.

مەجلیسێ وابێ موحەققەق دوودی گۆگرد عوودە بۆی
(دەروێش ئاغا) بوو لەجێی (مستۆ) هەموو شەو نەغمەخوان

خەڵکێك لەو مەجلیسە بۆگەنێکی وەکو بۆنی گۆگرد لایان بۆنی (عوود) بووبێت، کە بۆنێکی زۆر خۆشەو لەڕیزی (مسك)و (عەمبەر) دادەنرێت، دەبێ ئەو خەڵکە چەند ناشارستانیو دواکەوتوو بووبن، لەچاو ئەندامانی توێژی سەرەوەی کۆمەڵ، کە شاعیر خۆی یەکێك بووە لەوان: ئەو مەجلیسە (نوێ)یە گوێی مۆسیقیو زەوقی هونەری بەرزی نەبووە. پێشتر واتە: لەسەردەمی پێش ١٨٥١ گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشی وەکو (مستۆ) کە کوردی شاعیریش باسی دەکات:

ئاغە زەنوون لێ بدا سینەکەمان حارس گرفت
لکە تەنبوورو دەفو ئەسعەد بدا دەستی لەساز

مستۆ ئیبراهیمی ئاورەحمان نەواو فەتحی حەزین
مستەفا ناریو سیگا یونس بلێ شاری حیجاز

کۆڕی گەرم کردووەو لەئاهەنگو بۆنەی شادیدا (نەغمەخوان) بووە. پاش ١٨٥١ لەبری (مستۆ) یەکێکی وەکو (دەروێش ئاغا)، کە دەبێ بەگوێرەی زەوقی

هونەریی (سالم) زۆر دەنگ ناساز بووبێت، کۆڕو ئاهەنگی گەرم کردووە. بەداخەوە ئەم تێکستە مێژووییە، لەسۆنگەی ساخنەکردنەوەو ڕاستنەکردنەوەی ڕێزمانیو خاڵبەندی، ناتوانرێت بەدڵنیاییەوە سوود لەزانیارییە وردەکانی ناو قەسیدەکە وەربگیرێت.

ئاڵوگۆڕی مەنسەبی دوو شەخسی عالیجا کرا
(مەحموود ئاغای) زل حەکیم باشی حەمامچی (بابەجان)

(حاجی میرزا) کەوتە ناو شارو تەرازووی شاردەوە
مەسرەف ئاسا حاسیبە بۆ خاسە جاتی (مالوان)

کۆی ئاماژە بۆ (ئاڵوگۆڕی مەنسەب)، کە دیارە ئەو دوو کەسە، پلەی بەرزیان لەناو کۆڕو کۆمەڵی ئەو سەردەمەدا هەبووە (دوو شەخسی عالیجا). لێرەدا من ئەم بەیتە بەڕاست نایەتە بەرچاوم، چونکە (حەکیم باشی حەمامچی) بەبێ وێرگول (فاریزە)و پریپۆزسیۆن بەدوایەکتردا تایپ کراون. من بۆ تێگەیشتنی باشتری ئەم دەقە، ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٤ پرسیارم ئاراستەی کاک محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)کرد، کە ئەو ئینسکلۆپیدیایەکی زیندوە سەبارەت بەسلێمانیی کۆنو زۆر شارەزایە لەشیعری سالمو کوردیو مەلا حەمدووندا. ئەو دەیگوت: ئەم شیعرە لەسەردەمی عەبدوڵڵا پاشای باباندا دانراوە. (بابەجان) گەورەترین حەکیمباشی زەمانی خۆی بووەو لەگەڵ ماڵی ئێمەدا دراوسێ بووینو باوکم دۆستایەتی لەگەڵ (بابەجان)دا هەبووە. (مەحموود ئاغای زل) کراوەتە حەکیمباشی، کە ڕەنگە لەچاو (بابەجان)دا زانیارییەکی ئەوتۆی لەبواری پزیشکیدا نەبووبێتو (بابەجان) کراوەتە حەمامچی.

تیشك خستنە سەر وشەی (عالیجا) زۆر پێویستە، کە وشەیەکی ئاوێتەیە (عالي: بەرز)و (جا: جێگا: پلەوپایەی ڕەسمیو کۆمەڵایەتی) دیارە کەسایەتی جێگە نزمیش هەبووە، بۆیە ئەو نووکی قەڵەمی لەسەر (عالیجا) بووە. لەژیانی دەربارو دیوەخانی میرانو ئۆرستۆکراتیدا، کەسانی وەکو میرزا بابەجانی حەکیم باشی (ملك الاطباء) هاتوچۆی کردووەو پەیوەندی گەرمی هەبووە.

لەبەیتەکەی پاش ئەوە، نێوی (حاجی میرزا) دەهێنێت، کە تەرازووی ناو شاری شاردووەتەوە. ئێستا، ئەو لەبری (مەسرەف) بەرپرسیاری داهاتی گوندی (مالوان)ی شارەزووره. ئێمە ئەگەر بزانین (مەسرەف) دەوری سەرۆك وەزیرانی بابانەکانی بینیوە، ئیدی هاوکێشەکە بەو لێڵییە نامێنێتەوە. لەبری (مەسرەف) واتە: یەکێکی وەکو (مەحموود ئاغا)و (عەزیز ئاغای مەسرەف) کابرایەکی وەکو (حاجی میرزا) تەرازووی شار دەشارێتەوەو بەرپرسیاری داهاتی (مالوان)ە، واتە: (مەحموود ئاغا)و (عەزیز ئاغای مەسرەف)، کە سەرۆك وەزیرانی سەردەمی بابان بوون لەکوێو (حاجی میرزا) لەکوێ، کە ئەم کارەی پێسپێردراوە؟ هەرچەند من بۆ خۆم لام ڕوون نییە کە ((خاسە جاتی (مالوان))) داهاتی گوندێکە یان خاڵی کۆکردنەوەی داهاتی شارەزوور، یان هەورامان یان ناوچەیەکی بەرفراوانتر بووە؟

(ئاغا تەها) مەشوەرەت جۆیە لەگەڵ سەر کاتبی
وا دەزانم وەرگری حوکمی چیا سەوزو شوان

(ئاغا طـه) یەکێك بووە لەهێزە ئابوورییە دەسەڵاتدارەکانی شارو دیارە هەڵوێستی بەرامبەر دەسەڵاتدارانی بابان، بەربەرەکانیو ئۆپۆزسیۆن بووە، نەك ڕێکەوتنو پشتگیری لەحوکمدارانی پێش ١٨٥١دا. (ئاغا تەها) دەوری ڕاوێژکاری

گێــڕاوەو دەبــێ دەســەڵاتی داگیرکــەر پــرس‌و ڕای پــێ کردبێــت. لەوەدەچــێ (ســەرکاتب)ەکەشی پیـاوێکی خوێنـدەوارو بـەئاگاو دونیـا دیـدە بووبێـت، ئـەگینا لەگەڵ (ئاغا طه) نەدەخرایە تای تەرازووەوەو هەردووکیان لـەکاری ڕاوێژکاریـدا، وەکـو یـەك سـەیر نـەدەکران، ئەگـەر هاوتـاو یەکسانیش نـەبووبن، ئـەوە ناویـان پێکەوە هاتووە. (ئاغا طـه) کـوڕێکی هـەبووە نێـوی (مـارف) بـووەو ئـەویش سـێ کوڕی هەبووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. حاجی سەعید ئاغا.

٢. حاجی عەلی ئاغا.

٣. حاجی مەلا محی‌الدین

ئەم سێ برایەو نـەوەکانیان، لـەژیانی بازرگانی‌و سیاسیدا، دەوریـان هـەبووە. بەتایبەتی (حاجی سەعید ئاغا)و (حاجی مەلا محی الدین) کە پاشـتر بـەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدا هەن لەسەریان دەنووسین.

هۆزی کۆچەرو گروپی ئایینیو ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨١

ئاوابوونی ئەستێرەی میرنشینی بابانو هەڵوەشاندنەوەی میرایەتییەکەی بەجارێ بەهاری بۆرجوازیی کوردی نەهێنایە چۆکانو باریان لەباجو سەرانە سووک نەکرایەوە. گروپێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتی (بۆشایی) پڕکردەوەو خۆی گەیاندە ڕیزی پێشەوە، هەرچەندە بەڕەسمی دەسەڵات بەدەست حاکمو مووچە خۆری تورکەوە بوو، باجو سەرانەو بێگاری گروپی کۆمەڵایەتی نوێی دایهێنا، کە هەموو سنوورێکی بەزاندو زۆریش لەسەردەمی بابانەکان زیاتر بوو[٣٣]. هەر بازرگانو کاسبکارێکی شاری، دەبوایە لەبن چەتری پارێزگاری سەرۆك هۆزێکدا خۆی حەشارداتو کاروکەسایەتیو ژیانی مسۆگەرکات. ئەم سەرۆك هۆزانە وەکو شەریکەی (تأمین ـINSURANCE) بوون. ئەوەی خۆی زامن نەکردبێ، مەترسی گەورە، خۆی بۆ مت کردبوو. ئەمانە دەبا بەبەردەوامی سەری خۆیان بقەبڵێنن، بۆئەوەی کاروان لەچەتە و ڕێگر و شەوکوت بپارێزرێت.

لەشاری سلێمانیدا، بەگوێرەی قسەی (مێجەرسۆن) کە سەرەتای سەدەی پێشوو بەسەردانێکی نهێنی لەوێ ماوەتەوە، بەرەی شێخان (نەوەکانی شێخ مارفی نۆدێ) تۆڕێکی چڕو پڕیان چنی، بۆئەوەی لەماوەیەکی زۆر کورتدا سەروەتو سامانێکی گەورە پێکەوەبنێنو دەست بەسەر زەویو زارێکی فراواندا بگرن. خەستبوونەوەی چەوسانەوەو سەرانە سەندنو باج بەرە بەرە پاڵی بەبازرگانو کاسبکارانەوەنا، ڕاپەڕینێك بەرپابکەن.

نوێنەرانی چینی بۆرجوازی، پەیوەندییان بەهۆزی هەمەوەندەوە کرد، کە ئەو زەمانە بەعەشیرەتێکی جەنگاوەرو چاونەترس ناویان ڕۆیشتبوو، بۆئەوەی لەیەك کاتدا پەلاماری حاکمی عەسکەریی عوسمانیو بنەماڵەی شێخان پێکەوە

بدەن و لەشاریان دەرپەڕێنن. لەڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨١دا، شار هێندەی نەمابوو بکەوێتە دەست کۆمەڵانی خەڵکەوە، ئەگەر پەلاماری هێزی سەربازیی عوسمانی نەبوایە، کە بەتوندی هێرشیان کردە سەر ڕاپەڕیوەکان و[٣٤] سەرکوتیان کردو هەر بەچرۆیی هەڵیان پروواند.

مانگرتن و نارەزایی دەربڕین

لەوەدەچێ چینی مام ناوەندی شاری سلێمانی، چینێکی چاوکراوەو وریاو بەئاگاو هۆشیار بووبێتن، لەچاو هەندێك لەشارەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی لەکۆتایی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. پێش شۆڕشی مەشرووتەی ساڵی ١٩٠٨، بەشەش ساڵ (١٩٠٢) بەشێك لەبازرگان و کاسبکارو زانایانی شار بروسکەی پەژارەو نارەزاییان ڕەوانەی سوڵتان عەبدولحەمید کردووە[٣٥]. ئەو بروسکەیە سێ جار دژی پارێزگار (متصرف)ی سلێمانی بەرز کراوەتەوە. سەدو شەش بازرگان و زانای دینی مۆریان پێوەناوەو ناوی خۆیان لەسەر نووسیووە. لەکۆی ئەو (١٠٦) کەسە (٢٤)یان زانای ئایینین و (٨٢)یان بازرگانن (لەبەلگەنامەکەدا نووسراوە: سليمانيه تجارلری).



لەناوەڕۆکی بروسکەکە ئەم سێ خاڵە بەڕوونی دەردەکەون:

١. زوڵموزۆرو چەوساندنەوەی ئیدارەی شار (متصرفیە) زۆر توند بووە، بۆیە ئەو خەڵکە هاواریان لێ هەڵساوە. چەوساندنەوەکە ئابووریو کۆمەڵایەتی بووە: (ئەوەتا داهاتو کڕینو فرۆشتن پەکیان کەوتووەو هەر ئەوەمان بۆ ماوەتەوە، بۆ ئاسوودەییو پاراستنی عەرزو نامووسمان خۆ بدەینە دەست باری تەعالا!).

٢. ئەو بازرگانو کاسبکارانە، بەشێوەی شارستانی دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردووەتەوە، کە پێی دەگوترێت (سڤیل کوراج - Civilcourage) بەعەرەبی دەبێتە (العصيان المدني) لەلایەکەوە، ئەوەی ئێمە پێی بزانین(٣) سێ برووسکەیان ڕەوانەی سوڵتانی عوسمانی کردووە، لەلایەکی ترەوە بۆ ماوەی مانگێك مانیان لەکار گرتووەو دوکانیان داخستووە. ئەمەش بۆ ئەو زەمانە هەر زۆر بووەو ڕەنگە ئەم مانگرتنە دووەم مانگرتنی بازرگانو کاسبکارانی شاری سلێمانی بووبێت پاش ڕاپەڕینی ١٨٨١ کە یەکەم ڕووداوی سیاسیی شارییە. ئەم دوو ڕاپەڕینو مانگرتنو چالاکییە سیاسییە، دەکەوێتە پێش(٦)ی ئەیلوولی ڕەشی ١٩٣٠وە کە زۆربەی مێژوونووسو ڕووناکبیران پێیانوایە، ڕووداوی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ یەکەم جووڵانەوەی سیاسیی بۆرجوازی شارییە. من پێشنیار دەکەم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەناو هۆڵی پارێزگاو زانکۆو شوێنی تریشدا وێنەی ئەم برووسکەیە بەگەورەیی هەڵواسێو لەبەرچاوی خەڵك بەڕێزەوە سەیر بکرێتو وەکو بەڵگەنامەیەکی گرنگ شانازی پێوە بکرێت، چونکە وشەی (ئازادی) تێدا نووسراوە. ڕۆژی ناردنی برووسکەکە ڕۆژی شاری سلێمانی بێت.

٣. ئەو خەڵکە داوای (ئازادی)یان کردووە. واتە: چەمکی ئازادی (حوریەت) لەڕۆژئاواوە پاش هاتنی ئینگلیز (١٩١٨) پێمان نەگەیشتووە، بەڵکوو (١٦) ساڵ پێش ئەو تاریخە بەگوێی خەڵك ئاشنا بووە.

ئەمـە یەکـەمین بەڵگەنامەیـە، کـە بەدەسـتی ئێمـە گەیـشتووەو دوو زاراوەی گرنگـی مـۆدێرنی تێـدا بـەدی دەکرێـت: ((حریـة)) و ((عدالـة)) مـن هـەردوو چەمکەکە، بەشێوەی عوسمـانی نـاو بەڵگەنامەکـە وەکو خـۆی دەنووسمـەوە. ئـەم دوو زاراوەیە هەر لەکاتی شۆڕشـی فەرەنـسییەوە بەهەمـوو جیهانـدا بڵاوبـووەوە: ئازادی، یەکسانی، برایەتی Liberté, égalité, fraternité

دیارە پێش ئەم مێژووە نوێنەرانی بۆرجوازی کوردیش ئاشـنایەتییان لەگـەڵ ئـەم چـەمکانەدا پەیـدا کردبێـت، ئەمـە جێگـەی سـەرنجو ڕاوەسـتانە، بەڵگـەی هۆشیاریو چاوکراوەییە. ڕاستە ڕستەکە بەتەمو هەڵاوی ئاینی داپۆشـراوە، بـەڵام هـەر بـەکارهێنانی ووشـەکان لەبرووسـکەیەکی نـاڕەزایی بـۆ سـوڵتانو سـەرۆک وەزیران، نیشانەی تێگەیشتنو ئاگاییە لەسەرەتاو بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنسیو جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن لەئەستەمووڵو شارەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیدا.

ئیدارەی شار

دەبێ ئەو ڕاستییەش بەزۆر لێوەوە نەکرێ، کە تەنیا میرەکانی بابان و بەرەی شێخان خۆیان دەوڵەمەند نەکرد، بەڵکو هەندێ خاوەن زەویی گەورەو بازرگانی دەستڕۆیشتووش، کەتوانیان بەفرو فێڵ و تەزویرو پەیوەندیی سیاسیی بەدەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە، پووڵ و پارەیەکی زۆر کۆکەنەوە. لەڕێگەی ئامرازی سیاسییەوە دراوێکی زۆر بەگەرووی (کەناڵی ڕەش) دا تێپەڕێنن. هەندێ بازرگانی گەورەو خاوەن موڵکی مەزن و دەوڵەمەندی شاری سلێمانی، ماوەیەکی دوور و درێژ ئەنجومەنی شارەوانییان[٣٦] داگیر کردبوو.

هەروەکو (حنا بطاطو) بەم شێوەیەی خوارەوە لەسەریانی نوسیووە:

١- مسۆگەر کردنی ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.

٢- هەڵبژاردنی ئەو باجگرانەی کە ڕاستەوخۆ سەربە ئەوانن.

٣- باجدان تەنیا لەسەر کاغەز ، بەبێ وەرگرتنی پارە.

٤- تەنگ پی هەڵچنینی خاوەن موڵك، بۆ ئەوەی بەهەرزان موڵکەکەی فرۆشێ.

٥- گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ هەندێ لایەندا، بۆ ئەوەی بتوانن هەر مەبەستێکیان هەیە، بیهێننەدی.

هەشت کەسایەتیی ئابووری و سیاسیی سەرەتای سەدەی بیستەم

لەناو شاری سلێمانیدا، سەرەتای سەدەی بیستەم، کۆمەڵێك خەڵکی دەوڵەمەند ناویان ڕۆیشتووە. ئەمانە لەڕیزی خاوەن موڵك و زەویداردا بوون، تا دەوڵەمەندی بواری بازرگانی، زانیاری سەبارەت بە هێزی دراویی و پەیوەندی سیاسیی و شێوەی بیرکردنەوەیان، لەئەشکەوتی تاریکی نەزانیدا ماوەتەوە. لێکۆڵەری چالاك، دەتوانێ ناوی کەسانی دەوڵەمەندی ئەو سەردەمە بدۆزێتەوەو لێتۆێژینەوە لەسەریان تۆمار کات. من لەم دوورەوە هەر بەنامە، پەیوەندیم بەمامۆستا (موحەمەد رەسوڵ هاوار)ەوە کردو ئەویش بەکورتی لەسەر چوار کەسی نووسیبوو. پاشان مامۆستا (رەفیق)و (سدیق ساڵح) لەپێشەکی (ژیان)و ڕۆژنامەکانی تردا کۆمەڵێك زانیاری وردیان لەسەر کەسایەتییە ڕووناکبیرو ئیدارییەکانی ئەو سەردەمە بڵاوکردووەتەوە[٢٧].

(١) حەمەی ئەورەحمان ئاغا:

هاوار نووسیویە: (حەمە ئاغای عبدالرحمن ئاغا) یەکێك بووە لەبنەماڵەی مەحمود ئاغا مەسرەف (مصرف)، کە لەزەمانی (ئەوڕەحمان پاشای بابان)دا سەرۆك وەزیرانی بابانەکان بووە. (ریچ) لەگەشتەکەیدا باسی (مەحمود ئاغا)و (عەزیز ئاغا)ی مەسرەفی کردووە کە هەردووکیان لەیەك بنەماڵە بوون[٢٨].

حەمە ئاغا (١٨٨٧ ١٩٦٢) لەکابینەی زەمانی (شێخ مەحمود)دا پۆستی وەزارەتی (نافعە)ی پێ دراوەو بەپیاوێکی نیشتمانپەروەر ناسراوە. هەر لەباوو باپیرەوە موڵك و ماڵێکی زۆری بۆ مابوەوە، چ گوندو چ زەویی و زار، لەناو شاری سلێمانیدا، کەبریتی بوون، لەخانووبەرەو قەیسەریی و دوکان.

٢- حاجی سەعید ئاغا (١٨٦٢-١٩٦٢):

لەبنەماڵەی (ئاغا طه)یە، کە یەکێك بوو لەدەوڵەمەندە موڵکدارە بازرگانە ناسراوەکانی سلێمانی، ماوەیەك، لەزەمانی ڕژێمی مەلەکیدا، ئەندامی (مجلس الاعیان) بوو. (حاجی سەعید مامی تەها محیدین معروف ـ جێگرێ سەرۆك کۆماری عیراق لە ١٩٧٤ بە دواوە). من لەخەڵکی شارەزام بیستووە، کە باپیرە هەرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە، بەپیشە (هەلاج) بووەو لەدەرگەزێنی هەمەدانەوە هاتووەو لەقەڵاچۆلان جێگیر بووە. سەبارەت بە (دەرگەزێن)و دەرگەزێنییەکان (مشتومڕ)ێکی سەخت هەیەو هەریەکە دەیگێڕێتەوە سەر بنچێك.

٣- فەتاح بەگی ساحێبقران:

باوکی ئەحمەد بەگی ساحێبقرانە (حەمدی شاعیر)، خاوەن موڵك بووەو زەوی‌و زارێکی زۆری لەدەوروبەری شاری سلێمانیدا هەبووە.

٤- ئەوڕەحمان ئاغا:

ئەوڕەحمان ئاغا (عەبدوڕەحمان ئاغا) کوڕی (ئەحمەد پاشا کوڕی حاجی قادر ئاغا کوڕی عەبدوڕەحمان ئاغای کوڕی مەحمود مەسرەفە)، ساڵی ١٨٨٤ لەسلێمانی لەدایك بووە. لەحوجرەی تایبەتدا فێری خوێندن‌و نووسین‌و ، دواجار تورکی‌و فارسیش بووە. بە بنەماڵە، دەوڵەمەندو موڵکدار بوون. موڵکێکی زۆری لەباوکیەوە بۆ بەجێما، لەم شوێنەدا: دەشتی شارەزوور، هوانە، ژاڵە، قرگە، بێسان سووری سەرروووخواروو، چەندین گوندی تر، بۆ یارمەتیدانی جوتیارانی ئەو گوندو ناوچانە، ئەو زەوی‌و زارانەی داوە بەجوتیارانی ئەو شوێنانە بەمەبەستی ئەوەی کە کشتوکاڵی تیادا بکەن‌و بژێوی ژیانیان مسۆگەر بکەن، جگە لەو موڵکانە، لەشاری سلێمانیشدا چەند خانوویەکی هەبووەو ماڵەکەشی کە لەچەند

دیوەخانێك پێكهاتبوو كەوتبووە بەرامبەر مزگەوتی دوودەرگای شەقامی (نالی ـ ئەسحابەسپی)یەوە، دەورانی حوكمی عوسمانی، دووجار، هەرجارەی بۆ ماوەی دوو ساڵ، ئەندامی مەجلیسی ئیدارەی لیوای سلێمانی بووە: لەمایسی ۱۹۰۸و تشرینی یەكەمی ۱۹۰۹ بەدواوە. لەپاڵ ئەوەدا، نازری ئەعشاریش بووە. هەر ئەو سەردەمە، دوو ساڵ مەئمووری ئەوقاف بووە.

دوای ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی عوسمانی، لەئابی ۱۹۰۸دا كراوە بەئەندامی هەیئەتی تەفتیش بۆ هەڵبژاردنی مەبعووسی لیوای سلێمانی. یەكەم خولی حوكمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لەناوچەی سلێمانی، ۱۹۱۹/٦/۲ ـــ ۱۹۱۹/۹/۳۰ بەڕێوەبەری ناحییەی سرۆچك‌و دوایی تا ۱۹۱۹/۱۲/۲۸ بەڕێوەبەری ناحییەی تانجەرۆ، ئەمجا تا ۱۹۳۰/٤/۳۰ بەڕێوەبەری ناحییەی قەرەداغ‌و لەو مێژووەشەوە تا ۱۹۲۲/۹/٥ قایمقامی قەزای شارباژێڕ بووە[۳۹].

ڕەنگە لەدەورانی دووەم حكوومەتی كوردستاندا، هەمان وەزیفەی هەبووبێ. ڕۆژگاری سێهەم حكوومەتی كوردستانیش، سەرەتا قایمقامی شارباژێڕ بووە. لەئەیلوولی ۱۹۲۳دا كراوەتە سەرۆكی شارەوانیی سلێمانی‌و، تا ۱۹۲٤/۲/۱۳ ماوەتەوە، لەهەوەڵی حوكمی پاشایەتیشدا، ماوەیەك بەڕێوەبەری ناحییەی تانجەرۆ بووە. ئەندامێكی دامەزرێنی (هەیئەتی وەطەنییە) بووە كە نیشتمانپەروەران ساڵی ۱۹۳۰ بۆ داواكردنی مافی نەتەوەیی كورد لەسلێمانی، پێكیانهێناوە. ڕۆژی۱۹٤۷/۱/۱٦كۆچی دوایی كردووە(٤۰).

٥- ئاغا فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا ئەفەندی

کوڕی (حاجی عەبدوڵڵا)یە کە ناسراو بووە بە (حاجی عەبدوڵڵا درێژ)، (حاجی عەبدوڵڵا) مرۆڤێکی دنیا دیدەو قسەزان بوو. (ئاغا فەتحوڵڵا) لەدەوروبەری ساڵی (١٨٦٠)ی زایینی لەشاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوەو لەو سەردەمانەدا هەروەك کەسانی دیکە لەمزگەوتەکاندا خوێندوێتیو باوکیشی لەم بوارەدا یارمەتیداوە بەوەی کە چەندین کتێبی بۆ پەیداکردووە بەتایبەتی تورکیو فارسیو کەمێکیش عەرەبی، گەرچی لەو سەردەمانەدا عوسمانییەکان باڵادەست بوونو زمانی تورکیش زمانی ڕەسمیی وڵات بووە، باوکی ویستوویەتی کوڕەکەی زیاتر فێری زمانی تورکی بێت، بەڵام کوڕەکە خۆی زیاتر ئارەزووی لەخوێندنەوەی کتێبی فارسیو عەرەبی کردووە، چونکە لەو سەردەمانەدا کتێبی کوردی نەبوون، ئەگەر هەشبووبن زۆر دەگمەن بوون. لەتەمەنی پانزە ساڵیو بەرەو ژووردا، یارمەتیو هاریکاری باوکی کردووە لەڕووی بازرگانییەوە بۆ هێنانی شتوومەك بۆ سلێمانی، لەگەڵ باوکیدا بەڵێننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ چەند بازرگانێکی شارەکەدا ئیمزا دەکەن بەوەی کە لەشاری (ئەستراخان ـ ئەشتەرخان)ی ڕوسیاوە کە لەو سەردەمەدا شوێنێکی بازرگانیی گرنگ بووە، شتومەکیان بۆبێتو ئەو کەلوپەلانەی کە لەو شارەوە دەهات ١٠٪ی دەخرایە سەر، ئەگەر لەوە زیاتربوایە بەگوناهیان دەدایە قەڵەم. لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، سوپایەکی لەسەر ئەرکی خۆی پێکهێناوە لەدژی سوپای ڕوس، بەپێی ئەو فەرمانەی کە لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە لەئاستانە (ئەستەمووڵ) لەساڵی (١٣١٢)ی کۆچی کە دەکاتە دەوروبەری ساڵی (١٨٩٤)ی زایینی دەرچووە، وەك ئەوەی لەوێنە کۆپییەکەدا دیارە، سوڵتان (عەبدولحەمید) خەڵاتی مەجیدیی پلە سێیەمی بەخشیووە بە (ئاغا فەتحوڵڵا)، لەبەرئەوەی کەسێکی خوێندەوارو بەسەلیقەو زمانزان بووە، کاربەدەستانی عوسمانی، پاش

هەلگیرسانی شۆڕشی مەشروتە لەساڵی ١٩٠٨و لەبەرئەوەی یەکێك بووە لەدەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵی (ئیتحادو تەرەقی) بووە بەجێگەی بڕواپێبوونی، ئەوەی پێدراوە کە بیکەن بەسەرۆکی شارەوانیی سلێمانی، بەم پێیە لەکانوونی دووەمی ساڵی (١٩١٢)دا لەو وەزیفەیە دایدەمەزرێنن. کە لەو سەردەمانەدا پێیان دەگوت (هەیئەتی مەشوەرەت)، لەکاتی سەرۆك شارەوانیدا بۆ چەند گەڕەکێك ئاوەڕۆی دروستکردووەو (وشکەسی ـ چەوڕێژ)ی هەندێك کۆڵانیشی کردووە، هەروەها بەپێی تواناش چووە بەدەم داواکارییەکانی هاووڵاتیانەوە، بەڵام لەو سەردەمانەدا، بەشی زۆری داواکارییەکانی خەڵکی لەلایەن شارەوانی ئەو کاتەوە جێبەجێ نەکراوە، چونکە داهاتی ئەوسای عوسمانی لەڕووی باری ئابوورییەوە لاواز بووە، بەشی زۆری داهاتەکەی بۆ مەبەستی سەربازی تەرخان دەکرد، بۆ جاری دووەم لەمانگی نیسانی ١٩١٥ لەشارەوانی بەردەوام دەبێت، پاشان لەبەر نەخۆشی، دەست لەو وەزیفەیە دەکێشێتەوەو خۆی بەکاروباری بازرگانییەوە خەریك دەکات.

٦- حاجی مەلا محێدین مەعروف

کوڕی (حاجی مەعروف ئاغای ئاغا تەها)یە، کە بەبنەماڵەی (ئاغا تەها) ناسراون، ئەم بنەماڵەیە کاتی خۆی لەناوچەی (بانە)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران)ەوە هاتوونەتە شاری سلێمانیو لەگەڕەکی (دەرگەزێن) نیشتەجێبوون، لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا (حاجی مەلا محێدین) لەو گەڕەکەدا لەسلێمانی هاتووەتە دنیاوە، پاشان (مەعروف ئاغا)ی باوکی لەگەڕەکی (سابونکەران) خانوویەك دەکرێتو بەخاوو خێزانەوە بۆ ئەو گەڕەکە دەچن، لەلایەن باوکیەوە، لەمزگەوتەکانی ئەو سەردەمەدا بۆ خوێندن دەنێردرێت، پاشان لەگەڵ باوکیدا، بازرگانیی دەکەنو توتن لەسلێمانییەوە بۆ بەغداو موسڵو

ئێران دەبەن، پاش ئەوەی (حاجی مەعروف) سامانێکی زۆر پێکەوە دەنێت، چەند پارچە زەوییەك لەگەڕەکی سەرکارێزدەکڕێتو دەیکات بەخانوو کە ئەو سەردەمانە ئەو گەڕەکە چۆڵەوانی بووە، کە خانوو لەوێدا دەکاتەوە، چەند کەسانێکی تر چاو لەم دەکەنو لەوێدا خانوو دروست دەکەن، بەمجۆرە، گەڕەکی سەرکارێز (حاجی مەعروف)و چەند کەسانێکی تر ئاوەدانی دەکەنەوەو پاش ماوەیەك دەبێت بەیەکێك لەگەڕەکەکانی شار، پاشان (خان)ێك دروست دەکات کە بە (خانە سوتاوەکە) بەناوبانگ بوو، (حاجی مەلا محێدین) لەبەرئەوەی خوێندەواریی هەبووەو وریاو بەسەلیقەش بووە، لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانلی ئەو کاتەوە لەساڵی (١٩١٢)دا، دەیکەن بە (ئەندامی مەجلیسی بەلەدیە)و پاشان لەساڵی (١٩١٤)ەوە تا کۆتایی مانگی ئازاری (١٩١٦) دەکرێت بە (ئەندامی مەجلیسی لیوای سلێمانی)، دوای ئەوە لەمانگی نیسانی ١٩١٦دا، دەکرێت بەسەرۆك شارەوانیی سلێمانیو تا مانگی ئازاری ١٩١٧ لەو وەزیفەیەیدا دەمێنێتەوە، لەبەر نەبوونی بەلگەنامەیەك کە لەبەردەستدا بێت، نازانرێت چ کارێکی خزمەتگوزاریی بەشارەکە کردبێت، بەلام لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا جەنگی یەکەمی جیهانی بووەو فەرمانڕەوایانی عوسمانلی سەرقاڵی جەنگ بوون، پێناچێت هیچ خزمەتگوزارییەکی داواکراو، یان پێویستکراو بۆ ئەو شارە کرابێت، پاش ئەوەی لەسەرۆك شارەوانی دەستی دەکێشێتەوە، لەگەڵ حاجی سەعیدی برایدا لەو خانەی کە هەیانبوو کارو کەسابەت دەکەن.

٧ ـ حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکی زادە (١٨٦٢ ـ ١٩٣٨)

حاجی (مەلا سەعید) بازرگانێکی گەورە بووە. یەکەمین کوردە کە لەپەرلەمانی عوسمانیدا (مجلس مبعوثان) ڕۆژی ١٩٠٨/١٢/١٧ وەکو یەکێکی سەر بەکۆمەڵەی (ئیتحادو تەرەقی) هەڵبژێردراوە. لەحکومەتی سەردەمی (شێخ مەحموودی حەفید)دا (١٩٢٢) پۆستی وەزارەتی داد (رئيس عدل)ی پێسپێردراوە.

حاجی (مەلا سەعید) هەر بەمناڵی خراوەتە بەر خوێندنی مزگەوت‌و لەزانستە دینییەکاندا زۆر شارەزا بووە. شان بەشانی بازرگانی، موڵکی لەناو شاری سلێمانیدا ((هەموو گەڕەکی ئیسکان‌و عەقاری) لەدەرەوەی شاریش (زڕگوێز، سەدوبیست، ساماوات، خەرجانە، دوو ـ وەر (دەکەوێتە سەر پردەکەی باسەڕەوە) لەبەغداش خان‌و دوکان‌و موڵکی هەبووە)).

حاجی (مەلا سەعید) زەمانی خۆی، جوانترین‌و گەورەترین تەلاری هەبووە. کاتێك جەنرال (عەلی ئیحسان پاشا)، کە (قائد فرقە)ی سوپای عوسمانی ساڵی ١٩١٥ بەسەرردان بۆ سلێمانی دێت لەماڵی ئەو میوان دەبێت.

حاجی (مەلا سەعید) نێوی کەرکوکی زادەیە، بەبێ ئەوەی بەڕەچەڵەك کەرکوکی بێت. (حەمە کەرکوکی)، کە دەبێتە باپیرە، لەئەنجامی کەراماتی باوەگوڕگوڕ، دایکی دووگیان دەبێت‌و ئەم ناوەیان بەسەردا دادەبڕێت. (حاجی مەلا سەعید) باپیرەی کاك (جەمال حەکیم)ە. کەواتە: زنجیرەی باوباپیرانی ئەو بەم شێوەیە بۆ ماوەتەوە. جەمال ئاغا، حەکیم، حاجی مەلا سەعید، حاجی عەبدوڵڵا، حەمە کەرکوکی، یونس ئاغا، حاجی ئەحمەد، شارەزووری بووەو لەوەدەچێ بازرگان بووبێت‌و لەگەڵ دامەزراندنی سلێمانیدا، ئەمیش گواستویەتییەوە بۆ ئەم شارە.

کەسایەتیەکی گرنگتر لەناو ئەم بنەماڵەیەدا هەڵکەوتووە ئەویش (حاجی عەبدوڵڵا)یە). بازنەی بازرگانی ئەم سنووری ناوچەکەی تێپەڕاندووە. ئەم لەگەڵ

(ئەشتەرخان)و (بەغدا)و (هەمەدان)دا بازرگانی کردووەو قافڵەی گەورەی هاتوچۆی کردووە. نەوەکانی، ئەوە دەگێڕنەوە کە ماوەی (٢٤) ساڵ لەئەشتەرخان مابێتەوەو لەوێ فێری زمانی ڕووسی بووە. (حاجی مەلا سەعید)و (پیرەمێردی شاعیر) هاوزاوا بوون[٤١].

٨ ـ ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ:

ئەحمەد بەگ کوڕی تۆفیق بەگ تابوور ئاغاسی کوڕی محەمەد ساڵح بەگ کوڕی سلێمان بەگی قەوواس (غەواص)و لەبنەماڵەی خەندانە. ساڵی ١٨٩٨ لەسلێمانی لەدایکبووە. لەموسڵ‌و کەرکوك‌و سلێمانی، لای مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی. ساڵی ١٩١٤ ئەعدادیی مولکیی تەواو کردووە. قەومانی یەکەم جەنگی جیهانی، ڕێی درێژەپێدانی خوێندنی لێ بەستووەتەوە.

لەوە بەدوا، تا کۆتایی حوکمی عوسمانی لەسەر ژیانی، شتێکی روون‌و ئاشکرا لەبەردەستدا نییە. ئەوەندە هەیە، وەك یەکێك لەبنەماڵەیەکی دەستڕۆ و ناسراوی شار، لەئەشراف بووە. لەیەکەم جەنگی جیهانیدا، لەبەری تورێزو سابلاخ‌و بۆکاندا شەڕی کردووە. کە ئینگلیز یەکەمجار شاری کەرکوکی گرتووە، تورك ئیدارەی سلێمانیی پێ سپاردووە. بەلام لەدوای ئەو دراوەتە (شێخ مەحموودی گەورە)، چونکە بە بەدەسەلاتترو گەورەتری زانیوە، هەر ئەو ماوەیە لەگەڵ شێخدا پێکهاتووە، پەیوەندی بەسەرکردەی هێزەکانی ئینگلیزەوە بکرێ، تا ئیدارەی ناوچە کوردنشینەکان بەسەرپەرشتی ئەوان بدرێتە کورد. کە ئینگلیز کەرکوکی چۆڵ کرد، تورك وەك چۆن دوای هاتنەوە بۆ سلێمانی (شێخ مەحموود)ی گرت‌و بردییە کەرکوك، بەلام لەبەرئەوەی کە باوکی لەشەڕی دژی ڕوسدا شەهید بووبوو، سەرخێلانی پشدەرو سنجابی‌و قوبادی‌و باواجی

بروسکەیان بۆ حکومەتی تورك لێدابوو کە ئەوان بەهاندانی (ئەحمەد بەگ) هاتوون بۆ خزمەتی تورك، بەردراوە.

ڕۆژی ١٩٢٢/٧/٢١ بەئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی "جەمعیەتی کوردستان" هەڵبژێردراوە لەسلێمانیو، تا هاتنەوەی شێخ چالاکیی هەبووە. (مێجەر گۆڵد سمیث)ی حاکمی سیاسیی ئینگلیز، ڕۆژی ١٩٢٢/٩/٥ کە بڕیار درا شار چۆڵ بکەن، بەئەندامێکی ئەو ئەنجومەنەی بەڕێوەبردنی لیوای سلێمانی دانا کە دواتر بووە "مەجلیسی میللیی کوردستان". یەکێك لەو ئەو کەسانە بوو کە ١٩٢٢/٩/١٩ بەداوای شێخ بۆ پێشوازی چوونە کفریو، ٩/٢٥ گەڕانەوە.

کە شێخ ١٩٢٣/٣/٤ سلێمانیی بەجێ هێشت، (ئەدمۆندز) لە ١٩٢٣/٥/١٨وە کردیە سەرپەرشتیاری گشتی هەموو دائیرە مەدەنییەکانی شار. لەڕۆیشتنە عومومییەکەی ١٩٢٣/٦/١٧دا چووە کەرکوك. ساڵی ١٩٢٤ بەئەندامێکی نائیبی لیوای سلێمانی بۆ ئەو مەجلیسە تەئسیسییە دەست نیشانکرا کە ڕۆژی ٣/٢٧ کرایەوەو لە ٧/٢٦یشدا هەڵوەشێنرایەوە.

دوادواییەکانی تەموزی ١٩٢٤، لەگەڵ کاپتن (چاپمان)و هێزەکانی حکومەتی عیراقو ئینگلیزدا، هاتەوە بۆ سلێمانی. لەشوباتی ١٩٢٥ بەموعتەمەدی "جەمعییەتی مودافەعەی وەطەن ـ سلێمانی" دانرا کە بۆ پشتیوانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی جنوبی) بەعیراقەوە پێکهێنرا.

١٩٢٥/٣/٧ کرایە یەکەم موتەسەڕیفی حوکمی پاشایەتی لەسلێمانی. کۆتایی تشرینی یەکەم یا سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٢٥ بووە سەرۆکی (ئەنجومەنی مەعاریفی لیوای سلێمانی) کە بۆ وەرگێڕانو دانانی کتێبی کوردی دامەزرێنرا. ١٩٢٦/٤/١٣ بەسەرۆکی "جەمعیەتی زانستی کوردان" هەڵبژێردرا. لە ١٩٢٧/٤/٩ بەداوای حکومەت دەستی لەموتەسەڕیفی کێشاوەتەوە، چونکە ـ خۆی وتەنی ـ گومانی لەدڵسۆزی هەبووە.

لەوەبەدواوە، بووە بەئەندامێکی "جەمعییەتی هیوا ـ ١٩٢٨" کە نهێنی بووە. ڕۆژی ١٩٣٠/٩/٢٨ کرایەوە بەموتەسەریفی لیوای سلێمانی‌و، گیراوەکانی شەڕی بەردەکی سەرای بەرەڵلا کرد. تا ١٩٣٥/٤/٢٤ لەو پۆستەدا مایەوە. لە ١٩٣٥/٤/٢٥ بەموتەسەریفی گوێزرایەوە بۆ لیوای هەولێر. ئەو وەزیفەیەی تا ١٩٣٩/٤/٢٤ی خایاند. هەمان ساڵ، بەپلەی موفەتیشی ئیداری لەوەزارەتی ناوخۆ، برایە بەغدا. ساڵی ١٩٤١، لەسەر هەڵوێست نواندن، راپۆرتی لێدراو، خانەنشین کرا.

لەهەرای (رەشید عالی گەیلانی)دا (١٩٤١)، وەختێك بەسەردان لەناوچەی سورداش بووە، حکومەتی تازە داوای لێکردووە کە وەزیفە وەربگرێ و رەتی کردووەتەوە. لەدەیەم خولی هەڵبژاردندا، (١٩٤٣/١٠/٩ ـ ١٩٤٤/٥/٣١) بۆ ئەندامێتی مەجلیسی نیابی، بەنائیبی سلێمانی هەڵبژێردراوە. بەڵام کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٤٣، خۆی لێکێشاوەتەوە. ڕۆژانی دوایی تەمەنی، بەداهاتی موڵکەکانی ژیاوە. ساڵی ١٩٦٢ خۆی‌و نەژادی کوڕی‌و (حەمە ساڵح بەگ)ی خزمی، لەسەر چالاکی کوردایەتی، لەبەغدا گیراون. بەتێکەوتنی (قادر بەگی عیززەت بەگ) لای (عەبدولکەریم قاسم) بەردراون. ڕۆژی ١٩٦٣/١٢/١٣ لەبەغدا کۆچی دوایی کردووەو، هەرلەوێ نێژراوە[٤٢].

گروپی شێخان

ڕەفیق حلمی، کە یەکێك بووە لەهاوکارانی (شێخ مەحمودی حەفید)و لەسەرنجدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پیاوێکی وردبووە، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی لایەنێکی تانو پۆی کۆمەڵایەتیی شاری سلێمانی، سەرەتای سەدەی بیستەمی کردووە:

((...لەبەر ئەمە ئەو موتەسەرفو سەرەك لەشکرانە کە لەسلێمانی بوون وەیا بۆی ئەنێرران بێ گومان لەنارو غەزەبی (شێخ سەعید) خۆیان ئەپاراستو ئەکەوتنە ژێر نفوزیەوە. هەندێك لەمانە، ئەگەیشتنە ڕادەیەکی ئەو تۆ کە بێ پرسو ڕای (حەفید) پەنجە نەکەن بەئاوا.

ئینجا گومانی تیانییە کە تاقمی مەئمورە بچوکەکان ئەبوون بەبازیچەیێکی شێخانو بەشی ڕەشۆکی ئەهالی بۆ قازانجو مەرامی کاری خۆیان بەبێ موچەو بەرات ئەچوونە ڕیزی نۆکەرو خزمەتکارانەوە. بەڵام دەستەی (تجار)و ئاغاکان دوژمنی ئەم خانەوادەیە بوونو لەژێرەوە (شیر)یان لێ ئەسوون))[٤٣].

سروشتی چینە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە ، ئەگەر ڕێگە نەدرێن بە ئاشکرا داواکارییەکانیان دەربڕن و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان تەگەرەی بۆ دروست بکرێت، بەنهێنی هەوڵی خۆیان دەدەن و یان چاوەڕوانی هەلی لەبار و گونجاو دەکەن، بۆئەوەی پلانی خۆیان جێبەجێبکەن.

بەرەی شێخان یان گروپی شێخان یان بنەماڵەی بەرزنجی یان حەفید، هەر هەمووی ئاماژە کردنە بۆ یەك گروپ، کە پێش دروستبوونی شاری سلێمانیو پاش هەرەسی میرنشینی بابان، لەساڵی ١٨٥١ دەوری سیاسییو فەرهەنگی خۆیان هەبووە. ئەمان بەهۆی نزیکی نێوان هەردوو گوندی بەرزنجەو نۆدێوە لەپایتەختی پێشووی بابان (قەڵاچوالان)، هەر زوو توانییان جێگەی خۆیان لەهەناوی ژیانی ئەدەبیو دینی پایتەختدا، بکەنەوە.

لەزۆرانبازی نێوان قادریو نەقشیدا (مەولانا خالیدو شێخ مارفی نۆدێ) لەوەدەچێ میرانی بابان لەدەوروبەری ساڵی (١٨٢٠)دا ویستبێتیان بەلانس لەنێوان ئەم دوو پۆلەدا ڕاگرن. هەر لەو ساڵەدا، پیری لاو نەیتوانی یان بەسوودبەخشی نەزانیوە درێژە بە بەربەرەکانێ لەگەڵ شێخی پیردا، بدات.

پەیوەندی نێوان (مەولانا)و (شێخ مارف)، کە سەردەمێك جیهانی ئیسلامی هەر لەبەغداوە تا ئەستەمووڵ دووگەرت کرد، هەندێ لایەنی لەپەیوەندیو ناکۆکی نێوان مارتن لووتەر (١٤٨٣ ـ ١٥٤٦)و تۆماس موینستەر (١٤٨٩ ـ ١٥٢٥) دەچێت. لووتەر ١٥١٧ز کەوتە هەڵوێستی بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ پاپاداو ڕۆمیش خوێنی حەڵاڵ کرد. (تۆماس موینستەر) Thomas Münster سەرەتا دۆستو هاوڕێی (لووتەر) بوو، پاشان لەڕاپەڕینی جوتیاراندا (١٥١٧ ـ ١٥٢٥ز) ناکۆك بوون. (لووتەر) ئاڵای دوژمنایەتی جوتیارانی بەرزکردەوەو (تۆماس موینستەر)یش ئاڵای ڕاپەڕینی بەدەستەوە گرت تا ئەو ڕۆژەی لەبەردەم دەرگای شاری مدیلهاوزن هەڵدەواسرێت. (دەمەوێ لەنووسینێکی سەربەخۆدا لەسەر مەولانا خالیدو شێخ مارفی نۆدێ بنووسم)

بەڕۆیشتنی (مەولانا)و مەرگی کوتوپڕی ئەو لەشام، بەرەی شێخان لەو کاتەوە باڵادەستی خۆیان سەلماند. نووکی رمی خەباتی چینی بۆرجوازی لەئۆروپادا (شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) بۆ نموونە) دژی دەسەڵاتی مەلیكو کەنیسە بووە، لەئەمریکاو ئەڵمانیاو ئیتالیاشدا هاوپەیمانێتیو هاوسەنگەرایەتی لەنێوان چینی بۆرجوازیو کەنیسەو پیاوە ئایینییەکاندا نەبووە. لەماوەی نێوان (١٨١٠ ـ ١٨٢٠) بازرگانو کاسبکارو پیشەوەرانی شاری سلێمانی، لەبن عەبای سەرشانی پیری تەریقەتی نەقشبەندی خۆیان پاراستووە، دژی دەسەڵاتی میرانی بابانو هاوپەیمانەکانیان. دیارە ئەمە نیشانەی لاوازیو بچووکی توانای ئابووریو

سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی ئەوان بووە. گەر بەهێزبوونایە بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم‌و سەربەخۆ کاریان دەکردو بەهاوبەشایەتی‌و هاوپشکایەتی رازی نەدەبوون.

پاش هەرەسهێنانی دەسەڵاتی بابان، چینی بۆرجوازی ئەوەندە ئەزموونی دەوڵەمەندی نەبوو، ئەوەندەش تەشکیلات رێکخستنی بەهێز نەبوو، رێکخستن‌و دامەزراوی خۆی هەبێت، تا هەلی لەناوچوونی دەسەڵاتی میرایەتی بابان بقۆزێتەوەو دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت.

گروپێکی کۆمەڵایەتی (ئایینی) پێش ئەوان کەوت، هەر بەخشکەیی، بەبێ شۆڕش‌و کودەتاو جوڵانەوەی چەکدارانە، دەسەڵاتی خۆی سەپاندو هەموو بەرهەڵست‌و بەرەنگاری سەرکوتکرد. ئەمانە بەرەسمی لەناو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، هیچ پلەوپایەو مەقامێکیان بۆ دیاری نەکرابوو، بەڵام هەموو شتێ بوون.

پێش ئەوەی (شێخ مەحموودی حەفید) ساڵی (١٩١٩ تا ١٩٢٤) وەکو نوێنەری گەلی کوردستان بجووڵێتەوەو داوای مافی گەلی کورد بکات‌و ئاڵای سەربەخۆیی بەرز بکاتەوە، بنەماڵەی شێخان لەناوچەکەدا دەسەڵاتی سیاسی – دینی رانەگەێنرابوون. راستە پێش ساڵی ١٩١٨ هیچ ئاماژەو نیشانەی هەستی نەتەوایەتی بەدی ناکرێت، پاش هاتنی ئینگلیز شەقڵی کوردایەتی دەردەکەوێ‌و (شێخ مەحموود) خۆی وەکو مەلیکی کوردستان ناو دەنێت‌و (تاجی شاهی) لەسەر دەنێت‌و رێگە نادات بە (دەستی مودەعی تاجی شاهی) لەسەربنێت، بەڵام بەشداریی لەشەڕی شوعەیبە دژی هاتنی سوپای ئینگلیزی کردووە، لەژێر دروشمی (غەزا) بووەو بەدەنگەوە چوونی بانگەوازی خەلیفە بووە. لەماوەی نزیکەی ٧٠ ساڵ (١٨٥١ ـ ١٩١٨) بنەماڵەیەك لەسەر بنەمای ئایینی ـ عەشایەری دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە. ئەم جۆرە دامەزراوە (ئینستیتووتسیۆن ـ Institution) بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت یان بزاڤێکی ناسیۆنالیستی گونجاو

نییە. هەر بۆیە ئەو جولانەوەیە لەسنووری ناوچەدا خۆی قەتیس کردووەو پەلوپۆی بۆ سەرانسەری خاکی نیشتمان نەکێشاوە.

(مەلا عەبدوللای زێوەر) [*]، کە زۆر لە(شێخ مەحموود)ەوە نزیک بووە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسێت: (نەفسی شار بێجگە لەحکومەت پەنجا ئاغاو ساحێب حوکمی تیابوو، هەر مەحەللەیەك، بەلکو هەر سوقاقێك ئاغایەکی بوو. (شێخ مەحموود) کە چاوی کرایەوە، کەوتە دنیاوە، حووریەتی تەبعی هەموو موعامەلەیەکی قوبوول نەدەکرد، دەستی کرد بەموقابەلەی ئاغایانی ناو شارو حیمایەی مەغدوورو بێچارە. وردە وردە ئەهالی ڕوویان کردە پەناو دەرگای ئەو. لەپاش یەك دوو ساڵ، هەموو مەحەللەی کانی ئاسکانو مەلکەندیو سەرشەقامو قیسمێ لەگۆیژەو دەرگەزێن بوون بەمەحسووبو خزمەتکارو مەنسووبی ئەو، حکومەتیش بەناو هەبوو. زۆر لەمەئموورانیش خۆیان هاویشتە باوەش بۆ مەحفووزبوون لەبەلای ناگەهانیو عەزل بوون، چونکە ئەیتوانی لای موتەسەریف یان والی ئەو مەئموورە ویقایە بکا).

بنەماڵەی شێخان، پاش دەرپەڕاندنی (مەولاناخالید)، وەکو هێزێکی کۆمەلایەتی کاروباری خۆیان هەڵدەسووڕاند. مردنی (شێخ مارفی نۆدێ) ١٨٣٨و ناشتنی لەگردی سەیوانو مەرگی سلێمان پاشای بابان لەهەمان ساڵداو ناشتنی بەتەنیشت گۆڕەکەی شێخ مارفەوە، ناکرێ کاری ڕێکەوت بێت! دەتوانرێت لەناوێنەی ئەکتێکی (act) [**] سمبۆلیو میتیۆلۆجییەوە بخوێنرێتەوە. ناشتنی دوو کەسایەتی (دینی)و (دنیایی) بەتەنیشت یەکەوە، کە ڕاستییەکی نەشاراوەیە، پیاوی (دنیایی) کورد، هیچ حسابێکی بۆ (پیاوی ئایین)ی نەکردووەو هەر یەکەیان لەشوێنێك نێژراون. میران، پاش مردنی (سلێمان پاشا) هەستی

---

[*] زێوەر: (سج) ل١٣٠

[**] ئەکت (act): کارێك یان فرمانێکی کۆمەلایەتی ـ سیاسییە.

سیاسیی‌و مێـژوویی خۆیـان هـەبووەو هەستیان کـردووە لەسـەر دارو پـەردووی دەسەڵاتی ئەواندا، ئـەوە دەسـەڵاتێك خەریکە لـەدایك دەبێـت‌و دەسـەڵاتی ئـەوان بـەرەو ئـاوابوون‌و تێکـشکان دەچـێت‌و بیـانووی بـوونی، خەریکـە خـۆی خـۆی دەسڕێتەوە. ڕەزامەنـدی یەکسانیبوون، تەنانـەت لەگۆڕستانیـشدا، جۆرێـك بـووە، لەدان پێـدانانی دەسـەڵاتی ئـایینی. ئـەوەی ڕازیبـووە بـاوکی بەتەنیـشت پیـاوێکی ئایینیـەوە بنێژرێت، (ئەحمەد پاشای بابان) بووە، ((نالی)) بەبۆنەی کۆچی دوایـی سلێمان پاشاو نیشتنە سەر تەختی میرایەتی ئەم شیعرە جوانەی گوتووە:

تـافـەلـەك دەوری نـەدا ـ صـەد کـەوکـەبی ئـاوا نـەبوو ـ
کەوکەبەی میهری موبـارەك طـەلـعـەتی پەیدا نـەبوو

تا دەگاتە کۆتایی:

شاهی جەم جا «نـالیـا» (تـاریخ جم) تەئریخیه
دا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جم جا نەبوو

سەرهەڵدانی داوودەزگایەکی دینـی، لەگـەڵ قـانوونی (بـازاڕی ئـازاد)دا گونجـاو نییـە. دامەزراوەکـەی ئـەوان، وەکـو تـۆڕێکی نهێنـی نـەبینراو بـووە، ڕێگـر بـووە لەبـەردەم گەشـەکردنی بـازاڕی چینی بۆرجـوازی، کـە دەیەویـست بـازاڕو ژیـانی کۆمەڵایـەتی‌و کولتـوری‌و سیاسیی لـەژێر کـۆنترۆڵی خۆیـدا بێـت. مێـژوونووس‌و ڕوونـاکبیرانی کـورد نـەیانویـستووە، لەسـەر مێـژووی بنەماڵـەی شـێخان بنووسـن. لەناو ئەم بنەماڵەیەدا بێگومان دەیان نووسـەر هـەبوون‌و هـەن، ئـەوانیش ڕەنگـە هــەر پێیــان بــاش بووبێــت، تیــشك بخرێتــە ســەر دەوری (شــێخ مــەحموود)

لەبزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کورددا، بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ دوو کەسایەتیی زۆر گرنگ لەمێژووی شاری سلێمانیو میرنشینی باباندا، مەبەست (شێخ مارفی نۆدێو کاك ئەحمەدی شێخ)ـە، کە تا ئەمڕۆش بەشێك لەخەڵکی ئەم شارە بەگۆڕی (کاك ئەحمەد) سوێند دەخۆن.

نووسین لەسەر ئەم بنەماڵەیە، کاری ئەم نووسینە نییە. ئێمە تەنیا یەك بڕگەی مێژوویيو تەنیا یەك ڕایەڵ لەبەرچاو دەگرین: پەیوەندی ئەم گروپە بەبازرگانو کاسبکارو ڕووناکبیرانەوە لەماوەی نێوان ١٨٥١ ـ ١٩١٨. هەر لەبەرئەوەی فاکتو دۆکۆمینتی زۆرم بەدەستەوە نییە، ناچارم پەنا بەرمە بەر شیعرێکی بڵاونەکراوەی (مەلا حەمدوون) (١٨٥٦ ـ ١٩٢٥)[٤٥] ئەم شاعیرە نابینایە، هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی توندی بەرامبەر (شێخان) هەبووە. ئیدی ئەمە هۆیەك بێت، کە خەڵك وەکو ڕێزێك بۆ شێخ، کەس بەجوانی نەزانیوە ئەو ڕەخنەیە بڵاو بکاتەوە. من ئەوەی بۆنی هەجوی لێ دەکەم، مقەسی سانسۆرم خستووەتە ملیو قرتاندوومەو ئەوەی بۆ ئەم نووسینە تۆزێك سوودی هەیە، ئەوە دوورو نزیك ئاماژەم بۆ کردووە.

شیعرەکەی حەمدوون، لەسەر هەمان کێشو سەروای شیعرە پڕ شانازیو ستایشەکەی شاعیری داشۆری (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یە، بەڵام بۆ مەبەستی ڕەخنەو داشۆری جیهانی (شێخ ڕەزا)ی بەکارهێناوە:

لەبیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

(مەلا حەمدوون)، لەگەڵ (شێخ ڕەزا)دا هاوبیرو هاوبۆچوون نەبووەو ئەو هەرچی گوتووە، ئەم پێچەوانەکەی بەڕاست زانیوە:

لەبیرم دێ سولێمانی، (بەناو): بەرحوکمی سوڵتان بوو
وەکو شارۆچکەیێکی، پڕ (کەلاوە)و چۆڵ‌و وێران بوو

لە (عەدلا) حوکمی عوسمانی (تەرازوو)یێ بوو (پەتپچڕاو)
بەناوی (دین)ەوە سوڵتان، خەلیفەی ئالی عوسمان بوو

لەبری شانازی بەمێژووی ڕابوردووی پڕ لەسەروەری‌و شانازی، کەموکوڕی‌و خواروخێچیی حوکمی عوسمانی دەدرێتە بەر نەشتەری ڕەخنەو ناڕەزایی. شاعیر پێیوابووە، عوسمانییەکان، هەر بەناو ئیدارەی وڵات هەڵدەسوڕێنن، بەکردەوە بەرەی شێخان، لەپشت پەردەوە هەڵسووڕێنەرو داسووڕێنەرن‌و سەرجەمی ئیدارەو سوپا بەفەرمانی ناڕاستەوخۆی ئەوان بەڕێوە دەبرێت‌و سەری پەتەکان بەدەست دەسەڵاتی نەبینراوی ئەوانەوە بووە.

(خەلافەت): ناوی گەورەو، شاری وێران بوو، لەواقیعدا،
(سەرا)و (قشڵە)و (ئیدارات) گشت (بەکردە) ماڵە شێخان بوو

ئەگەر ئێمە زانیمان (سەرا)، جێگەی کاری (متصرف)ی موتەسەرفییەی سلێمانی بووەو (قشڵە): سەربازخانەو جێگەی حاکمی عەسکەری‌و هێزی چەکدار بووەو (ئیدارات)، چەمکێکە ئەمڕۆش ڕەنگە هەمان مانای دوێنێ بگەیەنێت، واتە: شوێنی ڕاپەڕاندن‌و هەڵسووڕانی کاروباری هاووڵاتییان یان (ڕەعییەت: بەگوێرەی پێناسەی قانوونیی تاک‌و شێوەی حوکمی سیاسیی).

(مەلا حەمدوون) لەدەوروبەری (١٩١٠ ـ ١٩١٤) ـ کاتی نووسینی شیعرەکە ـ گاڵتە بەدەسەڵاتی عوسمانی دەکات (ناوی گەورەو دێی وێران) بۆ (ناوی گەورەو شاری وێران) دەگۆڕێت، هەر بۆ ئەوەی خەڵك قەناعەت پێبکات، دەوڵەتی عوسمانی پەیکەرێکی قەبەو بەتاڵو هەر ناوەکەیە، ترسو لەرز دەخاتە دڵانەوە، بەکردەوەو پراکتیك گروپێکی کۆمەڵایەتی خۆماڵی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. هەرچی دەسەڵاتی ئیداریو مەدەنیو عەسکەری دەوڵەت هەیە، لەپشتەوە، بەنهێنی لەلایەن بنەماڵەی شێخانەوە، بەناڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبرێت. ئەم بەیتە بەئاشکرا پێمان دەڵێت: بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی لەچاو دەسەڵاتی بنەماڵەی شێخاندا، هەر زۆر لاوازو بێبایەخو پەراوێز کراو بووە. بەڕووکەش دەوڵەت باڵادەستیو هێزی خۆی پیشان دەدات، لەڕاستیدا گروپێکی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی بەدەستەوەیەو ئەگەر حوکمڕانیش بکرێت بە (فیعلي) ئەوان دەیکەن، نەك دەوڵەت.

بە (داگیرکردن)و، (زۆر)و ((نرخی جوزئی)، یا (خوا هیشت)
بە (خاقانی)، نەبوونە : (موڵکی شێخ)، فەرمانی گوڵخان بوو

لەتاوانا، بەشی (ئەشراف)و (مەلاك) (زێد)یان جێهێشت
لەئەنجامدا (مەقام)یان، دەوری (کەرکوك) یان (ئێران) بوو

ئەم دوو بەیتە، یەکەمیان ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوەی سامان بەڕێگەی زەبروزەنگو توندوتیژی. واتە: هەموو ڕێگەیەك گیراوەتەبەر، بەنیوە قیمەت بێت یان بەبێ هیچ نرخێك یان هەر زەبروزەنگی ڕووت بەکارهێنراوە بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتی ئابووری. ئەم گوشارو تەنگ پێهەڵچنینە دژی چینی

ئۆرۆستۆکراتی (کۆن)و (ئەشراف)، کە دیارە توانای ئەوەیان نەبووە داکۆکی لەخۆیان و موڵك و سامانیان بکەن، ئیدی بەرەو کەرکوك و ئێران هەڵاتوون، بۆ ئەوەی ماڵ و موڵکیان دۆڕاند سەریشیان نەدۆڕێنن. گرنگیی ئەم بەیتە لەوەدایە بەڕاشکاوی ناوی (أشراف)ی وەکو چینێك هێناوە، کە ڕووبەڕووی چەوسانەوەو پاڵەپەستۆ هاتووەو دەسەڵاتی عوسمانیش نەیویستووە یان نەیتوانیوە داکۆکییان لێ بکات. گروپێکی کۆمەڵایەتی جێگەی گروپێکی تر بگرێتەوە، یەکێکیان بۆ سەرەوە هەڵدەکشێ و ئەوی تریان بۆ خوارەوە دادەکشێ:

هەژار مرد لەبرسا یا بووە (دەربار) بەناچاری
بە (کارەکەر)، بە (کۆیلە)و چێشتکەری دیوانی ماڵان بوو

ئەوەی تا دوێنێ لەخۆشی و شادیدا بووە، ئەوە هەموو ڕێگەیەکی ژیانی لێ گیراوەو ناچار کراوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە کۆچ بکات. هەژارو نەدارو بەلەنگازیش، باری ئابووریان لەخراپەوە بۆ خراپتر داخزاوە. بەرامبەر ووشەی (کۆیلە) دەکرێ مرۆڤ ڕاوەستانێك بکات! ئایا هەر بەڕاستی (کۆیلە) وەکو چینێك یان پلەیەکی کۆمەڵایەتی - قانوونی هەبووەو لەبازاڕدا کڕین و فرۆشیان پێکراوە یان شاعیر بۆ مەبەستی ڕەوانبێژی ویستوویەتی ڕادەی گوزەران و بارخراپی هەژاران پێش یەکەمین جەنگی جیهانی پیشان بدات؟ کارەکەری و چێشتکەری وەکو دوو پیشە تا ئەمڕۆ لەکۆمەڵی ئێمەدا ماون. هەردووکیان بەرهەمی نەداری و دەستکورتین و بریا شوێنەواریان نەمێنێتەوە.

بەگوێرەی تێگەیشتن و بیروڕای شاعیر، دەبێ دەسەڵاتی شاراوەی شێخان بواری بەئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین و ڕەخنە نەدابێت. چکۆلەترین دەنگی ناڕەزایی سەرکوت کرابێت:

کەسێ گەر خوانە خواستە بیگوتایە : (لەل)، نەبوو (پەلپەل)
ئەیان گوت : (فەرمەسۆن) بوو، (خەفیە) بوو، (شاگردی شەیتان) بوو

لەوە دەچێ ئەوساش وەکو ئێستا، هەڵوێستو بیروباوەڕی جیاواز (تەحەمول) نەکراوبێت بەخۆشییەوە سەیر نەکرابێت. دەسەڵات سزای مادیو مەعنەوی (زانگسیۆن . Sanktion)ی بۆ لادەرانو ئەوانەی نەریتی کۆمەڵایەتی دەڕوشێنن، داناوەتەوە. ئەوەی گوتبێتی (لەل) بەدڕندانەترین شێوە (پەلپەل) کراوە. کەواتە: کۆمەڵی ئەو سەردەمە بواری بە (ئۆپۆزسیۆن)و جیاوازیکاری نەداوە. لەلایەکەوە سزای دەسەڵات (زانگسیۆن) جەستەیی بووە: لەش کراوەتە نیشانەی تیری (سزا)ی دەسەڵات. لەلایەکی ترەوە، مەکینەی گەورەی پڕوپاگەندەی ژەهراوی دژی بەرهەڵستکارو هێزی ئۆپۆزسیۆن خراوەتە گەڕ. سێ جۆرە تاوان خراوەتە پاڵ کەسانی سەربزێوو ڕەخنەگرو دژایەتیکەر.

١. فەرمەسۆن.

٢. خەفیە.

٣. شاگردی شەیتان.

ئەم سێ تاوانە، لەچاو جوێنی سیاسیی . ناسیاسیی ئەمڕۆدا تا ڕادەیەك پێشکەوتووترن. دەنووسم (جوێنی سیاسیی . ناسیاسیی) هەر بۆئەوەی خوێنەر بزانێت من بەمەبەستەوە ئەم چەمکە دادەتاشمو بزانێت ئەوە کارێکی دزێوی ناژیاریو ناشارستانییە! ئێستا ئەوەی ڕەخنە لەلایەك بگرێت، ئەو لایەنە بەجوێنو قسەی ناشرین وەڵامی دەداتەوە. هەردوولا تاوانی ئەخلاقیو نامووسو باسی خوشكو دایكو عەشیرەتو تیرەو تایەفە دەخەنە پاڵ یەکتر. شاگردی شەیتان: یەکێکە لای شەیتانو لەفێرگەی شەیتان وانەی شەیتانایەتی خوێندبێت. شەیتان لەڕووی واتای زمانەوانییەوە بەرامبەر ژیرو زیرەكو زۆرزان دادەنرێت.

خەفیە: جاسوس‌و پیاوی دەزگای ئەمن‌و موخابەرات، ئەمە خراوەتە پاڵ ئەوانەی لایەنگیری گروپێکیان نەگرتووەو یان دژی ئەو گروپە قسەیان کردووە. دەمێنێتەوە چەمکی (فەرمەسۆن) کە ڕەنگە (مەلا حەمدوون) یەکەمین کوردی شاری سلێمانی بێت، بەنووسین یان لەشیعردا، ئەم زاراوە سیاسییەی بەکارهێنابێت.

پێویستە ئەو راستییە بزانرێت لەنیوەی دووەمی سەدەی (١٩)دا کە سەردەمی (ناصرالدین شاه)یە، لەبەشێکی شارەکانی ئێراندا لۆژی فەرمەسۆن پەیدابووە. کرماشان یەکێك بوو لەو شارانەی هەرزوو لایەنگیرانی (میرزا مالکۆلم)ی ئەرمەنی لقی فەرمەسۆن‌و (خاموشخانە)یان پێکهێناوە. تەنانەت شاعیرێکی شۆڕشگێڕی وەکو (ابوقاسم لاهوتی) (١٨٨٧ - ١٩٥٧)و باوکی (احمد الهامی کرمانشاهی) پێش ئەوەی تێکەڵاوی جوڵانەوەی مەشروتە ١٩٠٥ - ١٩٠٨ بێت‌و بەلای بۆلشەویك‌و کۆمۆنیستیدا بداتەوە، پەیوەندی لەگەڵ گروپە فەرمەسۆنەکاندا هەبووە[٤٦].

- کارێکی ئاساییە، کە لەڕێگەی کرماشانەوە یان لەڕێگەی ئەستەمووڵ‌و بەغداوە ووشەی (فەرمەسۆن) بەسلێمانی گەیشتبێت.

کاتی خۆی ئەلکساندەری دووەم، ئیمپراتۆری رووس بەدەستی خۆی نامە بۆ (ناصرالدین شا) دەنووسی‌و ئاگاداری دەکاتەوە «ئەنجومەنی نهێنی» دژی هەردووکیان کاردەکات. ئەویش هەر یەکسەر بڕیاری دوورخستنەوەی میرزا مالکۆلم دەدات. مالکۆلم، بەدەستبەسەری تا شاری خانەقی دەبرێت‌و لەوێ ئازاد دەکرێت. مالکۆلم، لەخانەقییەوە بۆ بەغدا دەچێت. ئایا ئەمە نابێتە هۆیەك کە هیچ نەبێت زاراوەکە لەم دەڤەرە بڵاوبووبێتەوە، ئەگەر رێکخستن‌و تەشکیلات دروست نەبووبێت؟

فەرماسۆنەکان، داوای جێبەجێکردنی (قانوون)یان کردووەو لەتاران ڕۆژنامەی (قانوون)یان بڵاوکردووەتەوە... هتد. بەڵام لای ئێمە، ڕەنگە وەکو جوێن بەکارهاتبێت (کافری فەرمەسۆن)!

ئامرازی پڕوپاگەندە، کاریگەرێتی خۆی هەبووە لەدەمکوتکردنو تێکشکاندنی ئۆپۆزسیۆندا. دەسەڵات، تەنیا ڕاگەیاندنی ڕووتو ئامرازی پڕوپاگەندە بۆ پەلاماردانو هێرش بەکارناهێنێت، شان بەشانی ئەمانە زەبروزەنگو کوتەك لەپێشی پێشەوە دەبێت. دەسەڵاتی نوێ، کە لەسەر کەلاوەی میرنشینی بابان هەڵچنراوە، دوو پێگەی ئایینیو عەشایەریی هەبووەو پشتی بەجیهانی میتیۆلۆگیاو ئەفسانەو کەرامات بەستووە بۆ شەرعییەت پێدانی دەسەڵاتی بێسنووری خۆی. ئەم دەسەڵاتە ناڕەسمییە، لەدەرەوەی بازنەی پرۆسەی بەرهەمهێناندا بووە، و هیچ بەشداری لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا نەبووە. لەرێگەی چەکدارو نۆکەرانەوە، زەبروزەنگ بەکارهێنراوە بۆ دەوڵەمەند بوون لەسەر حسابی ئەوانەی بەرهەم هێنەرن. نوێنەرانی چینی بۆرجوازی، کە پێویستیان بەئاشتیو ئاسایش بووە، ناچار بوون، خۆیان پڕچەك بکەنو بەرامبەر هەر زیادەڕۆییو دەستدرێژی، هێزی میلیشیا بجووڵێننەوەو وەڵامی دەستدرێژی بدەنەوە، بەشێکی تر بەچاکی زانیوە ڕووبکەنە (کەرکوك)و (ئێران) هەر بۆئەوەی بەئاسوودەیی لەوێ ژیانی ئابووری خۆیان بەسەر بەرن.

بەراوردێکی ئەم حوکمەم، لەگەڵ حوکمی باباندا کرد
خەجاڵەت ئەمگریٚ ناڵێم: وەکو «ئاسمانو ڕێسمان» بوو

شاعیر، هەر زۆر پەستو بێزارە لەکردەوەو دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە، نایەوێ ئەمان لەگەڵ حوکمی بنەماڵەی باباندا بەراورد پێ بکات، گەر لەدڵی خۆیدا

بەراوردو بەراوردکاری کردبێت، سنووری جیاوازی نێوان (ئاسمانو ڕێسمان)یشی تێپەڕاندووە، بۆیە گوتویەتی: (خەجاڵەت ئەمگریّ)! تەنانەت بە (ئاسمانو ڕێسمان) کە دوا پلەی جیاوازییە، ئەو ئەگەر بڵێت، ئەوە خەجاڵەت دەیگرێتو ئەوپەڕی شەرمەزارییە. (مەلا حەمدوون) وەکو (سالم) لەسەردەمی بابانەکاندا نەژیاوە. وەکو (شێخ ڕەزا)ش هەندیّ وێنەی جوانو سەرنجڕاکێشی بەهەشتی منالّی بەگوڵو گوڵزاری بیرەوەرییەوە ئاوێزان نەکردووە. ئەم ئەگەر لە (١٨٥٦) لەدایک بووبێتو لەسیّ چوار ساڵیدا، بینایی لەدەست دابێت، ئەوا دەبیّ هەر لەڕێگەی بیستنەوە، دەنگوباسی بەسەرهاتی گەشو پرشنگداری لەکەسوکارەوە بەرگویّ کەوتبێت. ئێمە ئەگەر زانیاریمان لەسەر بنەماڵەو دەوروبەری شاعیر هەبێت، بەئاسانی دەتوانین ڕاڤەکاری بۆ هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر گروپێکی کۆمەڵایەتی، بکەین.

کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی ـ لقی سلێمانی

ساڵی ١٩٠٨، لەشاری سلێمانیدا لقێکی کۆمەڵەی (أتحاد وترقي) لەلایەن دەستەیەك بازرگان‌و فەرمانبەرو ڕووناکبیرەوە دامەزراوە. ئەندامانی ئەم لقە بەتایبەتی حاجی (ئاغا فتح الله چەلەبی) دەمڕاستی گروپەکە بووەو ئەو نامەیەی ماوەتەوەو کە لەکتێبەکەی کاك (کەمال ڕەئووف محەممەد)دا بڵاوکراوەتەوە ئاراستەی ئەو کراوە.

شۆڕشی مەشرووتە، کە لەلایەن کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی) سەرکردایەتی کراوە، ڕۆژی ١٩٠٨/٧/٢٣ بەرپا کراو دەسەڵاتی گرتە دەست. مۆرەکەی لقی سلێمانی تاریخی ١٩٠٨/٧/١١ پێوەیە، واتە: تەنیا (١٢) ڕۆژ پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٠٨ کاتێك لەسەرانسەری دەوڵەتی عوسمانیدا، کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی) لق‌وپۆپی دروستکردووەو پشێوی‌و ڕاپەڕین‌و تەقینەوە هەبووە، ئینجا نوێنەرانی بازرگان‌و کاسب‌و فەرمانبەرو ڕووناکبیران خۆیان لەناو گەورەترین ڕێکخراوی ئۆپۆزسیۆندا ڕێکخستووە. هەرچی چالاکی‌و جووڵانەوەیان هەیە، دەکەوێتە ماوەی پاش دەسەڵات گرتنە دەست ئەو ڕێکخراوەوە.

ئەم بەڵگانەی کە ساڵی ٢٠٠٤ لەکتێبێکدا[٤٧] بڵاوکراونەتەوە، یان ساڵی ١٩٩٨ دۆزراونەتەوەو لەسەریان نووسراوە، بەڵگەی لاوازی‌و بچووکی‌و کەمیی ژمارەی بازرگان‌و کاسب‌و فەرمانبەرانی چالاك‌و سیاسیی بەئاگایە، کە ویستوویانە دەوری ئۆپۆزسیۆن بگێڕن کە دژایەتی بنەماڵەی شێخانیان کردووە.

یەکەمین هەوڵی ئەمانە ئەوە بوو ،کە ئەندامە گرنگەکانی بنەماڵەی حەفید بەرەبەرە ڕەوانەی تاراوگە بکەن . داستانی کوشتنی (شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود) لەشاری موسڵدا ، لەئەنجامی پیلانێك بوو ، کە دوور نییە دەستی بازرگان و کاسبکاران.. (کاسبهای شەهری) تیا نەبووبێت، داستانێکی

بەناوبانگـەو تاڕادەیـەك، زۆری لەسـەر نوسـراوەو ڕەنگـە لەئەرشـیفەكانی شـاری مووسڵدا زانیاری زۆرتر هەبن، كە دەستمان پێیان ناگات [٤٨]).

هەندێ نووسەری كورد پێیان وایە، كە بازرگانو ڕووناكبیران لەسەردەمی حوكمدارییەكەیدا جێگەی بڕوای (شێخ مەحمودی حەفید) نەبوون. ئەم گومانو دوودڵیو بێ بڕواییە بۆ كێشەی مێژوویی نێوان هەردوو گروپەكە دەگێڕنەوە، كە هەر لەكۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە بەشێوەی دوژمنانە سەریهەڵداوە. هەوڵو تەقەلای دروست كردنی دەوڵەتێكی كوردی لەساڵی ١٩١٨-١٩٢٤ لەسۆنگەی ناكۆكیو بەرەنگاری گروپێكی كۆمەڵایەتی چالاكو ئەكتیف، كە بەرژەوەندیو جیهانبینی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا نەدەگونجا، ئەزموونی ئەو كاتەی تووشی تێكشكانێكی زۆر سەخت كردووە.

هەروەكو چۆن بازرگانەكان لەلای خۆیانەوە هەموو ڕێگەیەكیان گرتووەتەبەر بۆئـەوەی لەدەسـت زوڵـموزۆری شـێخان خۆیـان دەربازكـەن، شـێخانیش هـەموو ڕێگەیەكیان گرتووەتەبەر بۆئـەوەی بازرگانـەكان بـەلای خۆیانـدا ڕاكێـشنو لـەبن دەسـەڵاتیاندا ورتـەیان لـێ بـبڕن. (میجرسـۆن) بـەم شـێوەیەی خـوارەوە باسـی كردووە:

Shaikh Sa'id commenced a campaign of open robbery. Large sums of money were extorted from merchants without any pretext whatever and the prompt murder of the few who resisted these dements effectual intimidated the others. At the same time a policy of patriarchal hospitality and patronage was instituted. Any person presenting himself at the Schaik's house received food and became considered a retainer. In this way all the wrathless members of the population become adherents of the priests, and as many opened in the Bazaar, a new class of supporters arose which finally embraced nearly all the trades of Sulaimaniya .

((شێخ سەعید هەڵمەتێکی ڕاوو ڕووتی ئاشکرای دەستپێکرد. بڕێکی زۆری ئەو پارەو پولەی لەبازرگانەکان وەردەگیران بەبێ هیچ بیانویەكو دەست بەجێ کوشتنی ئەو چەند کەسەشی کە بەرەنگاری ئەم سەر شێتانەیان دەکرد، دەبووە هۆی تۆقاندنی ئەوانی دیکە. لەهەمان کاتدا سیاسەتی میوانداری باوك سالاریو سەرکردایەتی گیرایەبەر. هەر کەسێك کە خۆی بەماڵی شێخ دەناساند، بەخاوەن ماڵ لەقەڵەم دەدراو خواردنی دەدرایە. بەم شێوەیە ئەندامە لەسەرخۆکانی دانیشتوانەکە ببوونەگوێڕایەڵی (مەلاکان)و زۆربەیان لەبازاڕەکاندا بوونو چینێکی نویی لایەنگران سەریان هەڵدا کە دواجار هەموو بازرگانەکانی سلێمانییان خستە ژێر چنگی خۆیانەوە)).

ئەم جیاوازیو ناکۆکییە، لەنێوان هەردوولادا، بەگوێرەی کارتێکردنی بارودۆخی ناوەوەو دەرەوە، لەخامۆشیو پەرسەندندا بووە. ڕوونو ئاشکرایە گۆڕانکاریی سیاسی لەشارێکدا، ناتوانێ تاجی سەرکەوتن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەسەر بنێت، ئەگەر شاروگوندەکانی تر بەدەنگییەوە نەچن، یان ئەگەر ئەو سەرکەوتنە، بەشێك لەسەرکەوتنی ئەو چینە لەسەرانسەری دەوڵەتێکدا نەبێت، بەگوڵێك نابێتە بەهار.

جیهانی پیشەوەری

کاتێك شاری سلێمانی دروستکراوە، گەڕەکی جوولەکان‌و گەڕەکی گاوران، لەقەراخی شاردابوون‌و لەگەڵ گەڕەکە موسوڵمانەکاندا، تێکەڵاو نەکراون. یەکەمیان: بەشی ڕۆژهەڵات‌و دووەمیان: باشووری شار بووە. صابوونکەران بەهەمان شێوە کەناری شاربووەو تا ساڵانی چلەکانی سەدەی پێشوو ئەو شەقامەی ئێستا پێیدەگوترێت گۆران، (سەرووی ئۆرزدی) کێڵگەی پاقلەو گەنم‌و جۆ بووە. بەشێکی تری دوکانی پیشەوەرانی لەدەوروبەری ئاشەگاوری بوو. بۆنموونە: ئاسنگەران‌و وەترافچی‌و موتابچی لەوێ بوون.

سەبارەت بەهێزو توانای ئابووریی پیشەوەران پێش ١٩١٤، زانیاری زۆر کەم‌و پەرش‌و بڵاومان بەدەستەوەیە. بەناوی گەڕەکەکانەوە (سابونکەران) دەزانین گروپێك لەم شارەدا هەبووە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی سابوون بووە. چەخماخسازو قەزازو دەباغ‌و زێڕینگەر هەبووەو بەهاتنی کاڵای ئینگلیزیی هەرزان، پیشەسازی‌و مانیفاکتۆرە، هەرەسی هێناوە.

بابەتێکی زۆر گرنگی تر، کەبە داخەوە تا ئەمڕۆ بە شێوەی ئەکادیمی هیچی لەسەر نەنووسراوە، پەیدابوون‌و بڵاوبوونەوەی مانیفاکتۆرەی جۆراوجۆرە لەناو شاری سلێمانی‌و دەروبەرەکەیدا. کۆنترین سەرچاوە لەوبارەیەوە نوسینەکانی (مارك سایکس)و (ئیدمۆندز)ە. کاك (ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە)ش ناوی زۆریانی نووسیوە، بەبێ دیاری کردنی سروشتی کارەکەیان‌و ژمارەی کرێکارو هێزی ئابووریی ئەو مانیفاکتۆرانە.

(ئیدمۆندز) لەم بارەیەوە دەنووسێ: پێش یەکەم جەنگی جیهانی، سلێمانی بەمانیفاکتۆرەی چەك (چەخماخسازی) ناوی دەرکرد بوو. ئەم چەخماخسازانە، بەشێکی گەورەی پێویستی کوردستانی/ هەردوو دیوی سنووری ئێرانی، لەچەك، دادەپۆشی. (مارك سایکس) ساڵی ١٩٠٢ سەری ئەم شارەی داوە و پتر لە ١٥٠ دوکانی

چەخماخسازیی لێ بووە، کە لەڕووی چۆنایەتیشەوە، بەهرەمەندییان لەدروست کردنی جۆری چەکی مارتینی، نواندووە هتد[٤٩].

دەقە ئینگلیزیەکەشی بەم شێوەیە نوسراوە :

Before the was Sulaimani had been famous for the manufacture of the rifles with which a large part of Kurdistan on both sides of the Persian boundary was armed Mark Sykes (1902) mention that at the time of his visit there were no fewer than 150 competent gunsmiths turning out very creditable imitations of the Martini-Peabody. The craft gradually died out after our occupation but the cartridges continued for some time to be the standard weights used in the for weighing out groceries and other com modities.

((پێش ئەوەی سلێمانی ناوبانگ دەربکات بەدروست کردنی چەك کە بەشێکی گەورەی کوردستان لەهەردوو دیوی سنوری ئێرانی پێ پڕ چەك کرا، (مارك سایکس) (١٩٠٢) باس لەوە دەکات، کە لەمیانەی سەردانەکەیدا لە (١٥٠) چەخماخسازی بەتوانا زیاتری لێ نەبووە کە بتوانن بەباشی لاسایی (مارتینی - پیبۆدی) بکەنەوە. پیشەکە وورده وورده لەناوچوو دوای ئەوەی ناوچەکەیان داگیر کرد، بەڵام مەخزەنەکانی بۆ ماوەیەك هەر مایەوە کە وەك قەپانی سەوزە فرۆشەکان بەکاردەهێنران)).

کەمی زانیاری لەسەر جیهانی ئابووریی، دراوی‌و کارو کەسابەت ژمارەو ئامارو زانیاری لەسەر هەندێ توێژی کاسبکارو بازرگان‌و موڵکداران تۆمار کرابێت. خەڵکی کارامەو ئەو خەڵکەی لەدائیرەی ئەژمار (statistik) کار دەکەن، دەتوانن لەو ژمارانە بگەن‌و کۆمەڵی ئەو سەردەمەی پێ بخوێننەوە. ئێمە، ئەمڕۆش نازانین توانای دارایی‌و ئابووری‌و سیاسیی ئەو چینە پێش‌و پاش یەکەمین

جەنگی جیهانی چۆن بووە؟ ئەمەش هۆیەکە، کە کورد لەئەزموونی خۆی هیچ سوودێك وەرنەگرێت‌و مێژوو بەلایەوە چەند لاپەڕەیەکی زەردی هەڵپڕواوی ناو تاقە داڕوخاوەکانی بیرکردنەوەمان بێت.

ئەو زانیارییە پەرت‌وبڵاوە کەمەی کە تا ئێستا بڵاوکراوەتەوە، بایی ئەوە نییە وێنەیەکی ڕێك‌و پێکی ئەو سەردەمەی پێ بنەخشێنی‌و جیهانبینی‌و تێگەیشتن‌و ژیانی کۆمەڵایەتی چینی بۆرجوازیی پێ دەستنیشان بکرێت.

زانیاریی گشتی

ئێمە ئەگەر لیستی باجدانمان دەست بکەوێت یان خشتەیەکی ئەژماری گومرگ یان ڕاپۆرتی ئەفسەرە ئینگلیزەکان، لەساڵانی پاش یەکەمین جەنگی جیهانیدا، ڕەنگە زۆر سوودیان لێ وەربگرین. ئەمانە هیچمان بەدەستەوە نیین، بەڵام دووسێ لیستی ئەو زەمانە بڵاوکراونەتەوە.

ڕاپۆرتێکی ڕەسمی بەریتانی سەبارەت شاری سلێمانی لە (١٦/٣/١٩١٩) نوسراووە و پێشنیاری شارچۆڵکردنی تێداکراوە:

ئەم راپۆرتە کۆمەڵێك ڕاستی بایەخدار دەخاتە ڕوو سەبارەت زیانی شەڕ لەم شارەدا:

جۆری بینا	ساڵی ١٩١٣	ساڵی ١٩١٨	ژمارەی وێرانبوو
مزگەوت	٢٩	١٠	١٩
تەکیە	٣	-	٣
خانەقا	٢١	٢٠	١
خانوو	٣٢٠٥	١٣٢٩	١٨١٣
حانووت	٧٦٠	٣٣٨	٤٢٢
چایخانە	٣١	١٥	١٦
حەمام	١١	٦	٥
ئاشی ئاو	٢٤	١٩	٥
باخ	١٨	٥	١٣
خان	٢٠	١١	٩
بازاڕ	٦	٢	٤
دوکانی بازاڕ	٣٩٩	١٣٤	٢٦٥

کەمیی زانیاری لەسەر جیهانی ئابووری و دراوی و کارو کەسابەت و بازرگانی، کۆسپێك بووە لەڕێگەی[50] نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژوویی لەسەر کۆمەڵی ئەوسای کوردستاندا. ئەم کەلێنە وای لەزۆر نووسەری کورد کردووە، کە بگەنە بڕوایەك، بۆرجوازی کوردی، وەك هەبوون، نەبووەو نییەو تەنیا سێبەری لەسەر نەخشەی بیرکردنەوەی ڕووناکبیراندا هەبووەو هەیە. بەلای ئەوانەوە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەم تا پێش جەنگی جیهانی یەکەم، چینێك لەکوردستاندا نییە چینی بۆرجوازی پێناسە بکرێت. چینێك بیەوێ بازاری نەتەوەیی یەك بخات و داواکاری نەتەوەیی بەرزکاتەوەو خەبات بۆ ڕزگاری نیشتمانیی بکات[51]، واتە: ئەم کەلێنە فەرهەنگییە، کەلێنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لێ بووەتەوە. هێزە سیاسییەکان نەیانتوانیوە دەستنیشانی ئەو هێزانە بکەن، کە بەرژەوەندی خۆیان لەرزگاربوونی نیشتمانەکەیان دەبینن.

بێگومان لەکتێبخانەو ئەرشیفخانەکانی بەغداو ئەستەمبول و تاران و لەندەندا بەڵگەو دۆکۆمێنتی بایەخدار هەن و ڕووناکبیرو مێژوو نووس و کۆمەڵناسان دەتوانن بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لێ وەرگرن. لەسەرای شاری سلێمانیدا ئەرشیفی زۆر گرنگ تا ساڵی ١٩٩١ پارێزراو بوون و ئیدی لەبن سێبەری ڕاپەرینی پیرۆزدا، بەڵگەنامەیەکی یەکجار زۆر (ئەنفال) کران. دوور نییە لەڕێگەی ئەرشیفی شارەوانی، دادگا، تاپۆ... هتد. گەر بەشێوەی زانستی کۆبکرابانایەوە باشترین و جوانترین وێنەی ژیانی ئەو سەردەمانەمان دەستنەکەوتبایە.

گەر ئەم تابلۆیە ڕاست بێت، سەرژمێری دانیشتوانی شاری سلێمانی ساڵی ١٩١٤ (٤٠٠٠٠) هەزار کەس بووەو ئەوانەی دوکان و کۆگایان هەبووە ١١٥٩ دوکاندار بوون. ئەم ژمارەیە ئەگەر بێت ٣١ چایخانەو حەمام و ٢٠ی خان بخرێتە سەر، ئەوە هەمووی دەکاتە ١٢٢١ کەس، کە کاسبکار بوون و بەکاری سەربەخۆ ژیاون. بەگوێرەی ئەم ژمارەیە بێت، دەبینین کە کاسبکاران لەڕووی چەندایەتییەوە

بەهێز بوون. ئەمانە وەکو دەزانرێت بەلای تەریقەتی نەقشبەندیدا دایانشکاندووەو تا ڕادەیەك خۆیان لەقادری نزیك نەخستووەتەوە. خەباتی بەردەوامی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو فەرهەنگیی بۆرجوازی ئەم شارە، لەبیرکردنەوەو ئاینیشدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەگەر ژمارەی تەکییە، (کە شوێنی شێخو دەروێشانی قادرییە، سێ تەکییە بووە، ژمارەی خانەقا (٢١) بیستو یەك خانەقابووە (کە شوێنی شێخو صۆفی نەقشییە) واتە: خانەقا حەوت بەرامبەری تەکییەی قادری بووە. هەرچەندە شێخانی بەرزنجی لەساڵی ١٨٧٠ بەدواوە خاوەن دەسەلاتی ئابووریو دینیو سیاسی بوون. بەخانەقا دروست کردن، دیارە چینی بازرگانو کاسبکار ویستویەتی خانەقای نەقشبەندی برەوی هەبێو پتر ڕەگ داکوتێو لەبواری ئاینییدا بالا دەست بێت.

بەڕوواڵەت دەبوایە، هێزی دەسەلاتداری ئابووری ـ سیاسی ـ دینی، دامەزراوەی جیاجیای زۆرتر بێت، بەلام لێرەدا، هێزی (ئۆپۆزیسیۆن)، کە لەناو بازاڕدا بالادەست بووە، توانیویەتی پارسەنگ، لەتەرازووی هێزدا دروست بکات. پۆل پۆلێنی ئایینی ڕەنگدانەوەی، ڕیزبەستنی چینو توێژە کۆمەلایەتییەکانە لەزەمانی کزیی هۆشو نزمی ئاگاییو لاوازیی کولتوری سیاسیدا.

چینی بۆرجوازی ویستویەتی ئەو پەیامە بگەیەنێ، کە هەست بەچەوسانەوە و تەنگ پێ هەلچنینو نادادپەروەری دەکاتو بەرامبەر ئەو ناعەدالەتییە، دەیەوێ دەنگی نارەزایی بلند بکاتەوەو بێدەنگ نەبێ و خەبات بکات. ئەگەر قادریو نەقشبەندی جیاوازنو لەهەندێ سەردەمی پێشوتردا، جۆرە ناکۆکییەك لەنێوان دوو شێخو رابەری گەورە، دوو سمبۆلدا، هەبووە. دیارە پاش نزیکەی سەدەیەکیش لەڕۆیشتنی (مەولانا خالید) بۆ شام، بۆرجوازی کورد لەم شارەدا، خۆی بەو سمبولەوە گرێداوە، کە بۆنی نارازیبوونی لێوە هاتووە.

سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ بە گوێرەی هەواڵێك لە رۆژنامەی پێشکەوتن (ژ-١- رۆژی ١٩٢٠/٤/٢٩) بلاوکراوەتەوە، چواردە بازرگانی ناودار بڕی (١٠٩٠) روپیە بۆ نۆژەنکردنەوە خانەقای مەولانا خالید کۆدەکەنەوەو حکوومەت (١٠٠) روپیەی داوەو حاجی مەلا محیالدین مەعروف بە تەنیا ئەوەندەی حکوومەتی بەخشیوە. هیچ بەلگەیەك سەبارەت پەیوەندی حاجی مەلا محیالدین بە رێبازی نەقشبەندیەوە بە دەستەوە نییە، بەلام خەرکردنەوەی پارە بۆ نۆژەنکردنەوەی رەمزێك لە رەمزەکانی ئەم تەریقەیە ئاماژەیەکی روونەو نیشانەی پەیوەندی نێوان بازرگانو رێبازێکی دینییە.

دوو خاڵ هەن، کە دەبێ ئاماژەیان بۆ بکرێو خەلکی تر وەلامیان بۆ بدۆزێتەوە:

هەندێ زانای کورد، ژمارەی خانەقاکانی سلێمانی پێش یەکەمین جەنگی جیهانی بەزۆر دەزانن. من ئەم پرسیارەم بەنامە ئاراستەی کاك (مەحەممەدی مەلا کەریم) کرد[٥٢] ئەویش نووسیبووی ژمارەکانی ناو راپۆرتی بەریتانی ڕاست نینو تەنیا چوار پێنج خانەقا هەبوون (خانەقای مەولاناو خانەقای مەحویو خانەقای حاجی مەلا عەلی... هتد). ئەم جیاوازییە، دەکرێ سەرلەنوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێو زانیاری وردتر لەسەر بابەتەکە بنووسرێت.

(مەولاناخالید) بۆ خۆی نامەیەکی ڕەوانەی (شێخ عەلی قازی) کردووەو گلەیی ئەوە دەکات، کە شاری سلێمانی، لەچاو شارەکانی تردا، هێندە لایەنگرو موریدی کەمە [٥٣]. ئەم نامەیە بەلگەیە لەسەر بوار نەدانو تەنگ پێ هەلچنینو ئازادی بەربەست کردنی نەقشبەندییەکانی شاری سلێمانی، ئەمەش هۆیەکی گرنگی ماڵئاوایی مەولانایە لەپایتەختی میرنیشینی باباندا.

بەراورد لەنێوان سلێمانیو کەرکوك

بەراوردێکی کورت هەر زۆر پێویستە لەنێوان سلێمانیو شارەکانی تری کوردستاندا. بەداخەوە ئێستا فاکتو ژمارەو زانیاری پێویست لەبەردەستدا نیین. خۆشبەختانە ساڵی ١٨٩٦ (شەمسەدین سامی) لە (قاموس الاعلام)[٥٤] هەندێ زانیاری پڕ بایەخی بڵاوکردووەتەوە: هەرچەندە ماوەی نێوان (قاموس الاعلام)و (راپۆرتە بەریتانییەکە) حەڤدە ساڵە، بەڵام بەراورد بۆ پێشکەش کردنی وێنەی باشتر لەسەر بابەتێك، هەریەکجار بەسوودە.

ئەوکاتە دانیشتوانی شاری کەرکوك، (٣٠٠٠٠) سی هەزار بووەو ١٢٨٢ دوکانو کۆگای تیادابووە. وەکو وتمان دانیشتوانی سلێمانی پێش یەکەمین جەنگی جیهانی ٤٠٠٠٠ کەس بوونو تەنیا ١١٥٩ دوکانو کۆگا لەو شارەدا هەبوون. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەگەر بەشێوەی ڕێژەیی بڕوانینە ژمارەکان، لەشاری کەرکوکدا، ژمارەی دوکان، لەچاو دانیشتواندا زۆرتر بووە. ڕەنگە کەمیی دوکان نیشانەی بوژاندنەوەی بارودۆخی ئابووری یان سەرقاڵبوونی بەشێکی کەمتری خەڵك بێت بەکشتوکاڵەوە.

لەسلێمانیدا، (١١) گەرماوو لەکەرکوکدا، (٨) گەرماوو لەهەولێردا، (١) گەرماو هەبوون، واتە لەسی هەزار کەس، (٣٣٠٠) کەس لەسلێمانیدا یەك گەرماویان هەبووە. لەکەرکوکیشدا، هەروا بووە. ئەم دوو ژمارەیە ئەوە پیشاندەدات، کە پاكو خاوێنی لەهەردوو شارەکەدا وەکو یەك بایەخی پی دراوە. بێگومان ئەو ڕاستیەش دەنوێنێ، کە کەم کەس خۆیان لەگەرماودا شتبێت یان لەماڵەوە خۆیان شتبێت یان زۆر کەم ڕوویان کردبێتە گەرماوی گشتی ئەگەر (٣٣٠٠) کەس دابەشی حەوت ڕۆژ بکرێت، ئەوە لەڕۆژێکدا تێکڕا (٤٨٠) کەس خۆیان شتووە. گەر حەمام دوانزە سەعاتیش گەرم کرابێت واتە: تێکڕا (٤٠) کەس خۆیان لەسەعاتێك دا شتووە. ڕەنگە، گەرماوەکانی سلێمانی ئەوەندە گەورە نەبووبن.

(کلۆدیوس ریچ) ستایشی گەرماوەکانی سلێمانی کردووە: ((ئەم بەیانییە چووم بۆ حەمامو، سەیرم کرد زۆر جوانو پاکو خاوێن بوو، زۆر باشیش ڕووناك کرابووەوە، کارگوزارەکانیشی باش بوونو، لەهەموو حەمامەکانی وڵاتی عوسمانی چاکتر بوو، کە هەتا ئێستا دیومن، جگە لەحەمامەکانی شامو ئەستەموولو قاهیرە، کە ئەمانە، لەهەندێ ڕووەوە لەوانیش باشتر بوون. دیوارەکانی بەڕەنگێکی بریقەدارو لەسەر شێوەی عەرەبی سپی کرابوون. پڕیش بوو لەحەوزو فوارە. ئەم حەمامە، لەلایەن میر ـ ی ئێستای سلێمانییەوە، دوو وەستای بەتایبەتی لەئێرانەوە لەسەر حسابی خۆی بۆ دروست کردنی هێنابوو. ئەڵێن شێوەی دروست کردنەکەی لەوەی کرماشان ئەچێت. هەروەها یەکێکی تریشی هەر لەسەر ئەم شێوەیە لەماڵەکەی خۆیدا دروست کردووە. موسڵمانەکان پارەیەکی زۆر لەحەمامدا خەرج ئەکەن، چونکە بەجۆرێك لەخواپەرستی ئەزانن، تەنانەت لەشکری دوژمنیش هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە زیان بەحەمام بگەیەنن. بۆیە بۆ ئەوەی بپارێزرێو لەناو نەچێ، وەقف ـ ی ئەکرێ[55])).

ژمارەی مزگەوت لەکەرکوکدا (٣٦) مزگەوتو لەسلێمانیدا (٢٩) مزگەوت هەبووە. واتە: ژمارەی مزگەوت لەکەرکوك لەچاو ژمارەی دانیشتوانیدا زۆرتربووە. گەر کەسێك هەر لەخۆوە بڵێ: زۆری ژمارەی مزگەوت بەڵگەی زۆری خواپەرستییە، ئەوە هەڵەیەکی هێجگار گەورەیە. کۆنیی شار ڕەنگە هۆی ڕاستەقینەی زۆریی مزگەوت بێت. زۆری خەڵکی دەوڵەمەندی (بەدین) هۆی دروستکردنی مزگەوت بێت.

زۆریی خان لەخشتەکەی سلێمانیدا، بەڵگەی بەهێزبوونی چالاکیی ئاڵوگۆڕی کاڵاو کڕینو فرۆشتنی بەکۆ (جملة) بێتو زۆربەی کاڵاکان هی دەرەوەی شاربنو لەڕێگەی دوورەوە کاروان هێنابێتی.

توێژی دەوڵەمەندی بۆرجوازی

ئایاری ١٩٢١ لەعیراقدا، ڕیفراندۆمێك، سەبارەت بە دانانی فەیسەلی یەکەم بەمەلیکی عیراق کرا، مەرجی مافی دەنگدان ئەوە بوو: دەنگدەر دەبێ خانوویەکی هەبێ نرخەکەی لە (١٥٠) پاوەنی ئیستەرلینی (کە بەرامبەر ٢٠٠٠روپێیە) کەمتر نەبێ. لەشاری سلێمانیدا، دوو هەزار موڵکدار هەبوون، کەنرخی خانووی هەر یەکەیان لە (١٥٠) پاوەن کەمتر نەبوو. لەم دوو هەزار کەسەدا تەنیا ١٩٠ کەسیان لەدەنگدانەکەدا بەشدارییان کرد. لەمانە ٣٢ کەس دەنگی بۆ ئەوەدا کوردستان بەعیراقەوە بلکێنرێت‌و (١٥٨) کەس دەنگیان دژی دا[٥٦].

رووداوێکی تر، ڕەنگە زۆر جێگەی سەرنج بێت‌و بۆنی هەوڵ‌و تەقەلای گرێدانی کوردستان بەدەوڵەتی عیراقی لێوە بکرێت: کاتێك ئیدارەی بەریتانی لە (١٩٢٣/٦/١٤) شاری سلێمانی بەجێ هێشت‌و شارەکە سەرلەنوێ کەوتەوە دەست (شێخ مەحمودی حەفید)، نزیکەی (٢٠٠) کەس هەڵاتن‌و ڕەدووی سوپاو ئیدارەی ئینگلیز کەوتن، لەمانە (٣٢) کەسیان بازرگانی توتن بوون، کە ئەمانە دەمڕاستی کاسبکارو بازرگانەکان بوون. ئەمانە بەتوندی دژی سەربەخۆیی کوردستان بوون‌و لایەنگری گرێدانی کوردستانی باشور بوون بەدەوڵەتی عیراقەوە[٥٧]. نوێنەرانی بەریتانیاو دەوڵەتی نوێی عیراق، توانییان بەبەرزکردنەوەی دروشمی (توتنەکەتان لەکوێ دەفرۆشن؟) مێشکی بازرگانەکانی توتن، چەواشە بکەن. ئیدی ئەوانە وا چووبووە مێشکیانەوە کە دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی کارو کەسابەتی ئەوان وێران دەکات.

ئەم دەستەیە لەبازرگانەکان، دەستەیەکی بەچەندایەتی بچوك، بەڵام لەڕووی ئابورییەوە بەهێز بوون. ئێمە نازانین سامانی ئەم گروپە چەندبووە؟ نازانین توانا و پەیوەندی ئابووری‌و داراییان چۆن بووە؟ بەڵام هەندێ شتی بچوك لەسەر ئەوان بەدەستەوەیە: تەنیا لەبازرگانی توتندا، شاری سلێمانی، ساڵانە (٢٠٠٠٠٠)

دوو سەد هەزار پاوەنی ئیستەرلینی زەریبەی ڕەوانەی خەزێنەی دارایی عیراق کردووە. ئەو زەریبەیەی کە بۆ توتن دەستنیشان کراوە ١٠٪ کۆی داهاتی ساڵانە بووە. واتە: داهاتی ساڵانەی بازرگانیی توتن لەشاری سلێمانیدا، بەلای کەمەوە دوو ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی بووە. هەروەها داهاتی ساڵانەی شاری سلێمانی، ساڵی ١٩٢٠ نزیکەی ٢٢٨٤٢٩,٤٦ پاوەن بووە (کە بەرامبەر ٣,١٧٨,٩٨٠ ڕوپێیە)یە. داهاتی (نەتەوەیی) عیراق لەهەمان کاتدا ، (٣,٩) ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی بووە[٥٨]، بەشێك لەبازرگانەکانی شاری سلێمانی، لایەنگری ئیدارەی کوردی نەبوون، ئەم گروپە پێیانوابووە، گەر دەسەڵاتو ئیدارەی کوردی دامەزرێت، لەسەر سنووری کوردستان خاڵی گومرك بۆ هەناردەو هاوردە (صادرات و واردات) دادەنرێتو هەر کاڵایەك دەرچێت یان بهێنرێت، گومرکی دەخرێتە سەر. حکوومەتی عیراقیش گومركو باجو زەریبەی خۆی دەبێتو ئەمە ڕێژەی قازانج هەر زۆر بچووك دەکاتەوە. ئەو بەشە بازرگانەی سلێمانی، لایەنگری ئەوە بوون، تەنیا یەك گومركو یەك باج هەبێت، نەك دووان!

- هیچ زیانێکی نییە، گەر خوێنەر ئەوەش بزانێ، کە (شێخ مەحمودی حەفید) ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار پاوەنی ئیستەرلینیی هەبووە، جگە لە زەویو زارو مەڕو ماڵات[٥٩].

تەرازووی هێزی ئابووری

لەقۆناغی پاش یەکەم جەنگی جیهانیدا، بەشی سەرەوەی بۆرجوازیی کورد دەیتوانی لەڕووی ئابووریەوە، شان لەشانی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تر بدات. کاروکەسابەتیان لەبرەودا بوو، دەیانتوانی داکۆکی لەخۆیان بکەنو هەوڵیان دەدا، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نیشانەی شانوشکۆو داراییو خۆشگوزەرانی دەربڕن. ئیدی بەشێك لەمانە خاوەن دیوەخان بوونو لاسایی ئاغاواتو شێخانیان دەکردەوە، لەپێشوازی میوانو ناندانو چەکدارو پاسەوان ڕاگرتن (بۆدی گارد). ئەم چەکدارانە، هەندێ جار لەتوانایاندا بوو، کە لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی تردا ڕووبەڕوو ببنەوەو سەنگەر لەیەکتر بگرنو پەلاماری یەکتر بدەن. ئەم گروپە چەکدارانە، چەند جارێك لەگەڵ چەکدارەکانی (شێخ مەحمودی حەفید)دا، کە لەنووسراوە ڕەسمییەکانی حکومەتی (شێخ مەحمود)دا بە (چەتە) ناویان براوە، تووشی شەڕوشۆڕو پێکدادانی چەکدارانە هاتوون.

بازرگانە دەوڵەمەندەکانی ئەم سەردەمە، لەچەند کەرتێکی ئابووری جیاجیادا، لەهەمان کاتدا، چالاك بوون. بۆ نموونە: (حاجی سەعید ئاغا)و ئەندامانی تری تایەفەی (ئاغا طه) خاوەن زەویو زارو بازرگانو خاوەن خانو کاروان سەرا بوون. هەروەها لەڕووی سیاسیشەوە، بەشداری لەدەزگا سیاسییەکانی سەردەمی خۆیدا کردووە. لەسەردەمی عوسمانییەکاندا ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانیو ئەندامی (مەبعوثان)و لەسەردەمی ڕژێمی مەلەکیشدا، ئەندامی (مجلس الأعیان) بووە، کەواتە: چالاکی سیاسیی بازرگانەکان بۆ خۆپاراستن بووە. دروستکردنی میلیشیای چەکدار دیسان بۆ خۆپاراستن بووە. ئەوان توانیبێتیان شەڕو شۆڕ لەگەڵ هێزەکانی (شێخ مەحمود)دا بکەن، دیارە جۆرێك لەڕاگرتنی تەرازووی هێزی عەسکەریو سیاسییو ئابووری هەبووەو لایەك نەیتوانیوە، لاکانی تر بەجارێك ڕامالێت.

خوێندنەوەیەکی تر بۆ پیتاك

لەبەر بێ کەرەستەییو نائاسانیی دەسکەوتنی فاکتو ئەژمار، ناچار بووم سوود لەگرنگی پیتاك خەرکردنەوە یان (بار بوو) وەرگرم: لەوڵاتە ئۆروپییەکاندا، بەگشتی (بار بوو) شێوەیەکی شاردراوەی، نادیاری هەیە، ناوو ژمارەی حسابێکی بانکی لەرۆژنامەیەکدا، یان لەرێگەی رادیۆو تلفزیۆندا بڵاودەکرێتەوە. کەس کەس ناناسیو تەنیا هەستی مرۆڤانەو گیانی لێپرسینەوە پاڵپێوەنەرە. بەداخەوە لەرۆژهەڵاتدا وانییە. پیتاك خەرکردنەوە هەندێ جار لە (شاباشی)ی دەهۆڵچیو زورناژەن دەچێ. خەڵك بۆ شانازیو کەشوفشو خۆدەرخستنو هەندێ جار بۆ خۆ هەڵکێشان (بەخشیش) بەزورناژەن دەدرێتو ئەویش ئەوەندەی تر شاییەکە گەرم دەکات.

پیتاك، لەناو کۆرو کۆمەڵدا دەخرێتە سەر (سینی). پیتاککەر دەست بە بەرباخەڵدا دەکاتو چاوەروان دەکات، سەرجەمی کۆمەڵ بەئەویەری سەرسورمانەوە سەیری دەستو دڵ باشیو بەخشندەییو گەورەیی ئەو بکەن. تا پارەکە زۆرتر بێت، دەم داپچڕانو چاو داپچڕانی ئامادە بووان گەورەتر دەبێت. ئیدی ناوی باشترین پیتاککەر دەکەوێتە سەر زارانو نێو شارانەوە. گەر ناوی پیتاککەر لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوەو ئەو برەی پیتاکی کردووە بنووسرێ، ئیدی پیتاك شەقڵی ئەکتی کۆمەڵایەتی، ئاکارێك، کردارێك بەخۆوە دەگرێ، بۆ دەمەزەردکردنی ناوو ناوبانگو شانازیکردنو رێز پەیدا کردن دەکرێ.

دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت (دەستو دڵفراوان)ی لەبنەمادا بۆ ناوبانگ نییە، (حاتەم) پێش سەدان ساڵ لەپێناوی ناو دەرکردن، ئەسپەکەی سەر نەبرییوە. خاوەن دیوەخان فرمانێکی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە . سەرۆك هۆز، گەر دیوەخانی نەبێت، سەرۆك هۆزایەتی پێ نابرێت. ناتوانێ کاری ئاسایی خۆی

جێبەجێ بکات. ئەو کەسە چەند چاوی بڕیوەتە بەرفراوانکردنی خەرمانەی سەرکردایەتی، دەبێت بەخشندەیی‌و دەست‌و دڵ باشی، چاوەڕوانی دەوروبەرەکەی تێر بکات. ئەگەر چاوەڕوانی تێر نەکراو (حاتەم) میوانی بەبرسێتی لەدیوەخان بەڕێ کرد، ئەوە ناوبانگی ئەو بەسەر نەبڕینی ئەسپە خۆشەویستەکەی، بەبێ سەر لەبیاباندا بزر دەبوو، وەکو هەزاران ناو، وەکو هەزاران (حاتەم)و ناوی تر، کە لەی بیابان ناوو ناوبانگی هەڵلوشیون.

ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٨)، ت ٢ ساڵی ١٩٢٢ لیستی ناوی باربووکەرانی لەسەر لاپەڕەکانی خۆیدا بڵاو کردووەتەوە. ڕێکخەرانی پیتاك کۆکردنەوە، نیازی خۆیان خستووەتە ڕوو، کەدەیانەوێ بەو پارەیە (چاپخانە) یەك بکڕن، ئیدی نەنووسراوە چەندیان پێویست دەبێ‌و لەکوێ دەیکڕن؟

لەوە دەچێ ڕێکخەرانی باربوو، کۆبوونەوەیان لەگەڵ خەڵکدا کردبێ‌و یان داوای پارەتیان لەکەسانی دەست ڕۆیشتوو کردبێ، بەگوێرەی پلەو پایەی کەسایەتییەکان، ناوەکان لەسەر لیستەکە تۆمار بکرێت. بڕی پارەکەش نووسراوە. لیستەکە هەر زۆر بەوردی شێوەی ناو نووسین‌و پێناسەی کارو فرمانیان ڕەچاو کراوە. هەر بۆ نمونە: یەکەمین ناو: (شێخ قادری حەفید)ی برای (شێخ مەحمود)ەو سەرۆك وەزیران بووە (رئیس الرؤسا)، کە (٦٠٠) ڕوپییەی داوە. پاش (شێخ قادر) ناوی ئەندامانی کابینە نووسراوە. وەزیرەکان وەکو یەك دەوڵەمەند نەبوون. (شێخ حەمە غەریب)ی وەزیری ناوخۆ، (١٥٠) ڕوپییەی داوە، کەچی (مستەفا پاشا)ی وەزیری مەعاریف، (٥٠) ڕوپییەی داوە. نێوی قەساب‌و عەلاف‌و بەقاڵ لەگەڵ نێوی وەزیرو سەرۆك هۆزەکاندا، پێکەوە نەنووسراون. دیارە ئەمە پاشماوەی خۆبەرز ڕاگرتنی چینی سەرەوەی کۆمەڵی ئەو سەردەمەیە.

بەگوێرەی ئەم لیستە، دەتوانرێ سەرو سیمای چەند گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاری بکرێت. لەکۆی (٢١٥) پیتاککەر (١٠٨) کەسیان وەکو بازرگان‌و کاسب

دەناسرێنەوە. ئەو (١٧) کەسەی تر وەزیرو خاوەن موڵکی گەورەو فەرمانبەرو ئەفسەرو زانای ئاینیین. ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە، لەخاڵی وەرچەرخانی مێژوویی دەچێت، ئەم وەرچەرخانە، تەنیا لەبواری ئابووری‌و سیاسیدا قەتیس نەکراوە، بەڵکو لەژیانی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیدا، رەنگی داوەتەوە. لەم سەردەمەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ سەرنجمان ڕادەکێشێ: ناوی بازرگان‌و بەقاڵ‌و قەساب‌و عەلاف شێوەیەکی ئاسایی وەردەگرێ‌و کەس پێی شەرم نییە وەکو خاوەن (پیشەی دەستی) ناوی ڕۆیشتبێ، لەوە دەچێ لای چینی سەرەوەی کۆمەڵ، هێشتا هەوری بیرکردنەوەی کۆچەرییان دەربارەی کاری پیشەوەری، نەڕەویبێتەوە.

لەم پیتاك خڕکردنەوەیەدا، خەڵکی نێو بازاڕو ئەهلی کارو کەسابەت، سنورێکیان بۆ بڕی باربوو داناوە (٥٠ ـ ١٠٠) ڕوپییە یان (٤ ـ ٨) پاوەنی ئیستەرلینی. بەڵام هەندێ نوێنەری چینی سەرەوە (ڕەقەمی قیاسی) یان داناوە. سەرەك وەزیران، (٦٠٠) ڕوپییەی داوە، (کەریمی فەتاح بەگ)ی سەرۆکی جاف، (٥٠٠) ڕوپییەی داوە. فەرمانبەرو ئەفسەرەکان هەریەکەیان (١٠ ـ ٢٠) ڕوپییەیان داوە.

(رایس نافعە)، (محەممەد ئاغا)، واتە: (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) وەزیری (ئشغال‌و ئیسکان)، کە پیاوێکی خاوەن زەوی‌و زار بووە دوو ئەوەندەی وەزیری (مەعاریف) (مستەفا پاشای یامولکی) باربووی کردووە.

پیتاك كۆكردنەوەی دووەم

بۆ تێگەیشتنی ڕەفتارو كردەوەی كۆمەڵایەتی پێویستمان بەڕووداوێك هەیە، كە ژمارەیەك تاك‌و گروپ بەشدارییان تێدا كردبێت‌و هەر یەكە بەشێوەیەك جووڵابێتەوەو هەڵوێستی دەربڕیبێت. ئێمە سەرنج‌و تێبینی خۆمان دەربارەی كۆكردنەوەی پیتاك بۆ كرینی مەكینەی چاپ ساڵی ١٩٢٢ نووسی.

چوار ساڵ پاش ئەم ڕووداوە، ڕووداوێكی ڕووناكبیری ـ كۆمەڵایەتی ـ سیاسیی ڕوودەدات، كە دامەزراندنی (جەمعیەتی زانستی كوردان)ە. لەڕۆژی ٣/٤/١٩٢٦ ئاهەنگێك بەم بۆنەیەوە دەگێڕدرێت‌و هەر لەو ئاهەنگەدا گوتار دەخوێنرێتەوەو پیرەمێرد شیعرێك دەڵێت‌و پیتاك كۆدەكرێتەوە:

{امجار كوتنه دست پیشكری اعانه هركه مقداریكی معاونت فرمو (كه اویش بەجوی یكه یكه انوسری)}[٦٠].

كەواتە: ئەم باربووە تەنیا لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە نەبووە، بەڵكو لەناو گەرمەی ئاهەنگێكدا كراوە، كە نزیكەی (٣٠٠) فەرمانبەرو سیاسیی‌و بازرگان‌و ڕووناكبیری كوردو ئەفسەری بریتانی ئامادەبوون. لەناو ئەو ئاهەنگەدا پێشنیاری پارە كۆكردنەوە كراوەو هەر بە بەرچاوی ئەوانەشەوە جێبەجێكراوە. لەشوێن‌و بۆنەی ئاوادا، گروپەكان دەكەونە جوڵانەوەو پێشبڕكێ لەدەربڕینی دەست‌و دڵ باشی‌و گەورەیی‌و بەخشندەیی، كە لەهەل‌ومەرجی جیاوازدا، ڕەنگە لەدەست زۆر كەس نەیەت، ئەگەر بەبەرچاوانەوە نەبێت‌و كەس دیار نەبێت بەشداری لەباربوو، بەگەورەترین‌و برە پارە، نواندنی كێش‌و قورسی كەسایەتی دەوری تاكە لەپەیژەو هەرەمی كۆمەڵایەتیدا. یەكێك دەتوانێ لەسەر كەسایەتی‌و بیركردنەوەی بەشداریكەرانی ئاهەنگەكەو پیتاككەران بنووسێ، من لایەنی سیاسیی‌و بیركردنەوەو هەل‌و مەرجی كارەكەم بەلاوە گرنگ نییە، تەنیا بڕی پارەو شوێن‌و مەقامی كۆمەڵایەتی پیتاككەرانم بەلاوە گرنگەو دەمەوێ لەو

جعزەوە بڕوانمە باروذۆخو پەیوەندی کۆمەڵایەتیو تێگەیشتنی ئەو خەڵکە بۆ ئەرکو فرمانی خۆیان.

زۆرو کەمی پارەی (باربووکراو)، جێگەو مەقامی پیتاککەرانی پیشاندەدات لەناو کۆمەڵدا. بۆیە هەر یەکە لەبۆنەی ئەوتۆدا هەوڵدەدات ناوبانگ بخاتە مەلەو بەرزترین پلەی ڕێز داگیر بکات. پیتاککەر، دەیەوێت بەبەشداریکردن (رەصید)ی خۆی زیاتر بکاتو دەسکەوتێکی (مادی یان مەعنەوی) وەدەستبهێنێت، کە ڕەنگە سەرفکردنی چوار ئەوەندە پارەش، ئەگەر لەشوێنی تردا بێت ناوی ئەوەندە نەدرەوشێنێتەوە.

(ئەحمەد بەگی تەوفیق بەگی تابوور ئاغاسی) (١٨٩٨ ـ ١٩٦٣)، کە ئەو کاتە موتەسەریف (پارێزگار)ی سلێمانی بووە، دەستپێشکەریی لەدامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە کردووە. لەوەدەچێ یەکەمین کەس بووبێت، کە دەستی بەبنباخەڵدا کردبێتو باربووی کردبێت. ناوی ئەو، لەسەرووی ناوی پیتاککەرانەوە نووسراوەو (١٥٠) ڕوپییەی داوە. دووەم کەس (کاپتن لاین)ە، کە ئەو کاتە پشکێنەری ئیداری (موفەتشی ئیداری) بووەو (١٥٠) ڕوپییەی پێشکەش کردووە.

ناوی (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا)، کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکە بوو، لەلیستەکەدا پێنجەمەو بڕی (٢٠٠) ڕوپییەی داوە، ئەمە گەورەترین بڕە پارەی باربووکراوە، کە لەلیستەکاندا بەدی دەکرێت. ئەم وەکو ئاماژەمان بۆ کردووە لەحکوومەتی شێخ مەحموودی حەفید ١٩٢٢، کە وەزیری (نافیعە) تەنیا (١٠٠) ڕوپییەی پێشکەش کردووە. لێرەدا (رقم قیاسی) داناوەو کەس نەیویستووە بیشکێنێ.

لەم لیستەدا، ناوی (شێخ قادری حەفید) بەدی دەکرێت، کە بڕی (١٠٠) ڕوپییەی پیتاک کردووە، کەچی لەساڵی ١٩٢٢دا بڕی (٦٠٠) ڕوپییەی داوە. ئەو کاتە ئەو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (رئیس الرؤساء) بووەو (رقم قیاسی)

داناوەو دیارە بەجوان دانـەنراوە، یـەکێکی بـەقاڵ ڕەقـەمێکی گـەورەتر پێـشکەش بکـات. لەحەملـەی دووەمـی پیتاککۆکردنـەوەدا ئـەو بـڕە پارەیـەی شـێخ قـادری سەرۆك وەزیرانی پێشوو، باربووی کردووە، بۆ شەش یەك دابەزیوە. (حاجی مەلا محی‌الدین) لـەژەمی یەکـەمی پـارە خڕکردنـەوەدا تـەنیا (٥٠) ڕوپییـەی بـاربوو کـردووە، کەچی لەهەڵمـەتی دووەمـدا (١٠٠) ڕوپییـەی پێشکەش کـردووە. دیـارە (حاجی مەلا محی‌الدین) لەجاری یەکەم بەنابەدڵی پیتاکی کردووەو جاری دووەم پتر هاتووەتە پێشەوەو یارمەتی کۆمەڵەی زانستی داوە.

لەلیستی دووەمـدا، کـە جـاران ناوەکـەی لەسـەری سـەرەوەی لیـستەکەدا بـووە، نـاوی ژمـارە (٢٠) (شـێخ قـادری حەفیـد)ە. لـەژێر نـاوی ئـەو، ڕاسـتەوخۆ نـاوی (حەپسەخانی نەقیب) نووسراوەو نیـوەی مێردەکـەی (٥٠) ڕوپییـەی داوە. پـێش (حەپسەخان) نـاوی (گوزیـدە یـامولکی) نووسـراوە، کـە بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی کچان بووە. ئەمیش ناوی لەبن ناوی مێردەکەی (عەزیز یامولکی)دا نووسراوە.

ژن‌و مێرد، هەر یەکە (٥٠) ڕوپییەیان پێشکەش کـردووە. دیـارە ئەمـە جـاری یەکەمـە لـەکۆڕو کۆمـەڵی سـلێمانیدا، ژن بەشـداریی لەچـالاکی ڕوونـاکبیریی ـ سیاسـیدا بکـات. لەوەدەچـێ ژن، بەتایبـەتی ئـەم دوو خاتوونـە لەئاهەنگەکـەدا بەشدارییان کردبێـت. حەپـسەخانی نـەقیب، ئـەو زەمانـە کەسـایەتییەکی زاڵ‌و دەستڕۆیـشتوو بـووەو بـەدووری نـازانم ئـەو لـەوێ بووبێـت. (گوزیـدە یـامولکی) ژنێکی ڕووناکبیرو هۆشیارو نووسەرێکی چاوکراوەبووە. ئەو ڕەنگە بەیەکەم ژنـی (فیمینیست) دانرێت‌و نووسینەکانی جێگەی بایەخ‌و لێوردبوونـەوەو ڕامـانن لـەم ڕووەوە[٦١].

ئەم ژنە لەبن کاریگەرێتی بیرو هۆشیاری‌و ئاگـایی خۆیـدا وەکـو بەڕێوەبـەری قوتابخانەی کچان‌و یەکێك لەوانەی ژیانی فەرهەنگی‌و کۆمەڵایـەتی ئەسـتەمووڵی بینیوە، جگە لەدەوری هاندەرو کارتێکردنی (عـەزیز یـامولکی)، بـەدووری نـازانم

خـۆی دەستپێـشکەری نـەکردبێت بـۆ بەشـداریکردن لـەو ئاهەنگـەدا. هەرچـی (حەپسەخانە) لەوە دەچێ وەکو ژنێکی دەسەڵاتداری خاوەن بڕیارو پەیوەنـدیی و رەنگە لەهەندێ بواردا، پـێش (شـێخ قـادر) کـەوتبێت و دەستپێشکەری کردبێـت. ئەو لەزۆر پیاوی بنەماڵەی شێخان ناسراوترو ناوی لەپێشترە.

دۆزینەوەی ستراکتووری کۆمەڵایەتی

ئەم لیستەیە، سودێکی تری یەکجار زۆری بۆ کۆمەڵناس‌و مێژووی نووسان هەیە. لەم لیستەیەدا وەکو پێشتر باسمان کرد، کارو فرمانی پیتاککەران تۆمار کراون. جگە لەکابینەو گرووپی کاسپکاران، ئاماژە بۆ هەندێ (یەکە)ی بەڕێوەبەرایەتی کراوە:

- کاتب مهندسخانه
- سرمحاسب مالیه
- سرکاتب داخلیه
- رئیس اجرا
- مدیر ایتام
- مدیر طابو
- سرکاتب رسومات
- کاتب دەیك
- مدیر مطبعة
- مأمور تلغراف

ئەم کارانە، پێویستیان بەپێناسەو لێدوان هەیە. ڕەنگە بەشی زۆری وەچەی ئەمرۆ نەزانێ (کاتب دەیك) یان (رئیسی ئیجرا) چی بێت؟

ئەگەر یەکە بەیەکەی ئەم (یەکە) ئیدارییانە ڕوون کرانەوە، ئەو دەمە هەیکەلی حکومەتەکەی (شێخ مەحموود)یش وەکو دامەزراوەیێکی سیاسیی ـ ئیداری لەبەرچاو دەبێت. مێژوونووس‌و ڕووناکبیر، هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە: چۆن دەزگاکانی حکومەتی (شێخ مەحمود) کاریان کردووە؟ ئەگەر بەشێك لەخانووەکانی بەڕێوەبەرایەتی (یەکە) ئیدارییەکان بدۆزرێتەوەو لەسەریان لێتۆێژینەوە بکرێت، ئەوا خزمەتێکی گەورە بەمێژوو

دەبێت. من کاتێك لەسەر ئەم خاڵە دەنووسم قسەیەکی ڕەحمەتی (سەدیقی حەیدەریم) بیر دەکەوێتەوە.

ساڵی ١٩٨٥ چاوم پێی کەوت ولێم پرسی: کابینەی حکومەتی کوردستان (کۆماری مەهاباد) لەکوێ بوو؟ چۆن کاری دەکرد؟

ئەو گوتی: "هەموو وەزیرەکان لەساڵۆنی حیزب دادەنیشتن، هەر وەزیرێك مێزو کورسی خۆی هەبوو. (قازی مەحمەد)یش هەر لەوێ دادەنیشتو مێزو کورسی خۆی هەبوو". ئیدی خوێنەر خۆی دەبێ دامەزراوەی کابینەی کۆماری کوردستان بهێنێتە بەرچاوی خۆیو بەراوردێك لەنێوان ئەم کابینەیەو کابینەی وڵاتی تردا بکات. بەهەرحاڵ، نووسین لەسەر ئینستیتووتسیۆن (مؤسسات) بابەتێکی سەربەخۆیەو لەم نووسینە کورتەدا، دەربارەی بۆرجوازی شارێك، جێگەی نابێتەوە. لێرەدا تەنیا ئاماژەیەکی کورتو خێرا بۆ ئەم دۆخە دەکەم، هەر بۆ هاندانی گۆڕانەنی ئاکاری گۆشە نیگای نووسینو لێکۆڵینەوەی دوا ڕۆژ.

ساڵی (١٩٩٥) سەرێکی ڕەحمەتی (ئەحمەد خواجە)مدا. ویستم یەکەمین جار بەدرشتی هەندێ زانیاریی لێ وەربگرمو پاشان گفتوگۆکە بەڤیدۆ تۆمار بکەم. (ئەحمەد خواجە) پێی ووتم: هەرهەمووت بەڕێکوپێکی بۆ دەنووسمەوە. داخەکەم نەمن پرسیارو وەڵامەکەم تۆمار کردو نەئەویش لەسەر بابەتەکە توانیی شتێ بنووسێ. بەهەرحاڵ من سەبارەت (مؤسسات)ی زەمانی (شێخ مەحمود) پرسیارم لێ کرد، ئەویش وەڵامی دامەوە، کە ناوەڕۆکەکە ئەمەی خوارەوەیە:

(١) سوپا سالار: شێخ قادری حەفید.

لەخانووەکەی (حەمە ئەمین بەگ) بوو. دووسێ ژوور، بوو شەقامی ئۆرزدی.

یاوەریەکەی: (جەمال بەگ جاف) بوو.

(١) **وەزیری داخلیە:** شیخ حەمە غەریب (زاوای شێخ مەحمود).
لەفێرگەی فەیصەلییە ـ (شێخ مەحمودی حەفید)یش لەهەمان بینایە بوو.
یاوەر (عبدالله ئاغای سەرشەقامی) (عبدالله سعید حەمە ئاغای پشتدەری).

(١) **وەزیری مالیە:** کەریم ئەلەکە (رسوماتی کۆدەکردەوە).
یاوەر: ساڵح پاشا.
حەمە بەگی قادر پاشا.
مالییەش هەر لە فەیصەلیە بوو. ئەم فێرگەیە دە ژووری هەبوو.
(١) **وەزیری نافیعە:** حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا.
یاوەر : ماجید مستەفا.
قادر سعید (قالەی ئایشەخان).
(١) **وەزیری مەعاریف:** مستەفا پاشای یامولکی.
بارەگای وەزارەت: لەماڵەکەی خۆی لەصابوونکەراندا بوو، بەرامبەر حەمامی (موفتی) چوار ژووربوو.
یاوەر: رەشید ئەفەندی کابان.

(١) **بانگی کوردستان:** چاپخانەکە، بەرامبەر ماڵی (حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا) لەبەرئەوەی بازرگانەکان گەنمیان شاردبووەوە، (شێخ مەحمود) بڕیاری دەرکرد وەزیری نافعە چاودێری بازاڕ بکات. لەدوکاندارەکان ڕسومات بۆ خەزێنە وەردەگیرا.

پرسیاری ئەوەشم کرد: موچەی وەزیرێك چەند بوو؟

کەریمی ئەلەکە بۆ نمونە موچەی وەرنەدەگرت.

(ساڵح پاشا) موچەی مانگانەی (١٥٠) روپییە بوو.

ئەمە تەنیا زانیارییەکانی (ئەحمەد خواجە)ن. کەسانی تر دەتوانن لەڕێگەی نووسینەوەی ژیاننامەی کەسایەتی جیاجیاوەو لەڕێگەی وەسفکردنی شێوەی کارو بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەکانی ئەو زەمانە وێنەی نوێ پێشکەشی مێژوو بکەن. کاکە (ئازاد عبدالواحد) توانیی لەسۆنگەی ساغکردنەوەی دیوانی (شێخ نوری شێخ ساڵح) زۆر دیکۆمێنت لەنەمان ڕزگار بکات. خۆزگایە ڕووناکبیران پەیڕەوی ڕێبازەکەی ئەویان بکردایەو کاری مێژوونووسیان ئاسانتر بکردایەتەوە.

رووناکبیری بێ پرۆژە، یان پرۆژەی بێ رووناکبیر

دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ لەناو شاری سلێمانیدا، نزیکەی (٧٠٠) ئەفسەرو فەرمانبەرو رووناکبیری لێ بووە، لەم (٧٠٠) کەسە نزیکەی (٤٠٩)یان ئەفسەر بوون. ئەم گروپە لەڕووی بنەماڵەو ئاستی خوێندنو جیهانبینیو بۆچونی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە، ناتەباو جۆراوجۆرو هێترۆگین (HETROGEN) بوون. هەر بەشەیان لەئاوازێکی دەخوێندو لەئاشێکی دەگرد: بەشێکیان پشتیوانی بزافەکەی (شێخ مەحمود)یان دەکردو بەشێکی تریان دژی جوڵانەوەکە بوون. بەشێك هێشتا دەستی لەچاکی کەوای شۆڕی سەڵتەنەتی عوسمانیو پاشان تورکخوازەکان بەرنەدابوو. بەشەکەی تریان هەر هەموو هێلکەکانی لەناو سەبەتەی سیاسەتی ئینگلیز هاویشتبوو.

بەشێکی ئەفسەرو ژەنەڕاڵەکان بیرو باوەڕێکی تێکەڵو پێکەڵیان هەبوو (شاپەرستی ـ سلطنت طلب، ئیسلامی، ناسیۆنالیستی)و بەئەوپەڕی توندی دژی کەمالیستەکان بوون، کەلەسەر پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانیدا هەوڵیان دەدا، دەسەڵات دروست بکەنو هێز پێکەوە بنێن. ژەنەراڵ مستەفا پاشای یامولکی (١٨٦٨ ـ ١٩٣٦) دیارترین نوێنەری ئەم گروپە بوو. ئەو لەحکومەتەکەی (شێخ مەحمودی حەفید)دا، پۆستی وەزارەتی مەعاریفی پێ دراو سەرنوسەری رۆژنامەی (بانگی کوردستان) بوو. ئەو لەو سەردەمەدا پێی وابوو، کەدەبێ کورد لەگەڵ ئینگلیزدا پێك بێت و بەهۆی یارمەتی بەریتانیاوە دەوڵەتی کوردستان دروست بکرێت .

گروپێکی تری ئەفسەران لەجیهانبینیو بیری گروپی ڕووناکبیرەوە نزیکتر بوون، تایبەتی عەسکەریتاری سەربازیو سوپا پێکەوەنانو مەشقکردنو سەنگەر هەڵکەندنو پلانی هێرشو پەلامار... هتد.

ئەمانە وەکو ڕووناکبیران لەناو کۆڕو کۆمەڵدا کاری هۆشیاریو ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی نوێیان دەکرد. ئەمانە لایەنگری گۆڕانکاریی سیاسیی ڕادیکال بوون. لەگەڵ هێزە کۆنە پارێزەکان دانوویان پێکەوە نەدەکولا. ئەمانە لەناو خەڵکدا بە (بەلشەویك) ناویان ڕۆیشتبوو، پڕوپاگەندەی ژەهراویان لەدژ دەکرا.

دەنگوباس هەیە، گوایە مەلایەك فەتوای لەدژیان دەرکربێتو خوێنی حەلاڵ کردبن، جەمال عیرفانو عارف صایب، کە هەردووکیان، بەگوێرەی نەخشەیەك تیرۆر کران، ناسراوترین نوێنەری ئەم تەیارەن. بەم تیرۆر کردنە هێزە کۆنە پارێزو ڕاستڕەوەکان توانیویانە دەمی"چەپڕەوەکان" داخەنو بوار نەدەن کەسی تر ئالاکەیان بەرز بکاتەوە[٦٢].

یەکێك لەو ڕووناکبیرانەی ئەو سەردەمە، کەسەردەمێك لەباڵی (جەمال عیرفان)و (عارف صایب)ەوە نزیك بووەو پاشان هەڵوێستی خۆی گۆڕییەوەو زۆر لە (شێخ مەحمود) نزیك بووەتەوەو جێگەی بڕوای بووە (ڕەفیق حلمی)یە، ئەو بەم شێوەیە لەیاداشتەکانیدا باسی ڕووناکبیرانی کردووە:

((بەلام ڕێکەوتنی تاقمی دەورووپشتی حوکمدارو ئەمانەی تر نەئەگونجاو تاقمی یەکەم لەبەینی حوکمدارو تاقمی دووەمدا لەخەنجەرو دەمانچە دیوارێکی دروست کردبوو. ئەگەر حوکمدار خۆی بیویستایە، ئەم دیوارەی ئەڕووخاندو لەزابتەکانو منەوەرەکان نزیك ئەکەوتەوە. بەلام وەکو ووتوبومان، نەترسان لەدوارۆژو ئازاییو کەم تەرخەمی لەلایەکەوە، (گرێیەکی نەفسی) کە بەرامبەر بەزابیتو منەوەر پەیای کردبوو لەلایەکی ترەوە بەرهەڵستی ئەوەبوو کە شەقێك لەدیواری خەنجەرو دەمانچەکە هەڵداو بیروخێنێو خۆی بگەیەنێتە خوێنەوارە باشەکان. لەناو منەوەرەکانو زابتە کوردەکاندا، بەڕاستی کەسانی باشو نیشتمان پەروەر هەبوون کە هەموویان لەوانە نەبوون کە (شێخ مەحمود) لێیان بسڵەمێتەوە، بەلام وەکو ووتمان (گرێیەکی نەفسی) لەودیو دیواری

خەنجەرو دەمانچەکەوە (شێخ مەحموود)ی ڕاگرتبوو، وەستاندبووی. بەرهەڵستیی هەرەگرنگی نزیکبوونەوەی بوو لەگەڵ زابتەکاندا، ئەمەش گرێیەکی تازە نەبوو.

بەڵکوو ئەو ڕۆژە پەیا بووبوو کە لقی کۆمەڵەی (اتحاد و ترقی) لەسلێمانی دامەزرابوو. ئەو کۆمەڵە، کەبەشی زۆری لەم چەشنە زابتانەبوو کە بووبوون بەهۆی دەرپەڕاندنی نەوەی (کاك ئەحمەد) لەسلێمانی. ئەو دەرپەڕینە کە بەکوژرانی (شێخ سعید)ی باوکی (شێخ مەحمود) دووایی هاتبوو، بووبوو بەهۆی نوشوستیو دەربەدەریو کەساسیو ماڵوێرانییان))[٦٢].

کێشەی بنەڕەتیی ئەفسەرە کوردەکان ئەوە بوو: ئەوان پەروەردەی دەستی دەزگای عەسکەریی دەوڵەتی عوسمانی بوون، نەك پەروەردەی دەستی دەوڵەتێکی کوردی. هەندێك لەم ئەفسەرانە تا دوا هەناسەی ئەم ئیمپراتۆرییەتە ساڵی ١٩٢٣ لەئەستەموول بەدیار کەلاوەی داڕوخاوی ماڵی (پیاوە نەخۆشەکەوە) مانەوە. نەیان دەتوانی ماڵئاوایی لەو خەونە بکەن، کە ژیانی خۆیان بۆ خزمەتکردن لەڕیزی سوپای ئەم دەوڵەتەدا بەسەر بردبوو، ڕەنگە ڕووخانی ئەم ڕژێمەیان بەئەفسانە دانابێ. ئیدی تا دڵنیا نەبوون لەوەی (مانگا مردو دۆ بڕا)و ئەو قەلایەی پاڵیان پێوە دابوو، ڕووخاو دەبێ پاڵ بەقەلایەکی ترەوە بدەن، ئەوان نەگەڕانەوە. بەشێکیان کاتێك گەڕایەوە، کە بەریتانیاو دەوڵەتی عیراق بەڵێنی کارو موچەو ڕێزلێ گرتنی پێدابوون، ئینجا توانیان ڕێگەی (بەغدا) بگرنە بەر، لەئەستەمبووڵەوە بۆ بەغدا.

لەوە دەچێ دامەزراوەی سیاسیی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد، ئەوەندە توانای ڕاکێشانی نەبوبێت، چاوەڕوانیی ئەفسەرو ڕووناکبیران تێربکاتو داواکانیان جێ بەجێ بکات. یەکێك فێری ژیانو ئاوو هەوای شارێکی وەکو ئەستەموول بووبێت، ئاستەمە بۆ وڵاتێکی وێرانو برسیو کاول بگەڕێتەوە.

ئەم نەوەیە لەرووناکبیران، بەبیری ڕۆژئاوایی‌و مۆدێرن‌و زانست پەروەردە کرابوون، ئەمانە بەهۆی دووری لەنیشتمان‌و پەروەردەی نوێ‌و گیانی ڕۆژاواییەوە، هەر بەتەواوی لەگەڵ ژیان‌و نەریتی کوردەواری نامۆ بوون. بەشێك لەمانە ببوونە خاوەن شێوازێکی جیاواز لەئاخاوتندا (زۆر بەکارهێنانی وشەی تورکی‌و عەرەبی‌و ڕۆژئاوایی - میقرۆب - دەفتۆر - ئۆتۆمبێل... هتد) لەجل‌و بەرگیشدا، لەگەڵ ڕەش‌و ڕووتی ئەو وڵاتەدا، هەر زۆر جیاواز بوون (قات‌و بۆینباخ‌و تەربوش‌و سمێڵ قیتکردن... هتد) لەهەڵسوکەوت‌و جوڵانەوەو ڕێکردن‌و چۆنی‌و چاکی‌و هەواڵ پرسیندا، خۆیان لەو خەڵکە گردبووە (خەمیس افندی)ەکەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی):

دەتووت ئەمێ کرابوو بەمەخصوصی قاپییەوان
خۆی کرد بەنێرە تورك ووتی (کیم بلیری سزی)؟

پێم ووت: منم کەسەکەم مامە شێخ ڕەزا
(تانمزمیسن، خومیس ئەفەندی، مەگەبزی)؟[٦٤]

گرنگ نییە داستانەکەی (شێخ ڕەزا)و[٦٥] (شێخ محەممەد عەلی)و برازاکەی ڕاست بێت یان ناڕاست. دیاردەی نامۆ بوون ENTFREMDUNG کە بەرجەستە کراوە، شەپۆلی پەپوولەی سەرنج بۆخۆی ڕادەکێشێ، ئەم رووناکبیرانە لەناو کۆمەڵدا (وەکو گای قەشە) لەبەرچاو بوون. ئەمانە لەناو جیهانی ئەندێشەو خەوندا دەژیان، بەکردەوەو قسەو جل‌و بەرگ، لەدۆڵێکدابوون، بەشەکانی تری بۆرجوازیش لەدۆڵێکی تر. ئەمانە نەیان دەتوانی دیواری نێوان خۆیان‌و خەڵکی بڕوخێنن‌و تێکەڵاویان بن. نەیان دەتوانی بەرژەوەندیی ناوکۆیی

لەگەڵ بازرگانو کاسبکاراندا بدۆزنەوەو ئەمان ببنە دەمڕاستی ئەوان. بەگشتی ئەمانە، لەڕووی تێگەیشتنو نزیکییەوە لەهێزی داگیرکەری بەریتانیاوە نزیکتر بوونو دەیانتوانی هاریکاری بکەن تا بەشەکانی تری چینەکەی خۆیان. کاتێك سلێمانی لەلایەن هێزی ئاسمانی بەریتانیاوە بۆمباباران کراو هێزەکانی (شێخ مەحمود) ناچاری شار چۆلکردن کران، ڕووناکبیران، نەیانتوانی هیچ دەستپێشکەرییەك بکەن. ئەوان گەر بڕوایان بەڕزگاریو سەربەخۆی بوو، بەبێ بەکارهێنانی زەبرو زەنگ یان خەباتی چەکداری دەبا هەوڵدەن، بەڕێگە ئاشتییانە گوشار بخەنە سەر بەڕێوەبەرایەتی داگیرکەر، دان بەمافەکانی گەلی کوردا بنێن، یان هیچ نەبێ بەشێك لەداواکارییەکان جێبەجێ بکات. لەوە دەچێ وەچەیەك لەڕووناکبیران کەوتبنە بن کارتێکردنی بیروڕای مێژونووس (ئەمین زەکی بەگ). ئەو ئامۆژگاری لاوانی بەوە کردووە کە سیاسەت کارێکی بێ هودەیەو باشتر وایە، بیرو هۆشی خۆیان بدەنە فێربوونو زانست.

نەوەی بنەماڵەی ئۆرۆستۆکراتی

هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، تەنیا ڕوداوێکی سیاسیی ـ سەربازیی ڕووت نەبوو. دەوڵەتێکی مەزن لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان سڕایەوەو لەجێگەی ئەودا کۆمەڵە دەوڵەتێك لەسەر خاکەکەیدا قووت کرانەوە، کە خۆیان بەدەوڵەتی (ناسیۆنالستی) دادەنا. ژمارەیەك دامەزراوەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی کۆن داڕووخانو کۆمەڵێکی تر هاتە پێشەوە. ئەم گۆڕانکارییە ناوچەی سلێمانیشی گرتەوە، دەسەڵاتی میرانی بابان لەخۆ خوارکردنەوەو پوچەڵ بوونەوە بوو. ئەوان لەناوەڕاستی سەدەی ١٩ دەسەڵاتی سیاسیی ـ سەربازییان دۆڕاند، دەسەڵاتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیشیان بەرەبەرە بۆ دەست بنەماڵەی شێخان جێگۆڕکێی کرد.

نەوەی میرانی بابان، پاش نزیکەی ٧٠ ساڵ لەهەرەسی میرنشینەکەیاندا، ئەوەندەشیان لەتواناد نەبوو داواکاری سیاسیی، گەڕانەوەی میرایەتی بخەنە ڕوو. ئەوان، هەموو داوو دەزگاو دامەزراوی سەردەمی بابانیان لەدەست چووبوو. لەناو کۆمەڵانی خەڵکیشدا، هیچ بنکەو بنەمایەکیان نەمابووەوە، لەڕووی ئابووریشەوە ئەو ژمارە کەمەی کەسایەتی سەر بەو بنەماڵەیە هیچ کێشو قورساییەکی ئەوتۆیان لەچاو گروپەکانی تردا نەمابووەوە. گەر موڵكو زەویو زاری کەسایەتییەکانی سەر بەم بنەماڵەیە بۆ نمونە (عەزمی بەگی بابان) لەگەڵ یەکێکی بنەماڵەی شێخاندا بەراورد پێ بکرێن، تای تەرازووی لایەنی دووەم بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ. بێگومان دەیانتوانی جوڵانەوەیەکی سیاسیی پێك بهێننو خەڵك بۆ (پرۆژەیەك) خڕ بکەنەوە، بەڵام کەسیان مۆتیفو ئارەزووی ئەوەی نەبوو، بۆ (شانازی ناوو سەروەری مێژوویی باو و باپیران) کارێك بکاتو ڕێگەی ماندوو بوون بگرێتە بەر. ئەمان پێیان باش بوو، چارەنووسی خۆیان لەگەڵ چارەنووسی دەوڵەتێکدا گرێ بدەنو هەوڵ بدەن، بەپەیژەی کارو پلەی

حوکومەتیدا سەربکەون. ئەمانە بەگشتی لەکەلەپووری میرایەتی باوو باپیران‌و زمانی دایك ئەوەندە دوور کەوتبونەوە، بۆئەوەی لەکوردێك تێ بگەن یان بەتورکی‌و عەرەبی قسە بکەن یان پەنایان بۆ وەرگێڕ دەبرد، بۆئەوەی لەکورد تێبگەن، (بۆ نمونە حەمدی بەگی بابان، کە ئینگلیزەکان دەیانویست ئەرکێکی سیاسیی گەورەی پێبسپێرن، پاشان پاشگەزبوونەوە).

ئێمە ئەگەر سەیری مێژووی ئەم سەردەمە بکەین، بەتایبەت سەرچاوە ئینگلیزییەکان، بەرامبەر ناوی بابانەکان لە دوو کەوانەدا نوسراوە (بەعەرەب یان بەتورك بووە). ئەمانە هەر بەڕاستیش وا بوون: نکوڵی مافی کوردیان دەکردو لەریزی ئەواندا نەبوون، لەسەر داواکردنی مافی کورد سوور نەبوون، چونکە بەرژەوەندییان لەگەڵ بەرژەوەندی داگیرکەراندا گرێدابوو. هەر بۆ نموونە یەکێکی وەك (ئیسماعیل حەقی بابان) (١٨٧٦ ـ ١٩١٤)، کە قانونی‌و ڕۆژنامەنووس بووەو بەیەکێك لەسەرکردەکانی (اتحاد و ترقی) دادەنرێت، ساڵی ١٩٠٨ پۆستی وەزیری (مەعاریف)ی[٦٦] لەدەوڵەتی عوسمانیدا پێسپێردرا. ئەو لایەنگری ئەوە بووە کە دەوڵەتی عوسمانی وەکو دەوڵەتێکی دەستوری بمێنێتەوەو رێگەش نەدرێ بزوتنەوە ناسیونالستییەکان سەر بەرز بکەنەوە، ئەو بەروونی لە (ڕۆژی کورد)دا بیروڕای خۆی نووسیووە: ((واتە بۆ یەکێتی ئیسلام‌و سەرکەوتنی دەبێ دەستورێکمان هەبێ، ئەو دەستوورەش بەرایی موسوڵمانەتی، دواتر عەرەب، تورك، کورد، یا عەجەم))ە. لەکۆتایی وتارەکەیدا دەنووسێت: ((لەبەرئەوە بۆ کورد وەکو لەهەموو نەتەوە ئیسلامەکاندا هەیە پڕۆگرام بەم جۆرەیە: (یەکەم ئیسلام، دوایی کورد، بەمە دەبێ ئیسلامەتی خزمەتی کوردایەتی بکاو هەستی بیری دینداری لەناو کوردا بەهێز دەبێ‌و خزمەتی ئیسلامییەتی‌و کوردایەتی بکا[٦٧]))

لەنێوان ساڵانی ١٩٢١ ـ ١٩٥٨دا واتە لەسەردەمی مەلەکی لەعیراقدا، ژمارەیەك لەبنەماڵەی بابان پلەو پایەی حکومەتیی گرنگیان پێدراو تەنانەت بوونە وەزیرو سەرۆك وەزیرانیش. (ئەحمەد موختار بابان) (١٩٠٠ـ ١٩٧٦)، کە دوا سەرۆك وەزیرانی سەردەمی مەلەکی بوو لەعیراقدا، ئەمیش یەکێك بووە لەوانەی گەر سەرچاوەیەك بەئینگلیزی لەسەری نووسیبێت، بەتەنیشت ناوەکەیەوە نوسراوە (Arabized Kurd). ئەمرۆ بابانەکان نەوەکو تاكو نەوەکو گروپ، بەڵکو لەڕووی سیاسییەوە، دەورێکی ئەوتۆیان نییەو وەکو هاوڵاتییەك ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر دەبەنو هیچ شوێنەواری (دەسەڵاتو دەوڵەمەندی) لەئاسۆی کۆمەڵایەتی ئەواندا بەدی ناکرێ، ئەوانە نەبێت، بەمێشكو بازووی خۆیان پلەی ئابووریو ئیداریی باشیان وەدەستهێنابێت.

گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تر، کەجاران هاوپەیمانی میران بوونو بەبەشێك لەچینی ئەرۆستۆکراتی میرنشین دادەنران وەکو: بنەماڵەی مەسرەف (مصرف)و بنەماڵەی ساحێبقڕان (صاحبقڕان). ئەمانە لەوە دەچێ وەکو بابانەکان (میران) توشی گرتنو گواستنەوەو دورخستنەوە نەبووبن. پاش یەکەمین جەنگی جیهانیش نەخرانە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە. ناویان لەچالاکی سیاسیی ـ نەتەوەیی ـ ڕزگاریدا دیارەو تاڕادەیەك لەناوەندی بزافەکەوە زۆر دوور نەبوون، هەروەکو لەلاپەڕەکانی پێشوتردا باس کرا. لەبنەماڵەی مەسرەف (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) (١٨٨٧ ـ ١٩٦٢)[٦٨] کە یەکێك لەکەسایەتییە ناسراوەکانی شار بوو. لەحکومەتی (شێخ مەحمود)دا پۆستی وەزیری وەرگرت، بەڵام لەحکومەتی عیراقدا هیچ پۆستێکی ڕەسمیی نەبوو. لەبنەماڵەی ساحێبقڕاندا، (حەمدی شاعیر) (١٨٧٦ ـ ١٩٣٦)[٦٩] پۆستی وەزیری گومرگو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بوو. هەڵوێستی (حەمدی) لەحکومەتی (شێخ مەحمود)دا دوو لایەنی هەیە، جارێکیان هی ئەوکاتەیە کە شێخ لەتاراوگە بووە، پاش گەڕانەوەی (شێخ

مەحموود) لەدەرەوەی وڵات هەڵوێستێکی ڕەخنە گرانەی توندی هەبووە: (باسی تەشکیلاتی ثانی هەر ئەکەم هەر بۆ پێکەنین)، کە لەهەمان بنەماڵەدا (ساڵح زەکی ساحێبقڕان)یش پۆستی وەزیری بەرگری وەرگرت. لقێکی بنەماڵەی قەواس، کە بەبنەماڵەی تابوور ئاغاسی (طابورآغاسی) ناسراون، کەئەمانەش لەگەڵ بنەماڵەی میرەکانی باباندا هاوپەیمان بوون. ئەمانە، پاش ڕوخاندنی میرنشینی بابان ڕەوانەی تاراوگە کران. ئەمانە، لەگەڵ (شێخ مەحمودی حەفید)دا نێوانیان زۆر باش نەبووە. (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی تابوور ئاغاسی)، لەنێوان (١٩٢٥ ـ ١٩٣٠) موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی بوو. (ئەحمەد بەگ) دەیویست هەوڵی بوژاندنەوەی سامانی ڕووناکبیریی گەلی کورد بدات، ئەم هەوڵو تەقەلایەی ئەو، لەگەڵ بۆچونی بەشی دەوڵەمەندی بۆرجوازیی کورد دەگونجا، کەپێیان باش بوو، کورد لەپەنابردنەبەرو بەکارهێنانی زەبرو زەنگ خۆی دوور بخاتەوە. تەنیا لە ڕێگەی پەرەپێدانی خوێندەواریو زیندووکردنەوەی ئەدەبو زمانو مێژووی کوردەوە، دەتوانرێ (نەتەوەی کورد) بەرەو پێشەوە ببرێت. ئەم هەوڵو تەقەلایە، ئەگەرچی خێرا بەرهەمی بەدەستەوە نەداوە، بەڵام کاری خۆی کردووەتە سەر گەشەکردنی بزوتنەوەی سیاسیو ڕووناکبیری لەساڵانی پاشتردا.

مستەفا پاشای یامولکی

سلێمانی (١٨٦٨ ـ ١٩٣٦)، پلەی (میرلوا) لەسوپای عوسمانیدا، سەرۆکی جەمعیەتی کوردستان ١٩٢٢، ڕەئیسی مەعاریف (وەزیری مەعاریف) لەحکومەتی (شێخ مەحموودی حەفید)دا ١٩٢٢، خاوەن ئیمتیازو بەرپرسیارو سەرنووسەری ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) بووە.

مستەفا پاشا، بەوەچەی یەکەمی بیری نەتەوەیی کورد دادەنرێت. ئەم وەچەیە بەشێوەیەکی گشتی بڕوای بە ڕزگارکردنی کوردستان بوو، بەیارمەتی هێزێکی دەرەکی (ئینگلیز)و پشتبەستن بەهێزی عەشایریو خەڵکی ناودارو خاوەن دەسەڵاتی کۆمەڵو بایەخ نەدان بەخستنەگەڕی هێزو توانای جەماوەر لەڕووی ڕێکخستنەوە. هەرچەند ئەو دەستپێشکەریی کردووە بۆ دامەزراندنی کومەڵەیەك، بەڵام ئەم ڕێکخستنە، کاتیو لاوازو کز بووەو هیچ دینامیکییەکی بۆ کۆکردنەوەی خەڵك نەبووە.

مستەفا پاشا، بڕوای بەپان ئیسلامیزم هەبووە کە لەسێبەریا گەلی کورد بەمافی ڕەوای خۆی بگات (ب. ك. ژ. ١٢)، ئەمەش هۆیەکی گرنگ بووە بۆ دوژمنایەتی کردنی (جەمعیەتی اتحاد وترقی)و پاشان جوڵانەوەکەی کەمال ئەتاتورك (ب. ك. ژ. ١٠). ئەو هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووە کە لەناو حکومەتەکەی (شێخ مەحمود)دا بووەتە دەمڕاستی باڵی لایەنگرانی ئینگلیزو هەوڵی تێکشکانی باڵی لایەنگرانی تورکی داوە (جل خوارەکان)، بەبێ ئەوەی لەدەوری کۆلۆنیالیستیی ئینگلیز تێبگات. ئینگلیز، (چاوی لەتەقو تۆقی گوێزی هەورامان نییەو یاحەسرەتکێشی دووکەڵی تونی بابان بێت) (ب. ك. ژ. ١٤) (هەموو کەس سیاسەت نازانێت، ئاە ئەگەر بەئینسافی گوێیان لەمن بگرتایە! محەبەت بریتانیامان لەدەست بەرنەدایە!!) (ب. ك. ژ. ١٤) (هەر حکوومەت فەخیمەی بریتانیایە،وقوم ئازاد ئینگلیز کە ئازادی خۆ کرد کردنەوەی کوردانی

لاپێویست بێت‌و هەر ئەوە معاوەنەت کوردستانی پێ بکرێ‌و لەظرف دو ۳ سەعاتدا بەئیمدادی مەزلۆمانی کوردانا بگا) (ب. ك. ژ.١٤)، گوایا بەریتانیای گەورە، حەزی لەدراوسێیەتی‌و خێرخواهییەو بەرژەوەندی ئینگلیز لەهندستانە، نەك لەکوردستان.

مستەفا پاشا، لەگەڵ نوێنەرانی تری وەچەی یەکەمی بیری نەتەوەیی کە میرو شێخ‌و ئەفسەری گەورە ـ لەوڵاتانی تردا مەلیك شازادەکان ئاڵا هەڵگری بوون، تەنیا ئاوێزانی بیری یەکگرتنەوەی نەتەوەیی‌و پشت گوێ خستنی سەربەستی‌و ئازادی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوون. ئەو بەچاوێکی ڕەخنە گرانەوە سەیری کۆمەڵی کردووەو ناڕەزایی خۆی لەپەیوەندییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا دەربڕیوە. ڕەخنە گرتن لەدواکەوتنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و گیانی پارچەپارچەیی‌و تەسك بینی‌و هەست نەکردن بەپێویستی پێشکەوتن بۆ ئاستی گەلانی تر. لەم ڕووەوە ئەو درێژەی بەرەوتی بیرکردنەوەی (حاجی قادری کۆیی)و تێڕوانینی سیاسیی ڕۆژنامەی (کوردستان) داوە. (ڕەفیق حیلمی) ئاماژەی بۆ دوو خاڵی گرنگ کردووە سەبارەت بەکەسایەتی‌و هەڵوێستی (مستەفا پاشا)، کە بەووردی‌و ڕوونی سروشتی ڕووناکبیری ناسیۆنالیستی کورد لەم سەردەمەداو شێوەی بیرکردنەوەو هەڵکەوتنیان لەکۆمەڵدا دەردەخات:

یەکەم: (مستەفا پاشا)ی ڕەئیسی جەمعیەتی کوردستان بەتەرکەن خۆی لەجەمعیەت نە ئەگەیاند. ئەویش بەچەشنی کوێخاو ئاغاکان شوێن (شێخ قادری حەفید) کەوتبوو، لەگەڵ ئەودا خەریك بوو (ل ٥١٠).

دووەم: لای کوردە خوێنگەرمەکان‌و نیشتمان پەروەرەکان، ئەوەندە جێی متمانە نەبوو. جلخوارەکان بەپیاوی ئینگلیزیان دەزانی‌و زۆریان ئەبوغزاند. لەمانە، جێی داخە زمان ناڕەحەتیی خۆی بوو. لەو ڕۆژەوە کە گەڕایەوە سلێمانی ناوو شورەتێ کە لەدەرەوە هەیبوو ڕووی کردە کزی. شێخ‌و مەلاو توجارو

کاسبو خوێندەوار هەموو دەستەو پۆلەکانی شاری سلێمانی هەریەکەی بەجۆرێ لەخۆی زیز کردبوو یان تۆراندبوو. واتە ڕەوشێکی وای نەگرتبوو کە خەڵکی سلێمانی بباتە پێشەوە.

هەرچەند (میر لوا) (یەکی ئەرکانی حەرب) بوو، بەڵام خۆی وا نەئەنوان خاوەنی زانستێکی (ثقافة) بەرز بێو بەتەنگ (لاسایی)یەکانی کۆمەڵایەتییەوە نەبوو (ل. ٤٩١ ـ ٤٩٢).

جیهانێ نامۆییو واقیع هێندەی لای ئەو لەیەکەوە دوور بوون، کە نەیتوانیوە ئامرازێك دروست کات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی خۆی کە لەبەرچاوی گرتوون. پەیوەندی کۆمەڵایەتیشی لەئاستێکی زۆر جیاوازدا بوو لەچاو پەیوەندی کۆمەڵایەتی ژیانی ڕۆشنبیریی ئەستەمبووڵ لەو کاتەدا، داوودەزگای سیاسییو کۆمەڵایەتیش لەبارێکی تردا بووەو بۆیە بەو شێوەیە وەتەق کەوتووەو تەنگی پێ هەڵچنراوە.

تەنیا بەشێکی ئەو سەرچاوانەم دەستنیشان کردووە، کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مستەفا پاشا پێویست بوون:

سەرچاوەکان:

١ ـ ژمارەکانی بانگی کوردستان، (کۆکردنەوەو لەسەرنووسین) جەمال خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٤. ٢ ـ ڕەفیق حلمی: یاداشت بەشی دووەم ، چ ٢٠، هەولێر ١٩٨٨. ل. ٤٨٦ ـ ٦٣٧. ٣ ـ هەندێ لەمەترووکەکانی حاجی مستەفا پاشا، ١٩٥٦، بەغداد، دار المعرفة. ٤ ـ د.کمال مظهر احمد: وەزیر معاریف حکومه الشیخ محمود. مؤسس (جمعیه کردستان)و صحیفه (بانکی کردستان)، (التآخي) ٢٨ کانون الثانی، ١٩٧٤. ٥ ـ ابراهیم باجلان: مصطفی پاشا یامولکی. صحفیاو سیاسیا، جریده العراق، ع ٢٤١٣، (٩ کانون الثانی ١٩٨٤). ٦ ـ هاوار: حاجی مستەفا پاشای یامولکیو سمایل خانی شکاك (سمکۆ)، مامۆستای کورد، ژمارە (٩٩، ٨٩، ٨).

تێبینی:

جێگەی داخە، کەمن تەنیا بەشێکی زۆر کەمی ئەم سەرچاوانەم بەردەست کەوتووەو هەلم نەبووە زانیاری وورد تری لەسەر بنووسم.

محەمەد ئەمین زەکی

(١٨٨٠ ـ ١٩٤٨) ڕوشدیەی عەسکەری ـ سلێمانی/ ئامادەیی سەربازی ـ بەغداد/ قوتابخانەی حەربیەی ـ ئەستەمبووڵ/ دوا پلەی لەسوپای عوسمانیدا (معاونی رئیس ئەرکان حرب) بووە. تا ڕۆژی ١٩٢٤/٧/٢٤ لەشاری ئەستەمبووڵ ماوەتەوەو هەر لەوێوە بۆ بەغداد گەڕاوەتەوە، هەمان پلەی عەسکەری لەسوپای بەغدادا وەرگرتووە، لەسەرەتادا بووە بەفەرماندەی فێرگەی عەسکەری (آمر المدرسة العسكرية). بەشداری لەڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کردووەو ژمارەیەك کتێبی لەسەر مێژووی ئەو ڕووداوانە نووسیوە، لەپەرلەمانی عیراقدا نوێنەری شاری سلێمانی بووەو ماوەیەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان بووە، لەساڵی ١٩٢٥ تا ساڵی ١٩٤٢ یازدە جار پۆستی وەزارەتی وەرگرتووە، وەکو وەزارەتی بەرگری‌و وەزارەتی مەعاریف... هتد.

(محمد امین زەکی بەگ) کوڕی (حاجی عبدالرحمان محموود)ە، حاجی ئەو رەحمان، بازرگانی تووتن بووەو بارو دۆخی ژیانی دارایی باش بووە.

(ئەمین زەکی بەگ) لەدووڕووەوە لەمێژووی کورددا دەورێکی بنەڕەتی بینیوە: ئەگەر شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣ ـ ١٦٠٤) بەباوکی مێژووی کورد دانرێت، ئەوە مامۆستا (ئەمین زەکی) باوکی مێژووی نوێیە، ئەم ڕێچکەی نووسینی مێژووی شکاندووەو بەکوردی مێژووی نوێی کوردو کوردستانی نووسیوە، ئەمیش وەکو (شەرەفخانی بەدلیسی) لەگۆشەنیگای کوردبوونەوە مێژووی خوێندووەتەوەو مێژووی خۆی تۆمار کردووە، بەنووسینەکانی گیانی خۆ بەکورد زانینی بوژاندووەتەوە، لەناو جیهانێکدا شەپۆلی تەپ‌و تۆزی ((عوسمانی بوون))و ((تۆرانیچێتی))و ((یەکێتی ئیسلامی))و عەرەبی (عروبە) مێشکی ڕووناکبیرانی داپۆشیبوو.

ئەم گیانی کورد بوونی بوژاندووەتەوەو چالاکانەو زانستیانە کوردی پێناسە کردووەو ناسنامەی بەهۆشیاریو بەئاگاهاتنەوەی سیاسییەوە گرێدراوە، ئەو بەشێوەیەکی مۆدێرن مێژووی کوردی نووسیوەتەوەو پشتی بەسەرچاوەی ڕۆژاواییو ڕۆژهەڵاتی بەستووەو سەرچاوەی (خۆماڵی) پشتگوێ خستووە بۆ نموونە: بەڵگەنامەو دەستنووسو لێکۆڵینەوەی مەیدانیو ئەژمارو گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی خۆیان لەڕووداوەکاندا ژیاون، سوودی وەرنەگرتووە. ئەم لەگەڵ شەرەفنامەدا پردی بەردەوامبوونی دروست کردووەو ناسنامەی کوردی بۆ ئاست ناسنامەی گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرز کردووەتەوە. کڵپەی ئەو ئاگری هۆشیاربوونەوەیەی ئەو دایگیرساند، تا ڕۆژی ئەمڕۆ هەر بەردەوامە.

زانای مەزن (ئەمین زەکی) پیاوێکی سیاسیی گەورەی کورد بووە، بەڵام لەئاگری جووڵانەوەی سیاسیی چەکدارەوە دوور بووەو بەهیچ شێوەیەك بەشداری تێدا نەکردووە، لەبیستەکانو سییەکانی سەدەی ڕابووردوودا کێشو قورساییو کاریگەرێتی، ڕێکخراوەییو حیزبی هێندە ڕەسیوو پێشکەوتوو نەبووە کە ئەم خۆی لێیان نزیك بکاتەوە، یان ئەوان هەوڵی نزیك بوونەوە بدەنو سوود لەئەزموونی زانستیو سیاسیی ئەو وەربگرن.

ئەو دیارە لەو بابەتە سیاسییانە بووە، کە بەحوکمی کاری عەسکەریو تێکەڵاوبوونی داوو دەزگای سەربازی لەگەڵ کاری دەوڵەتیدا ئاشنایەتی پەیدا کردووەو ڕاهاتووە. ئەو لەماوەیەکی زۆر کەمدا، لەسۆنگەی بەهرەو زانیاریو پلەی سەربازیی خۆیەوە، توانیی لەناو هەیکەلی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عیراقدا جێگەی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەو لەو بابەتانە نەبووە کە بەرژەوەندی خۆی لە سەرووی بەرژەوەندیی گەلەکە دانێ، بەپێچەوانەوە، هۆڵی پەرلەمانی کردووەتە هۆڵی دادگاییکردنو داکۆکی لەمافە ڕەواکانی گەلی کوردو تاوانبار کردنی ڕێبازی

سیاسیی‌و جیاوازی فەرهەنگی‌و پەروەردەیی‌و زیانی بۆ داهاتووی عیراق، بەڕوونی خستووەتە بەرچاو.

ئەو بەهۆی شارەزایی لەزمانی تورکی‌و ئینگلیزی‌و عەرەبی‌و فارسی‌و کوردی‌و جێگای زۆر نزیکی لەناوەندی دەسەڵاتەوە، لەسەر چاوەکانی زانیاری‌و دەنگوباس (Information)ەوە نزیك بووە. ئەو بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی کورد (پشتی بەتوصیاتی عصبە الامم)و بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران‌و ڕێکەوتننامەکانی عیراق‌و بەریتانیا بەستووە. نامەی هۆشیارکردنەوە بۆ سەرۆك وەزیران‌و مەلیك فەیسەڵی یەکەم‌و موعتەمەدی سامی بەریتانی نووسیوە.

(ئەمین زەکی بەگ) بەفاکت‌و ژمارەو ئامار (ستاتیستیك: احصاء) سەلماندویەتی ڕێبازی سیاسیی‌و کورتبین تەسکبینی تایفەگەری، زیان بەبەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دەگەیەنێ‌و بۆ داهاتووی دەوڵەتی عیراقیش کێشەی زۆر قورس پەیدا دەکات. لەم ڕووەوە ڕەنگە مێژوونوسی گەورە، یەکەمین کەس بێت کاربەدەستانی بۆ ناڕاستیی سیاسەتی بەعەرەبکردن (تعریب) هۆشیارکردبێتەوە. یەکەمین کەسیشە بەزمانی یاسایی ماف گەلان، ماف ڕەوای گەلی کوردی بەرچاو خستبێت.

گرنگترین بەرهەمەکانی ئەمین زەکی :

- خولاسەیەکی تأریخی کوردو کوردستان ج١، ج٢، بەغدا، (١٩٣١و ١٩٣٧).
- تأریخی سلێمانی ولاتی ١٩٣٩.
- دوو تەقەلای بێ سوود، بەغدا ١٩٣٥.

بریا سەرجەم نامەو ڕاپۆرتو گوتارەکانی کۆکرێتەوەو هەر هەمووی پێکەوە چاپ بکرێتەوە، چونکە ئاوێنەی قۆناغێکنو بۆ ئەمڕۆی خەباتی گەلی کورد سوودیان هەیە. (ئێستا بنکەی ژین) قۆڵی لێهەڵماڵیوەو سەرجەمی بەرهەمەکانی (ئەمین زەکی بەگ) لەچەند بەرگێکدا بڵاو دەکاتەوە.

جەمال عیرفان

شاری سلێمانی (١٨٨١ ـ ١٩٢٢/١٢/١٢) ڕوشدییەی عەسکەری، ئەفسەر، پلەی ئەرکان حەرب لەسوپای عوسمانیدا، ساڵی ١٩١٩ فەرماندەی هێزی سوارە بووە/ مودیر ناحیەی مەرگە/ ئەندامی مەجلیس ئیدارەی سلێمانی ١٩٢١/ ڕێکخراوی سیاسیی دروست کردووە بۆ ئەوەی گوشاری سیاسیی بۆ سەر دەسەڵاتدارانی بەریتانی بەهێز بکرێتو ناچار بکرێن (شێخ محموودی حەفید) لەتاراوگە ئازاد بکەن. پێش یەکەم جەنگی جیهانی، دووساڵ لەئەڵەمانیادا دەورەی سەربازی بینیوە، وەکو نوێنەری کورد، بەشداری لەکۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵاتیدا کردووە، کە لەلایەن لێنینەوە سەرپەرشتی کراوە.

جەمال عیرفان، کوڕی مەلا عەبدوڵڵا عیرفانە (ساڵی مردن: ١٩١٤). باوکی پیاوێکی خوێندەوارو ڕووناکبیر بووە، لەماڵەوە دەزگای (اسطرلاب)ی بۆ کاروباری فەلەکناسی دروست کردووە. هێزە ئایینییە چەکدارەکان چەندین جار چوونەتە سەری‌و ویستوویانە بیکوژن. لەقوتابخانەی ڕوشدیە مامۆستا بووەو پاش خۆی شیعرو نووسینی بۆ بەجێ هێشتووین/ سێ کوڕو چوار کچ/ کوڕەکان: ئەحمەد کەمال‌و جەمال عیرفان‌و عەلی عیرفان‌و کچەکانی حەپسەو کامیلەو نائیلەو حەبیبە. کچ‌و کوڕەکان هەموو خوێندەواری باش بوون. جەمال عیرفانیش کوڕو کچێکی لەدوا بەجێ ماوە عادیل‌و جەمیلە. یەکەمین کەسە لەنێو کورددا لەسەر بیروباوەری سیاسی تێرۆرکرابێت. دووەمین کەسیش شاعیرو نوسەر عارف صائیبە (١٨٨٩ ـ ١٩٢٣) هەردووکیان خزمن‌و کاتی کوشتنەکەیان لەیەکەوە نزیکەو ڕەنگە هێزی تیرۆرکەریش هەر هەمان هێز بوو بێت.

ئەو سەردەمە بەریتانیاو تورکیا، لەسەر دابەشکردنی سنوری ناوچەی دەسەڵات، لەبارودۆخی شەڕو پێکدادان‌و ململانێدا بوون. هەردوولا ویستویانە

دەسەڵاتی سەقامگیر نەبووی کورد، بکەنە مقاش‌و داردەست بۆ جێبەجێکردنی ئامانج‌و بەرژەوەندیی خۆیان.

جەمال عیرفان، لەگەڵ هەردوو بەرەکەدا نەبووەو بەربەرەکانێی کردوون. لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانیشدا دانووی نەکولاوەو ڕەنگە ئەمەش هۆیەك بێت، بۆئەوەی لەهەموو لایەکەوە بە (بۆلشەویك) ناوی ڕۆیشتبێت. هێزە تورك خوازەکان، لەکاتی ڕوودانی تیرۆرەکەدا، لەحکومەتەکەی شێخ مەحموددا ئەوپەڕی دەسەڵاتیان هەبووە و وپەلاماری ڕووناکبیرانیان داوە.

بەگوێرەی قسەی رەفیق حیلمی دەبێ هێزە ئایینییەکان کۆبونەوەیان کردبێت‌و فەتوای ئیعدام کردنیان دابێت‌و لایەنێکی سیاسی - چەکداریش ئامرازی جێبەجێکردنی فەراهەم کردبێ.

ڕەنگە (جەمال عیرفان) یەکەمین کوردبێت کە بەزمانی فاکت‌و ژمارە نووسیبێتی. وەکو بەلگەی ڕاستیی بۆچوونێك، ئەو پێشنیاری کردووە کە پرۆژەی پیشەسازی دابمەزرێنرێت، بۆئەوەی شێوەی ئابووری بازرگانی بگۆڕێت، چونکە ئەم جۆرە ئابوورییە قازانجەکەی یەکجار کەمە، لەچاو پرۆژەی پیشەسازی مۆدێرندا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیانی توتنەوان‌و بازرگانی کورد لە بازنەی بازرگانی کوردو بازرگانەکانی بەغدا، کە ڕەنگە تا ئەمرۆش کاریگەرێتی هاوکێشەکە وەکو خۆی بێت:

سالانە لەشاری سلێمانیدا پانزە هەزار بار تووتن بەبەغدا فرۆشراوە. ئەم توتنە بایی (١,٠١٢,٥٠٠) ڕوپییە بووە، چونکە وەکو کەرەستەی خاو فرۆشراوە.

ئەو پێی وابووە ئەگەر تەنها (٥٠٠٠) بار تووتن بەبەغدا، پاش پرۆسەی پیشەسازیکردنی بفرۆشرێت، ئەوا (١٢,٠٠٠,٠٠٠) ڕوپییە دەکات. (دوانزە ملیۆن ڕوپییە). ئەو دەنووسێ: ئەگەر بەنرخی جگەرەی تورکی یان ئۆرپیشی نەفرۆشرێت، بەلکو بە ٢٥٪ نرخی ئەوان بفرۆشرێت، هەر ئەو پێنج هەزار بارە

نزیکەی سێ ملیۆن روپییە دەکات، ئیدی لەم هاوکێشەیەدا ڕادەی زیانو هۆی تێکشانی ئابووریی کوردستان دەردەکەوێ.

لەبەشێکی تری نووسینەکەیدا، هانی خەڵك دەدات کە کۆمپانیای هاوبەش (شرکە مساهمە) دروست بکرێت.

پێش ئەو ڕەنگە بە دە ساڵیش کوردی تر پێشنیاری ئەم جۆرە کۆمپانیایەی بۆ دروست کردنی (ترامواي) لەنێوان سلێمانیو کەرکووك کردووە، ئاواتی هەردوولا تا ڕۆژی ئەمڕۆ نەهاتووەتە دی.

پێشنیارێکی تر ئەوە بووە، جۆری کاڵا باشتر بکرێتو بازنەی بازاڕی فرۆش فراوانتر بکرێتەوە بۆ دەوڵەتانی تر، نەك تاکە یەك بازنەی داخراو!

(جەمال عیرفان) ڕووناکبیری نێو کۆشکی بەرزی بلووری نەبووە، بەڵکو بیرو باوەڕی بڵاوکردووەتەوەو تێکەڵاو خەڵك بووە، ڕێکخراوی سیاسیی نیشتمانی ـ چەپی دروست کردووە. بەشێك لەڕووناکبیران بە (مرشد) ناویان بردووەو وەکو ڕێبەرێك سەیریان کردووە.

(جەمال عیرفان) لەلایەکەوە بە (بۆلشەویك) ناوی ڕۆیشتووە، بەڵام لەنووسینەکەیدا پشتگیری لەپێشکەوتنی کەرتی بازرگانی ئازاد کردووەو پیشەسازی مۆدێرن لەنووسینەکانی ئەودا باسی لێوە کراوە. هەقە ئەو لەمەودوا وەکو پیشەساز نێو ببرێتو یاد بکرێتەوە، وەکو یەکێك لەباوکانی هەڵسانەوەی بازرگانیو پیشەسازی، ناوی کرێکارو جووتیارو خەباتی چینایەتی بەدی ناکرێ.

ساڵی ١٩٢١ مەندوبی سامی بریتانی لەبەغدا بڕیار دەدات (ئەنجومەنی تایبەتی بۆ پارێزگای سلێمانی) دامەزرێت. ئەنجومەنەکە بەم شێوەیە پێکهاتبوو لە (١٢) ئەندام: (٤) ئەندام نوێنەری شاری سلێمانی، (٤) ئەندام نوێنەری قەزاکانو (٤) فەرمانبەری حکومەت.

رۆژی ١٩٢١/١٠/١٦ لـه پارێزگـای سـلێمانیدا هەڵبـژاردن دەکرێـت. هەڵبژاردنەکـە سنووردار دەبێت، تـەنیا ئەوانـەی نرخـی خانووەکـەیان لـە (١٠٠٠) هـەزار روپیـە زیاترە مافی دەنگدانیان هەبووە. بەگوێرەی تەقدیری شارەوانی ئـەو کاتـە (٢٠٥) کەس ڕێگەی دەنگدانیان پێدراوە. ئـەم (٢٠٥) کەسـە بەسندوقی دەنگدان لـەکۆی (٣١) کاندید (٤) ئەندامیان هەڵبژاردووە، کـە ئەمانـەبوون: حـاجی سـەعید ئاغـاو محەمەدی ئەورەحمان ئاغاو جەمال عیرفانو حاجی ئیبراهیم ئاغای خەفاف.

ئەم هەڵبژاردنە بەڵگەیە لەسەر رادەی ڕێزو گرنگی کەسایەتی جـەمال عیرفـان. ئەوانـــەی هەڵبـــژێردراونو ئەوانـــەی هەڵنەبـــژێردراون هـــەموو کەســـایەتی دەوڵەمەندو بەدەسەڵاتو دەست ڕۆیشتووبوون.

لەوە دەچێ (مجلسی تایبەتی لیوای سلێمانی) تا ١٩٢٢/٩/٣٠ رۆژی گەڕانەوەی شێخ مـــەحموودی حەفیـــد، کارابووبێـــت. تـــەنیا دوو مـــانگو دوانـــزە رۆژ پـــاش دروستبوونەوەی دەسەڵات بۆ جاری دووەم، جەمال عیرفان بەئاشکرا تیرۆر کراوە. خوێندنـەوەی وردی زانـستی ژمارەکـانی رۆژنامـەی پێشکەوتن، کـە دوا ژمـارەی ١٩٢١/٧/٢٧ بڵاوبۆتەوە کەسایەتی جەمال عیرفان باشتر دەردەخات.

بڕوانە:- رۆڤار ـ دەزگای سەردەم ـ سلێمانی ـ تایبەت بەجەمال عیرفان.

ـ ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨ ـ ١٩٣٢، سلێمانی، ٢٠٠٢.

ـ نامەیەکی بەڕێز فوئاد مەجید میسری.

ـ ژمارەکانی رۆژنامەی پێشکەوتن

کۆتایـــــــی

ئەو هەلومەرجە ئابووری‌و سیاسیی‌و فەرهەنگییانەی کە بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواو هەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵات ڕێکەوتووە، بۆ چین‌وتوێژە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان ڕێك نەکەوتووە.

هەموو چینەکانی سەرەوەو بنەوەی کۆمەڵ، تووشی چەوسانەوەو پەلاماردان‌و راونان‌و تەنگ پێ هەڵچنین هاتوون، بەلام هەریەکەیان بەشێوەیەك‌و هەریەکەیان بەگوێرەی شوێن‌و جێگەیان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا. نەبوونی ڕەشماڵی دامەزراوی دەوڵەت، وەکو هۆی پارمەتیدەر (کەتەلیزاتۆر ـ Katalysator) بۆ پەرەپێدان‌و گەشەپێدانی پرۆژە ئابووری‌و دارایی‌و یاساییەکان. وەکو پارێزەرو پارمەتیدەری دروستبوون‌و پەرەسەندنی دەزگا ئابوورییەکان، نەبوونی ئەم کاتالیزاتۆرە، مۆرکی خۆی لەسەر ڕەوتی گەشە کردنی دامەزراوە ئابوورییەکان داناوە، داوو دەزگای دەوڵەتی ـ داگیرکەر، لەبواری بەرهەمهێناندا کۆسپ‌و ڕێگرو کۆنترا پرۆدکتیف بووە ـ واتە ڕیسی لەئابووری داگیرکەر کردووە بەخوری ـ و هەمیشە وەکو (شیری دامۆکلیس) بە ژوور سەری گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵواسراوەو بەگوێرەی بەرژەوەندی دەوڵەتی ناوەندی چین‌و توێژەکان پەرو باڵ کراون، گەر سەریانی نەپەڕێنرابێت.

ساڵی ١٨٢٠ لەنووسینەکانی (ریچ) دا تێبینی ئەوە دەکرێت پاشاو دەست‌و پەیوەندو جووتیارو بازرگان هەرهەموو پێکەوە، لەبن گووشاری نائارامی‌و نائاسایشی دەستدرێژی داگیرکەراندا، لەنێوان دوو بەرداشدا هەست بەپلیشانەوە دەکەن. ساڵی ١٩٢٠ هەر هەموو چینەکان بەدەست نائارامی‌و دواکەوتوویی‌و نادیاری چارە نووسەوە ناڵاندوویانە، وێڕای ئەم راستییە گشتییە باری چینەکانی بنەوەی کۆمەڵ کە زۆربەی زۆری دانیشتوانیان پێکهێناوە، لەچاو چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ هەر زۆر خراپتر بووە.

هێزه دەسەلاتدارەکانی کۆمەڵ، ئەوەندە بەتەنگ سازش‌و سازشکارییەوە هاتوون، لەگەڵ هێزی داگیر کەردا، بۆ زامنکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، نیو ئەوەندەش، لەخەمی کۆکردنەوەی هێزە جیاجیاکاندا نەبوون، بۆ هەنگاو نان بەرەو رزگاری‌و سەربەخۆیی. میکانیزمی سەپاندنی سیاسەتی داگیرکردن پێویستی بەوە بووە، توێژێك یان چینێك لەخۆی نزیك بکاتەوەو هەندێ دەسەلاتی - بەپەرو باڵکراوی - پێ ببەخشێ. ئاساییە دەسکەوت‌و قازانج‌و بەرژەوەندی گروپەکان دژی یەکتر بوون، داگیرکەر دژی هەر هەموویان بووە. ئەو تەنیا لەپەراوێزی میکانیزمی سەپاندنی دەسەلاتی خۆیدا، بواری نزیکبوونەوەو (پشی پشی) داوە بەهەندێ دەستەو توێژ، نەك بەشێوەی بەشداری‌و هاوبەشی‌و، هاوپشکایەتیی دەسەلات.

لەم نوسینە کورتەدا، پەیرەوی رێبازی کلاسیکیی گێرانەوەو نووسینی مێژوو نەکردوو بەدوای تراویلکەی (چی؟) رووداوەدا بگەڕێین، ئەمە بوارێك بووە مێژوونوسانی کۆن تیایدا تاویان داوە، کۆمەڵناسی‌و دیرۆکی نوێ، بایەخ بە (چۆن؟)و (بۆ) رووداوێك روویداوە دەدات‌و شەیدای گەڕانە بەدوای داواکانی مۆتیڤ‌و هاندەرو پاڵێوەنەری گروپە کۆمەلایەتییەکان. شەپۆلی پرسیارە چاوکراوەکان، لەسەرانسەری رووبەری بابەتدا دەوروژێنێت‌و لەناو تەپ‌و تۆزی ئایدۆلوجیاو پروپاگەندەو دەنگوباسی دەسکرددا، سەرەداوەکانی راستی دەدۆزێتەوە. من بەهەر لایەکدا ویستبێتم جۆگەو بنەوانی لێکۆڵینەوە هەڵبەستم، تاشەبەردی نەبوونی زانیاری‌و دۆکۆمێنت‌و بەڵگەو ژمارە، لەبەردەمما راست بوونەتەوەو ناچاری پێچ‌و دەورمیان کردووم.

جارێ پەنام بردووەتە بەر ماکرۆسۆسیۆلۆجی (Makrosoziologie)یان شیکردنەوەی درشت‌و سەرجەم، لەشوێنی تردا میکرۆسۆسیۆلۆجیم (Mikrosotiologie) لەبەرچاو گرتووە واتە: (یەکە)ی زۆر بچوکم رەچاو

کردووە، بۆئەوەی وێنەیەکی لە (واقیع) و (ڕاستی) نزیکەوە، پێشکەش بکرێت. جێگای خۆیەتی جارێکی تر بانگەوازی پێویستیی نووسین بکرێت، ئینسکلۆپیدیا بۆ ناودارانی کوردستان، تەرخان بکرێتو دەزگایەك سەرپەرشتی ئامادە کردنو پلانو دابەشکردنی بابەتەکانو کێشەی چاپو بلاوکردنەوە بکات، بەمەرجی دوور بوون لەگۆشەنیگای تەسکی حیزبو حیزبایەتیی ناوچەگەریو گیانی نازانستییەوە. من ئەم سێ کەسایەتییەم وەکو نموونە هەڵبژاردووە بۆئەوەی بسەلمێنرێت پرۆژەی ئینسکلۆپیدیا ڕێی تێدەچێو دەتوانرێ بهێنرێتە دیو هەر زۆریش پێویستە، هەرچەند سەرئێشەی زۆرە.

ئەم نووسینە، نەیتوانیوە بەباشی سوود لەشەپۆلی بلاوکراوە نوێکان وەرگرێت. لەدەرەوەی ولاتیشدا هێشتا ئینستیتووتێك نییە، کە دوا بلاوکراوەی تێدا کۆکرابێتەوە. ئەگەریش هەبێ وەکو (بەرلین و پاریس)، کەس یان لایەنێك لەناوەوەی ولاتەوە ناتوانێ ئەرکی کتێب ڕەوانە کردن بۆ ئەو ئینستیتووتانە بگرێتە ئەستۆ.

ژێدەر و پەراوێزی

پێشەکی

١. مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد): پێکهاتنی چوارچێوەی ئابووریو سیاسیی چینی بۆرجوازی لەشاری سلێمانیدا (١٨٢٠ ـ ١٩٢٠) سلێمانی ـ ٢٠٠٣.

٢. نەریمان، مستەفا (بلاوکردنەوە: ئازاد هیدایەت دەلۆ): چەند بەلگەیەکی مێژوویی ـ گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٧) هەولێر ـ ٢٠٠٢، ل ٢٢٦.

٣. خەزنەدار، د. مارف: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٣ دەزگای ئاراس ـ هەولێر ٢٠٠٣، ل١٤٦.

٤. کاك حەمەبۆر دەسنووسێکی زۆری هەبووەو سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، زۆربەی زۆری وەکو درگی ناو ئاردی لێهاتووە، خۆیشی نازانێ چییان لێ بەسەرهاتووە.

5. Berliner, R. und Borchardt.

٦. یوسف، عبدالرقیبو ساڵح، سدیق: تۆمارێکی شارەوانی سلێمانی ١٩٢٣ ـ ١٩٢٤ سلێمانی ـ ٢٠٠٤.

٧. ساڵح، سدیق: تۆمارێکی شارەانی سلێمانی (١٩١٩ ـ ١٩٢٢) سلێمانی ـ ٢٠٠٣.

٨. زەنگەنە، عەبدوڵلا (ئامادەکردنو لێکۆڵینەوە): گۆڤاری رۆژی کورد. بنکەی ژین ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٥.

٩. العزاوی، عباس: شهروز ـ السلیمانیة (اللواء والمدینة)راجعه وقدم له وعلق علیه (محمد علي القرداغي) بغداد ـ ٢٠٠٠.

١٠. بابی لالۆ (محەمەد، کەمال رەئووف): دەستەوارەیی نان بۆ مێژوو، ب١، سلێمانی ٢٠٠٤.

١١. ساڵحی رەشە، ئەکرەم: شاری سلێمانی ـ بغداد ب١ ١٩٨٧، ب٢ ١٩٨٨.

١٢. ئەمین، نەوشیروان مستەفا: سەردەمی قەڵەمو موراجەعات، سلێمانی، دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.

ـ ئەمین، نەوشیروان مستەفا، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانی کوردی، ب١ ب٢، سلێمانی ٢٠٠١.

ژێدەر و پەراوێز :

١ـ سەبارەت بەپێناسەی بۆرجوازیو (بوێرگەر) سەرچاوەیەکی یەکجار زۆر هەن، من بەپێویستم نەزانی ناوی یەك بەیەکی سەرچاوەکان بنووسم، ئەوەی زۆر بەسوود بێت ئەو فەرهەنگو ئینسکلۆپیدیا سیاسییو سۆسیۆلۆگیو فەلسەفییانەن، کە لەسەر ئەم بابەتیان نووسیووەو نرخی خۆیان هەیە.

بۆ نموونە: Sandkueler : Handbuch der Soziologie

بڕوانە ئەم بەشانەی خوارەوە:

Bourgeoisie S.429 Michael Neuumann :Bürger

٢ ـ الوردی، علی: طبیعة المجتمع العراقي ، بغداد ١٩٦٥، ص٢٨

٣ ـ دەربارەی یەکگرتنەوەی "نەتەوەیی" ئەڵمانیا بەهەزاران سەرچاوە هەن. ناوهێنانی ژێدەرو سەرچاوە ڕەنگە ببێتە مایەی قەبە بوونی نووسینەکە.

٤ ـ عەزیز ئاغا، ئەحمەد: خواصو عوام، ڕۆژنامەی ژیان ژمارە (٨) ساڵی (١) ١١ی مارتی ١٩٢٦ سلێمانی ل (٢) دووبارە بلاوکردنەوەی رەفیق ساڵحو سدیق ساڵح، سلێمانی.

5- Weber, Max: Wirtschaft und Gesellschaft Tubingen 1985, S, 728

6- Weber, Max; ibid. S. 88

٧ ـ الوردي، علي: لمحات إجتماعية من تأريخ العراق الحديث. بغداد ج١، ج٢،ج٣ ،ج٤ ،ج٥ ، ١٩٧٨.

8- Rich, Claudius James: Narrative of a Residence in Koordistan, London, 1836, P. 95.

٩ ـ شار وەکو دوورگەی ئازادی بووە بۆ ئەو جووتیارو پاڵەو سەپانانەی توانیویانە لەدەست دەرەبەگەکان خۆیان رزگار بکەنو خۆیان بگەیەننە شار.

10- Edmonds , C.J : Kurd , Turk and Arabs . London 1957.

11- Batatu , Hanna : The old social classes and the revolutionary Movements of Irak, Princeton 1987 . P 263

12- Olson , Robert W: The Siege of Mlosul and Othman – Persian Relations 1718 – 1743, Bloomington . 1975 , P. 7

13- Olson , Robert W: ibid , P , 30

14- Batatu, Hanna : ibid. 263

١٥ ـ ئەكرەمی محمودی ساڵحی ڕەشە: سلێمانی، بغداد، ١٩٨٧، ل ٣٩٦.

١٦ ـ دانیشتنێك لەگەڵ احمد خواجە. سلێمانی ٢٥/١٠/١٩٩٥.

١٧ـ میجرسۆن دەنووسێ: گوتیان ساڵی ١٨٨٠ ز (٥٠) كلدانییەكی موسڵاویو بیست فارسی هەمەدانی لەشاری سلێمانیدا جێگیر ببوون.

18- Rich , C, J : Narrative of a Rsidence in koordidtan, band I , london , 1836 . P 95

بابانەكان خۆیان بەعەشایەر داناوەو ڕقیان لەخوو ڕەوشتی شاری بووەو جێگەی گاڵتەیان بووە. تەنانەت ئەو میرانەی زۆر لەشاران ماونەتەوە پێیان وابووە، كە وەكو بازرگانیان لێ هاتووە.

١٩ ـ محمد أمین زكي: تأریخ السلیمانیة وانحائها، ت (جمیل بندی الروژبیانی)، بغداد، ١٩٥١، ص ١٦٩.

٢٠ ـ حسن، محمد سلمان: التطور الاقتصادي في العراق، بیروت ـ ١٩٦٥ ص ٥٣.

21- Engel mann, Bernt: Wir Untertanen. München, 1982, S65ff.

٢٢ ـ حەكیم، هەڵكەوت: چەند سەرنجێكی سەرەتایی دەربارەی دروست بوونی شاری سلێمانی. لە: گۆڤاری هیوا ژ(٢) مایس ١٩٨٤، پاریس ل٧٢.

٢٣ ـ زەکی، محەمەد ئەمین: تاریخی سلێمانی وە ولآتی ـ سەرجەمی بەرهەمەکانی ـ سێیەم بەرگ ـ ئامادەکردنی رەفیق سالّح ـ بنکەی ژین ـ سلێمانی ٢٠٠٦، ل ١٢٢ ـ ١٢٣.

٢٤ ـ بڕوانە: عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان: رەوشی کوردان ـ سیر الاکراد. بلآوکردنەوەی: محمد رئوفی توکلی. وەرگێڕان: کەریمی حیسامی. ستوکهوڵم، ١٩٩١، ل ١١٩.

٢٥ ـ زەکی، محەمەد ئەمین (س. پ) ل ١٤٩.

٢٦ ـ محمد سلمان حسن.

27- Rich: ibid. P 320

٢٨ ـ هلکوت حکیم: ابعاد ظهور الطریقة النقشبندیة فی کردستان، دراسات کردیة، العدد ١، پاریس، ١٩٨٤، ص٥٥.

٢٩ ـ سالم: دیوانی سالم ، هەولێر، ١٩٧٣.

٣٠ ـ سالم شیعری تری هەیە، کە ئاماژەی زۆر گرنگی تێدایە بۆ بارودۆخی سیاسیی‌و ئابووری دوا قۆناغی میرایەتی بابان، بەداخەوە بەهۆی بلآو نەکردنەوەی دیوانەکە بەشێوەیەکی عیلمی ناتوانرێ باش سوودی لێ وەربگیرێت. هەر بۆ نموونە ئەم بەیتەی خوارەوە قسەی زۆری لەسەرە:

کەس نەچێتە پێشەوە، حاجی غەنی تەدبیرییە
مەئموری سەبتی نفووسەو شاغیلی باجی دوکان

مامۆستا جەمال بابان دەڵێ: حاجی غەنی لەکاتی فەرمانڕەوایی ئەحمەد پاشای باباندا پیاوێکی دەوڵەمەند بووە بڕوانە.

جمال بابان: نەخشەی شاری سلێمانی لەسەردەمی بابانەکاندا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری. حیلمی تۆزێ باسی ئەم شیعرەی لە کتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) بەرگی دووەمدا کردووە. بەغداد ١٩٥٦ ل.٦١.

بۆئەوەی زیاتر ڕووناکی بخرێتە سەر ئەم بەیتە نامەیەکم بۆ مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) نووسی ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە، کە وەکو خۆی دەینووسمەوە، بەبێ دەستکاری، یەك دوو ووشەی نەخوێنرایەوە، چەند خاڵێك لەبریان دانران.

(لەبارەی شیعرەکەی سالەوە، من تەنها ئەم جارە لەژیانما کورتە چاوێکم بەو چامەیەدا گێڕاوە، لام وایە ئەوەو چامەیەکی تری سالم هەر لەو وەزنەو لەو بابەتە، بەڵام لەقافییەیەکی تردا، بایەخێکی زۆریان بۆ زانینی باری سلێمانی ئەو ڕۆژە هەیە. چامەکە دەیان ناوی تریشی تیایە کە پێویستیان بەناسینەوەو ساغکردنەوە هەیە، لام وایە کاتیشی بەسەر چوو بێ.

لەشەرحە ئامادە کراوەکەی باوکم‌و کاکەمدا لەسەر سالم هەر ئەوەندە وتراوە (کەس نەچێتە پێشەوە، حاجی غەنی ئیشی هەیەو خەریکی راوێژو تەکبیرە، سەری لێ تێك نەدەن، خەریکی جێگیر نفووسەو باجی دووکانەکان رێك ئەخات) لە (جەمال بابان)م پرسی، هیچی نوێتری لەوەی لەگۆڤاری کۆڕدا نووسیویە لانەبوو، لەکاك (حەمە بۆر)م پرسی، کە سەرچاوەی گەلێ لایەو شارەزایەکی باشی سلێمانیی کۆنیشە، وتی: حاجی غەنی کوڕی حاجی خدر، خەڵکی گەڕەکی مەڵکەندی، پاشان باجگری کەڵکی دووکان بووە، ئەوجا بووە بەباجگرو کاسبانەی لەدووکاندارەکان سەندووە، لەسەردەمی رۆمدا بووە بەمەئمووری نفووس، کوڕێکی لێ بەجێ مابوو، من خۆم (واتە حەمە بۆر) دیومە، ناوی خلە باجگر بوو، دیارە ئەم (حاجی غەنی)یە کابرایەکی دژ بەبنەماڵەی میرانی بابان بووە، بۆیە سالم وا ناوی هێناوە).

بالمناسبە، ئەو شەرحی دیوانی سالە کە باوکم‌و کاکم ئامادەیان کردووە هێشتا تەواو نەبووە، من خۆم ئێستا دەستم بەکەشکۆڵی محمود پاشای جافەوە گیراوە، کە ئەگەر مام‌و لەوە بوومەوە خەریکی سالەکە ئەبم، بەڵکو تاگوڕێکم ماوە ساغی

کەمەوەو بەچاپی بگەیەنین، لام وا نییە ئەم شیعرانەی سالم بەر نەتەویستی؟*
(کاسبهای شهری) بکەوێ، چونکە لەهەمان قەسیدەدا شانازی بەکەسانێکی تری سەردەمی بابانەکانەوە ئەکا کە رۆمەکان لەسەردەمی خۆیانا گۆڕیویانن بەکەسانی تری ناشایستە، سەبتی نفووسی ئەو سەردەمەیش شتێکی تێکراپیی بووە، لەخێڵەکانا بۆ سەرانەی حەیوان‌و لەناو فەلاحا بۆ موڵکانەو لەشارەکانا بۆ کاسبانە لێ سەندن، (تەدبیری)یش واتە سەری قاڵەو دەستی گیراوە، ئەی چۆن سەری قاڵ نابێ، ئەو کەسە سەرژمێری خەڵکی لە ئەستۆدا بێ‌و باجی دووکانەکانی شار وەربگرێ، ئەبێ سەری قاڵ بێت‌و کەس دەرفەتی نەبێ بڕواتە لایی ببینێ، ئەم بەیتەو گەلێکی زیاتریش لەچاپەکەی گیوو لەو دەستنووسانەدا هەن کە لای ئێمەو لای حەمە بۆر هەن.

نامەکە ١٩٩٦/٣/٢٦ نووسراوەو دوا دێڕی نەنیشانەی پرسیاری لەسەرەو نەمەبەستەکەش روونەو چۆنم بۆ خوێنراوەتەوە وام نووسیووە.

٣١ - وەکو لەپێشەکیدا ئاماژەم بۆ کردووە ئەم بەیتەو بەیتەکانی تریش لەمێژووی ئەدەبی کوردی - د. مارف خەزنەدار وەرگیراون.

٣٢ - سلطانی، محمد علی احزاب سیاسیی انجمن های سری در کرمانشاه، جلد أول، تهران ١٣٧٨، ص٣٨.

٣٣ - زێوەر لە گەنجینەی مەرداندا دەنووسێ :

(حەزرەتی کاك احمد بۆ خدمەتی ئایندەو رەوەندو مریدانی تەنها واریداتی ئاشێکی بوو لەسەیداوا. فەرمانی زەکاتی پێنج دێ وەك نۆدێ، عازەبان، بزەینیان، وێڵەدەر، خەراجیانی بۆ نووسی کە وەقفی دەرگای کاك احمد بێ بۆ مەسرەفی میوان‌و مریدانی.) بەغدا، ١٩٨٥ ، ل ٥٦.

---

* لەدەقی نامەکەی مامۆستادا، ئەم وشەیە بەهەمان شێوە هاتووە کە ئێمە دامان ناوەتەوە، بەڵام رەنگە مەبەستی (نەتویستی) بێت.

واته داهاتی کاك (ئەحمدی شێخ) لەسەرەتادا داهاتی ئاشێك بووەو پاشان سوڵتان (عبدالحمیدی دووەم) وەقفی پێنج گوندی بۆ تەرخان کردووە واتە: پەیوەندی سیاسیی لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتدا دەوری بینیوە لەفراوان کردنی سنوری وەقف.

34- Soane, E. B.: To Mesopotamia and Kurdistan in disguise. 2A1 London 1979 P. 186.

٣٥ ـ بابی لالۆ (محەمەد، کەمال رەئووف): (س. پ) ل ١٥ ـ ٢٧.

36- Batatu, Hanna: Ibid. The Notable of Sulaimany P. 291.

٣٧ ـ هەرچی زانیاری هەریەکە لەم بەشەدا بڵاوکراوەتەوە لەنووسراوەکانی مامۆستا سدیق ساڵحو رەفیق ساڵحو عەبدلخالید سابیر وەرگیراون.

٣٨ ـ نامەی مامۆستا (محەمەد رەسوول هاوار) ڕۆژی ١٩٩٦/٢/٥ بێگومان زانیاری تریش لەسەر ئەم کەسایەتییە ئابووریانە زۆرنو چاکتر وایە نووسەرانی شاری سلێمانی پەیوەندی بەو بنەماڵانەوە بکەن کە بۆ تۆمار کردنی زانیاری وردترو پەیدا کردنی فاکتو دۆکۆمێنت لەسەر ئەمانەو کەسانی تری وەکو (کەریمی ئەلەکە)و (حاجی سەعیدی کەرکوکی زادە) (هەردووکیان زەمانی شێخ مەحموود وەزیر بوون)و دەیان کەسایەتی تریش هەن دەبێ مێژوو لایان لێ بکاتەوە.

٣٩ ـ یوسف، عبدالرقیبو سدیق ساڵح: لەبەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود. تۆمارێکی شاری سلێمانی ١٩٢٣ـ ١٩٢٤، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٢٤

٤٠ ـ سابیر،عەبدلخالید: سەرۆك شارەوانییەکانی سلێمانی (١٨٩٠ ـ ٢٠٠٣). شارەوانی سلێمانی، سلێمانی ٢٠٠٣ ل٧٠.

٤١ ـ دانیشتنێك لەگەڵ کاك جەمال حەکیم رۆژی ٢٠٠٦/٢/٨.

ـ دانیشتنێك لەگەڵ کاك صدیق صالح ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١٨.

ـ العزاوی، عباس: التأریخ العراق بین أحتلالین، ج٨، بغداد ١٩٥٦، ص(١٦٥ ـ ١٧٣).

ـ (لەوەدەچێ زانیارییەکەی عەباس عەزاوی سەبارەت بەدووجار هەڵبـژاردنی حاجی مەلا سەعید کەرکوکی زادە، راست نەبێت. ڕێی تێ ناچێت لەماوەی دوو هەفتەی ساڵی ١٩٠٨ دووجار هەڵبژاردن بۆ ((مجلس مبعوثان)) رووی دابێت ...).

٤٢ ـ ئەحمەد تۆفیق بەگ، ڕۆژنامەی ژیان.

٤٣ ـ ڕەفیق حیلمی: یاداشت، بەرگی یەکەم. چ.٢. بەغدا ١٩٨٨ ل٣٦.

٤٤ ـ زێوەر، مەلا عەبدوڵلا (س. پ)، ل ١٣٠.

٤٥ ـ ئەم شیعرەی مەلا حەمدوون هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

٤٦ ـ سلطانی، محمد علی: احزاب وانجمنها سری در کرمانشاه، جلد أول، تهران ١٣٧٨، ص٣٨.

٤٧ ـ بابی لالۆ (محەمەد، کەمال رەئووف): (س. پ) ل ١٥ ـ ٢٧.

48- Soane, E.b: ibid P. 189

49- Edmonds, C.j: ibid. P 80

٥٠ ـ د. کمال مظهر احمد: دور الشعب الکردي في ثورة العشرین العراقیة، بغداد، ١٩٧٨، ص ٣٥.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەم زانیارییەی لەڕاپۆرتێکدا وەرگرتووە، کە یەکێك لەئەفسەرە بەریتانییەکان دایڕشتووە، بریا ڕووناکبیرانی کورد بەشێك لەبەڵگەنامەکانی (المرکز الوطني للوثائق) وەرگێڕنە سەر کوردی. من خۆم ئێستا لەم جۆرە بەڵگەنامانەو ژمارەکانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)و تێگەیشتنی راستی... هتد، دوورم.

٥١ ـ کاك سیامەند عوسمان دەنووسێ: (إن لضعف الشریحة التجاریة الکردیة و غیابها الشبه کلي عن میلاد الحرکة القومیة الکردیة مدلولات تأریخیة و سیاسیة لم یقم الباحثین، یاللاسف، بسبر أغوارها، إذا إنها تؤشر، ضمن مؤشراتها الاخری،

الى خطأ الرأي الاورو مركزي الزاعم وجود (البرجوازية) على رأس الحركة القومية الكردية عشية ميلادها، و إلا كيف يمكن التحدث عن البرجوازية الكردية) فى غياب التجار الاكراد؟ إننا لم نجد فى دراستنا للمجتمع الكردي، لا في القرن التاسع عشر ولا في العقود الاولى من هذا القرن، على اي دليل ملموس يشير الى وجود إصطفاف مجتمعي تجاري تعرف نفسها كردياً، أي تقدم المطاليب القومية الكردية وتلعب دوراً لتحقيقها). سيامند. عثمان: ملاحظات تأريخية حول نشأة الحركة القومية الكردية. في: دراسات كردية. ع (١) باريس، ١٩٨٤، ص ٣٦ ز.

٥٢ ـ نامەیەکی مامۆستا (محەممەدی مەلا کەریم) ڕۆژو ساڵی لەسەر نەنووسراوە.

٥٣ ـ نامەی ژ ١٤٢ بۆ شێخ عەلی قازی ـ سلێمانی ـ بەفارسی نووسراوە: (آخر درین شهرهای إسلام زمزمهء ارشاد و خلفای این بی مراد بمسامع دورو نزديك رسيده أست، تنها اهل سليمانيه كه وطن مألوف إين بقصور موصوف است، با وجود رغبت بندگان خادم خاندان عليه اين قدر افسرده و بی بهره باشند از وحشتی وبيم مصيبتی خالی نيست).

بڕوانە: مەلا عبدالکریمی مدرس: یادی مەردان، بغداد، ١٩٧٩ ، ل ٢٧١.

٥٤ ـ پێناسەی کەرکوك بەگوێرەی (قاموس الاعلام) چەندین جار بەکوردیو عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، من هەرچەند دەقەکەی شمس الدين سامیشم بینیوە، بەڵام لەم نووسینەدا وتارێکی د.جەمال ڕەشیدم لەبەر دەستدایە: کەرکوك لەچەرخە کۆنەکاندا: سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠) ، هەولێر، هاوینی ٢٠٠١، ل٦٤.

٥٥ ـ ریچ، کلۆدیۆس: (سپ) من بڕگەیەکم لەوەرگێڕانەکەی (محەممەدی حەمە باقی) گواستۆتەوە. (گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠)، تەورێز ١٩٩٢ ل١١٣.

(نەدەبا كاكە حەمە ناوی وەرگێڕی عەرەبی فەرامۆش بكاتو هیچ ئاماژەیەك بۆ وەرگێڕانی كوردییەكەی ڕۆژنامەی پێشكەوتن نەكات).

٥٦ ـ هاوار، محەمەد رەسول: شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان (ب١ لەندەن ١٩٩٠ ل٩٧)

٥٧ ـ مامۆستا (كەریم احمد) لەدانیشتنێكدا ١٩٩٤/٤/١٤ پێی گوتم: (بازرگانەكان لایەنگری ئەوە نەبوون، كوردستان دەبێ بەعیراقەوە گرێ بدرێت، بەپێچەوانەوە ئەوان لایەنگری ئەوە بوون كوردستانێكی سەربەخۆ لەبن ئاڵای سەركردایەتی ئەواندا دروست بێت، بەڵام ئەوان لەبەرئەوەی لەڕووی ئابووریو سیاسییەوە لاواز بوون، بەلایانەوە گرنگ بوو لەبازاڕی عیراق دانەبڕێن).

٥٨ ـ د.كمال مظهر احمد: (المصدر السابق)، ص ٢٩.

٥٩ ـ بڕوانە: هاوار(سەرچاوەی پێشوو) ل ٥٠٥ ب. د ئەكرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە (س.پ).

ـ رەفیق ساڵحو سدیق ساڵح: ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (١٢) ـ ١٢ نیسانی ١٩٢٦ ـ سلێمانی ٢٠٠٢ ل٢.

٦٠ ـ ڕۆژی كوردستان: (كۆكردنەوەو دووبارە بڵاوكردنەوە جەمال خەزنەدار)، بەغدا، ١٩٧٣.

ـ ڕۆژنامەی ڕۆژی كوردستان ژمارە (٨)، تشرینی ٢ی ١٩٢٢ز ، ئامادەكردن (رەفیق ساڵحو سدیق ساڵح): ڕۆژنامەكانی سەردەمی حوكمی شێخ مەحموود ـ سلێمانی ٢٠٠٣.

٦١ ـ غەفووری میرزا كەریم: كۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی، بەغداد، ١٩٨، ل ٢٢، ب.د.

٦٢- لەژمارە (٥)ی رۆژی كوردستان هەواڵی تیرۆر كردنی جەمال عیرفان بڵاوكراوەتەوە (ضیاعیكی گەورە). لەژمارەی (١١) نێوی حەمە بچكۆل هاتووە

لەلیستەی پیتاککەراندا (پیاوی حضرة رئیس الرؤسا شێخ قادر)و ١٠ روپییەی داوە. لەژمارەی (٨) نێوی (جناب محمد اغا (حمه بچكۆل) لێرەشدا (٥٠) روپییەی داوە. بەشێك لەنووسەرانی كورد راستو رەوان نووسیویانە حەمە بچكۆل بكوژی جەمال عیرفانە، بەڵام من لەوە دڵنیا نیم ئەم دوو حەمە بچكۆلەی نێو لیستی پیتاککەران یەکێکنو هەمان تیرۆرکەری جەمال عیرفانە؟

كاك فوئادی مەجید میسری لە ١٩٩٤/١/٢٧ نامەیەكی بۆ نووسیبووم سەبارەت بەشێك لە باكگراوندەكانی كوشتنی جەمال عیرفان: (نائیلە عیرفان) كە خوشكی (جەمال عیرفان)ەو بۆ خۆم گفتوگۆم لەگەڵ كردووە، لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا كە ئاخۆ تا چەند ئاگای لە كوشتنی هەیە؟ وتی:

((حەمە بچكۆلی مەرگەیی كە زاوای ماجد مستەفایە، كاكمی كوشت. تایەری ئەمینە فەنی مەسرەف كە سەرۆكی دیوانی مەلەكی شێخ محمود بوو، خاڵی ژنەكەی حەمە بچكۆل!! هەروەها ئەیووت: ئێمە لەدوای دوو رۆژ زانیمان تاوانبارەكان كێن)) ئەمڕۆش پاش ٨٤ ساڵ نووسەرانی كورد ناوێرن خۆیان لەقەرەی راستی بدەنو لێتوێژنەوەو لێپێچانەوەیەكی زانستی/ دیتەكتیف detective واتە: كاری بەدواداچوونو شیكاری پۆلیسی لەسەر رووداوەكە بنووسن، رەنگە هەندێك لەوانە پێیان وا بێت بەهەڵكردنی گەردەلوولی لێپێچانەوەی، چمكی كەوای هەندێ لایەنی سیاسیی گەردی بەرگەوێ.!!

٦٣- رەفیق حیلمی: (سەرچاوەی پێشوو)، ل٦٨.

٦٤- د.مكرم تاڵەبانی: شێخ رەزای تاڵەبانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٥٠.

هیوادارم رۆژێك دەستم بپەرژێت بتوانم لەسەر ئەم (نامۆ بوون)ە كۆمەڵایەتی ـ سیاسیی ـ فەرهەنگییەی شێخ رەزاو خومیس ئەفەندی بنووسم وەكو بەشێك لەسەرجەمی بیركردنەوەی سیاسیی شێخ رەزا.

٦٥- هەروەکو چۆن بیرکردنەوەی سیاسیی شێخ ڕەزا، لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەنووسراوە، مێژوو نووس (محمد امین زەکی بەگ)یش گرنگی بەسەرجەمی بیرکردنەوەی سیاسیی نەدراوە.

٦٦- محمد امین زەکی: (المصدر السابق)، ص ٢٤٣.

٦٧- بابان زادە، ئیسماعیل حەقی: (ئیسلامییەتیو کوردایەتی) گۆڤاری (ڕۆژی کورد) ئەستەموول (١٩١٣). دووبارە بڵاوکردنەوە لەلایەن عەبدوڵڵا زەنگەنە. بنکەی ژین. سلێمانی ٢٠٠٥ ل٧.

ئیسماعیل حەقی بابان، کوڕی مستەفا زهنی پاشایە، کە باوكو کوڕە بەزیرەکیو ژیرو ڕووناکبیر ناویان ڕۆیشتووە. (ئیسماعیل حەقی) چەندین کتێبی بەتورکی بڵاوکردووەتەوەو بیروباوەڕی ئەو جێگەی دانوستاندن بووە لەکۆمەڵی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانیدا. مەخابن لەسەر ئەم دوو کەسایەتییەش (ئەمڕۆ) هیچیان لەسەر نازانرێت.

٦٨- نامەکەی هاوارو کتێبی سلێمانیو یادداشتی ڕەفیق حیلمی.

٦٩- حەمدی پۆستی وەزیری نەبووەو بەڕێوبەری گومرگ بووە، بەڵام ئەو خۆی بەوەزیر داناوەو بەشداری کۆبوونەوەکانی کردووە، بڕوانە ڕەفیق حیلمی، بەرگ ٢ ، ل ٥٢٥.

پاشکۆ

ستار ک. شێخنوفی

پەیدابوونی کۆکراوە

مـن لـەهاوینی ۱۹۱٦دا وەکـو وەرگێـڕی شـاندێکی سـەربازی (ئـەڵمانی ـ تـورکی) هـاتم بـۆ سلێمانی، کـە دەکەوێتـە کوردسـتان. لێـرەوە، گەشـتێکم بـۆ کوردسـتانی ئێـران کـرد. لەسـاڵی ۱۹۱۸ دەرفـەتم بـۆ هاتـە پێـشەوەو سـەردانێکی کوردەکـانی زاخۆشم کرد، کە دەکەوێتە باکووری مووسڵەوە.

ئەو کـارەی پـێم سـپێرابوو، پەیوەنـدیو ئاشـنایەتی زۆری لەگـەڵ دانیـشتوانی ئەوێدا بۆ پەیدا کردم. من میوانێکی هەمیشەیی بازاڕ بووم. ئەوەی ڕاستی بێـت، کاری دەسـتی زیـو، هـەر زۆر سەرنجی ڕاکێـشام. چـەندین سـەعاتم لـەناو کارگـەو جێگاکانی ئەواندا بەسەر دەبردو پاش چەند مانگێك دۆسـتایەتییەکی زۆر باشـم لەگەڵیاندا پەیدا کرد. ئەوان بەشانازییەکی زۆرەوە هونـەری خۆیـان پیـشاندەدام. کاتێك من بـەکاوەخۆ دەسـتم بـەکڕینی زیـو کـرد، هەنـدێکیان پارچـە کـۆنی زۆر باشیان لەماڵەوە بۆ هێنام، کە لەماڵەوە بۆ خۆیـان پاراسـتبوویان. ئەمانـە بـاوكو باپیرانیشیان هەر بەکاری زیوگـەری ژیـاونو لەوانـەوە پیـشەکەیان بـۆ ماوەتـەوە. ئەوەندە شارەزابوون، سەیری هەر کارێکی دەستی زیویان بکردایە، یەکسەر بـەبێ کەمو زیاد تەمەنی ئەو کارەیان پێ دەگوتیت. جێگـەی سەرسووڕمان بـوو، ئـەوان بەگـەرمیو بـەدڵو گیـان کـاری خۆیـان ئـەنجام دەدا. بەگـشتی ئـەوان پێـشەکی ئەوەیان زۆر چاك دەزانی، ئەو پارچە زیوەی کە کاری لەسەر دەکەن، پارچەیەکی نوێ دروست دەکەن، یـان پارچـەیەکی کۆنـەو تـەنیا مـشتو مـاڵی دەکـەن. ئـەوان بەبێ پێچو پەنا هەناسەی خەفەتیان بۆ ئەوە هەڵدەکێشا، کە ئێـستا لەتوانایانـدا نییە وەکو جاری جاران دەستڕەنگینیو هونەری زیوکاری بنوێننو پارچەی جوان پێشکەشی کڕیار بکەن.

لەم کاتەدا، شەڕو پێکدادانو برسێتیو قاتو قڕی، بڕستی لەخەڵك سەندبوو، ئەم هەلو مەرجەدا بۆ پرۆژەی کۆکردنەوەکانی من، هەر زۆر لەبارو گونجاو بوو. خێزانە کوردە دەوڵەمەندەکان، ناچاربوون خشڵی کۆنی ژنەکانیان، کە پاشەکەوتیان کردبوو، بەرامبەر پارەی زیو ئاڵوگۆڕی پێ بکەن. لەئاسیادا، ئەوە زۆر باوە، کە خشڵ لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەمێنێتەوەو هەڵدەگیرێت، بۆیە ئەو خشڵانە بەشێکیان پارچەی زۆر کۆنی تێدایە[1].

بەشێك لەو پارچە خشڵە کۆنانە، توێنرانەوە. من توانیم ژمارەیەکی زۆر خشڵی کۆن لەناو مەنجەڵی توانەوەدا ڕزگار بکەم.

نرخی مسقاڵێك (٤,٦ گرام) بەگوێرەی جۆری زیوەکەیو ئەو کارەی تێیدا کراوە لەنێوان ١,١/٤ و ٢ لیرەی عوسمانی دراوی قورس، کڕینو فرۆشی پێدەکرا.

لەئەڵمانیادا، لیرەی تورکی زیو، لەچاو قرانی ئێرانی لەکاتی شەڕ لێدراودا، ڕەواجی زۆرترە، چونکە لێرە شارەزاییەکی باشیان دەربارەی تێکەڵاوکردنو تواندنەوەی مەعدەنی جۆراوجۆر نییە. ئەم حاڵە نەبووە بەرێگرێك لەبەردەم ئەواندا، قرانەکان سەرلەنوێ وەکو خشڵ بەکاربهێنرێت.

لەوەدەستخستنی ئەم خشڵانەدا، هەوڵمداوە بەگوێرەی توانا، زنجیرەی گەشەکردنی هونەری زەخرەفە پێکەوە گرێبدەم. شتێکی هەر زۆر سەرنجڕاکێشە، گەر بزانرێت، چۆن زەخرەفەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت! لەهەمان کاتدا، تەکنیکی کاری پیشەیی لەسەردەمی نوێدا بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە. لێرە لەناوچە سنوورییەکاندا، کە هەر جارێك لەبن دەسەڵاتی ئێران یان تورکدا دەستاودەستیان پێکراوە، لەو شوێنانەدا، کاری زیوگەری بەشێوەیەکی گشتی فارسی، یان کوردی یان (جو)ی میزابواتامیایی بووە. لەم ڕووەوە گەلی کورد، کە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم وڵاتەن، خاوەن کولتوورێکی پێشکەوتوونین، تێگەیشتنی

---

[1] s. auch H. Vàmbéry, Skizzen aus Mittelasien, Leipzig 1867. s. 35.

ئەم بارە کولتوورییە هەر زۆر ئاسانە، خشڵە کوردییەکان ماڵو شەقڵی کولتووری جیا جیایان پێوە دیارە.

کاتێك لەبەغداوە گەڕامەوە، چەند پارچەیەك خشڵم لێ بزر بوو. هەرچی گۆکراوەم هەبوو، لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا لەئەستەمبووڵ دەستی بەسەردا گیراو لەتشرینی یەکەمی ١٩٢١دا سەرلەنوێ بۆیان گێڕامەوە. زۆربەی زۆری پارچەکانم گەیاندە ئەڵمانیا، سەرەڕای ئەو هەموو دەردەسەرییەی کە تووشم هاتن، ئەوەی لەگەڵ خۆمدا هێناومن، یەك لەدوا یەك وێنەکان دانراون و بۆئەوەی بۆ هەمووان دەرگای بینینیانکراوە بێت.

جێگەی کۆکردنەوە

سلێمانییە شارێکی تورکییەو پایتەختی ویلایەتێکەو هاوناوی سەنجەقێکە لەکوردستان، کە لەسنووری دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانییەوە نزیکەو لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەویلایەتی موسڵە. ئەم شارە دەکەوێتە بناری زنجیرەی شاخی هەورامانەوە (مەبەستی نووسەر گۆیژەو ئەزمڕە - تێبینی وەرگێڕ) لەکوێ دووناوان: دجلە (مەبەستی سیروان یان تانجەرۆیە - تێبینی وەرگێڕ)و زێی بچووك جیادەبنەوە، هەردووکیان دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە (تیگرس - Tigris).

ئەم شارە، ساڵی ١٧٨٨ز (١٧٨٤ز - ت. و) لەلایەن برایم پاشاوە ئاوەدان کراوەتەوە. ئێرەی جێگەی پایتەختی پێشوو قەڵاچوالانی گرتووەتەوەو بەناوی سلێمان پاشای والی بەغداوە وەکو ڕێزلێنان ئەم ناوەی بۆ هەڵبژێردراوە. بنچینەی شارەکە لەسەر گردێکی توورەکەڕێژ (دەستکرد) دانراوە، کە دیارە جێگەی

ئاوادانییەکی دێرینو کۆن بووە. دەربارەی میرانی (بابان) لەسەر ئەم گردە دروستکراوە.

کاتێك بناغەی دەربار لێرەدا، هەڵکەنراوە، ئێسكو پرووسكو دراوی کۆن دۆزراوەتەوە.

چەندین گەشتیار سەردانی ئەم شارەیان کردووە. ریچ[2]، کە ساڵی ۱۸۲۰ لەوێ بووەو بە ۲۰۰۰ خانووی داناوەو ژمارەی دانیشتوانی بە ۱۰۰۰۰ کەس خەمڵاندووە. پاش ئەوەی ساڵی ۱۸۹۱ هەمەوەندەکان بەیەکجاری سەرکوتکران (ناوچەکەیان دەکەوێتە نێوان کەرکوكو سلێمانی) شارەکە سەرلەنوێ گەشەکردنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. بازاڕی داروخاو تا ئەمڕۆش ئاوەدان نەکراوەتەوە. ئیدارەی عوسمانی لەم چەند ساڵەی دوایدا سەربازخانەیەكو بینای حکومەتی دروستکرد. دابینکردنی ئاسایشی ڕێگەوبانی بەغدا، بازرگانی بووژاندەوەو بازرگانەکانی دەوڵەمەندتر کرد. ئەم شارە، لەکاتی شەڕدا، وەکو شارێکی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی، ژمارەی خانووەکانی نزیکەی ۳۰۰۰ خانوو دەبێت، مرۆڤ کۆمەڵێك سەرنجو تێڕوانینی زۆر چاکی لادروست دەبێت.

لەڕێگەی سیستمی تۆڕی کەناڵەوە، بەبەردەوامی ئاوی پاكو زۆر باش بەهەموو ماڵان دەگات. ئاودەستی مزگەوتەکان، بەبێ وەستان ئاوی بەخوڕی پێدا دەڕوات.

شاری سلێمانی، لەسۆنگەی شاخو کێوە جوانەکانییەوە، ئاوو هەوای باشو کۆمەڵانی خەڵکی چالاکییەوە، بەپێچەوانەی ناوچەی دەشتایی گەرمیانەوە، خۆشترین مەڵبەندی حەوانەوەیە. بازاڕەکەی تاکە سەرچاوەی ڕەوانەکردنی کاڵاو پێداویستییە ئابوورییەکانی دێهاتی نزیكو ناوچە جیاجیاکانی ئەم دەفەرەیە. کاڵا بازرگانییە سەرەکییەکان ئەمانەی خوارەوەن: کەتیرە، تووتن، مازوو، سابوون،

[2] Rich, Narrative of a residence in Koordistan, London 1836.

کە بۆ کەرکوك دەنێردرێت‌و لەوێشەوە رەوانەی بەغدا دەکرێت. لەوێوە ئەم شتانەی خوارەوە دەهێنرێتەوە: خورما، شەکر، چا، قاوەو قوماش. ئەم پیشەوەرانە لەبازاڕدا بەدی دەکرێن: سەراج، پینەچی، پەڕەکەر، جۆلا، هەموو جۆرەکانی ئاسنگەری‌و خومچی..

سەرژمێری دانیشتوانی شارەکە نزیکەی ١٥٠٠٠ کەس دەبێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

١٣٧٠٠ کوردی سونی

١٠٠٠ جوو

٢٠٠ مەسیحی

کوردەکان سەر بەعەشیرەتی (بەبە) یان بابانن. بەگوێرەی گێڕانەوەکەی پاشای سلێمانی (بەزمانی ریچ)ەوە، ناوی (بەبە) لەناوی باپیرە هەرە گەورەیانەوە وەرگێراوە، سلێمانی بەبە (بابا)، کە لەساڵی ١٦٧٨ز لایەنگیری عوسمانییەکان بووە دژی ئێران. پایتەختی میرنشین ئەو دەمە لەدارشمانە بووە، لەدامێنی کێوی پشدەر نزیکی سیکینە Sikeneh لەسەر سنووری ئێران. تائەمڕۆش ئەم عەشیرەتە لەوێن، ناوچەیەکی بچووکی خۆیان هەیە. وەکو پاداشتێك بۆ پشتگیری چەکدارانە دژ بەئێرانییەکان، ئەم ناوچەیەی ئێستا داگیریان کردووە پێیان بەخشرا.

جووەکان، هەرەکو خۆیان دەیگێڕنەوە، زۆربەی زۆریان هەر لەزەمانی ئیسرای پەیامبەرەوە (٤٥٨ پێش عیسا) لەم وڵاتەدا نیشتەجێ بوون. بۆ پشتڕاستکردنەوە هیچ بەڵگەی نووسراویان بەدەستەوە نییە. لایارد[3] لەگەشتەکەیدا، لەنزیك (باشقەڵا) چاوی بەعەشیرەتێکی جووی ڕەوەند کەوتووە.

هەروەکو کوردەکان رەشماڵیان هەڵدابوو، ڕانە مەڕو بزنیان بەخێو دەکرد.

[3] A. H. Layard, Nineveh and Babylon, London 1867, S. 200.

سەرجەمی خەڵکی (جوو)ی کوردستان، بە ١٨٠٠٠ کەس دەخەمڵێنرێت[4]. نزیکەی ١٠٠٠ جوو لەشاری سلێمانیدا دەژین. زۆربەیان وردە بازرگانن. لەیواری پیشەی زەرنگەری‌و زیوگەریدا، بازاڕەکەیان بەتەواوی پاوەن کردووە (٣٠ کرێکار). ئەمە هونەرێکە زۆربەی زۆری هاودینەکەیان لەئێران‌و میزا پۆتامیادا کاری تێدا دەکەن.

لەهەموو بازاڕەکەدا (٨) دوکانی پیشەوەری هەبوون‌و (٧)یان جوو بوون. کوردێکی موسوڵمان دوکانێکی (زێڕنگەری ـ ت. و) کردەوەو پاش مانگێك ناچار بوو دایبخات، چونکە کەس بەلای ئەودا نەدەهات.

لای جووەکان هونەری زێڕینگەری‌و زیوگەری جێگەی ئەوپەڕی ڕێزو تەقدیر کردنە[5]. لەکتێبی پیرۆزدا، چەند جارێك نێوی زێڕینگەر هاتووەو پاش هەرەسهێنانی دەوڵەتەکەیان، زێڕینگەرەکان بەدونیادا پەرتو بڵاوبوونەوە. لەتەلموود باسی جڤاتی (نقابة) زێڕینگەرو زیوگەر لەشاری ئیسکەندەرییە دەکات.

عەشیرەتی کاینوکا Kainuka جوو لەباکووری نیمچە دوورگەی عەرەب لەسەدەی ٦ عیسایی بەشێوەیەکی سەرەکی بەم پیشەیەوە سەرقاڵ بوون.

لەسەرجەمی دەوڵەتە ئیسلامی‌و لەناوچە هاوسنوورەکانیاندا، هەر لەکۆنەوە تا ئێستا، جووەکان لەهەموو شوێنێکدا خەریکی ئەم پیشەیە بوون. (ئەندری) Andree[6] ناوی ژمارەیەك لەزێڕینگەرەکانی وڵاتە عەرەبی‌و میزۆپۆتامیاو ئێرانی تۆمار کردووە، کە ئەمانە بەتەنیا بازاڕی کیمیاگەریان پاوەن کردووە[7].

---

[4] Sixth annual report of the Anglo-Jewish association I878. Ost und West, Berlin I909, S. 576.

[5] The Jewish Encycopedia. New York I902. Artikel; Gold-und Silberschmiede; Kurdistan.

[6] Rich Andree, Volkskunde der Juden, Bielefeld 1887, S. 191.

[7] J. F. Polak, Persien, Leipzig 1865, Bd. II, S. 163.

لەهەمان کاتدا ((دوعا))و متومووررووی ((چاووزار))یان دروست دەکرد، کە لەکارە نهێنییەکانی سەفەری راسیل (Sefer Rasiel)ەوە وەرگیراوە. ئەم ((دوعا))و متومووررووی ((چاووزار))ە لێرەو لەشوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتدا، لەلایەن موسوڵمانەکانەوە بۆ خۆپاراستن، دەیکرن. تەنیا ئەوە نەبێ لەم وڵاتەدا ناوی یاهوا ((Jahovah))ی - یاهوو - لێ دەسڕنەوە.

من بۆ خۆم سێ (دوعا)ی عیبریم بینی، کە لەسەر پێست نووسرابوون.

مەسیحییە کوردەکان، کۆڵەکەی بچووك پێکدەهێنن، بەڵام هەر زۆر پێشەنگو بەرچاون. بەشێك لەمانە بازرگانی دەوڵەمەندو سامانی زۆرو خانووی زۆر جوانیان هەیە.

ئەم نوسینە، پێشەکییەکە بۆ کتێبی (کاری زیوگەری لەکوردستاندا)* نووسەرەکانی (رۆدۆڤ بەلینەر)و (پاول بۆرشارد یان بۆرخارد)ەو ساڵی ۱۹۲۲ لەبەرلین چاپ کراوە. ئەم کتێبە لەکەتەلۆگی پێشەنگایەکی هونەری دەچێت، کە خشڵی زیوی کوردی تێدا نیشاندراوەو نووسینەکە، کە (۳۱) لاپەڕەیەو دەیان وێنەی خشڵی تێدایە، ئێمە تەنیا سێ نمونە دەخەینە بەرچاوان.

---

*RUDOLF BERLINER & PAUL BORCHARDT: SILBERSCHMIEDEARBEITEN AUS KURDISTAN. BERLIN 1922



نمونەی خشلی سلێمانی ساڵی ١٩٢٠



نمونەی خشڵی سلێمانی ساڵی ١٩٢٠

SPIEGELKAPSEL

نمونەی خشڵی سلێمانی ساڵی ١٩٣٠

غەزەتەی ((العراق))

لەڕۆژنامەی (عیراق)دا لەژمارە ٧٣٨دا چەند شتێکی نووسیوە بەناونیشانی (منشور حزب العراقي)و لەژمارەی ٧٤٣دا بەناونیشانی (مجلس أدارة کردستان) کەوتە بەرچاومان.

گوایە حزبی ڕزگاری عیراقی، داوای پاراستنی هەموو سنوری مافی سروشتی عیراقیەکانی لەحوکمەتی خۆی کردووە. کوردستانیش بەناوی لیوای سلێمانی داغل کردووە، چونکە پەیوەندی بازرگانیو ئابوری لەگەڵ بەغدا زۆرە.

هەروەها ئەنجومەنی پیاو ماقوڵان بەناوی (ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کوردستان) لەقەڵەم داوە.

ئەم نوسینە کە لەم رۆژنامەیەدا نوسراوە، بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانو داخە، چونکە بەخەیاڵی هیچ پیاو چاکو ڕەسەنێکو خاوەن ویژدانێکدا نایە کەسێکی ڕۆشنبیر نکوڵی لەمافمان بکات. ئێمە بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد، کە دراوسێیەکی بەڕێزی خۆمان پێشێلی هەموو بۆنەو مافی هەزار ساڵەی ئەم دوو حکومەتە بکات، لەجیاتی پیرۆزباییو پڕوپاگەندە بۆ بیروبۆچونەکانمان؛ کەچی سنوری مافمان دەبەزێنێ.

ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە قسانە دەکەن، بێ گومان دوژمنی نیشتمانو میللەتی عەرەبیو حەزرەتی جەلالەتی مەلیکی عیراقن، چونکە ئەم قسانە لەم ڕۆژەدا کە مەسەلەی مەرگو ژیانە، دڵی دۆستو برادەرێکی وەکو ئێمەی پێ دەڕەنجێ.

ئەگەر بەویژدانەوە تەماشای ئەم لاو ئەو لای دەوروبەری خۆیان بکەن، دڵنیا دەبن کە دروستکردنی خێرو خۆشی بۆ عیراق تێدایە.

بگرە بەردەوامی سەربەخۆییو مانەوەی عیراق هەر بە بۆنەی مانەوەی حکومەتی کوردستانەوەیە، لەبەر ئەوەی هەردوو میللەت دراوسێی ئیسلامن کە

هەزار ساڵە بۆنەو مافیان بەسەر یەکەومیەو هەمیشە وەکو برا ژیاون، پێویستە بۆ پارێزگاری لەسەربەخۆیی‌و مافو سنوری سروشتی یەکتری کە بەدڵو گیان. هەنگاوی دۆستانە بنێن.

مێژووی دنیاو جوگرافیای سروشتی، گەواهێکی دادپەروەرانەیە کە میللەتی کورد لەسەر ئەم زەویە هەموو کات ناونیشانی هەبووە، هەمیشە بوونی خۆی وەکو میللەت سەلماندوە، هیچ کاتێ معارفو پیشەسازی‌و بازرگانی‌و مافی مرۆڤ، پێویستییەکانی تری وەکو مرۆڤ؛ مەدەنیەت زەوی‌و نفوس لەمیللەتانی تری وەکو خۆی زیاتر نەبوبێ کەمتر نەبووە.

ئەگرا رۆشنبیرانی عەرەب، تەماشای ئێستاو رابردووی ئەم چەند ســـمیان بکرادایە، ئەوا ئەم کارمیان نەدەکرد، ئەوسا پێم وا بوو ئەومندە ریاد شولیان لێ هەڵنەدەکێشا.

یاساو دەستوری سەربەخۆیی میللەتان، بووە بە نەخشێك لەهۆش‌و ڕۆحی هەموو تاکێکی میللەتاندا ڕەنگ ڕێژ کراوە، نعمەت‌و مافو سنور کە لەئەنجومەنی نەتەوەکاندا بە دادپەروەری بەش کراوە، ئێمەش بەشمان بەردەکەوێ‌و بۆ بەردەوامی‌و مانەوەی ئەم بەشەمان، بەو هێزە مادی‌و مەعنەوییەمان، بە پێویستی دەزانین ئەو پەڕی فیداکاری پێشکەش بکەین.

باوەڕناکەم لەبیستەمین چەرخی مەدەنییەتدا، کەس بتوانێ بچێتە سەربەشی کەس، بەشانازی‌و سەربەزییەوە دەڵێین ئێمە نەتەومیەکی پاك‌و بێ باکین دەربەست نایەن‌و زەمانێك کە بەقەزاو قدر توشی فەلاکەت‌و هیلاکی‌و بەزم بووین، جگە لەو هەموو جنگانەی لەم خاکە پاکەو لەم میللەتە خۆش بەختە گیرکرابوو کەچی خۆشبەختانە زوو لەفرۆفێڵ تێ گەیشتین، دەسیسەو گەردن کەچی کەس نەبووین‌و، بەهیچ کلۆجێ لەشیرازەی سنوری مافی

ڕێگەپێدراوی خۆمان دەرنەچووین‌و بەئارەزوو دڵشادی خۆمان، بە سەربەرزی ماوین.

سەد شکور بۆ خودا، ئێستا ڕۆژی لێ کردوینەتەوە، بەهۆی هاوکاری‌و پشتگیری حکومەتی خاوەن شکۆی بەرتیانیاوە ئاسۆی سیاسیمان پاك‌و بێ گەردو بێ خەوشە.

سەردارێکی مەزنی وەکو مەلیکی کوردستان واتە: ملیك (مەحمودی یەکەم)، وەکو دەسکەوت بۆمان زیندوبووەتەوە، ئەمەش لەئەنجامی فیداکاری ئەم چەند ساڵەمان بووە، چۆن ئارەزو بکەین ئەم دەستکەوتانە لەدەست بدەین، چۆن دوای کڵاوی بابردوو دەکەوین. حەزرەتی مەلیك، خودی خۆی ئامانجی پیرۆزی لەپێش هەموو شتێکدا پاراستنی ماف‌و سنوری سروشتی کوردستانە.

هەروەها هەمیشە لەگەڵ دراوسێکانماندا بەشێوازێکی برایانەو بە جوانی‌و بە خێر رامان بواردووە، هەموو دراوسێکانمان کاریگەری باشی ئێمەیان دیووە، چاومان لەبەزاندنی سنورو مافی هیچ میللەتێك نییە، دۆستایەتی‌و برایەتی حکومەتە دراوسێ ئیسلامییەکان ئارەزوومانە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەپێناو بستێ خاکی پاکی کوردستان‌و خۆش گوزارەرانی تاکەکانی ئەم میللەتەشدا هەرچی پێویست بکات بۆ فیداکاری‌و کەمتەرخەمی‌و پشتگوێی ناخەین، چیمان پێ بکرێ دەیکەین.

((خاکی پاکی میللەتی کورد ملکی باوکی خۆیەتی

پێم بڵێن ئەم خەڵکە بۆچی خۆی وەها. بەد ناو ئەکا))

عارف صائب *

---

* عارف صائب: لە رۆژنامەی (رۆژی کوردستان)ژ(١)، ١٥/ی ت٢/١٩٢٢ سلێمانی دووبارە بلاّوکردنەوەی رەفیق سالح و سدیق سالح: رۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحمود ١٩٢٢-١٩٢٤سلێمانی ٢٠٠٣(لەلایەن ئێمە خراوەتەوە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆو دەستکاری ووشە عەرەبی‌و عوسمانییەکان کراوە)

عەزیز بەگی بابان

لێم گەڕێن با گۆشەگیربم دەستەو ئەژنۆ کەف زەنان
گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد صفحەی جیهان

بەزمی صەیدی ئێمە صیادی فەلەك کارێکی کرد
رەنگە بالاّی تیر قەددان بێتە تەرکیبی کەمان

ضعفی طابع جازبە بۆ کارەبا بۆ خوێن‌و دەم
سەیری چیهرەی بەختی من کەن بو بەرەنگی زەعفەران

نەوبەهاری من خەزانە وەقتەکەی صوبحم تەمووز
پرتەوی ماهە غەمو چاکی دەروونم وەك کەتان

تورکی قورصی خۆر کە طالع بوو طلوعی کرد بەرقص
کەوکەبەی ماهی مورادی اهلی بابان بوو نیهان

دڵ لەمیحنەت کەیلە مەیلی سەیری ناوشارم نیە
عەینی چاوم خوێنی تێزاوە لەداخی مەردومان

ئەهلی بابان گریە کەن بۆ خانەدان و ئاغەتان
نیمی مەحبووس، نیمەیی مەقتوول، نیمی مەنفی کران

کەوڵ بەدۆش، یا خەرقە پۆش بن تاج و کەشکۆڵ هەلگرن
رووکەنە ئەملاکی (پیترو) بچنە شاری خامۆشان

ئاگری نەکبەت لەخەرمەنهایی تالیع کەوتووە
شەمعی دەوڵەت هەر تەرف دەگرا هەموو خامۆش کران

کێ دوعای کردبێ بەسۆز ئەم ساڵ لەگشتی (شارەزوور)
وا ببارێنی لەتەن خوای تەرزە رووی ئاسمان

راستە گەردوون چابوکە بۆ رەنگی بەدریێن وەلێ
نارژێنێ رەنگی بەم رەنگە بەموددەی سەد قران

حەلقە دەن یاران بلا ئاشفتە بەخت و تیرە دڵ
رۆژگار دونیای لەئێمە کرد بەزولف دلبەران

(شارەزوور) بەحرو (سلێمانی) لەسەر ئەم گەمیەرەنگ
بۆ شکستی وەك نەهەنگ بۆ فیتنەیی ئاخر زەمان

صاعقەو بەرقی نحوسەن ضلمتیدا شەرق و غرب
بەردەبارانە بەمەخسووسی لەسەر مولکی بەبان

چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لەومزعی دەهری دوون
سەیر کە ساتورکی فەلەك چی کرد بەزومرەی کورد زبان

عەرسەیی مەیدانی چەرخە ئێستە جەولانگاهی بووم
بوو بەلانەی زاغی بەدخوو ئاشیانەی بالەبان

بێ زەبان کوو کوو زەنان هەر خانەدان تێدەفکرم
عەنکەبووت خواجەنشینە جوفتی جوغدە دیدەبان

چارەسەر کەن ئەهلی دەروێش نانی مونعیمتان بڕا
لوولە بوو سفرەو نەواڵە، ون کرا زەرف و خووان

ئەهلی سادات و مەلاو حاجی بلا شین کەن بەسۆز
دەفتەری ئەهلی وەزایف دیم عوموومەن حەك کران

حاکمە ڕۆمی لەسەر تەختی (سلێمانی) دریغ
کەوتە دەستی دێوی دوون موهری سلێمان الامان

ئەسکەمل بێنن قەراریان دەن لەجێی ئاغەلەران
مەجلیس شوورا ئەمێستە خاسسە بۆ ئەسنافەکان

وا (کەریم ئاغەی ئەنێ) تەدبیری هەستەی جاف دەکا
(خالە هۆمەر) داڕۆغەی شارو مودیر (حاجی ئەحان)

کەس ئەچێتە پێشەوە (حاجی غەنی) تەدبیرییە
مەئمووری پەبتی نوفووسەو شاغیلی باجی دوکان

مەجلیسێ وا بێ موحەققەق دوودی گۆگرد عوودە بۆی
(دەوروێش ئاغا) بوو لەجێی (مستۆ) هەموو شەو نەغمەخوان

عەزل و نەسبی کرد بەتەدبیری کەیا مەنسووبی ڕۆم
قاوەچی (ئەولای قالە) بێتو سواران پاڵەوان

ئاڵوگۆڕی مەنسەبی دوو شەخسی عالیجا کرا
(مەحموود ئاغای) زل حەکیم باشی حەمامچی (بابەجان)

(حاجی میرزا) کەوتە ناو شارو تەرازووی شاردەوە
مەسرەف ئاسا حاسییە بۆ خاسە جاتی (مالوان)

کێ دەکا تەقسیمی مەنسەب وا موقابیل شانی شەخس
بۆ (عەزیز) سەربازە کۆمو (حاجی قادر) ئاشەوان

میری (خورماڵ)و (دەڵێن) ئەم ساڵ مەزەننە (ساڵح)ە
باز بە (جەببار) یان سپارد باقڵ ئوموری دۆمەکان

(ئاغە تەها) مەشوەرەت جۆیە لەگەڵ سەر کاتبی
وا دەزانم وەرگری حوکمی چیا سەوزو شوان

(بالەنی)و (ئەولا سووتەڵ) هەردوو شەریکی قیسمەتن
پەیتی توغرا بوون بەحوکمی (ماوەت)و سەمتی (قەشان)

وەك مەگەس رۆمی لەلایان فەرقی پاكو پیس نەبوو
لەقلەقو نێری دەچن بۆ زابیتی ئەهری (موان)

بۆ گەڕانی دەوری شار ئەم شەو (مەلایوونس) دەچێ
مشتەکەی گورزو کەمەندی کشتەكو دەرزی سینان

(حامید)و (وەستا حوسێن کل) وا لەشارا گیزمەچین
هەردوو بۆ خوێن رشتنی کوو بەکوو توشنەن بەجان

شێری قەمچی، تیری دەرزی، خڕکی نێو گورز، زەرعی ڕم
نخ کەمەند، ئەسپە رووت و جەوشەنیەتی بەر بەردان

غەلبە غەلبی هەی بکوژ هەڵسا لەدەشتی (چوارباغ)
(قادری دلاك)ە هەر شەو تا سەحەرگە پاسەوان

کەس نەڵێ ڕۆمی لەتسخیری مەمالیك چابوکن
سستی بەختی عەشیرەت بوو بەچالاکی ئەوان

وەرنە ڕۆستەم وەك ئەوان کەی دێتە دەست بۆ چابوکی
وا بەغیرەت، وا بەجورئەت وایەڵ و ساحیب سینان

وەقتی حەملەی ڕۆژی مەیدان موددەعی وا کز دەکەن
دێتە لەغزش پێی ڕیکاب و سست دەبێ دەستی عینان

شێری بیشەی مولکی بابان مەردی مەیدان زاهیرە
گەر کەسی بینێتە خاتیری دەستوبردی گەرمیان

مەردی مەیدان هاتە جەولان باز لەدەنگی تە پڵی باز
حەیتە وەك شاهۆیی گێژو کورد بەمیسلی بالەبان

مەرگی تورکانی جەفاجۆ سەد قەدەم پێش گوللە کەوت
تاپ لەئەنگوشتی بۆسی، ئەو گەیشتە سەر نیشان

ئیختیراعی تورک لەدڵدا مەشق جۆی شێوەی شەغال
یەککەتازی کورد لەدونبال هەروەکو شێری ژیان

خۆی لەبیمی تیغی جانفرسای عەزیز، ئەو رۆژە تورک
میسلی کەو باری هەڵۆ بێ شەش جیهەت لێک دابڕان

هەر کە شوعلەی ماهیچەی تیغی بەرەهنەی بوو زوهوور
وەك قوڵنگی شەوچرا بێ تیکەڵاو بوو رۆمییان

گوللە تۆپ وەك تۆپی قایش بوو لەئاقار غیرەتی
تەبع جۆیان بەزمی شیلگ بوو لەجێی سینەکەمان

بۆ قوماری مەعرەکە تیغی بەرووتی نابڕێ
بۆ جەلای جەوهەر لەخوێنی موودەعی وەردەگرێ قان

ئیسمی قابیز بوو لەجێی جەوهەر لەحەربەی رمی ئەو
وەك چەپەر پۆستەی ئەجەل هاتو بەتورکیدا نیشان

تورك وەكو تیلكی زەعیفو كورد ئەسەدخوو هاتنە پێش
جەنگجۆ بوون یەك بەیەك هەر سوو وەكو بەبری بەیان

سرری مەخفی رۆمیان زانیوتە بۆ زاهیر دەبوو
نووكی رم دیخوێند لەدڵیا تا هەموو رازی نیهان

وەختە بۆتان پیرەهەنیان بێتە جامەی ئاخیرەت
هەر لەناكاوا نیزام دیان لەرێزی بالەبان

هەی خواروو لەودەمە چی كرد تەقەی تۆپو تفەنگ
سەر زەمین تاریكو دونیا تۆزو كەرگوێی ئاسمان

ماهی طالع رێی محاقو رۆژی نەكبەت جیلوەگەر
خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەش فشان

لاغریی تالیع شكاندی حەسرەتا بازووی قەوی
ئەختەری بورجی مظفر خۆی لەئێمە كرد نیهان

گەرچی پێشاو پێش بەهەیبەت بوونو ئازا چوونە پێش
حسەرەتا بازهەم نەیانزانی نظام وا بێ حەیان

پێش دەمیان شیلکی تۆپ پشتی سەر ئەو ئاگرە
گەییە چەرخی حەوتەمین لەو عانەدا ئاهو فوغان

گوێ فەلەك كەڕ بوو لەبەر نالەی نەفیری ئەهلی شار
لامەكانی گرت سەدای نالەو فوغان و الامان

مدعی كوێر بێ، نظام ئیفلیج، مەكان زێرو زەبەر
(میری سورداش)و (امینە)ی پیاوی هەردوو ئەنگوان

گەر عەشیرەت گریە كەن هەریەك هەتا دەمرن كەمە
كوشتنی میر بای مخالف بوو بەشەمعی دوژمنان

ڕۆژی قەتڵ ئەمرۆیە الحق (وا حوسێنی) پێ ئەوێ
بۆ ادای تازێ سەراسەر نیلگوونە ئاسمان

یادگاری حاكمان و جانشینی سیلسیلە
ئامرادو ئەورەس و مقصد ئەدیوو ئەوجەوان

سەدكە ڕۆژێ گریە اما ئەمن زۆر پێكەنیم
(پووره ماتان) (ئەحمەد اغا)ی بردە شكلی دۆمەكان

دەرپەڕین باز مەیلی اقدامیان نەبوو لەو بدعەتە
حسرەتا یەك دڵ نەگەینە شیوەکەی گردی گوڵان

مەیلی لانیان بوو وەکو کەروێشکی پاش ڕاو هاتنەوە
دەرنەچوون چا بوو بەحملەی دێلە کەهیا کول کران

سێ بلۆك لای پشتی گرت و سونگی دەوران هاتنە پێش
حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نظام وا بێ حەیان

سەر بلۆکیان (خاڵەکەی هەورامی)ی و(قالەی شریف)
هەم رەفیقیان بوو (عەزیزە حیزەکەی) چووچانیان

ئاهی ئەم حاکمانە تەحقیقە ئەگەر نەگری نظام
قەومی نوحیش دەچنە جنت بێ شك و شوبهە و گومان

صرفی نقدی ڕۆحی شیرین بوو هەتا پەروەردە بوون
بەچکە گورگ ئاسا لەئاخیر چوونە کۆزی دودەمان

فەرقی فەخری میولایی گەییە بەهرام و اسەد
کەوتە قەعری چاهی غەم لەو حاڵە میری بازیان

شاری سلێمانی

بازوەکو بازی تەوار دەورێکی کردو هاتەوە
دەوری کەهیاو شاری گرت دیسان بەرارای نۆکەران

ئامەلەر وەك گورچکی گا، هەریەکە فیکرێ لەدڵ
خۆ نظامیش مثلی سۆسەن جوملە دووڕووو دووزمان

هاتە ژێر پاساری تەنگ لەشکر رکاب ئەندەر رکاب
کەوتە سەر کۆڵان و سەرسیلە عەنان ئەندەر عەنان

بوو بەجێ بەبرو غضنفر کوچە ناو سوقاق
سر محەلە رەنگی بێشەی گرت لەنێزەی جانستان

رەنگی صحرای محشەری بوو شیوەکەی لای پیرمەسوور
گرمەگرمی تۆپی رۆمی هەوهەوی سوارەی بەبان

بوو بەجارووبی محەلە هەر تەرەف پەنجەی پەڕیو
پەی کراو بێ پێ لەمەیدان پەهلەوانی پاڵەوان

(سەن سەن)ی سوارەی نظامی و (گێل ئولان)ی تورك ئوشاخ
بگرە بگرەی کورد زبان و ئاخ ئاخی تورکمان

قەهرناك و سەر بۆ رەهنە ئاتەش ئەفشان حملەوەر
جەنگ جوو بوون یەك بەیەك هەر سوو وەکو بەبری بەیان

بەختی سووتێ سا لەرێی حەق، حەق حەقی لێ وەرگرێ
بەدنمەك گیری نمەك بێ وەك ئەوان دایان بەمان

بۆمەدارى نان عەشیرەت قەت مەدارێکى نەبوو
ئاشەکەى طبعى بەئاوى کەیدى رۆمى هاتە دان

شێرى بیشەى مولکى بابان بوو عەزیز اما درێغ
وەك گرێى دا موسکى بـێ قەومەکەى زوو هەڵوەشان

گەرچى میصرە شارەزوور اما خرابە بـێ عەزیز
روو دەدا لەم خەلقە ئاخر حاڵەتى کەنعانیان

سا فەلەك کە یخوسرەوى خوێنى سیاووش گوم مەکە
رۆستەمى سانى عەزیزە موددەعى توورانیان

دیدە نابینایە وەك یعقووب لەهیجرانى عزیز
تۆى خودا صاحیب مکان و تۆى خودایە لامکان

کەوکەبى بەختى لەچاها وا بە پرتە و بێتە دەر
شەعشەعەى امرى منورکا زەمین و ئاسمان

جەنگەڵى شەهبازى بازى بازیانى باز نەوین
فش هەڵات کەهیا لەسەر بیضەى طمع وەك ماکیان*

* خەزنەدار، د. مارف: مێژووى ئەدەبى کوردى ب۲

ڕوون کردنەوەیەك دەربارەی هەندێك لەباسەکانی چیم دی*

((لەژمارە ـ ٢ ـ ی گۆڤاری (بەیان)دا بەناوی (کاوە)وە کە ڕەخنە لە (چیم دی) گیرابوو، بەڕاستی ڕەخنەکە لەجێی خۆیەتیو منیش ئەمەویت لەبارەی هەندێك لەباسەکانی (چیم دی) بۆ خوێندەواران ئەمە ڕوون بکەمەوە)).

لەپێشەوە با لەمێژووەکەی (ئەمین زەکی بەگ)ی خوالێخۆشبوو وردبینەوە کە باسی دەوری حوکمداریتی شێخ مەحمودی نەمری بەم چەشنە کردووە. لەگۆشەیەکی کوردستانی جنوبیدا، بەمەعاوەنەتی ئینگلیزەکان ئیدارەی مەحەلی دامەزرا کە باش ئیدارە نەکراو تیك چوو، مامۆستا ساڵح قەفتانی خوالێخۆشبوو کە خۆی ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەو دەورە بوو کەچی لەمێژووەکەیدا بەکورتی لێی دوواوە، ئەبوایە مێژوونووسەکانمان ئەوەیان بۆ گەلەکەمان ڕوون بکردایەوە کە ئەو ئیدارە مەحەلییەی پێمان بەخشرابوو بۆچیو لەسەرچی تێك چوو؟ بۆئەوەی لەڕاستییەوە زانیاری لێ وەربگیرایە.

بیستم ئەم کارە کاك (ئەحمەد خواجە) بەجێی هێناوەو بەناوی (چیم دی)یەوە کتێبێکی دەرکردووەو بەدووروودرێژی باسی دەوری حکومداریتی شێخ مەحمودی تێدا کردووە، زۆرم پێ خۆش بوو چونکە خۆیشم هەندێك زانیاریم هەیە لەڕوداوەکانی ئەو دەورەو ماوەیەکیش لەگەڵیا نەبووم، بۆ ئەوەی ئەو زانیارییەم بەکەموکوڕی نەمێنێتەوە کتێبەکانم کڕی.. لەپاش خوێندنەوەیان بۆم ڕوون بووەوە کە باسی ئەو ڕووداوانەی لە (چیم دی)دا نوسرابوو زۆری

* گۆڤاری بەیان/ ژمارە: ٥/ کانوونی دووەمی ١٩٧١

گۆڤاری بەیان/ ژمارە: ١/ ١٩٧٢

نووسینی: هەڵۆ

لەڕاستییەوە دوورەو پچڕپچڕەو ئەوەی بەبیریا هاتووەو بۆ خۆی بەباشی زانیوە تێ هەڵکێشی ڕووداوەکانی کردووەو هەوڵی داوە وەکو ئەمارەتەکانی پێشوی کورد نرخێکی مێژوویی بداتێ، بەڵام لەبەر ئەوەی حوکمدارێتی (شێخ مەحمود)ی کردووە بەچیرۆکێکی ئەفسانەیی‌و ناوی ناوە (چیم دی).

باسەکانی (چیم دی) بێجگە لەو فەرمانانەی لەکاتی حکومداریەتی (شێخ مەحمود)دا لەڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاودەکرایەوە، بێجگە لەوە باسەکانی تری لەو بارەیەوە زۆر لەڕاستییەوە دوورە. لەلای هەموو کوردێك ئاشکرایەو شکی تێدا نییە کە (شێخ مەحمود)ی نەمر نیشتمان پەروەرو دڵسۆزی گەلەکەی بوو، و شکی تێدا نییە کە هەموو ماڵو سامانی خۆی لەڕێی ئازادی گەلەکەیدا بەخت کردووە.. ئێستاکەیش کاك (ئەحمەد خواجە) ئەیەوێت لەخوێندەواران بگەیەنێت کە باسەکانی (چیم دی) واقیعی‌و ڕاستە، بەڵام کە سەرنج ئەدەیتە باسەکانی (چیم دی) چەوتی‌و ناڕاستیت بەرچاو ئەکەوێت. وەکو لەلاپەڕە (٥٢) بەرگی یەکەمدا ئەمە نوسراوە ((حەمە خانی بانەو ڕۆستەم خان‌و سەرداری بۆکان لەبەرئەوەی میوانداری خێزانی (شێخ مەحمود)یان کردووە لەسەر فەرمانی ئینگلیزەکان شریف الدوله لەئێرانەوە هاتووە (ڕۆستەم خان)ی لەبانەو (حەمەخان)ی لەسەقزو سەرداری لەبۆکاندا کردوە بەداراو خنکاندویەتی)). لێرەدا کاك (ئەحمەد خواجە) ئەم ڕووداوەی هەڵگێڕاوەتەوەو لەڕاستی لایداوە، حکومەتی ئێران تەنها (ڕۆستەم خان)ی خنکاندوەو ئەڵێن لەبەر ئەوە بووە میوانداری خێزانی (شێخ مەحمود)ی کردووە بەڵام خنکاندنی (حەمە خانی بانە)و (سەیفەدین خانی سەقز)و سەرداری بۆکان لەکاتی شەڕی بەینی عوسمانی‌و ڕوسدا بووە کە بەم جۆرە بووە: لەساڵی ١٩١٤دا لەدەمەدەمی پایزدا، ئەفسەرێکی تورك کە ناوی (ئەرکان ئیبراهیم حیلمی نابلوس) بووە بەهێزێکی ٧٠٠ کەسییەوە ڕووئەکاتە ئێران لەبانەداو (حەمە خانی) خنکاندوەو لەپاشدا

ڕووئەکاتە سەقز (سەیفەدین خان) لەگەڵ خۆیدا هەڵئەگرێتو بەرەو شاری (مەراغە) ئەکەوێتە ڕێو خەبەریش ئەنێرێت بۆ سەرداری بۆکان بۆ چاو پێ کەوتنی بێتە شاری (مەراغە)، کە لەوێ کۆئەبنەوە ئەرکان فەرمان ئەدات لە (مەراغە) هەردووکیان ئەکەن بەسێدارەداو وەکو ئەڵێن خنکاندنی ئەم سێ سەرۆکە کوردە لەبەرئەوە بووە کە پەیوەندیان هەبووە بەحکومەتی ڕووسەوە. بەڵام خێزانەکەی (شێخ مەحمود) لەساڵی ١٩١٩دا بەرەو ئێران ڕۆیشتون.. بەم جۆرە دەرئەکەوێ کە لەبەینی ٩١٤و ٩١٩دا چوار ساڵ جیاوازی هەیە، کەچی (چیم دی) خنکاندنی (حەمە خانی بانە)و (سەرداری بۆکان) ئەباتەوە ساڵی ١٩١٩.

ناردنی نوماینده بۆ لای سمکۆ...

بەداخەوە ئەڵێم: کاك (ئەحمەد خواجە) تاوی داوەتە ناڕاستیو بەهیچ جۆرێك لێی ناگەڕێتەوە. لەلاپەڕە ٦٣ ـ ٦٤ی بەرگی یەکەمدا هاتووە کە (جەمال عیرفان) نوماینده‌ی ڕێك خستووە لە (ڕەشید جەودەت)و (عارف سایب)و ناردونی بۆ سەقز بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەید تەهادا بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، دژی (میجەرسۆن)و ئینگلیزەکانی سلێمانی. لەم باسەدا، سەرم سوڕما، هەرچەند لەساڵی ١٩١٩دا لەدەرەوەی عیراق بووەمو لەڕووداوەکانی کاتی حاکمییەتی میجەرسۆن ئاگادار نەبووم بەڵام کە هاتمەوە سلێمانی لەمو لەو هەندێك زانیاریم وەرگرتو لەهیچ کەسێکم نەبیست لەلایەن (جەمال عیرفان)ی خوالێخۆشبووەوە نومایەندە نێرابێت بۆ لای (سەید طه)، بۆئەوەی بەتەواوەتی بۆم ڕوون بێتەوەو دڵنیابم پرسیارم لەکاك (ڕەشید جەودەت) کردو بەنامە وەڵامی دامەوەو ئەڵێت ئەم باسەی (چیم دی) نوسیویەتی ڕاست نییەو بێ ئەساسە، بەڵام (ڕەشید جەودەت) دووجار سەری لەئێران داوە، یەکەم جار، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٢٢دا چەند هەڤاڵێك بووین بڕیارماندا یارمەتی (سمکۆ) بدەینو لەشۆڕشەکەیدا هاوکاری

بکەین‌و بەرەو ئێران ڕۆیشتین.. کاك (ڕەشید جەودەت)و (عارف سایب)ی خوالێخۆشبوومان لەگەڵدا بوو کە گەیشتە بۆکان، (عەلی خانی کوڕی سەردار) پێشوازی‌و میوانداریەکی باشی کردین، لەمەیانەی گفتوگۆدا، لەبارەی سمکۆو شۆڕشەکەی پرسیار کرا، عەلی لەوەڵامدا وتی: تەنها ئەم شەو ئەتوانم میوانداریتان بکەم لەبەرئەوەی توشی گێرمەو کێشەو ئازار نەبم بۆ بەیانی بۆکان بەجێ ئەهێڵم، چونکە لەوانەیە سوپای ئێرانی سبەینێ بگاتە بۆکان‌و بەپێی ئەو بەیاننامەیەی کە وەزیری جەنگی ئێرانی بڵاوی کردووەتەوە لەشکری سمکۆ تەفرو توونا بووەو دێهاتەکانی شوکاك سوتێنراوەو تاڵان کراوەو سمکۆ سەری خۆی هەڵگرتووەو نەزانراوە ڕووی کردووەتە کوێ‌و لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەو گوڕەشەی کردووەتە سەر سەرۆکی عەشیرەتەکانی کوردو وتوویەتی بێتو لەدژی حکومەت بجوڵێنەوە هەروەکو سمکۆتان بەسەردا ئەهێنم.

ئێمەش کە ئەم باسەمان لە (عەلی خان) بیست، چارمان نەماو بۆ بەیانی گەڕاینەوە بۆ بانەو بۆ چەند ڕۆژێك لەوێ حەساینەوە، لەو ماوەیەدا خەبەرێکمان وەرگرت کەوا ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێ هێشتووەو ئیدارەکەی دراوەتە دەست (شێخ قادری حەفید)ی خوالێخۆشبوو، لەپاش سێ ڕۆژ، خۆمان گەیاندەوە سلێمانی. جاری دووەم، لەساڵی ۱۹۲۳دا (ڕەشید جەودەت) لەگەڵ (سمکۆ)دا گەڕایەوە بۆ ئێران، وەکو لەپێشەوە باسم کرد ڕۆیشتنی (ڕەشید جەودەت)و (عارف سایب) بەم چەشنە بوو نەك وەکو (چیم دی) کە بەخەیاڵ کردونی بە نومایەندەو ناردونی بۆ سەقز بۆلای (سەید تەها).

هاتنەوەی شێخ مەحمود لەهیندستانەوەو بوونی بەحوكمدار

لەپێش گەیشتنی حوكمدار بۆ سلێمانی، خانوەكەی ئێستای (تۆفیق ئەفەنـدی ئاغـا فـەتحوڵلا) كـە ئەوسـا بـەناوی مـاڵی حـاكمی سیاسـیی بـەناوبانگ بـوو ڕازێنرایـەوەو بەسـەرۆكایەتی ئـەركانی حـەرب (تۆفیـق وەهبـی) ئـەو ئەفـسەرە كوردانەی لەبەغـداوە هـاتبوون‌و هەنـدێكیش لەفەرمانبـەران ئامـادەكران بـەناوی تەشریفاتەوەو هەریەكە لەمانـە ڕۆزیتیـان لەبـەرۆك دابـوو كـە نیشانەی شادی‌و ئـازادی بـوو، ئـەم ڕۆزیتـە، لەقوماشی سـەوزو سوورو سـپی دروسـت كرابـوو كـە ڕەمـزی ئاڵاكـەمان بـوو، هـەروەها لەلایـەن ئەشـراف‌و مامۆسـتایان‌و قوتابیـان‌و تیجارو كاسـبەوە، بەگەیـشتنی حوكمـدار، پێـشوازییەكی بـەپیادەیی لـەژێر تـاقی زەفەرەكانـدا لـێ كراو گەیشتە بـەردەمی دەرگـای دەرەوەی دیـوانی حوكمداریـەتی كـە پێـی دانایـە داڵانەكـەوە (هـادی سـایب)ی خوالێخۆشـبوو ڕۆزێتێكـی پێـشكەش كـردو دای لەبـەرۆكی، حوكمـدار، بەزەردەخەنـەوە سوپاسـی كـردو بـەرەو ژوور بووەوە بۆ ژووری حەسانەوە لەو كاتەدا مامۆستای خوالێخۆشبوو (ڕەفیق حیلمی) وتارێكی داو وتی: پێویستە لەسەرمان دەست بدەینە دەست یەك، بەدڵێكی پاك‌و خاوێنەوە كۆشش بكەین بۆ پێشكەوتن‌و بۆ سەربەخۆیی گەلەكەمان، داوایشی لـە ئینگلیزەكان كـرد كـە چەوتیمان لەگەڵدا نەكەن‌و دۆسـتایەتی راسـتیمان پیشان بدەن. لەپاشدا، یەكە یەكە چوونە خزمەت حوكمـدار، هەنـدێكیان دەستیان مـاچ كرد وە هەندێكیشیان دەستیان گوشی، بەم جۆرە پێشوازی كۆتـایی هـات‌و لـەپاش چـەند ڕۆژێـك، بەسـەرۆكایەتی (شـێخ قـادری حەفیـد) كۆمـەڵی وەزیـران دانـرا هەروەها فەرماندەش بۆ سوپا دانـراو ماوەیـەكی پێچو (تۆفیـق وەهبی)ش بـەناو كـرا بـەیاوەری حوكمـدار، بـەڵام چـۆن یاوەرێـك هـەركاتێك بـچوایە بـۆ دیـوانی حوكمداریەتی لەلایەن پاسەوانەكانی دەرگای دەرەوەی دیوانـەوە، ڕێـی لـێ ئـەگیراو

هەتا فەرمان دەرئەچوو نزیکەی نیو سەعاتی ئەخایاند ئەوسا یاساوڵەکان ڕووی ڕەحمەتیان تێ ئەکردو ڕێگایان بۆ ئەکردەوە کە بتوانێت بچێتە خزمەت حوکمدار. ئەم کردەوە ناشرینو نابەجێیانە هەمووی سووچی چەڵکاو خۆرو تورك خواهەکان بوو بۆ مەرامی خۆیان دیوانی حوکمدارییەتیان تەنی بوو وە نەیان ئەهێڵا هیچ کەسێك بەتەنیا چاوی بەحوکمدار بکەوتایە کە پێویست بوو لەوەزیرە تێگەیشتوەکانو خوێندەوارە نیشتمان پەروەرەکان بۆ هەڵسوڕانی کاروباری حکومەتە ساواکەمانو بۆ گەشەپێدانی لەهەموو بارێکەوە بەسەربەستی بیان توانیایەچاویان بەحوکمدار بکەوتایەو لەگەڵیا وتوێژیان بکردایە. داخەکەم ڕێگا لەم چەشنە مرۆڤە دڵسۆزانە گیرابوو، بەڵام بۆ تورك خواهەکان ڕێی توانایان بۆ کرابووەوە وە بەسەربەستی پروپاگەندەیان ئەکردو مێشکی گەورەو بچوکی دانیشتوانی شارەکەیان بەم جۆرە پڕ دەکرد، کە گوایە ویلایەتی موسڵ (موسڵ، هەولێر، کەرکوك، سلێمانی) بەشەڕ داگیرنەکراوەو بەپێی پەیمانی دووەلی ویلایەتی موسڵ ماڵی حکومەتی تورکەو ئەدرێتەوە بەتوركو لەو کاتەیشدا باسێکی تر لەناو شاردا بڵاوبووبووەوە کەوا چەند مرۆڤێکی تورك بۆ گفتوگۆ کردن هاتوون بۆ سلێمانیو لەماڵی حوکمدار میوانن، ئەم خەبەرە کاری کردبووە دانیشتوانی سلێمانی، چونکە ئەو دەردو ئازارو چەرمەسەرییەی کە بەدەست تورکەوە کێشابوویان لەبیر نەچووبووەوەو هەروەکو خوڵی مردوویان بەسەرا کرابێ ماتەمینی دای گرتبوونو پەشۆکا بوونو کەوتبونە دەریای خەفەتەوە، بێجگە لەمەترسی هاتنەوەی تورك خەبەری کوشتنی جەمال بەگی عیرفان ئەمەندەی تر دانیشتوانی شارەکەی سەرسام کرد، هەرچەند لێیان ئەکۆڵیەوەو لێی ورد ئەبوونەوە بۆیان ساغ نەئەبوەوە لەسەرچی کوژراوە چونکە (جەمال عیرفان)ی نەمر گەلو نیشتمانەکەی خۆش ئەویستو لەگەڵ نیشتمان پەروەرە هەڤاڵەکانیا هەوڵیان ئەداو بەربەرەکانیان

ئەکرد کە دەستی ناپاك لەحکومەتە ساواکەمان دوور بخەنەوە، تاوانبارەکان هەستیان کرد بەربەرەکانیان ئەکرێت بڕیاریان دابوو بکەونە کوشتنی چەند خوێندەوارێکی نیشتمان پەروەر، ئەوەبوو سەر لەئێوارەیەك ئەم تاوانەیان کردو لەناو ماڵو منداڵی خۆیدا جەمال عیرفانیان کوشت. بەداخەوە ئەڵێم کاربەدەستانی حکومەتی سلێمانی هەوڵو تەقەلایەکی بەهێزی نەخستە کارەوە بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەکان ئیتر هەڤاڵە هاوبیرەکانی جەمال عیرفانیش هەستیان کردو بۆیان ڕوون بووەوە کە توشی ئازار ئەبن، هەندێکیان کەوتنە هەوڵدان بۆ پاراستنی خۆیانو هەندێکیشیان خۆیان لەسلێمانی دوورخستەوە، هەروەکو (عەبدول قادر سەعید) کە بە (قالەی ئایشەخان) ناوبرا هەڵهاتو خۆی گەیاندە کەرکوكو کاك (ڕەشید جەودەت) خۆی دایە پەنای سمکۆو دەربازبوو چوو بۆ ئێرانو (تۆفیق وەهبی)ش بەپشتیوانیو یارمەتی (حەپسەخانی نەقیب)ی خوالێخۆشبوو رزگارکراو گەیشتە بەغدا، ئەم کارەساتە خوێناوییە جۆشی بەدانیشتوانی شارەکە دابوو لەعنەتی ئەو مرۆڤە جانەوەرو دڕندانەیان ئەکرد ئەم کارەیان کرد، تاوانبارەکان لەم کارە خوێناوییەی کە کردیان سڵەمینەوەو بۆئەوەی ئاشکرا نەبن وازیان لەکوشتن هێنا.

چۆڵکردنی سلێمانی

کاك (ئەحمەد خواجە) ئەزانێت کە ئەو کەسانەی لە (چیم دی)دا باسی کردوونو ناوی هێناون، تەنها کاك (ماجد موستەفا)و کاك (یونس عەبدول قادر) نەبێت ئەوانی تر هەموویان کۆچی دواییان کردووەو نەماون، ئیتر هەلی بۆ هەلکەوتووەو مەیدانی بۆ بەرەلا بووەو رەخنەگری نەماوە.. ئەوەی بەبیریا هاتووە پێنووسەکەی لایەنگرانە بەکارهێناوەو لەڕاستی لایداوە. وەکو لەبەرگی دووەمی (چیم دی)دا لەلاپەڕە (٨، ٩، ١١، ١٣)دا ئەڵێت:

لەکاتی ڕۆیشتنی (شێخ مەحمود) بۆ دۆڵی سورداش بۆ پارێزگاری شاری سلێمانیو دەرەوەی هاتووەو هێزی سوپای ڕێکخستووەو میلاکی هێزی کوردستانی بەم چەشنە پیشان داوە کەوا بێجگە لەسوپای نیزامی عەشایری بە (٥) هەزار چەکدار خەملاندووەو ئەم هێزانەی لەنووقاتی ستراتیژیدا دابەش کردووە بۆ ئەوەی لەهەرلایەکەوە دوژمن دەرکەوێت پەلاماری بدرێت، بەڵام بەداخەوە ئەڵێم: ئەو لەشکرە دوژمنەی لەکەرکوکەوە هاتبوو بەبێ تەقە گەیشتبوونە سلێمانیو ئەو (٥) هەزار چەکدارەش لەو نووقاتانەدا دایمەزرانبوونو ئامادەی کردبوون، نەزانرا لەکاتی هاتنی دوژمندا لەکوێ بوونو بۆ کوێ چووبوون، (وەڵامی ئەم پرسیارە، خاوەنی (چیم دی) نەیزانیێت). دیسانەوە (چیم دی) ئەڵێت: کە سلێمانی چۆڵکرا (٧٠٠) چەکداری سوارەو پیادە بۆ ئاسایشو ئاگاداری شاری سلێمانی لەفەرماندەی (سەید رەزا)و (سەید رەئووف)و (یونس عەبدول قادر) بەجێما. جا لەبارەی ئەم تەرتیباتەی کە کرابوو بۆ ئاسایشی شارەکە، بۆ زانیاری پرسیارم لەکاك (یونس عەبدول قادر) کرد لەگەڵ ئەوەشدا پێم وت: من تۆم دی بەبەندی ڕەوانەی ڕانییە کرایت، کەچی لەچیم دیدا، فەرماندەی (٧٠٠) چەکدار بوویت بۆ پارێزگاری شاری سلێمانی، بەوە ئەڵێی چی؟ کاك یونس، لەوەڵامدا وتی: لەکاتی چۆڵکردنی سلێمانیدا، نەفەرماندەبوومو نە (٧٠٠) چەکدارم دیوە، ئەو باسانەی کە لە (چیم دی)دا نوسراوە، زۆری ڕاست نییە، کەوابوو با بەسەرهاتی خۆمی بۆ بگێڕمەوەو منیش ئەوەی لەدەمی کاك یونسم بیستوە بۆ خوێندەوارانی بەڕێزی بڵاو ئەکەمەوە.

پاش ئەوەی (شێخ مەحمود) بوو بەحوکمداری کوردستان، بەمانگێك کاك یونس بەبێ سووچو تاوان ئەخرێتە بەندیخانەوەو ماوەیەك بەبەندی ئەمێنێتەوە، لەپاش هەوڵو تەقەلایەکی زۆر ڕزگاری ئەبێتو لەماڵی خۆیدا

دائەنیشێت. لەپاش چۆڵکردنی سلێمانیو ڕۆیشتنی (شێخ مەحمود) بۆ دۆڵی سورداش، هەندێك لەئەشرافو تیجارو کاسب لەدایەرەی سیاسیی کە ئێستا بازاڕی عەسرییە، کۆئەبنەوە بۆ پارێزگاریو ئاسایشی شاری سلێمانی.. لەکاتی وتوێژدا (شێخ موحەممەدی گولانی) هەڵئەداتیو ئەڵێت: (لەبیرمان نەچووەتەوە، کە ئینگلیزەکان شاری سلێمانیان بەجێ هێشت، ئەوەبوو شارەکە پڕبوو لەعەشایرو دێهاتیو مەترسی کەوتبووە ناو دانیشتوانی شاری سلێمانییەوەو هیچ کەسێك بەتەمای سەرو ماڵی خۆی نەبوو. لەو کاتەدا، کاك (یونس عەبدول قادر) فەرماندەی سوپای لیڤی بوو، کە ئەبینێت وا شیرازەی ئاسایشی شارەکە تێك چووەو بووە بەپاشاگەردانیو بەشەو لەهەموو گۆشەیەکی سلێمانیدا تەقوتۆقی تفەنگە، هات سەربازەکانی ژێر دەستی پۆل پۆل دابەش کرد بەشارەکەدا.. شەوو ڕۆژی لەخۆیو سەربازەکانی تاڵ کردبوو بۆ ئارام گرتنو ئاسایشو پاراستنی دانیشتوانی شارەکە لەدەستدرێژی پیاو خراپ. ئێستا کاك یونس بێ ئیشو کارە بنێرن بەشوێنیا هاوکاریمان لەگەڵدا بکات).

ئەم پێشنیارە پەسەندکراو ناردیان بەشوێنیاو تکایان لێ کرد بەواجبی بزانێو هاوکاریان لەگەڵدا بکات. کاك (یونس) ئەم کارەی بەخزمەت زانیو بەڵێنی داینێ بەمەرجێك لیژنەیەکی (١٢) کەسی دابنرێت بۆ پێکهێنانی ئەم کارە کە پێویستە بۆ ئاسایشی شارەکە بکرێت. بڕیار درا ئەم لیژنەیە بۆ ڕۆژی دوایی دەست بکات بەئیشو کار، بەڵام لیژنەکە بەرێکوپێکی کۆنەئەبووەوە، ڕۆژ بەڕۆژ لێیان کەم ئەبووەوە.. لەسەر ئەم ناڕێکییە کاك (یونس) پێیان ئەڵێت: ((بەم چەشنە بجولێنەوە، هیچ کارێکی وامان پێ ناکرێ سوودی هەبێ)) لەم وتوێژانەدا ئەبن، لەپۆستەخانەوە داوای کاك (یونس) ئەکەن کەوا لەکەرکوکەوە (میجەر ئادمونس) بەتەلەفۆن داوای کاك (یونس) ئەکات. کاك (یونس) ئەڕواتە پۆستەخانەو لەگەڵیدا ئەکەوێتە قسەکردن، (میجەر ئادمونس) لەوەزعی

سلێمانی پرسیار ئەکاتو ئەڵێت پێویستە ئاسایشی شارەکە بپارێزن. کاك (یونس) لەوەڵامدا تێ ئەگەیەنێ کەوا بێ دەسەڵاتەو هێزێکی وای لەگەڵدا نییە ئەم کارە بەجێ بهێنێ. (میجەر ئادمونس) داواکردنەکەی دوبارە ئەکاتەوەو ئەڵێت: هەرچۆنێك بێت لەگەڵ دانیشتوانی شارەکەدا هاوکاری بکەن هەتا ئێمە ئەگەڕێینەوە وا بزانە بەم زووانە لاتانین.

پاش ئەم قسانە بەدوو ڕۆژ کاك (یونس) دوبارە ئەچێتەوە پۆستەخانە کە لەگەڵ (میجەر ئادمونسدا) گفتوگۆ بکات لەپڕ پێنج چەکدار خۆیان ئەکەن بەپۆستەخانەکەداو پەلی ئەگرنو پێش خۆیانی ئەدەنو لەشار دووری ئەخەنەوەو هەرچییەکی پێ ئەبێت وەکو پارەو دەمانچەو سەعات لێی ئەسێننو بەبەندی ڕەوانەی ڕانییە ئەکرێت. ئەمەبوو بەسەرهاتەکەی کاك یونس، کە زۆر سوپاسی کاك (ئەحمەد خواجە)ی کرد لەبەندییەوە پایە بەرزی کردووەو کردویەتی بەفەرماندەی (٧٠٠) چەکدار. سەید ڕەزاش هەروەکو کاك یونس چاوی بە (٧٠٠) چەکدارەکەی (ئەحمەد خواجە) نەکەوتووە، چونکە لەکاتی چۆڵکردنی سلێمانیدا، سەید ڕەزا ئامر هێزی ناوچەی چەمچەماڵ بووەو خۆشمو (ڕەمزی عەبدول کەریم)و (ڕەشید عەبدول کەریم) لەگەڵیا بووین. سەید ڕەزا، پیاوێکی توندوتیژ بوو، سەربازەکانی خۆیان حەزیان لێ نەئەکردو لەگەڵیا نەئەگونجان، لەپاش چۆڵکردنی سلێمانی بەچوار ڕۆژ، ئێمە چەمچەماڵمان بەجێ هێشتو بەرەو دۆڵی سورداش کەوتینە ڕێ، کە گەیشتینە دێی تەڕەمار، سەربازەکان لەگەڵ سەید ڕەزادا تێکچوونو لێمان یاخی بوون، ئێمەیان بەجێ هێشتو خۆبەخۆی خۆیان ڕۆیشتن بۆ ناوچەی سورداشو ئێمەش شەوێك لەتەڕەمار ماینەوەو بۆ بەیانی گەیشتینە دێی گێچینە، لەدێیەکەدا تایەری ئەمینی ئەفەندیو سەید ڕەئوفو سەید موحەممەدی مفتی لێ بوو. من لەوێوە نێررام بۆلای (خالد سعید) کە فەرماندەی هێزی ناوچەی دێی جاسەنە

بوو کە گەیشتمە جاسەنە چاوم بە (ئەحمەد فەهمی) کەوت کە ئەویتر ذی (خالد سعید) سەرپەل بوو، لەگەڵ (ئەحمەد فەهمی) خوالێخۆشبوودا هێزەکەمان رێکخست، لەجێگا بەرزەکانی ئەملاو ئەولای دێی جاسەنە سەربازمان تێ داناو هەندێك سەربازیشمان نارده ئەشکەوتی جاسەنە، هەموو رۆژێك سەرمان لێ ئەدان. رۆژێك نزیکی ئێوارەبوو لەئەشکەوتەکە ئەگەڕاینەوە کە نزیك دێیەکە بووینەوە هاوار ئەکرا دەنگی فڕۆکە دێت. لەگەڵ (ئەحمەد فەهمی)دا بەگورجی خۆمان گەیاندە قەرەقاچەکانی بەردەمی دێیەکەو خۆمان بەزەویدا دا، بەرزی ئەم قەرەقاچانە نزیکەی حەفتا سانتیم ئەبوو ئەمەندەی پێ نەچوو (عیزەت نەجیب)ی خوالێخۆشبوو لەگەڵ (ئەحمەد خواجە)دا بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە لای ئێمەو وتیان چی بکەین‌و خۆمان چۆن پەنهان بدەین. پێمان وتن هەروەکو ئێمە خۆتان درێژکەن. فڕۆکە لەبەینی سێ‌و چوار رۆژدا لێی ئەداین، بەراستی حەیشی پێ تاڵ کردبووین.. بەم چەشنە بیست رۆژێکمان بردە سەر، ئەوەبوو لەقەمچوغەوە فەرمانمان بۆ هات کە بارەگا لەقەمچوغەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی جاسانە، ئێمەش لەسەر ئەم فەرمانە، سەربازەکانمان لەئەشکەوتەکە کێشایەوەو ئیتر ئەشکەوتی جاسەنە بوو بەدیوانی حکومداریەتی‌و بارەگای سوپا. لەگەڵ (ئەحمەد فەهمی)دا هەروەکو جاران پارێزگاری ناوچەکەمان ئەکردو بەبێ ئیجازە، رۆیشتن بۆ ئەشکەوتەکە قەدەغەبوو. لەپاش هاتنی (شێخ مەحمود) بۆ ئەشکەوتەکەی جاسەنە بەچەند رۆژێك، هەندێك لەبەگزادەکانی هەورامان بۆ دیدەنی حکومدار بەرەو ژووربوونەوە بۆ ئەشکەوتەکە، ئەم میوانانە پاش دوو رۆژ گەڕانەوە بۆ هەورامان. بۆ وەرگرتنی ئەو پارانەی بۆیان خەرج کرابوو لیستەی بۆ دروست کراو درایە دەست من کە لەلای حکومدار تەسدیق بکرێت، کە لەئەشکەوتەکە نزیك بوومەوە، چاوم بەقەڵەبالغییەك کەوت، وەستابوون‌و لەلایانەوە کابرایەك

کەوتبوو ئەینالآن‌و کابرایەکی کەش لەئاو هەڵکێشرابوو، بەلیس دارکاری ئەکراو حکومدارو حاشیەکەی لەبەردەمی ئەشکەوتەکە وەستابوون‌و چوومە پێشەوەو سلاوێکی سەربازیم بۆ کردو لیستەکەم پێشکەش کرد. بەلآم بەتوڕەییەوە فەرمووی: تۆ لێرە چی ئەکەیت؟ وەکو براکەت بۆ نەڕۆشتی، هەر ئێستا ئێرە بەجێ بهێڵە. لەوەلآمدا، عەرزم کرد: من دەخڵم بەسەر براوە نییە، هاتووم خزمەت ئەکەم. چاك بوو لەم تەنگ‌و چەڵەمەیەدا (سەید موحەمەدی موفتی)و (سەید رەزا)و (سەید ئەحمەدی بەرزنجی) کەوتنە فریام‌و عەرزی حوکمداریان کرد کە تازە لەدیلی هاتومەتەوەو پەیوەندیم بەئینگلیزەکانەوە نییەو تکایان لێ کرد بمبەخشێت، خوا لێیان ڕازی بێت، رزگار بووم.. لەوکاتەدا دڵم لەسەر سەد لێ ئەداو ئەترسام هەروەکو ئەو مرۆڤانە بخرێمە ژێر لیستەوە. لیستەکە تەسدیق کرا.. لەگەڕانەوەدا بووم گوێم لەدەنگی (شێخ مەحمود) بوو ئەمری کرد: دوختۆر نوری بانگ کەن (نوری عەلی سەیدەلی) ئەو پیاوانە تیمار بکات. بەڕاستی لەم فەرمانە سەرم سوڕما، وەکو لەپاشدا بۆم ساغ بووەوە ئەو دوو پیاوە سەر بەخۆمانن، بۆ هەندێ ئیش‌وکار نێررابوون بۆ ڕەواندز، هێزی ئوزدەمیر، بەناوی جاسووسی ئینگلیزەوە گرتبونی‌و ناردبوونیەوە بۆ بارەگای ئێمەو لەرووی نەزانینەوە، تووشی ئەم سزایە بووبوون‌و بۆم دەرکەوت فەرمانی ئویزدەمیری تورك، لەبارەگاکەماندا ڕەواجی هەیە، وەکو لەپێشەوە باسم کردبوو چۆن دیوانی حکومداریەتی بەدەست تورك خواهەکانەوەبوو وە لەوێشەوە دەستیان خستبووە شۆڕشەکەوەو دەسەلآتیان بەدەست فەرمانەدەی سوپای (سالح زەکی بەگ)ەوە نەهێشتبوو کە لەتورك خواهەکان (تایەر ئەمین ئەفەندی) کاتب مەسرەفی، لەدیوانی حکومداریەتیدا سەر کاتب‌و خەزنەداریش بوو، پیلانی هاتنی ئویزدەمیری بۆ دیدەنی (شێخ مەحمود) ڕێك خستبوو بۆئەوەی بەتەواوی (شێخ مەحمود) بکەوێتە ناو چوارچێوەی سیاسەتی تورکەوە. ئەوەبوو خەبەری

گەیشتنی ئویزدەمیر بۆ ئەشکەوتی جاسەنە بڵاوبووەوەو لەلایەن ئەمین ڕەواندزی خوالێخۆشبووەوە خەبەردار کراین بۆ هێنانی ئەو سەربازانەی سروودی نیشتمانی ئەزانن بۆ بەردەمی ئەشکەوتەکە. کە گەیشتنە ئەشکەوتەکە دەست کرا بەوتنی سروودی نیشتمانیو بەدەنگێکی زوڵاڵ وترا بژی مەلیکی کوردستان، ئەم بانگ کردنەمان، لەناو ئەشکەوتەکەدا دەنگی دایەوەو ویستمان بانگ کردن بۆ ژیانی مەلیك دوبارە بکەینەوە بەگورجی بێ دەنگ کراینو بڵاوەمان پێ کرا. بەڕاستی نەمانزانی بڵاوە پێکردنمان لەسەر چی بوو؟ لەوکاتەدا چاومان بە (ئەمین ڕەواندزی) کەوتو هەڵیدایەو وتی: فەرماندەی سوپامان (ساڵح زەکی) لەترسی ئویزدەمیر تاجو ئەستێرەکانی سەرشانی کە نیشانەی کوردبوو فڕێیداو ئەبوایە ئێوەش لەسروود وتن بێ دەنگ بکرانایە، وا دەرئەکەوێت ئەم خەباتەمان بۆ هێنانەوەی تورکە.. جا بەپێویستی ئەزانم بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵێك کە بتوانێت بەربەرەکانی تورك خواهەکان بکاتو هەوڵ بدات بۆ دوورخستنەوەی (شێخ مەحموود) لەسیاسەتی تورکەکان. پاش ماوەیەك ئەم کۆمەڵە پێك هات، لە (عیزەت تۆپچی)و (عارف سایب)و (ئەمین ڕەواندزی)و (عەزیز قەزاز)و (ئەحمەد فەهمی)و خۆم، لەناوماندا (عیزەت تۆپچی)و (عارف سایب) هەڵبژێران بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن بۆ دوورخستنەوەی تورك خواهەکان لەدیوانی حوکمداریەتی. داخەکەم ئەم هەوڵدانەش سەری نەگرتو لەدیوانی حوکمداریەتیشدا مرۆڤێکی دڵسۆزی تێگەیشتوی نیشتمان پەروەری تێدا نەبوو کە بەرهەڵستی سیاسەتی تورك خواهەکان بکاو بێ سڵ کردنەوە بەشێخ مەحمود بڵێت: تەنها لوولەی تفەنگ بەمەرامماں ئەگەیەنێت، پێویستە دوبارە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا گفتوگۆ بکرێتو لەئینگلیزەکانیش بگەیەنرێت کە ڕێکەوتنمان بۆ هەردوولا سودی ئەبێت. بەڵام ئێمە هەموو هیواو توانایەکمان دابووە ئەو چەند چەکدارانەی کە لەگەڵمانا بوون لەمانەش ڕۆژ بەڕۆژ لێیان کەم ئەبووەوەو زۆر

لەسەرۆکی عەشیرەتەکانو ئاغاو بەگزادەکانو شێخەکان هەروەها سوپا سالار شێخ قادری حەفیدو موستەفا پاشاو وەزیرە هەڤاڵەکانی لەدوای چۆڵکردنی سلێمانی خۆیان لەشێخ مەحمود دوورخستەوەو ئەیانزانی ئەم خەباتەی دەستی دراوەتێ سوودی بۆ کورد نییەو بۆ بەرژەوەندی تورکە، حکومەتی تورک بەیارمەتی تورک خواهەکان هەوڵیان ئەدا بڵێسەی ئاگری شۆڕش هەموو لایەکی کوردستانی عیراق بگرێتەوەو لەگەڵ ئەمەشدا سوپایان ئامادەکردبوو بۆ ئەو شۆڕشە گەورەیەی کە بەتەمای هەڵگیرساندنی بوون. لەبیرمانە کە یاداشتەکەی (ئەحمەد تەقی) کە لەلایەن ڕۆژنامەی (برایەتی)یەوە بڵاوکرایەوە، باسی ڕۆشتنی خۆی کردبوو بۆ تورکیا بۆ درێژەپێدانی شۆڕشەکەمان، لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێت درێژەدان بەشۆڕشەکەمان بۆ ئەوەبوو ببێتە بەڵگە بەدەست حکومەتی تورکەوەو لەجەمعیەتی ئەقوام بگەیەنێت کە کورد لەدژی ئینگلیزو عەرەبەکان لەشۆڕشدانو نایانەوێ لەگەڵیانا بژینو هەروەکو جاران حەز لەبرایەتی تورک ئەکەنو ئەیانەوێ لەگەڵ تورکدا بژین. جا ئینگلیزەکان بۆ بەرهەڵستی ئەم سیاسەتە کەوتنە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی تازە بەسەرۆکایەتی (شێخ قادری حەفید)و لەم ڕووەوە ئەفسەرەکانیش ئاگادار کرابوون بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەم حوکمە تازەیەدا، بەڵام (شێخ قادر) توانای لەخۆیدا نەدی ئەم کارە هەڵسوڕێنێ، وازی لێ هێناو لەدێی تەنگیسەر لێی دانیشت، ئیتر ئینگلیزەکان کەوتنە خۆیانو سوپایان ناردو ئویزدەمیریان لەڕەواندز دەرکردو سلێمانیشیان گرتەوەو بەئیستیفتا ویلایەتی موسڵیان لەتورک دابڕیو خرایە سەر عیراقو سلێمانیش بوو بەلیوایەکی عیراق.

جیابوونەوەی ئەفسەرەکان لەشێخ مەحمود

فەرمان دەرچوو، لەجاسەنەوە نێررام بۆ دوکان، (عەزیز کوردی) لەدوکان ئیشوکاری ئیستخباراتی ئەبینی.. لەپاش ماوەی پانزە ڕۆژێك خەبەرێك بڵاوبووەوە کەوا هێزێك لەسوپای ئینگلیز گەیشتووەتە کۆیەو نەئەزانرا ئەم هێزە ڕوو لەکوێ ئەکات. بەم بۆنەیەوە فەرمانم بۆ هات کە چاودێری جوڵاندنەوەی ئەم هێزە بکەم ئەگەر هاتوو رووی کردە دوکان بەشەڕەوە خەریکیان بکەم هەتا خەبەر ئەگەیەنمە بارەگاو ئەگەر ڕووی کردە رانیە، لەپاش ڕۆژێك بگەڕێمەوە دوکان، بۆ ئەم کارە لەگەڵ (٣٠) سەربازو (٢٠) چەکداری غەیرە نیزامیدا بەکەڵەك پەڕینەوە بەری کۆیەو چووینە سەر شاخی کۆسرەت، ئەم شاخە سەختو بەرز بوو هەموو ڕێگاکانی لێوە دیاربوو، لەپاش مانەوەمان لەشاخەکە بەدوو ڕۆژ هێزی دوژمن گەیشتە دێی سەرخۆمە، شەوێك مانەوە بۆ حەسانەوە بۆ بەرەبەیان بەرەو رانیە کەوتنە ڕێ. بۆ ئاگاداری دەست بەجێ خەبەرم نارد بۆ بارەگاو خۆشم بۆ ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ دوکان.. ئەمەندەی پێ نەچوو (ساڵح زەکی بەگ) سەر لەبەیانی گەیشتە دوکانو چووم بەپیریەوە، لەمەیانی قسەکردندا وتی: بیستومە لەسلێمانی حکومەتێکی تازە دائەمەزرێتو بەدەستیەوەیە ئەفسەرەکان هاوکاری لەگەڵ ئەم حکومەتەدا بکەن منیش تکاتان لێ ئەکەم پەلە مەکەن بۆ چارەسەری ئەم وەزعە ئەچم بۆ بەغدا لەگەڵ ئینگلیزەکاندا وتووێژ ئەکەم، ئەگەر ڕێککەوتین پێویست نامێنێ بۆ ڕۆشتنتان ئەگەر کارەکەم سەری نەگرت، منیش لەگەڵتانم. بەڵێنم دایە کە ئەم فەرمانە لەهەڤاڵەکانم بگەیەنم، دوعاخوازی خواستو بەکەڵەك پەڕییەوە بەری کۆیە. لەپاش ڕۆشتنی (ساڵح زەکی بەگ)، (خالید سەعید) بەوەکالەت بوو بەفەرماندەی سوپاو منیش نێررام بۆ قەمچوغە بۆ جێگاکەی (خالید سەعید)و

بووم بەفەرماندەی ناوچەی قەمچوغەو دوکان. وەخت بەهار بوو، ڕۆژ درێژ بوو. فڕۆکەش سێ چوار ڕۆژ بوو وازی لێ هێنابووین، لەگەڵ سەربازەکاندا بەئاسودە رامان ئەبواردو کاتمان ئەبردە سەر. ڕۆژێك لەسەیری یاری کەوشەك کردنی سەربازەکان بووم، خەبەرم درا کە (عەلی کوردی) لەژورەکەمدا چاوەڕوانمە، چووم بۆ لایی‌و بەخێرهاتنم کردو هەواڵم لێ پرسی وتی لەسلێمانییەوە داوامان ئەکەن، وەکو بیستومە بەم زوانە ناوچەی جاسەنەو قەمچوغەو تەلان چۆڵ ئەکرێت. پێویستە هەر لەئێستاوە خۆمان کۆبکەینەوەو لەمە سوود وەربگرین‌و خەبەریش بگەیەنێتە (عەزیز کوردی) لەدوکانەوە بێت بۆ قەمچوغە.

لەم قسەکردنەدا بووین، ئەمرم بۆ هات بۆ سبەینێ قەمچوغە چۆڵ بکەین‌و بەهێزەکەمەوە بجوڵێم بۆ شێخ باغ، ئیتر (عەلی کوردی) بەپێویستی زانی لەقەمچوغە بمێنێتەوەو بۆ سبەینێ (عەزیز کوردی) گەیشتە لامان‌و (خالید سەعید)ش لەجاسەنەوە هات بۆ قەمچوغەو بڕیارماندا لەسەعات (٦)ی پاش نێوەڕۆدا بەرەو سلێمانی بکەوینەڕێ، ناوی ئەفسەرەکان‌و ژمارەی سەربازەکان کە ئامادەبوون بۆ ڕۆشتن ئەمانە بوون: (خالید سەعید، عەلی کوردی، عەزیز کوردی، فوئاد مەستی، ئیبراهیم زوری قومیسەر، عومەر قادر)و (٦٥) سەربازو دوو ئێستر بەچوار سەندوق فیشەکەوە. سەعات (٦)ی پاش نیوەڕۆ لەقەمچوغە هاتینە خوارەوە بۆ سەر ڕێگا لەو کاتەدا (ماجید موستەفا)و (رەمزی عەبدول کەریم) بەسوارەکانیانەوە گەیشتنە لامان، پرسیاریان کرد بۆ کوێ ئەڕۆن‌و بۆچ لەدۆڵی قەمچوغەوە سەرنەکەوتن بۆ شێخ باغ؟ وتمان ئەمانەوێ لەجاسەنەوە بڕۆین، بەڵام باوەڕیان پێ نەکردین.. لەپاش ڕۆشتنی چەند هەنگاوێك (رەمزی عەبدول کەریم) دوبارە لێی پرسینەوە. من خۆم پێ نەگیرا وتم ئەڕۆینەوە بۆ سلێمانی. چەند هەنگاوێك ڕۆشتین (ماجید موستەفا) بانگی کرد دەنگی فڕۆکە دێت خۆتان بدەن بەزەویدا، منیش گوێم هەڵخست دەنگی فڕۆکەم نەبیست‌و هاوارم

ک یە سەربازەکان تا خۆیان بگەیەننە ژێر دارەکانی گردەکەی بەرامبەرمان کە گەیشتنە گردەکە (ماجید موستەفا) بەگلەییەوە وتی وا دیارە باوەڕتان پێ نەکردم. منیش لەوەلامدا پێم وت: خۆت ئەزانی هەتا دارستان وەستابێ لەزەوی رووتدا خۆ ناشارێتەوە. لەپاش چارەکە سەعاتێك (ماجید موستەفا)و سوارەکانی لێمان جیابوونەوەوسەرکەوتن بەرەو جاسەنەو ئێمەش ملی ڕێگامان گرتو رۆشتینو تاریکیمان بەسەرا هاتبوو کە گەشتینە پردەکەی (تابین) لەپاش موڵەیەکی نیو سەعاتی، کەوتینەوە رێ لەگەڵ شەبەقی بەیانیدا گەیشتینە سەرچنار. هێزی ئینگلیزەکان لەدووریانەکەی سەرچنارو قلیاسان هەڵیان دابوو، لەپاش سەعاتێك حەسانەوە، ئەفسەرێکی ئینگلیز هاتو پێشمان کەوت.. کە نزیك هێزەکەیان بووینەوە، دەورمان گیراو داوای چەکەکانیان لێ کردین، لەپاش وەرگرتنی چەکەکانمان، پێیان وتین: هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆیو، لەپاشدا بۆمان ساغ بووەوە کە (شێخ قادر) لەبەر بێ دەسەلاتی توانای هەڵسوڕاندنی کاروباری ئەم حکومەتەی نەبوو کە بەدەستەوەبوو دروست بکرێتو وازی لێ هێنابوو، وە لەڕووی هەڵەو نەزانینەوە کارەکانمان بەئەنجام نەگەیشت.

مەبەستم لەم باسە، کە بەشێوەیەکی چیرۆك نوسیومەتەوە بۆ ئەوەیە کە هەندێك لەو باسانە ڕوون بکەمەوە کە (ئەحمەد خواجە) بەنارێکی دەری خستوون. ئەگەر لاپەڕە (٢١و ٢٢)ی بەرگی دووەمی چیم دی بەراورد بکرێت لەگەڵ باسی جیابوونەوەی ئەفسەرەکان لە لەشکری (شێخ مەحمودی نەمر)دا، بۆ خوێندەوارانی بەرێز ڕوون ئەبێتەوە کە لەو باسەیدا حەیبەیەکی کردووە بەقوببەیەكو لەم لاپەڕانەدا (ئەحمەد خواجە) ئەڵێت: شەو لەگەڵ (ماجید موستەفا)دا بەئەفسەرەکان گەیشتین. کە ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەفسەرەکان لەکاتی ڕۆشتنیانا بۆ سلێمانی چاویان بەئەحمەد خواجە نەکەوتووە وەکو لەپێشەوە باس کرا.. بەڕۆژی ڕوناك، لەبەردەمی دێی قەمچوغەدا بە (ماجید

موستەفا)و سوارەکانییەوە کە گەیشتبوونە (٦٥) چەکدار نەك (٧٠٠) وە دوو ئێستریان پێ بوو نەك (٧٥) ئێسترو بێجگە لەوەش لەناو ئەفسەرەکاندا (ڕەشیدی غەفور)و (مەجید خانەقین)ی تێدا نەبووە. (مەجید خانەقین)ی لەسەرەتای کارەوە بەشداری نەکردووەو لەسوپای بەغدا مابووەوە. بۆ تەواوکردنی ڕووداوەکانی کاتی حوکمداریەتی شێخ مەحمودی نەمر، بەتکاوە داوا لەکاك (یونس عەبدول قادر) ئەکەم کە ئەم ئەرکە بهاوێتە سەرشانیو هیمەت بفەرموێتو بۆ خوێندەوارانی ڕوون بکاتەوە.

(١) بەگوێرەی ئاماژەکردنی ناو وتارەکە،لەهەڵۆا دەبێت فوئاد مەستی بێت، زۆربەی شارەرایانیش هەمان بۆچوونیان پشت ڕاست کردەوە.

ساری سلێمانی

بۆ ئیدارەی کوردستانی خواروو*[1]

باسی تەشکیلاتی[2] ثانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین
کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین

ناعیلاجم ئیسمو شوهرەت باس ئەکەم عاجز مەبن
تا ببینن شکلی وەضعییەت بەجارێ قارئین[3]

---

* جەمال محەمەد: سەرجەمی بەرهەمی حەمدی، دیوانی حەمدی، چاپخانەی سەرکەوتن، چاپی یەکەم، ١٩٨٤، ل١٢٧

(١) حەمدی ئەم شیعرەی لەساڵی ١٩٢٣ز ـ دا بۆ ئیدارەی کوردستانی خواروو وتووە، بەئاشکرا دەستی بۆ کەموکوڕی ئیدارەکەی شێخ مەحمود ڕاکێشاوە. ئەم بەیتە لەهەندێ نوسخەدا بەم جۆرە هاتووە:

باسی تەشکیلاتی ثانیت بۆ ئەکەم بۆ پێکەنین
کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین

سەردەمی شێخ مەحمودی ئەمر، ئاڵۆزو پڕ کارەسات بوو، حەمدی، یەکێك بوو لەو شاعیرە بەرزانەی کە خۆی بۆ ڕانەگیراوەو بەرامبەر بەو دیمەنو کارەساتو ناتەواویانەی ئەو **کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین**

سەردەمی شێخ مەحمودی ئەمر، ئاڵۆزو پڕ کارەسات بوو، حەمدی، یەکێك بوو لەو شاعیرە بەرزانەی کە خۆی بۆ ڕانەگیراوەو بەرامبەر بەو دیمەنو کارەساتو ناتەواویانەی ئەو ئیدارەیەو سەردەمە ئاڵۆزە، کە هەستی خۆی دەربڕیوەو ڕەخنەی لێ گرتووەو گەلێ شتی خستووەتە بەر چاو. هەروەك لەشیعرەکەدا بەئاشکرا ئەوە دیارە کە ناوی کۆمەڵێ خەڵكو کاربەدەستی ئیدارەکەی بەکینایە بردووەو بەبێ پێچو پەنا و شاردنەوەش ناوی هەندێکیانی هێناوە، وەزیفەی هەر یەکەیانیشی باس کردووە، لەڕاستیدا ئەم شیعرەی حەمدی یەکێکە لەو جۆرە شیعرانەی کە هەموو شاعیرێك لەو سەردەمەدا (جگە لەپیرەمێرد) نەبێ، نەیانتوانیوە خۆیانی لەقەرە بدەنو شیعری وا بڵێن.

(٢) تەشکیلات: پێك هێنان، دروست کردن.

(٣) قارئین: خوێندەواران، حەمدی لەم شیعرەدا وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئیدارەکەی گرتووە.

(کۆیلی مولازم) وەزیری خاصەیی قۆڵی یەسار
ئیبنی سەرمزگەوت وەزیری موشفیقی قۆڵی یەمین[٤]

کاتبی مابەین بوو (طاهیر) تەرجەمەی حاڵی بکەم
پیس ئەبێ دیوان لە پاشا موستەحەققە بۆ درین[٥]

حەیفە تەعریفی ڕەشەو عەمیو ئەحەی دایەنەکە
ناکرێ لە عچان ئەمانە چونکە عوچویکی بەرین[٦]

خەزنە کیسەی باخەڵو مەصرەف ڕەشەی حاجی فەتاح
حامیلی سینی حەماڵو ظەرفی پڕ ماشێنی شین[٧]

---

[٤] کۆیلی: لادێیی. کۆیلی مولازم: مەبەست لەشێخ حەمە غەریبە کە داوای وەزیفەی لە حاکمی سیاسیی ئەو سەردەمەی سلێمانی کرد، ئەویش وتی خەڵکی شاری یان لادێیت؟ ئەویش وتی خەڵکی قازان قایەم، حاکمیش پێی وت: (کۆیلی، موو لازم) واتە: لادێم ناوێت.

ئیبنی سەرمزگەوت: شێخەلییە هارە ئیمامی مزگەوتی مام ڕۆستەم کە لەخوار قیسنەکەی پیرمەسورەوەیە، پێیشیان ئەوت شێخەلییە پەرۆ.

[٥] نیشارەتە بۆ (تایەرە فەنی کوڕی ئەمینە فەنی کاتب مەسرەفی)، ئەم پیاوە وەزیری نهێنی بووە وە خزمەتی سیاسەتی تورکەکانی ئەکرد، نوێنەری نۆزدەمیر بوو لەبەلاتی شێخا..

[٦] نیشارەتە بۆ (ڕەشەی حاجی فەتاح)و (عەمی مارف) کە دەلاڵی تووتن بووە لەگومرگ، ئەحەی دایەنەکەش، مەبەست لەمیرزا ئەحمەدی قەڵەمچی دوودەس بەناڵەیە.

[٧] مەبەست لە (ڕەشەی حاجی فەتاحی عەتارە)کە مەسرەف چی بوو، دوکانی لە قەیسەری نەقیبا بوو لە دەرکی مەیدانی بەر شارەوانییەوە.

تابیعین ئەلواط و هەرزە قاتیل‌و دز بوو هەموو
ئەهلی ویجدان‌و شەریف‌و تێ گەیشتوو مونکرین

ضابطانی عەسکەری زۆرەو زڕەو ئەولا درێژ
هەردوو جل خوارو قلێش‌و یونسی باجی هەمین[٨]

ئەمری یەومییە هەموو هەر حەپس‌و زنجیرو جەزا
ئەمری یەومییە هەموو هەر کوشتن‌و یەغماو دزین[٩]

حاکمی شەرع‌و عەدل مەحکوومی عالەم مارفەشەل
موخبیری صادق بوو، کاذیب، سوئی ظەن (علم الیقین)[١٠]

---

[٨] جل خوار: ئەوانەی سەر بەتورك بوون وە کۆنە چەکمەرەقیشیان پێ ئەڵێن.

قلێش: لەقەبێکی سوکە بەرامبەر کەسانێك ئەوترێ کە نازناو ئەبن بەو شۆرەتە، لەوانەشە کەسێك بووبێت لەو ئەفسەرانەی شێخا نازناوی وای بووبێت.

یونس باجی هەمین: یونسە فەنی مەهەندیس کە لە نێوان ساڵانی (١٩٦٠-١٩٧٠) کۆچی دوایی کرد.

[٩] یەغما: وشەیەکە کوردو تورك‌و فارس تیا بەشدارن، هەموویان هەر بە (تالان) ئەڵێن. مەبەست لە (ڕەشەی حاجی فەتاحی عەتارە) کە مەسرەف چی بوو کە دوکانی لەقەیسەری نەقیبا بوو لەدەرکی مەیدانی بەر شارەوانییەوە.

[١٠] مارفە شەل: باوکی رەمزی شاعیرە، (رەمزی مەلا مارف) واتە: مارفە شەل کە قازی بوو لەئیدارەکەی شێخ مەحموودا. راگەیەنەری راست بوو لای شێخ، کە بەڕاستیش درۆزن بوو وە خەڵك بەلایانەوە خراپ بوو، وە لەڕاستیدا بەتەواوەتی لەو هەڵوێست‌و بڕیارەدا خەڵك ڕاستیان ئەکرد.

قاوەچی‌و پێش خزمەتی دیوانی عالی دوو سمە
ئەم بوو مەشهووری قولی بوو، ئەوبوو مەعروفی شەلین[١١]

موحتەرەم مەئمووری تەشریفاتی دەوڵەت بوو وسوو
ناظری فەرشە رەحە، بۆ خەڵوەتی ئامە ئەمین[١٢]

گەرچی ئێستا مردووە مەوقیعە باسی هەر ئەکەم
ئانەوا گوێ رەپ بوو شەخصی ئەووەڵ‌و مەجلیس نشین

جەردە شێخ صالح کە مورشید بوو لەگەڵ دەروێشەکان
من کە وام زانی لەکۆڕەی حەلقەیی زیکرا فڕین[١٣]

سەیری سیرەت کەن کە صوورەت رووکەشێکی صەففییە
گورگ دەچێتە پێستی مەڕ، ظالم دەبێتە پۆست نشین

---

[١١] دووسمە: دوو ئیسماعیل ناو، یەکەمیان سمەی قاوەچی، دووەمیشیان سمە قولی ناوێکی کانێسکانی بوو.

[١٢] وسوو: (وسوو ئاغا) کە پیاوێکی خۆشەویست بوو لای هەمموو کەس‌و لەلایەن هەمموو کەسێکەوە رێزی لێ ئەگیرا، ئێستاش هەمموو کەس بەوپەڕی رێزەوە ناوی ئەبەن.
رەحە: رەحە کانێسکانی. ئامە: ئامەی ئەزعەت سەرشەقامی بووە روتبەی ئەمینداری هەبووە لەکاتی تایبەتی‌و نهێنیدا.

[١٣] ئیشارەتە بۆ شێخ صالح ناوێك لەپێشا جەردە بوو لەزەمانی شێخ مەحمودا دەستی کرد بەشێخێتی‌و لەکۆڵانەکانی سلێمانی دەروێشی بڵاوکردووەتەوە لەدوای ئەو دەورە بوو بەپۆلیسی ئینگلیز.

ناوی جەمعییەت موجاهید بوو وەظیفە جیاجیا
دەستە دەستە قاتیل‌و دز بۆ عیبادی موسلمین[١٤]

باسی نەفسی خۆی بەفەضلە من ئەزانم موختەصەر
ئاشکارە قیمەتی گەورە بەتەعریفی قەرین

ناوی ئەو وەختە بەقانونی طەبیعەت دانرا
چەرخی چەفییەو زوڵف‌و کاکوڵ دەوری سەر سنگ‌و سورین[١٥]

هاتە دەر بۆ ساڵی تەئریخی کەوا (ئاخر شەڕی)
کەوتە بانەویان، بەیادی (بانە) بوونە قەل فڕین[١٦]

وا بەحیددەت چاوی هەڵهێنا وەطەن دیسان ئەڵێ:
من هیلاکم بۆ خەڵەف، تۆ چارە جۆی‌و دووربین

---

[١٤] جەمعیەت: کۆمەڵ، پێیان ئەوترا کۆمەڵی موجاهید.

[١٥] سورین: سمت.

[١٦] وشەی (ئاخر شەڕی) بەپێی حروفی ئەبجەدی ئەکاتە ساڵی (١٣٤٣ك) کە وازیان لەئیدارەکە هێنا، نیوە بەیتی دووەم ئیشارەتە بەوەی کە ویستیان شاری بانە بگرن لەسەر ئەو بناغەیەی کە فەرمانڕەوایی بانە بدەن بەکوڕەکانی یونس خان بەڵام لەژێر ئیدارەی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودا بێت، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو هەروەکو کۆمەڵە قەلێك کە لەسەر بەرزاییەك بنیشنەوە بەبەردێکی حکومەتی بەریتانی هەڵفڕین‌و هەریەکەی بەلایەکدا چوون‌و لەجیاتی ئەوەی کە بانە بگرن شاری سلێمانیشیان بەجێ هێشت.

واضحی نالێی دەوای دەردم بەتەورییە پێی بلێ
شینە، یاسینە، دەخیلە، ضاری یاسین، ضاری شین[١٧]

جا دوعاکەم بۆ بکە ئەمما وەکو ویردی زوبان
تا سەرا پەردەی فەلەك ماوە هەتا فەرشی بەرین

رەببی مووی لێ بێ زمانیو پەنجەکانی هەلوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

---

[١٧] شین: مەبەست (شێخ مەحمودە). سین: ئینگلیزە. یاسین: سوورەتێکە لەقورئانی پیرۆز. شین: ڕۆڕۆ. واتە ئەی ئەو کەسەی پرسیارم لێ کردووی، بەڕوونی یا بەپێچراوەیی پێم بلێ چاری ئەم دەورە (شێخ مەحمود) ئەیکات یان ئینگلیز هەروەکو یاسین کە دەست کرا بەخوێندنی، گریانو ڕۆڕۆ راتەوەستێنرێ

ئیسلامچێتی و کوردایەتی

نەتەوەی کورد، بەپێی مێژووی کۆن و تازە، یەکێکە لەگرنگترین ئەو گۆشانەی کە بنەماڵەی فراوانی ئیسلامی لێ پێکهاتووە، لەواقیعدا، کورد بۆ ئیسلامەتی ناودارترین، حوکمڕان، ئەمیر، زانا، شوعەرای پێگەیاندووە، لەماوەی ئەو هەزارو سێ سەد ساڵەدا، ڕۆڵی کورد لەشارستانییەتدا، بەپێی شوێن و پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئیسلامیدا خزمەتی کردووە، واتە: دەست و مێشکی، شیرو قەڵەمی بۆ بەرزی ئیسلام داناوە، کوردەکان لەدیرۆکی بنەماڵەی عوسمانی و مێژووی ئیسلامدا جێ پەنجەیان زۆر دیارە. بەڵام لەو چاخانەی دواییدا کوردو ڕۆڵەکانی، لەلایەن نەتەوەکانی دەوروبەری لەبیر کراون و لەبارێکی ئێجگار پشت گوێ خراو ماونەتەوە. زاناو شاعیرە گەورەکانیان ئەوەندەی بەعەرەبی و تورکی و فارسی خزمەتی ئیسلامیان کردووە، ئەوەندە خزمەتی خۆیان نەکردووە، شوێنەواری خزمەتی ئەوان دیارە، واتە خزمەتی ئەو میللەتە بۆ ئیسلام تاکانەیەو لەدین و لەگرتنی ئەو ئایینە بێ هاوتان. ئەو دڵسۆزی و خواپەرستی و تەقوایەی ئەوان بۆ ئیسلام کردوویانە، پێویستە بەپێی ئەو ڕەنج و خزمەتەیان پارێزگاری لێوە بکرێ. حاڵی حازر خزمەتی هەر دینێك بەرێگەی کۆن ناکرێ. بەڵام هەر میللەتێك سەر بەئیسلام بێ، هەموو بەهێزبوونێکی ئەو میللەتە بەهێزبوونە بۆ ئیسلامەتی. چونکە هەر دەستەیەك لەناو هەر کۆمەڵێك لاواز بێت، دەستەی گشتی کۆمەڵەکە لاواز دەبێت. هەڵبەتەبێ مەدەنیەتی واتە بێ دەرمانی و بێ چارەسەری و زەبوون بوون. شارستانییەتی ڕۆژئاواش کە هەوڵ دەدا دەست بەسەر ئیسلامدا بگرێ دەیەوێ بەرەو ڕووی بەشەکانی ئەو دینە بێتەوە، لەبەرئەوە دەبێ تەواو ئاگاداربین، لەکۆندا توانیویانە بەهۆی کۆمەڵ یان توێژێکی خاوەن بیر بەرگری لەئیسلام بکەن و بەم ڕێگەیەوە سەربکەون، ئەو کۆمەڵە سەرچاوەیان تەنیا بۆ ڕۆشنبیری عەرەبی بووە، بۆیە بەپلەی یەکەم بایەخیان بەزمانی عەرەبی دەداو بەپلەی دووەمیش تەماشای زمانە نەتەوەکەی

خۆیـان دەکـرد، لەئەورووپاشـدا زمـانی لاتینـی ئـەو دەورەی دەبینـی، بۆیـە ئـەو کۆمەڵانەی کە لەویٚ عیسەوی "مەسیحی"ن بایـەخیان بـەزمانی خۆیـان نـەدەدا، بەڵام داوتر مەدەنییەتی ئەورووپا پێویستی زۆری بەزمانە نەتەوایەتییـەکان بـوو، لەبەرئەوە دواتر ئەو زمانانە پێشکەوتن. لەرۆژهەڵاتیشدا هەمان وێنە دەبینین. واتە بایەخدان بەزمانەکانی عەرەبیو تورکیو بەتورکی نووسـین، دەمێکـە بـاوەڕ جێی خۆی گرتووە. هەروەها بەهۆی ئەوە کە حوکم بەدەست تورکەکانـەوە بـووە زمانـەکانی عـەرەبیو فارسـیش بەپێـشکەوتوویی ماونەتـەوە، چونکە لای ئـەوان ڕەسمی بوونو ڕەسمین، زمانی تـورکی لەوێـدا زمـانێکی بێگانـە بـووە، ئـەو زمانـە دواتر، لەژێر کاریگەری زمانەکانی دیکە، زمانی عوسمانی لـێ دروست بووە. بـەڵام ئـەو پێوەندییـەی لەئـەورووپا هەیـە، بۆیـە لێـرە لـەنێوان نەتـەوەکانی ڕۆژهـەڵات نەگەیـشتووەتە ئــەو پلەیــەو لــەڕووی کۆمەڵایەتییــەوە دواکــەوتووتر بــووە. مەدەنییەتی تازە ئەو هۆیانەی کە دروسـتی کـردووە، زمـان ڕۆڵێکی گرنگـی تێـدا هەیـە، ئـەو زمانـە بـووە هـۆی مانـەوەی واتـە زینـدوویی میللەتەکـەو بەرهـەمی هەیە. هـەموو کۆمـەڵانی ئیـسلامو ئـەوەی لێـی ماوەتـەوە دەبێ بپارێزرێن، وەك چـەکێك بـۆ پارێزگـاری کـردن بـەرز ڕابگـیرێ ئـەو چـەکە وەکـو ڕووونـاکی بـۆ میللەتەکە خۆیو بۆ ئیسلامەتی ژیان بەخشە، لەهەموو ئاواییو گوندی نـاو ئـەو میللەتانە پێویستە قوتابخانە دروست بکرێ، خوێندەواری فـراوان بکـرێ، هـەموو کەسـێك بگرێتــەوە، پێویـستە گیـانی مـەعاریف بگاتـە بـچووکترین چـینەکانی کۆمەڵ، بۆ ئەوەی مەسەلەی زمان پێش بکەوێ چونکە ئەرکی بنچینەیی بوونی نەتەوەیـە کـە دیـارە نـەزانێك خوێنـدنو نووسـین نـەزانێ لـەناو نەتەوەیەکـدا شورەییە بۆ ئەو نەتەوەیە. هەندێ جار کەمەسـەلەی زمـان لەبـەینی نەتـەوەکانا جیاوازی دروست دەکات. دیارە ئەمە شتێکی باش نییە، چونکە یەکییـەتی لـەناو دەبا، شیرازەی کۆمەڵ تێك دەدا، بۆ نموونە لەرۆژهـەڵات، کـە مەسـەلەی دینـداری قەت ناگۆڕێ، بەڵام مەسەلەی زمان ئەو بایەخەی پێ نـادرێ. زمـان کـە میراتێکـە

لەگۆنــەوە دەمێنێتــەوە، دەبــێ پــشتگیری بکــرێ، کــورد ئەگــەر بــەزمانی خــۆی بنووسێو واز لەئایینی خۆی ناهێنێ. بەڵام لەلای ئێمە بەپێچەوانەیە، تـورك کـە دەستیان کـردووە بەنووسـینەوەی زمـانی خۆیـان، ئایا لەئیـسلام جیابوونەوەیـە؟ یاخود عەجەم زمانەکەیان بوو بەدوژمنی ئیسلام؟ بۆ ئەمـە، واتـە بـۆ یەکییـەتی ئیــسلامو ســەرکەوتنی دەبــێ دەســتورێکمان هــەبێ، ئــەو دەســتورەش بــەرایی موسوڵمانەتی، دواتـر عـەرەب، تورك، کورد، یا عـەجەم. تورك کە زمانو ئـەدەبیاتی خۆی هەیە، ئەگەر پێش بکەوێ، ئەمـە پێشکەوتنە بـۆ ئیسلام، هـەروەها زمـانی عـەرەبیش بـەو جۆرەیـە، بـۆ نموونـە هـەر بـەو جۆرەیـە لەتورکـەوە بـۆ کـورد، لەکوردەوە بۆ تورك، لەعەرەبەوە بـۆ کـورد، کـە زمانیـان وەك یـەك نییـە، بـەڵام هـیچ متمانەیـەك لـەناوا نییـە، بـەڵکو هاوبەنـدی ئـایینی کـە کۆیـان دەکاتــەوە، لەهــەموو شــتێك بــەهێزترە. زمــانی کــوردی لــەڕووی کۆمەڵایەتییــەوە ئەگــەر سەربکەوێ، قازانجـە بـۆ گشت تـوركو عـەرەب. لـەنێو هـەر میللەتێکدا نووسـین بەزمانی خۆی هێمای نەتەوایەتییە، بەزمانی خۆی نەبێ بیری ئایینی ناگرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بیری نەتەوایەتی بەشەرع یاساغە، بۆیە نابێ ئەو جیاوازییـەی لەنەتەوە هەیـە ئـەو زمانـە بـۆی ببێتـە هـۆی نـاکۆکی لەنێو کۆمـەڵی ئیـسلامدا. بــەڵکو ببێتــە هــۆی پڕوپاگەنــدەو بــەرگری بــۆ بڵاوبوونــەوەی ئــایینی ئیــسلام، لەبەرئـەوە بـۆ کـورد وەکـو لەهـەموو نەتـەوە ئیـسلامەکاندا هەیـە پڕۆگـرام بـەم جۆرەیە: یەکەم ئیسلام، دوایی کورد، بەمە دەبێ ئیسلامەتی خزمەتی کوردایەتی بکاو هەستی بیری دینداری لەناو کوردا بـەهێز دەبـێو خزمـەتی ئیسلامییەتیو کوردایەتی دەکا.

بابان زادە ،ئیسماعیل حەقی

بابان زادە، ئیسماعیل حەقی: ئیسلامچیێتیو کوردایەتی. لە روژ کرد، ژ٢، ساڵی ١٣٣١ سەرلە نوێ بڵاوکردنەوەو ئامادەکردن. عەبدوڵلا زەنگەنە: رۆژی کورد. بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٥ ل٦-٧

سـلێمانـی

خـەڵقی ئـەم لیوایـە، چ لەبـەر گـەورەیی لیواکـە چ لەبـەر ئاگا لەیەکنـەبوون ئەوەندە شارەزای تـەرتیب حکومـەتی نـین. ئێستا بـەجێم نـەزانی کـە هەنـدێك لەمە بدوێم.

ئیش بەدەستەکان ئەمانەن:

((حاکم لیـوا)) لـەپاش حـاکم لیـوا شـەش نەفـەر حـاکم قـەزاکان بـەم ڕەنگەیـە حاکم چەمچەماڵ، حاکم ڕانییە، حاکم هەڵەبجە، حاکم قـەڵادزەو پـشدەر بابـەکر ئاغا، حاکم قەزای سلێمانی، حاکم شارباژێڕ ڕەزا بـەگ. یـەکێکیش ئەحمـەد بـەگ عوسمان پاشا حاکم هەڵەبجە.

٢٠ مدیر ناحیە، ٩٧ لەماڵیـەدا، ٣٥ لـە ٢٧ لـەگومرگ، ١٢ قـازی، ٨ گـەورە مالیـە لەقەزاکان، ١٣ مەئمورماڵ، ١٠٨ لـەئیجرای حکومـەت، ٣٦٧ زەبەتیـە (ظبطیـە)، ٤٣٩ عەسـکەر لەگـەڵ زابـت (ضـابط) ، ٧٧ پـۆلیس، ٨ موهەنـدیس، ٢١ فـەڕاش بـەهی ئەملاو ئەو لاوە ئەوانە خەریکی ئیشی حکومەتن، ١٣٤٩ نەفـەرە، کـە ١٥ ئنگلیـزو، ١٣٠٤ کـوردو، ١٠ هینـدین. مانگانـە ئەمانـە لەساڵێکدا نۆسـەدو نـەوەدو حـەوت هـەزارو شـەش سەدو پـەنجا (٩٩٧٦٥٠) رووپییەیـە تـەرتیبی حکومـەت سـلێمانی لەگـەڵ بەغـدادا لـەپێش هـەرای (شـێخ مـەحمود)دا گەیـشتنو خـەرج لیـوا ڕێکنەخرابوو. ئایا سلێمانی لەپارەو گەیشتنی خۆی شتێك بەعیراق بدات یان نـا؟ لەمە ئەدوان کە هەرا روویدا لـەپاش هـەرا کـە لەبەغـدادەوە حـوکم دەرچـوو کـە هـەموو حـسێبی سـلێمانی لـەناو حـسێبی بەغـداد دابێـت کـە هـەموو مالیـات بگەیەنرێت بەسندوقی بەغداد بۆ خەرجیش لەبەغداد وەربگیرێت.

حاکم، ئێستا (میجەرسۆن) کە تەماشای ئیشی کرد ئەگـەر بێـتو وارێکخرێـت کوردستان زۆرشتی لەکیس دەچێت. و قازانجێك زۆرە بۆ عەرەبو عـیراق چونکـە دیار بوو کوردستان پارە گەیشتنو دەستکەوتنی زیاتر بـوو لـەدانو خـەرجکردنی

خۆی. لەبەر ئەوە لەگەڵ والی بەغداد زۆر باسکرا لەدواییا وادانرا کە هەتا ساڵێك لەهەوەڵی نیسان ۱۹۲۰ تا هەوەڵی نیسان ساڵی ۱۹۲۱ کوردستان خۆی سندوقی بێت. بەڵام هی گومرگ بۆ عیراق بێت. لەبەر ئەوە دەکرا لەسوار زەبەتیەو عەسکەری خۆمان بێتو ئیشیش بدەین بە زۆر لەخەڵقی کوردستانو هینی ڕێگا وەك ڕێگای کەرکوك - هەڵەبجە، کفری - پردی تانجەرۆ هیتر.. بگیرێتە دەست.

ئەگەر سندوقی ئێمە بکەوتایە سندوقی بەغدادەوە هیچ نەدەکرا.

سوارو زەبەتیەو عەسکەرییەو شتی ترمان وەك دانراوە ڕێکنەدەخرا ئەمینیو ئیشوکاری تریش بەم ڕەنگە نەدەبینرا.

گەیشتن و ڕۆیشتنی پارەی لیوا لەم ساڵەدا نزیك بەمەیە:

ڕۆیشتنی	گەیشتنی پارە
ڕۆیشتنی لەهەموو لایەکەوە وەك	مانگانە ئیجرای حکومەت ٩٩٨٦٥٠
دەیەك. بزنانە حقوق، شەرعیە،	خەرجی عەسکەر ٩٩١٢٠٠
سولحیەو هیتر	خەرجی ڕێگاو پرد ٧٥٢٠٠٠
	خەرجی جێگای نەخۆشەکان ٦٦٠٠٠
	خەرجی جێگای پۆلیس ٨٣٠٠٠
	خەرجی مەکتەبەکان ٦٣٠٠٠
ڕوپییە ٣٠٧٨٩٨٠	خەرجی مانگانە تەقاویتەکان ٨٥٠٠٠
هی ئەوقاف ١٠٠٠٠	خەرجی مانگانە هینی مەلاو بۆ هینی
٣١٧٨٩٨٠	مزگەوت جگە لەهی ئەوقاف ١٥٠٠٠
	ئەوقاف ١٠٠٠٠
	بۆ پەرتی و مەرتی (متفرقە) ٦٠٠٠٠
	ئەوەی دەمێنێتەوە ٥٥١٣٠
	٣١٧٨٩٨٠

حاکم سۆن*

* عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار- سیروان بەکر سامی پێشکەوتن (دووبارە بڵاوکردنەوە)- هەولێر (١٩٩٨) ل١٨٠- ١٨١. (ئێمەدەقی نووسینەکەی میجەرسۆن وەکو خۆی دەنووسینەوە، تەنیا رینووسەکەیمان گۆڕیەوە. گەر سۆن بەری گەیشتن/ ڕۆیشتنی دانابا ڕاستتر بوو...)

چەند بەڵگەیەکی مێژوویی

و/ لەتورکییەوە: مستەفا نەریمان

ئەم بابەتەی کە لەبەردەستتدایە بریتییە لەچەند بەلگەیەکی مێژوویی لەگەڵ سەر ئەنجامێك بەقەڵەمی نووسەری کورد خوالێخۆشبوو (مستەفای سەید ئەحمەدی شێخ محەمەد ١٩٢٥ ـ ١٩٩٤) ناسراو بە (مستەفا نەریمان) نووسراوەتەوە، کەوا دەردەکەوێت لە(ساڵنامەی عوسمانلی) وەریگێڕابێتە سەر زمانی کوردیو پەراوێزێکی تێروتەسەلو سەرئەنجامی بۆ دارشتووە، چونکە نووسەر تورکی زانێکی باش بوو، هەروەکو ئاگاداریشم ساڵنامەی عوسمانی کە بەزمانی تورکی نووسراوەتەوە لەلای ئەو زاتە دەست دەکەوتو سەرچاوەیەکی هەرە گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو جوگرافیای زۆر لەشارو شارۆچکەکانی کوردستانی خۆمانو ویلایەتەکانی تری سەر بەدەوڵەتی عوسمانی، ئەم چەند بەلگەیەش کە ژمارەیان (نۆ) بەلگەیە هەندێك لەوەسفی شاری سلێمانیو باسی راستیو دروستی گیروگرفتی شێخەکانو هۆزی هەمەوەند. لەو شارەو کارەساتی شەهید بوونی (شێخ سەعیدی حەفید زادە)و جەماعەتەکەی لەشاری مووسڵ ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی بەوردی بیخوێنێتەوە بێگومان سوودێکی هەر لێ دەبینێت بۆیە منیش لێرەدا وەکو ئەمانەتێك لەدەسنووسەکانی خوالێخۆشبوو مامۆستا نەریمانو بۆ سوودی گشتیش نومێد دەکەم ڕۆشنایی ببینێت.

ئازاد هیدایەت دەلۆ[*]

---

[*] ڕامان ژمارە ((٦٨))، (٥)ی کانوونی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٢

بەڵگەی ژمارە (١)

ئەو سکاڵا نامەیەی (١) کە بۆ (کەوثەر ئەفەندی)ی بەڕێوەبەری ئەوراقی ویلایەتی مووصڵ - مایس ١٣٢١ (٢) نووسراوە. هۆی دواکەوتنم لەنووسینی سکاڵانامە:

گومانم لەوەدا نییە کە هۆی دواکەوتنم لەنووسینی سکاڵانامە، دراوەتە پاڵ بێ وەفایی، ئەگەر بەدگومانیشی دەربارە بوترێ راستییەکەی بە پێچەوانەوە دەردەچێت. لەناو ئەوراقەکانماندا کاغەزی رۆژی (پێنجی مایسی ١٣٢١) تانم بەرچاو کەوت کە نموونەی لوتفو وەفا بوو، ئەمەش دەبێتە مایەی لێ بوردن لەم رووەوە، مەنسووبییەتمو کۆیلەتیم بۆ ئێوە وێردی سەر زمانمە، دوعای خێرتان بۆ دەکەمو لێ بوردنتان لێ داوادەکەم، چ لەم سکاڵانامەیەو چ لەسکاڵا نامەکانی پێشوومدا کاروباری گشتی ئەم شارەو (٣) تەشکیلی ئیداریو حاڵو ئەحواڵی هۆزو عەشیرەتەکانو پێوەندییان لەگەڵ حکوومەتدا، بۆتان روون دەکەمەوە، هیوامان وەهایە بەگەیشتنیان ئاگادار بفەرموون ئەگەر ئاگادار نەکراین کاغەزو راپۆرتەکانی داهاتوومان دوا دەکەون.

دان بەوەدادەنێم کە لەو ساکەوە هاتوومەتە ئەم شارە، سستیو کەم تەرخەمی دای گرتوم، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو شتە سەیرو سەمەرانەی کە لەپێشدا دەمبیستو باوەڕم پێ دەکردن دوای تێکەڵ بوونم لەگەڵ دانیشتوانی ئەم شارەدا، کە هەریەکە لەم شتە سەیرو سەمەرانەی لێرەدا بینیمنو لەپێشدا باوەڕم پێ نەدەکردن، وێنەیەکی تایبەتییان دەوێت ئەمەش مەگەر بەخامەی هونەرمەندێك رۆحی بخرێتەبەر.

ئەو زاتانەی چاوم پێ دەکەوتن، لەپێشدا بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێ کردم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییەکی کۆن لەگەڵ ئەو کەسانەدا، دوایی بۆم دەرکەوت ئەو خۆشنوودییە لەخۆپیشاندانێك بەولاوە هیچی تر نییە.

باوکم پانزە ساڵ لەمەوپێش لەم شارە جیابووەتەوە، دوای ئەو ماوەیە ئەو خۆشەویستییەی باوکم، لەگەڵ منیشدا پیشان درا، ئەوسا منیان بەم شێوەی ئێستایان نەبینیبوو ئەوی بەشتێکی خەیاڵی دەهاتە بیرم، ئێستا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لەبەر چاومە، بەمە زۆر دڵشادمو هیوای بەختیارییە.

لەم چەند ساڵانەی دواییدا، لەدەرەوە لەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکی ئەم شارەدا ئاشنایەتیم پەیدا کرد، خەریك بوو ئەو تاقیکردنەوەیەم لەبیر بچێتەوە کە وەختێ هاتمە ئەم شارە، ئەوانەم دەکەوتەوە بیرو بەهۆشو فامێکی کراوەو لەگەڵ ئەم شارەدا پێوەندیم دەکرد (٤).

ناتوانم هەموو ئەو شتانەی دەیانبیستمو دیانبینم بۆتانی بخەمە سەر کاغەز، بەڵام زات دەدەم بەخۆم کە ئەم کورتە نووسینانەتان پێشکەش بکەم: چەقی ئیدارەی پارێزگاری (٥) سلێمانی شاری سلێمانی ـ یە لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە دوو زنجیرە چیای بەرز بەهێڵێکی چەماوە ئابلۆقەیان داوە، ئەم دووچیایە بەیەك ناوەوە ناناسرێن بەڵکو لەهەر شوێنێکدا ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانەی نزیك بەشارن بە (گوێژە، ژاژیلە، دارمازەڵە)دەناسرێن لەڕۆژئاواو باشوورەوە چیاکانی (ژاژیلەو دارمازەڵە) هەیە، شاریش کەوتووەتە داوێنی گۆیژەوە کە بەنیو سەعاتێك لەشارەوە دوورە، شارەکە خۆی کەوتووەتە شوێنێکی قووڵاییەوە لەدەوروپشتیدا چەند بەرزاییەك هەیە.

شاری سلێمانی، بریتییە لەچوار هەزار خانوو، سەرژمێری شارەکە بەنێرو مێوە، نزیکەی (٢٠) هەزار کەسێکە. سەرای حکوومەت، کەوتووەتە ناوەڕاستی شارەوە، لەم لەولایەوە نزیکی(٣٠٠) دووکانێك هەیە. لەم شارەدا، سێ قەیسەری

هەیە ناوەکانیان (نەقیب، حاجی ئیبراهیم، غەفوور ئاغا)یە کە نزیکەی (٢٠٠) دووکانیان تێدایە، زۆربەی دووکانەکانی ناوشار، بەگڵ دروستکراون، جۆری دووکانەکان (قەصاب، بەقاڵ، سەرتاش، سەوزە فرۆش، توووتنچی، چێشتخانە، کەبابچی، دارتاش، زێڕنگەر، پاڵاندروو، جلدروو)وە، لەناو قیسەرییەکاندا دووکانی عەتارو بازرگانو قەزازەکان هەیە. لەدووکانەکاندا کاڵای حەڵەبو شامو ئەستەموولو شاڵو ئاوریشم دەبینی.

نرخی شتو مەك لێرەدا، لەمووصڵ گرانترە، ئەو قاڵییەی لەمووصڵ بەشەش لیرەیە، لەم شارەدا بەنۆ، دە، لێرە دەفرۆشرێ، گەزی کاڵای ئاوریشم بە (٢٠ـ ٢٥) لیرەیە، دانەوێڵەی وەك گەنم، جۆ، برنج زۆر بەگران دەفرۆشرێ، لەناو بازاڕو کووچەو کۆڵانەکانیشدا چاخانەو قاوەخانە زۆرە، بیناکانیان بەخشتی کاڵ دروستکراوەو زۆر کۆنو بانیان بەدارو تەختە گیراوە، زستانان بەهۆی دووکەڵەوە دیوارو بنمیچەکانیان ڕەش هەڵگەڕاونو زۆر تاریکن قەنەفەکانیشیان شڕو شەقو بەحەسیرو بەڕەی کۆن ڕاخراون مرۆڤ نایەوێ لەشوێنی وا پیسو پۆخڵدا دانشێتو وەخت بەرێتە سەر.

لەناو بازاڕدا حەوتو لەدەرەوەی بازاڕیشدا هەشت خانی (٦) یەك نهۆمی هەیە، خانەکانی ناو بازاڕ، لەوانەی دەرەوەیان پاكو تەمیزترنو حەوزی ئاویشیان تێدایەو ژوورەکانیان، بازرگانەکان کردوویانەتە عەمار (مخزن)، بەڵام خانەکانی دیکە، کاروانچیو میوانی غەریبی تێدا دادەبەزنو بۆ وڵاغەکانیشیان ئاخور بەستراوە. لەناو شاری سلێمانیدا (٢٥ـ ٣٠) مزگەوتی گەورە هەیە لەمزگەوتەکاندا ئاوو باخچە هەیە، لەهەر مزگەوتێکدا نزیکەی (١٢٠) کەس نوێژ دەکات، زۆربەی ناو مزگەوتەکانی، بەحەسیر ڕاخراون لەهەر یەکێکیاندا بۆ مەلاو فەقێ (٢ـ٣) ژوور تەرخان کراوە، مزگەوتی گەورە کە حەزرەتی (کاك ئەحمەدی شیخ) تێیدا نێژراوە، نوێژی جومعەی تێدا دەکرێو نزیکەی هەزارو پێنج سەد

کەسێك دەگرێ، حەفیدی ئەوزاتە، ئێستا حەزرەتی (شێخ سەید ئەفەندی)یەو چەند مامۆستاو مودریسی باشی تێدایە، هەموو ژوورەکان پڕ فەرش کراون و نزیکەی دە ژووریش بۆ فەقێ و دەروێش تەرخان کراون. ئەم مزگەوتە گەورییە (٥ ـ ٦) دەرگای گەورەی هەیەو دوو حەوزی ئاوی تێدایە، لەنوێژی جومعەدا، ناو مزگەوتەکەو دەرەوە پڕ دەبن و دوای نوێژ هەر کەسە دەگەڕێتەوە سەر کارو کاسبی خۆی، زۆرجار لەناو مزگەوتدا کۆڕی زیکرکردن دادەبەسترێت لەو لاشەوە دەبینێت ئەڵقە ئەڵقە خەڵك دانیشتوون قسەی خۆش بۆ یەکتر دەگێڕنەوە، ئەم نومایشانە دڵی مرۆڤ دەکاتەوەو چاوی لێ تێر نابێت و مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە برایەتییەکی ڕاستەقینە دڵی ئەم خەڵکەی پێکەوە گرێ داوە، بەشێوەیەکی گشتی، مزگەوتەکانی سلێمانی فراوان و دڵ کراوەن.

دە دانە گەرماو، لەناو شاردا هەیە، هەر کەسێك بچێتە گەرماو دەبێت خاولی ـ ی خۆی لەگەڵ بێت ـ هەر گەرماوێك حەوزێکی تێدایە، بەڵام کارگێڕەکانیان پاك و تەمیزنین و وەك گەرماوەکانی مووسڵ و حەلەب نابن. لەناو هەر گەرماوێکدا حەوزێکی گەورە هەیە کە دەرگاکەی کراوەیە. شافعی مەزهەبەکان بۆ غوسڵ دەرکردن خۆیان تێ فڕێ دەدەن، بۆ گەنێك لەناو ئەو حەوزانەوە دێتە دەرەوە، بۆ حەنەفییەکانیش حەوزی تایبەتی جیاکراوەتەوە کە پیاوە گەورەکانی ناوشار غوسڵی تێدا دەردەکەن (٧).

دەنگوباسی ناوشار

لەمێژە ناکۆکی کەوتووەتە نێوان شێخان و هەمەوەندەکانەوە لەنێوان (١٠)ی مایس ـ ەوە تا ٢٣ی مایس) ئەم دەنگوباسانە لەناو شاردا دەبیسرێن.

هەمەوەندەکان، لەم رۆژانەدا (شێخ نەجمەددینی سەید نووری زادە)یان شەهید کرد، بۆ تۆڵە سەندنەوە (شێخ مەحموودی شێخ سەعید)و (شێخ سەعیدی گوێك تەپە) (٩)و چەند ساداتێکی دیکە لەگەڵ دوو هۆزی (تەرخانیو رۆغزایی) (١٠) کۆبوونەوەیەکی گەورەیان کردووە تاوەکو بدەن بەسەر هەمەندەکانو تۆڵەیان لێ بسێننەوە. ئەم جۆرە شەڕو شۆڕانە جار بەجار بەشێوەیەکی درندانە گڕ دەستێنێ شتی وا بەیەك دەکەن مەگەر دێوو درنج بە یەکیان کردبێت.

ئەم لەشکرە تۆڵەسێنە، لەئاوایی (داری کەلی) (٧٠٠ ـ ٨٠٠) سوارەو پیادەیان ئامادەکرد، وەك بیستمەوە پێشرەویی ئەم لەشکرە گەورەیە، پڕیان کردە سەر هەمەوەندەکان، بیست سی سوارەی هەمەوەندیان لێ دەرپەڕی تارو ماریان کردنو دە پانزدە کەسیشیان لێ بەدیل گرتن، دیلەکانیانن چەك کردنو ئەسپەکانیان لێ وەرگرتن ئینجا بەرەڵایان کردن، ئەم رەوشتەی هەمەوەند مایەی سەرسوڕمانەو شیاوی نووسینە.

ژمارەی کوژراوو بریندارى هەمەوەندەکان نەزانراوە، بەڵام لەچاو هێرش بەراندا زۆر کەم بووە. ئەم تێکشکانە خوێنی شێخانی هێنایەوە جۆش، ئەمجارە لەشکرێکی زۆر گەورەتریان لەهۆزەکانی جاف، پشدەر، باجەلان، شوان، جەباری بە (١٥٠٠ ـ ٢٠٠٠) چەکدارەوە ئامادەکرد، هەمەوەندەکان کە ئەم دەنگوباسانەیان پێ گەیشت لەترساندا، ئاواییەکانی ناو (بازیان)یان چۆڵ کردو بەرەو نزیك

شاری کەرکووك ڕەویان کرد، هێرشبەران کەهاتنە سەر ئاواییەکانی هەمەوەند هەرچی تێدابوو تالانیان کردو دەغڵو دانیان سووتاندنو بەسەرکەوتنەوە گەڕانەوە دواوە (١١).

تێبینی ـ نووسەری ئەم سکالانامەیە، نە ناوی خۆی نووسیوە نە وەزیفەکەشی دەستنیشان کردووە وا دیارە فەرمانبەرێکی عوسمانی ـ ی بە ڕەگەز کورد بووە.

بەڵگەی ژمارە (٢)

ئەو پرسو لێکۆڵینەوەیەی (١٢) کە لەلایەن والی مووصڵ (ڕەشید پاشا)و پارێزگاری کەرکووك (حەسیب بەگ)ەوە کراوە:

بەهۆی بڵاوکردنەوەی (قانوونی ئەساسی)و داوا کردن لە (ئەندامانی پەرلەمان) (١٣) بۆ کۆبوونەوە داوا لەجەماوەری سلێمانی کرا لەگۆڕەپانی بەردەمی سەرا کۆبوونەوەیەك سازبکرێ بۆ ئەوەی فەرمانی سەڵتەنەتی بۆ ئەم مەبەستە بخوێندرێتەوە دەربارەی کۆبوونەوەی پەرلەمان.

بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، هەرچی زاناو پیاوە ناودارو شێخەکانە بانگ کرابوون لەبەرەی شێخان سەعیدی حەفیدو کوڕی براو خزمەکانیشی داواکرابوون.

ڕۆژەکەش ڕێکەوتی ڕۆژی چوونە سەرتەختی (١٤) پادشا بوو لەو گۆڕەپانەش، فەرمانبەران بە سوپاییو مەدەنییەوە ئامادە بوو بوون، ڕۆژی سوێند خواردن بوو بۆ نوێ کردنەوەی متمانە بەتەختی پادشاهێتی، دەبێ سوێندەکەش بۆ پەیڕەوکردنی یاساو جێبەجێ کردنیو لانەدان بوو لەفەرمایشتەکانی سوڵتان.

لەپیاوە ناودارەکانی میری، فەرمانداەی پێشووی سوپا میرلیوا (مستەفا پاشا)و سەرلەشکری ئێستا (قوڵ ئاغاسی ساڵح ئاغا) حازر بوون. هەروەها سەرۆکی دادگای جەزا (ئەحمەد ڕەفعەت)و دوکتۆر (چیا)و ئەفسەری تەجنیدی سەرچنار (حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی)ی سەر نووسەرو مەئمووری ئیجرا (نەجیب)و سەر

نووسەری دادگا (دەروێش)یش حازر بوو بوون، زۆربەی ئەم ناودارانە، کینەو ناحەزییان لەگەڵ بەرەی شێخاندا هەبوو، لەناو خۆشیاندا ڕێکەوتنێکی نهێنییان بەستبوو بۆ هێنانەدیی مەبەستەکانیان هەروەها پێوەندییان لەگەڵ ئەو کەسانەشدا کردبوو کە ناحەزی کۆنیان لەگەڵ شێخاندا هەیە، هاتن هەموویان لەڕیزی کۆمەڵەی (ئیتحادو تەرەققی)دا ڕێك خستو دەستیان کردە شکات کردن دژی شێخانو لەڕۆژنامەکانی بەغدادو موصڵ کە شتیان لەم بارەیەوە بلاودەکردەوە، ئەوەبوو پاش ڕەمەزان، بە چەند ڕۆژێك لەکوڕانی مەرحووم (شێخ سەعید شێخ مەحمودو شێخ ئەحمەدو سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوولو شێخ صاڵحی مفتی زادە) بانگ کرانو تەوقیف کران، ئەوەندەی پێ نەچوو پڕ ئەو ناوە لەسەر بازکراو دەیان کەسیان لەبازاڕییەکان بانگ کردو بردیاننە پۆستەخانەو تەلغورافیان بۆ مووصڵو بەغداو ئەستەمبووڵ پێی نووسی (١٥)، بۆ زیاتر ورژاندنەوەی جەماوەر دکتۆر (ضیاء)و (ساڵحی قوڵ ئاغاسی)و (فەهمی یوزباشی) (١٦) چوونە ناو بازاڕو لەناو خەڵدا بلاویان کردەوە کە شیخان بۆیە تەوقیف کراون، چونکە قەرداری میرین، ئێوەیش هەستن ڕاپەڕن، هەرچی کەسێك لەئێوە نەچێتە بەر دەرگای سەراو دژی شێخان نەوەستێت، سزای دەخرێتە سەرو تەوقیف دەکرێت، بەم درۆو دەلەسەیە خەڵکێکی زۆریان کۆکردەوە، هەر لەم هەلو مەرجەشدا پێوەندییان بە مووصڵەوە کرد بۆ ئەوەی شێخان سەوق بکرێنە مەرکەزی ولایەت لەمووصڵ.

دوای گرتنی شێخان، کاربەدەستان سەربازی چەکداریان دەناردە سەر ماڵی شێخان، قسەی ناشیرینیان ئاراستەی ئافرەتانیان دەکردو دەیان ترساندن. لەولایشەوە، تەنگیان لەفەرمانبەرە بێ لایەنەکان هەڵچنی، وەك سەرنوسەری دایەرەی ئەملاك (توفیق ئەفەندی)و سەرنووسەری کاروباری ڕۆژانە (قادر ئەفەندی)و هەموو فەرمانبەرە بێ لایەنەکانی دیکە.

ئەم دەست درێـژی کردنانــەیان بـوو بـەهۆی ئـەوەی ئـارامی لـەناو شـاردا نـەمێنێتو دەست درێـژی کرایەسـەر سەربەسـتیی زۆرکـەسو شـیرازەی ئیـدارەی ئیتحادو تەرەققی پچڕا. خوا ئەو کەسانە بگرێ کە بوونە هۆی ئەم ناهەموارییە، ئامین.

بەڵگەی ژمارە (٣)

ئـەو سـکاڵانامەیەی کـە لـە(٢٠ی نیـسانی ١٣٢٥) درایـە نووسـینگەی ویلایـەتی مووصڵ:

دوای ئـەوەی کـە والی ـ ی نـوێ (١٧) گەیـشتە ئـەو شـارە، شـەو تەقـە ئـارامی لەخـەڵك هـەلگرت، هەمەوەنـدەکانیش لەدەوروپـشتی شـار خـەریکی چـەتەگەری بوون. هەندێ لەفەرمانبەرە توندڕەوەکان دروسـتی کارەکـەیان ئـاوەژۆ پـێ کـرد، تۆباڵیـان خـستە سـەر بـەرەی شـێخان، مـن کـە ئەمـە پێـنج سـاڵە لەسلێمانیدا فەرمانبەرم (١٨)، دەڵێم چەند کەسێك نەبێت دانیشتوانی شار هیچ گوناهێکیـان نییـە. ئـەو چـەند کەسـانە ئـەو دوو بەرەکییـەیان ناوەتـەوەو درۆو دەلەسـە بڵاودەکەنەوە.

یەکێك لەو پیلانانەی کە لەم بارەیەوە هۆنرابووەوە ئەوە بوو کە لەڕۆژنامەی (بغـداد) بەناونیـشانی (کارەسـاتەکەی سـلێمانی)یـەوە بڵاوکرایـەوە، نووسـیبووی: (لەسلێمانی، لەکوردسـتانی باشـوور، شـتی نـاڕەوا ڕوویـداوەو دەسـتدرێژی کـراوە) نەحکومـەتو نـە کەسـێك وەڵامـی ئەوشـتە درۆو دەلەسـانەیان نەداوەتـەوەو هـەروەها لەڕۆژنامـەی (مووصـڵ)یـش شـتی نابەجـێ دژی شـێخانو سـلێمانی بڵاوکرایەوە بۆ ئەمەش وەڵامێك نەبوو.

داواکارم خودا دەوڵەت بپارێزێتو پادشامانیش پایەداربێت.

پەراوێز بەم چەشنە، دوا بەدوای ئەو سکاڵانامانەکان، بەم شێوەیە نووسراوە:

خەڵکی لەناو خۆیاندا لەیەکتر دەپرسن، ئەمە پێنج ساڵە هەڵبـژاردن نـەکراوە بـۆ ئەنجوومـەنی شـارەوانیو ئیـدارە (١٩)، هـەروەها ئەنـدامانی نـوێ بـۆ دادگـا دانەنراوە؟ بەپێی یاسا دەبێت هەردوو سـاڵ جارێـك هەڵبـژاردن بکـرێ، مانـەوەی کەسانێك ئەوەندە ساڵ لەجێی خۆیان مایەی سەرسوڕمانە.

دە ڕۆژێـك لەمـەوپێش (ئـەمین ئەفەنـدی)ی نوسـەر لەدایـەرەی مەصـرەف ڕەوانەی (گوڵعەنبەر) (٢٠) کراو لەو سەرەوە کە گەڕایەوە قائیمـەقامی پێـشووی گوڵعەنبـەر، (عوسمـان پاشـا)ی لەگـەڵ خـۆی هێنایـە سـلێمانی، لـەبارەی ئـەم داواکردنەی پاشا، قسەڵۆکە زۆرە، هەندێك دەڵـێن (عوسمـان پاشـا) (٢١) دەبێتـەوە قائیمەقام یان دەڵێن بۆ ئەوەیـە کـە دەسـت نەخاتـە نـاو کاروبـاری ژمـارەکردنی مەڕوماڵات یان دەڵێن ڕێك کەوتنێکی نهێنی لەئارادایە، هەروەها دەڵـێن سـەرۆکی جاف، (مەحموود پاشا)یش داواکراوە لەمـە زیـاتر دەنگوباسـێکی ئـەوتۆ نییـە کـە شیاوی باس کردنەوە بێت.

بەڵگەی ژمارە (٤) وێنەی وەڵامدانەوە (٢٢):

مایەی بەختیارییە بۆ چاپەمەنییەکانمان، کەشتی بەسوود بڵاوبکەنەوە کە سەرکەوتنی گەلو وڵاتی لێ بەدی بکرێ، جووڵانەوە بە پێچەوانەی ئەمە، مایەی ناخۆشیو شەرمەزارییە.

خوێنەران دەزانن کە چەند مانگێك لەمەوپێش لەشاری بەغدای مەرکەزی ویلایەت، چەند ڕۆژنامەیەك وەك ڕۆژنامەی (بەغدا) (٢٣) شتی ئەوتۆی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ ڕێڕەوەی ڕۆژنامەنووسی ناوەشێتەوەو لەسەر بناغەیەکی ڕاستی نەوەستاوە بەتایبەتی ئەو نووسینەی کە لەژمارە (٢٤)ی ڕۆژی (١٨ی مایسی ساڵی ١٣٢٥)دا بە ناونیشانی (کاروباری کوردستانی باشوور- کارەساتەکەی سلێمانی) کە لەدرۆو دەلەسە بەو لاوە هیچ ڕاستییەکی تێداهەست پێ ناکرێ، لەوەڵامدانەوەی ئەو نووسینەدا، دەڵێم: پێڕەوی ڕێبازی ئیرشاد لەزنجیرەی خاوێنی هاشمی زانای بەناوبانگی جیهانی ئیسلامی (شێخ سەعید ئەفەندیی حەفید) سەرمەشقی دادپەروەریو خاوەن خووڕەوشتی بەرز، ئەو ناکەسانە هاتن بەرامبەر ئەم زاتە دەستیان دایە درۆو دەلەسە هەڵڕشتن دوای لەناوبردنی لەزمان درێژی بەرامبەر کەسوکاری نەوەستان، کردەوەی ئەو کەسانە کاری کردە سەر هۆزو بنەماڵە کوردەکانو زۆریان پێ ناخۆش بوو گەلێك دلگیربوون. بنەماڵەی شێخان هەمیشە هەق پەروەر بوونو ئەو باجو خەراجاتەی لێیان داواکراوە لەوەختی خۆیدا داویانەو لەخراپەکارییەوە دوور بوون، بەدرۆخستنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە، کارێکی پێویستەو بەدڵی خەڵکی ئەم شارەیە ڕۆژنامەی (مووصڵ) کە لەمەرکەزی ویلایەت دەردەچێتو کاروباری ناوچە باشتر دەزانێتو لەڕووداوەکانەوە نزیکترە نووسینێکی بەناونیشانی (کاروباری کوردستانی باشوور، باری دروستی کارەساتەکەی سلێمانی)یەوە بڵاوکردووەتەوە

دەڵێت: لەناو دۆستو دوژمندا ئاشکرایە کەسەیدەکانی بەرزنجە لەنەوەی پاکی پێغەمبەرنو خاوەن خووڕەوشتێکی بڵندن لەناو ئەم زنجیرەیە (کاك ئەحمەدی شێخ)ی خوالێخۆشبوو پایەیەکی پیرۆزی لەناو خەڵکدا هەبووەو نموونەیەکی تاقانە بووە لەخاکی عیراقو ئێران، بەمورشیدی ئەکمەل دانراوەو گەوهەرێکی یەکانە بووە، بەمە، دڵی سوڵتانەکانی عوسمانی، خەلیفەی موسڵمانانی ڕاکێشاوەتە لای خۆی، دوای ئەو زاتەش شەهید (شێخ سەعیدی حەفید زادە) هەمان پایەی وەرگرتووە تاوەکو چەند جارێك بۆ ئەستەمبووڵ (٢٤) دەعوەت کراوەو لەلایەن خەلیفەکانەوە ڕێزی گیراوە، زمان درێژی بەرامبەر ئەم بنەماڵەیە نموونەی ناهەقیو بەدڕەوشتییە (شێخ سەعید)ی ڕەحمەتی هەمیشە بۆ وڵاتو نیشمان دوعای خەیری کردووە، هۆی ناهەمواری باری ئاسایش لەکوردستانی باشووردا دەگەڕێتەوە سەر ئەم بنەمایانە:

فەرمانبەرانی میری بۆ سوودی تایبەتی خۆیان باری ئیدارییان شێواندووە، نوسخەی دووەمی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەوە نووسراون، ئەوە پیشان دەدەن کە ڕاپۆرتی نهێنی پڕ (٢٥) درۆو دەلەسە بۆ سوودی تایبەتی خۆیان نووسیوە، وەك سیخوڕێك دژی ئەمو ئەو بۆ کوشتنو بڕین، پیاو کوشتن، کاروان ڕووتەوە کردن، تا بگاتە پارێزگار داپلۆسینیان کردووەتە پیشەی خۆیانو قسەی ناشیرینیان بە قوماندانەکانیش کردووە، شەوان تەقەیان لەدایەرەکان کردووەو کەچی ئەم هەموو کارە ناپەسەندانەیان داوەتە پاڵ (شێخ سەعید ئەفەندی)، ئەمە بوهتانێکی زۆر گەورەیە (٢٦).

ئەو درۆو دەلەسانەی کە خاوەن نووسینەکە لەڕۆژنامەی (بەغدا) بڵاوی کردبووەوە مایەی سەروسووڕمانە، ناتوانم هیچی ئەوتۆی لەبارەوە بڵێم، لەوە زیاتر کە ئەو نووسینانە لەدرۆو دەلەسە بەو لاوە هیچی تر نییەو لەلایەن چەند کەسێکی بێ ویجدانەوە هۆنراوەتەوە، شاری سلێمانی لەماوەی ئەم دە پانزدە

سـالّەی دواییـەدا، زۆر نارەحـەتیی چێـشتووە، لەمـەدا شـێخ هـیچ سـووچو قەباحـەتێکی نـەبووەو هەمووشـی دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەم تاقمـە بـێ ویجـدانو درۆزنانەوە.

بەمانەشـەوە نەوەسـتان، هـاتوون تۆمـەتی نارەوایـان داوەتـە پـاڵ شـێخانو ڕاپۆرتی نهێنییان بـۆ ویلایـەت نووسـیوە، بـۆ ئـەوەی بـاری ئاسایش لەسلێمانیدا بشێوێنن، بەڵـێ (شـێخ سـەعید) سـەر بەئیـدارەی پێـشوو بـووە، بـەڵام زاتێکـی ئاسایش پەروەر بووە، هەندێ کەس بۆ سوودی تایبەتی خۆیان ڕاپـۆرتی درۆیـان دژی جـەنابی شـێخ نووسـیوە، (شـێخ سـەعید) لەخووڕەوشـتو بـیروڕادا لەگـەڵ کاربەدەستانی پێشوودا نـەبووە، بـەڵکو ئەگـەر زوڵـمو زۆرێکیـان بکردبایـە دژیـان دەوستاو لێی قبووڵ نەکردن.

دواجاڕدانی مەشرووتییەت

دوای هەرەس هێنانی سەڵتەنەتی عەبدولحەمیدو جاڕدانی مەشرووتییەتو بڵاوبوونەوەی یاسای ئەساسی بۆ روونکردنەوەی ئە یاسایەو بیروڕای مەشرووتییەت پێوەندی کرا بەناودارەکانی سلێمانییەوە لەپێشدا پێوەندی کرا لەگەڵ (حەزرەتی شێخ سەعید) ئەفەندی تاوەکو لەبۆچوونەکانی سوود وەربگیرێ، کەچی قوماندانی پێشووی سلێمانی لەگەڵ تاقمێك لەهاوبیروڕاکانیدا بەمەبەستی پەرتکردنی ڕیزی دانیشتووان ـ ئەم پارێزگایەی سلێمانی ـ یە کە کەوتووەتە گۆشەیەکی سنووری دەوڵەتەوە ـ ئەم قوماندانە پشتی لەشێخ کردو پێوەندی لەگەڵ ئەو کەسو هۆزانەداکرد کە ساردییەکیان لەگەڵ بەرەی شێخاندا هەیە وەك مەحمود پاشای جاف کە یەکێکە لەسەرکردە بەناوبانگەکانی هۆزی گەورەی جافو ئەو دوایی لەناحەزانی بەرەی شێخان.

چۆنێتی دورخستنەوەی شێخ سەعیدو هاوڕێکانی لەسلێمانی

کە ئینقلاب (٢٨) بەرپابوو لەهەندێ شارو شارۆچکەدا ڕاپەڕینو ڕێڕەو (٢٩) دەستی پێکرد، لەسلێمانیشدا قوماندانی سوپاو هاوبیروڕاکانی لەدوژمنانی شێخان بۆ دووبەرەکی نانەوە دەستیان کردە هەندێ جموجوڵی دوژمنانەو نرخی ئاسایشو ئاسوودەگیو یەکسانی لەناو شاردا هەڵگیرا لەجیاتی ئەوەی شاییو خۆشی بکرێ بناغەیان بۆ کارەساتێکی دڵتەزێن داڕژاند، ئەوانەی کە دەستیان لەئاژاوە گێڕیدا هەبوو خۆیان لەناو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەققیدا مەلاسدەداو شێخانیان بە ستەمکارو چەوسێنەرو خوێنڕێژ دابووە قەڵەمو جەماوەریان هاندەدا کە دژی شێخان ڕاپەڕن. ئەوانەی کە لەم دووبەرەکییەدا بێلایەن وەستابوون تۆمەتو تانووتیان ئاراستە دەکرا بەم شێوەیە لەهەموو هەلومەرجێك، لەکووچەو بازاڕدا دەستیان دایە دەمدرێژی دژی شێخانو لەڕۆژە

ڕەسمییەکانیشدا ڕێزیان نەدەگرتن، تاودکو ڕورنك ناردیان لەکوڕانی (شێخ سەعید)، (شێخ مەحمود)و (شێخ ئەحمەد)و لەحر مەکانیشیان، (سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوڵ)و (شێخ صاڵح ئەفەندیی موفتی)یان بەبانووی قەرداریییەوە بانگ کردو تەوقیفیان کردنو کتوپڕ دکتۆر ضیاء (٣٠) و چەند کەسێکیان چەند چەکدارێکیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتو چوونە ناوبازاڕو بەکاسبکارەکانیان ڕاگەیاند زوو بچنە بەر دەرکی سەرا، لەوێ فەرمانی سوڵتانی دەخوێندرێتەوە، ئەوی نەچێت تووشی سزا ئەبێت.

بەزۆری زۆردارەکی دووکانەکانیان پێ دادەخستن، لەو لاشەوە بەهاوپەیمانەکانی خۆیان دەگوت واحکومەت شێخانیان حەپس کردووە ئێوە هەستن، ڕاپەڕن، بەم شێوەیە حەشاماتێکی زۆر لەبەردەرکی سەرای حکومەت گلێربوونەوە، هەندێکیان تەماشاکەر بوون، دوای سێ ڕۆژ جەماوەر کۆکردنەوە، بەشێوەیەکی ناشرین (شێخ سەعید)و (شێخ مەعروف)ی برایو ئەو دوایی شێخەکانیان ڕەوانەی (مووصڵ) کرد (٣١).

دوای ڕەوانەکردنی شێخان چی ڕووی دا؟

دوای ڕەوانەکردنی شێخانو دوورخستنەوەیان، دوژمنەکانیان نامەردانە جەندرمەو چەکداریان دەناردە سەر ئافرەتو ماڵو منداڵەکانیانو قسەو قسەلۆکیان تێدەگرتن، لەسەرەنجامی ئەم کردەوە ناپەسەندانەدا (ژنی شێخ ئەحمەدی برای شێخ سەعید) لەترساندا منداڵی لەبارچوو، جارێکیان ژن برای شێخ ئەحمەد نەخۆش بوو، لەماڵەوە کەوتبوو، چوونە سەریو لەنوێنەکەی هێنایە دەرێو دایان بەکۆڵ سەربازێکداو کووچەو کۆڵانەکانی سلێمانییان پێ گێڕا، ئینجا برایە سەرای حکومەت، ئەم جۆرە کردەوانە بەسەر ئەو بەسزمانانەدا کارێکی زۆری کردە سەر دڵو دەروونی خەڵك، کە ئەمە لەخۆیدا هیچ پەیوەندییەکی بەڕێڕەوی مەشرووتیەتەوە نەبوو بوو دژی یاسا بوو،

لەوکاتەشدا بۆ چاوبەست بڵاوکرایەوە کە لەم ڕۆژانەدا شێخان دەگەڕێنەوە دواوە ئەوەبوو پاش دوورخستنەوەیان بە پانزدە ڕۆژێك لەپڕێکدا بەهۆیەکی نەزانراو (٣٢) کارەساتە دڵ تەزێنەکەی مووصڵ بەرپا بوو، حەزرەتی (شێخ سەعید)و (شێخ ئەحمەد)ی کوڕیو (٣٠) کەس زیاتر بەشێوەیەکی دڕندانە شەهید کرانو بایی پێنج شەش ملیۆن لیرەماڵو حاڵیشیان تالانکرا، خاوەن مەقالە نۆباڵی ئەوکارەساتە دەخاتە سەر یەکێك لەکوڕەکانی (شێخ سەعید) گوایە قسەی بۆ ئافرەتێکی مووصڵاوی فرێداوە دوایی دەرکەوت کە بەرەی شێخان هیچ پەیوەندیەکیان بەرووداوی یەکەم ڕۆژی جەژنەوە نەبوو، پاش لێکۆڵینەوە بەبەڵگەوە دەرکەوتووە ئەو کاروبارانەی لەسلێمانیش ڕووی دابوو هەمووی دەستکردی ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بووەو شێخان لەبەرپاکردنیدا هیچ سووچو قەباحەتێکیان نەبووە. لەوانەی لەوکارەساتەی مووصڵ بەهەزار حاڵ ڕزگار بووبوو لەکوڕانی (شێخ سەعید شێخ مەحموود)و (شێخ مەعروف)ی برایو (سەید ئەحمەدی بابا ڕەسووڵ) بوو، ئەو زاتانە کە گەڕانەوە ئامۆژگاریی ئەو هۆزە هەڵچوانەیان کرد کە دان بەخۆیاندا بگرنو چاوەڕێی ئەوە بکەن تا حکوومەت لەکارەساتەکە دەکۆڵێتەوەو سزای تاوانباران دەدات.

جەنابی (شێخ عەبدولقادری شەمزینی)ی سەرۆکی کۆمەڵی کورد لە ئەستەمبووڵ (٣٣)و ئەندامی کۆمەڵەکەیان هەستیان بە سەرەنجامی ئەم گیروگرفتە کردو دەستیان کردە تێکۆشان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆو سەرەنجامی ئەم کارەساتە تا حکومەت بکەوێتە لێکۆڵینەوە نەوەك دووبەرەکی بکەوێتە ڕیزی مووسوڵمانانەوەو ئامانجی کۆمەڵەکەشیان میللەت پەروەری بوو. هەندێ لەڕۆژنامەکانی بەرەی ئیتیحادو تەرەققی کەوتنە دەمدرێژی دژی ئەم کۆمەڵەیە، بەڵام کۆمەڵ گوێی نەدایە نووسینی ئەم جۆرە کەسانەو لەسەر هەوڵو تێکۆشانی خۆیان سووربوونو سەرنجی کاربەدەستانی میرییان بۆ ئەوە ڕادەکێشا کە بەوردی

بڕواننە ئەحواڵی کوردستانی باشوور ئەوساکە شت بڵاوبکەنەوە، هەوڵی دەدا ئەو قەڵەم بەدەستانە ئیقناع بکات کە ئەم کارەساتە لەبنەڕەتدا لەسەر بناغەی درۆو دەلەسە داڕێژراوەو مەبەستی کۆمەڵەش دەربڕینی راستییە لەپێناوی خۆشویستنی میللەتو نیشتمان. بەم شێوەیە کۆمەڵە توانی کاربکاتە بەشێکی زۆر لەئەندامانی ئەنجوومەنی مەبعووسانو باری درووستی کارەساتەکەیان بۆ روون بکاتەوە،کاتێك ئەو گێرەشێوێنانە هەستیان بەوەکرد کە لەمکارە ناڕەوایەدا خەریکە مایە پووچ دەربچن هاتن کارەساتی مووصڵیان بەرپاکردو لەئەستەمبوولیش، هەوڵیاندەدا حکوومەت ئەوەندە بایەخ بە رووداوەکەی موصڵ نەدات.

سەرئەنجام، ئەندامانی ئەنجوومەنی مەبعوسان، (شێخ سەعید)یان بەپیرۆزترین شەهید لەشەهیدەکانی ئەو سەردەمە دایە قەڵەم، ئەم بڕیارەیان ئاگری فیتنەو دووبەرەکیی کوژاندەوە، چونکە لەوڕۆژانەدا بەهۆی کارەساتی کوشتنی (شێخ سەعید)ەوە هۆزەکانی کوردی لەهەڵچوونو ڕاپەڕینداببوون (٢٤)، خەڵکی هاتنە سەر ئەوەی بپرسن ئاخۆ بەپێی بڕیاری چی دادگایەكو بەچی مافێك (شێخ سەعید) ئەم زاتە پیرۆزە لەسەردەمی ئازادیو سەربەستیو مەشرووتیەتدا لەسلێمانی دوورخرایەوە؟!

دوای ماوەیەك، دەست کرا بەپرسو لێکۆڵینەوە هەر کەسێك چی بینیوەو چی دەزانیو وەڵامی دایەوە، گەلێ بەڵگەی نووسراوم بەدەستەوەیە کە نووسەری ئەوڕۆژنامەیە بەدرۆ دەخاتەوە. ئیتر ئەوە بەسەر چوو هەرکەسێ بتوانێت بەدرۆو دەلەسە پیلان بهۆنێتەوە ئەو شتانە لەخەیاڵ بەولاوە هیچی تر نییە خەیاڵیش بۆ کەس ناچێتە سەر.

لەڕۆژانی کارەساتدا، ئەو تۆمەتە خرایە پاڵ حکوومەت کە هیچ هەڵوێستێکی پیشان نەداوەو خاوەن بڕیار نەبووە، (شێخ عەبدولقادر ئەفەندی) داوای

لەحکومەت دەکرد کە دەور بگێڕێ ئەوەبوو لەسەرەنجامی ئەو کۆشش و هەوڵدانە والی مووصڵ و متەسەریفی سلێمانی عەزل کران، بەڵام ئەوانەی دەسدرێژیان کردبووە سەر حاڵ و ماڵی خەڵکی لەوناوە دەسووڕانەوە بەمە ئارامی لەخەڵکی هەلگیرا، عەشایری دەوروپشتی سلێمانیش کەوتنە جونبووش و چوونە سەرماڵی موتەسەریفی پێشووی سلێمانی و ماڵەکەیان تالانکرد، ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە (شێخ سەعید گۆیك تەپە) بە هەزار سوارەوە ئابلۆوقەی سلێمانی داوە لەبەر ئەمە سەر لەنوێ چەك دابەشکرایە سەر هەندێك لەدانیشتوانی شارو مەترسی کەوتە ناوەوە مەبەستی بەرەی ئیتیحادو تەرەققی ئەوە بوو شێخە کۆس کەوتووەکان نەگەڕێنەوە شارو دەستەڵاتی خۆیان وەرنەگرنەوە.

والیی نوێ و چەوساندنەوەیەکی نوێ

(عیززەت پاشا) بەوالی نوێی موصڵ دانرا، هەر کە چووە سەر کورسی ویلایەت فەرمانی دەرکرد بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کارەساتەکەی سلێمانی و مووصڵ و فەرمانیدا ئەو کەسانەی کە مانەوەیان لەسلێمانی مەترسی دەبەخشێتە ئاسایشی شار لەوێ نەمێنن، ئینجا خۆی سەفەرێکی بۆ سلێمانی کردوو بێئەوەی بەلایەکدا بتاشێت زۆر بەوردی و هێمنی دەستی دایە پرس و لێکۆڵینەوە. هەر کە والی گەیشتە شار بەرەی شێخان و دوژمنەکانیانی پێکەوە کۆکردنەوەو ئاشتی کردنەوەو لەبەردەم والیدا دەستیان لەمل یەکتر کرد، ئەم هەنگاوەی والی خۆشی و ئاسوودەگی خستە دڵی خەڵکەوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی والی بەدڵ گێرە شێوێنەکان نەبوو هەندێکیان خۆیان لەوالی نزیك خستەوەو لەولاشەوە دەستیان دایە مەزبەتەکردن و لەژێریشەوە خەڵکیان دژی یەکتر هاندەدا، جا بزانە ئەم جۆرە خەڵکانە خاوەن چ دڵ و دەروونێکی مردوون، بڕیار لەسەر ئەمە بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵم.

سلێمانی سەر دانانەوێنێ

بەپێی عەدالەتی یەزدانی لەناو ئادەمیزاددا بەرامبەر بەیەکتری دەبێ ستەمکاریو دووڕوویو درۆو دەلەسە نەمێنێت، چ بۆ دانیشتوانی سلێمانیو چ بۆ خەڵکی کوردستانی باشوور ئاشکرابوو کە پێوەندی دروستی برایەتی لەناو یەکتردا دەبێتە هۆی یەکگرتنو سەرکەوتن. ئەوانەی کە گێرە شێوێنو خاوەن بیروڕای پووچن لەئاستی تەقەللاو هەوڵو کۆششی ئەندامانی مەجلیسی مەبعوسان کشانەوە دواوەو دەستیان دایەوە نووسینەوە لەڕۆژنامەکاندا، بەلاّم بەهۆی هەوڵی والیی نوێو بۆ بەرژەوەندی گشتی شێخانو خەڵکی دی دووبەرەکی ناو خۆیان چارەسەرکردو ناکۆکی لەئارادا نەماو ئیتر لەمەولا مل بۆ کەس دانانوێنن.

دانیشتوانی شار باوەشیان بۆ یەکتر کردەوەو ئەوانەی شاریان بەجێ هێشتبوو لەگەڕانەوەدابوون، هۆزی جافیش هاتە ناو ئەویەکێتییە نوێیەوە هەموو لایەك زۆر بەهێمنی کاروباری خۆیان جێبەجێ دەکەن...

بەڵگەی ژمارە (٥)

ئەو نووسینەی کە لە (٢٧ی نیسانی ١٣٢٥)دا ئاراستەی دەفتەری ویلایەتی موسڵ کرا بوو:

بەزمانی کۆیلەیەتیمەوە (٣٥) دوعای چاکە بۆ سەرکەوتنتان دەکەم لەکاغەزی پێشوومدا بۆ بەجێ هێنانی ئەوانەی کە ئێستا عەرزتان دەکەمەوە وا دووبارە ناچارم بیرتانی بخەمەوەو جورئەت بدەمە خۆمو سەرتان بهێنمەوە ئێش.

ڕۆژنامەی (الارشاد) کە بینی وا ئاسایش کەوتووەتە ولاّتو مەیدان چۆڵە دەستی دایە درۆو دەلەسە هەڵڕشتن کە کەس باوەڕی پێ ناکات. لەژمارەیەکیدا

بەم ناونیشانە (دیسانەوە سلێمانی، دیسانەوە والیی نوێی موسڵ) مەقالەیەکی بڵاوکردەوە ناوەرۆکەکەی لەڕاستییەوە دوورە، بەندە بەرپەرچی ئەو مەقالەیەم داوەتەوە وا بۆئێوەی بەڕێزی دەنێرم بەڵکو ئەمر بدەنە ئەو رۆژنامەیە بڵاوی بکاتەوە تا باری. بەراستی گیروگرفتەکە وەك رۆژی روناك پرشنگ بداتەوە.

بەرپەرچ دانەوەکە (٣٦): لەرۆژنامەی (الارشاد)ی ژمارە (١٩)ی رۆژی (١٥ نیسانی ١٣٢٥) کە لەبەغداد دەردەچێت بە ناونیشانی (دیسانەوە سلێمانیو دیسانەوە والیی نوێی موسڵ) مەقالەیەکی لەبارەی هەڵو مەرجی ئێستای سلێمانی بڵاوکردبووەوە بەداخەوە پڕی بوو لەدرۆو دەلەسە.

ئەم ئازادییەی کە دراوەتە چاپەمەنی ئێمە وامان لێ چاوەڕوان دەکرد کە بۆ بڵاوکردنەوەی کەرەستەی ئەدەبیو هونەریو شتی بە کەڵكو رووداوی رۆژانەی دروست بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی پێشکەوتنو بەرزبوونەوەی بیروڕای خوو رەوشتو وشیارکردنەوەو خۆش سوحبەتی بۆ ئەوەی هاونیشتمانییەکی عوسمانی بتوانێ بە دڵنیایی بژی.

لەم دەورە پیرۆزەی مەشرووتییەت ـ دا وا چاوەڕوان دەکرێ ئەم ئازادییەی کە لەئارادا هەیە بۆ سوودی گشتی بەکاربهێنرێ نەك بۆ چەواشەکردنو لادان لەرێگا وەك ئەو نووسینەی کە رۆژنامەی (الارشاد) لاپەرەکانی پێ رەش کردووەتەوەو پڕە لەدرۆودەلەسەو پیلان رێکخستن کە مایەی ئەسەفە، خاوەن رۆژنامەکە بێ ئەوەی شەرم بکات درۆی وای بڵاوکردووەتەوە روونو ئاشکرایە کە لەراستییەوە زۆر دوورە نووسیوێتی گوایە نووسینەکانی پێشووی لەلایەن خوێنەرانی سلێمانییەوە زۆر بە تاسەوە خوێنراوەتەوە، نووسینێك کە پڕ بێت لەشتی پڕوپووچو درۆودەلەسە مەگەر لەلایەن ئەو کەسانەی لەو ئاستەدا بێت خوێندرابێتەوە ئەوانەی خاوەن ویجدانێکی خاوێنن نەفرتیان لێ کردووەو بە چاوێکی سووکەوە تێیان ڕوانیووە، ئاماتجی ئەو کابرایە لەنووسینەکانی تێکدانو

سەر لێ شێواندنە، لەم بارەیەوە دەمەوێ بەم دوو سێ قسەیە سەرنجی خوێنەران ڕابکێشم.

خاوەن مەقالە لەژێر سێبەری دووری مەشرووتییەت داوا دەکات پیاوانی سەر بە دەوری ئیستیبداد (٣٧) لەناوببرێن، بەڵێ ئەمە وتەیەکی بەجێیەو ئامانجی هەر کەسێکی خاوەن بیروباوەڕێکی مەشرووتییەت خوازە، ئێمە لێرەدا لەخاوەن ئەو نووسینە دەپرسین بەپێی چ ماددەیەکی یاسای ئەساسیو بە گوێرەی حوکمی چی دادگایەك سادات لەشارەکەی خۆیان دەرکرانو دوورخرانەوە؟ ئەمە مایەی سەر سوڕمانە؟ یان نەء..؟

لەناو بازاڕادا دەگەڕانو بەخەڵکەکانیان دەوت (خێرا دەرگای دوکانەکانتان دابخەنو بچنە بەر دەرگای سەرا لەوێ فەرمانی سەڵتەنەتتان بۆ دەخوێنرێتەوە)و کەوتنە ناو خەڵكو بە زۆری زۆرداری دەرگای دوکانو بازاڕیان پێ داخستنو دایانن لەبەرو بردیانن بۆ ئەو کۆبوونەوەی کە لەراستیدا هەڵچوونێك بوو دژی ساداتو پڕ بەدەم لەوێ دەیانوت (ئەگەر سادات نەکوژرێن شتێکی خراپ ڕوودەدات) بەپێی بۆچوونی خاوەن مەقالە ئەم داواکردنە لەئامانجەکانی بەردەمی مەشرووتییەتە؟ ئایا ئەمە بەپێی ئەم ئازادییە کە لەماددەکانی (٩، ١٠)ی یاسای ئەساسیدا هەیە..؟ کە وەهابێت بەپێی قسەی خاوەن مەقالە والی موسڵ بە پێچەوانەی یاسای ئەساسیو مەشرووتییەتو عەدالەتەوە جووڵاوەتەوەو بەناو حکومەتەوە تاوانو گوناهێکی گەورەی بەرپا کردووە بۆ ئەمە نابێت بەرپەچی بدرێتەوەو حیسابی لەگەڵ بکرێ؟

خاوەن مەقالەی ئیرشاد هەوڵی داوە گرتنو دوورخستنەوەی سەیدەکان بەبێ هۆو حوکمێك وا پیشان بدات کە لەسەرەنجامی هەڵچوونێکەوە رووی داوە لەوەدا هاونیشتمانییەکانیش تێکەڵیان کردووە تووش هاتوون لەمەشدا ساداتو بەرامبەرەکانیشیان بە گوناهبار داناوە، بەمە هەوڵی داوە ئاگری دووبەرەکی

لەناو خەڵکدا خۆش بکاتو کڵپەی پێ بسێنێ هەروەها هەوڵی داوە ئەو خەڵکە بەوە قایل بکات کە ئەو بەڵگەیە دروستکراوەیە، بزانن ئەم کابرایە چی لێکدانەوەیەکی پووچی کرجووەو چ خەیاڵێکی پیسی لەمێشکدا دەسووڕێتەوە.

وشترێك چووەتە ناو باخێکەوە قەپی لەتەڕو وشکداوە کە باخەوان دەرکەوتووە لەترسانا چاوی خۆی قووچاندووە تاوەکو باخەوان نەیبینێ، حەزرەتی (والی پاشا) کە دەستی کردووە بەلێکۆڵینەوە چاوی بە بەڵگەنامەیەك کەوتووە کە تێیدا چۆنێتیی دابەشکردنی هەزارو پێنج سەد لیرەی بینیوە لەگەڵ ناوی ئەو کەسانەی کە ئەوپارەیەیان بەسەردا دابەش کراوە لەگەڵ بەشی هەریەکێکیانو لەخوارەوەشیدا ئەم رستەیە نووسراوە (ئەم پارەیە بۆ ئەوە دانراوە کە لەموسڵ بۆ هەندێ شتی گرنگ سەرف بکرێ ئەگەر نەکرا بگەرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی ناویان لەسەرەوە نووسراوە، من بۆ ئەم مەبەستە ئەم پارەیەم وەرگرت) لەخوارەوەشیدا مۆری (متصرف لیوا محمد توفیق) هەیەو بۆ راست بوونی ئەم سەنەدە تەحقیقو لیکۆڵینەوەیەکی وردکراوەو خەتەکەشی هی کەسێکە کە دژی شێخانەو مۆرەکەش مۆری موتەسەرریفی پێشووی لیوایەو وێنەی ئەم بەڵگەنامەیە هەڵگیراوە.

ئەم سەنەدە دوای هاتنی والی بۆ سلێمانی بە چەند رۆژێك خراوەتە پێش چاوو لەکەرکوك، کەچی خاوەن مەقالە بە چاوێکی خێلو خوارەوە روانیوێتییە گیروگرفتەکەو ویستوویەتی چەوتو چێلی بکات.

حەزرەتی والی لەو پرسو لێکۆڵینەوەیەی لەبارەی ئەم گیروگرفتەی کردووە لەهەق لای نەداوەو لەلایەن هەموو خاوەن ویجدانێکەوە پەسەندکراوە ئەگەر تەنیا کەسێك هەبێت ئەم لێکۆڵینەوەی بە دڵ نەبووبێت ئەویش خاوەن مەقالەیە ئێمەش بەم جۆرە وەڵامی بەرپەچدانەوەکەی ئەو دەدەینەوە.

ئـەو كارەسـاتەی كـە لـەرۆژانی جـەژنی قوربـان لەموسـڵ روويـداوە پـاش لێكۆڵینـــەوە دەركـــەوتووە، پـــێش ئـــەوە لەگـــەڵ ئەوانـــەی كارەســـاتەكەیان هەلگیرساندووە پێوەندی كراوە، بەڵام خاوەن مەقالە متمانەی بەو بەلگانە نییـە، ئەو لێكۆڵینەوەیەی لەم دواییەدا لەبارەی كارەساتەكە كـراوە بەلگەی لەگەڵدایـەو گومانی تێدانییەو دەبـێ تاوانباران بەپێی یاسا خۆیـان بـدەن بـە دەسـتەوەو پـێ لـەكردەوەكانی خۆیـان بنـێن تـاوەكو سـزاكەیان كـەمترو باریـان سـووكتر بێـتو ئەمـەش ببێتـە دەرسـێك بـۆ ئـەوەی لـەرۆژانی داهـاتوودا لەهەڵـەكان كـەڵك وەرگیرێو كارەساتی تر دووپات نەبێتەوە.

خـاوەن مەقالـە نووسـیویێتی لـەناودارەكانی سـلێمانی سـەرۆكی شـارەوانی (غەفوور)و (حاجی سەعید ئاغا)و (حاجی برایم) ئاغا باریان كردووەتە بەغداد، نـەخێر (غـەفوور ئاغـا) تـاوەكو ئـەمڕۆ لێـرە لەسـلێمانییەو بـۆ هـیچ لایـەك نەڕۆیشتووە، بەڵام (حاجی سەعید ئاغـاو حـاجی عـەلی ئاغا) بـۆ تـەبدیلی هـەوا چوونەتە بەغدادو (حاجی برایم ئاغا)ش بۆ كاروباری بازرگانی سەفەری كردووە هەمەوەندەكانیان داویانەتە سەر چەند دێیـەكو تاڵانیـان كـردووە تـاڵانو بـڕۆی ئەم هۆزە شتێكی تازە نییە.

كوشتەی خزمەكەی فەتاح بەگ سۆفیوەندەكانە. ئـەو تەقانـەی شـەو كراوەتـە سـەرماڵی (ئـەوڕەحمان ئاغـای گـەورە) لەلایـەن پیاوەكـانی خۆیـەوە كـراوە، لـەم تەقەیە بەر پیاوێكی خۆی كەوتووەو بریندارى بووە.

شێخ مەحمەد غەریبیش لە (ئەنلوس) دەست درێژی لەسەر كەس نـەكردووە. بـەم زووانـە وا چاوەڕوان دەكـرێ حكومـەت بـچێتە سـەر هەمەوەنـدەكانو ئـەم تاڵانییانەی لەم دواییـە كردوویانـە لێیـان وەربگیرێو بدرێتـەوە خـاوەنی خـۆیو ئەوانەی خزمەكانی فەتاح بەگیان كوشتووە دەردەست بكرێن.

خوێنەری بەڕێز: ئێستا بۆت دەرکەوت ئەو نووسینانەی کە خاون ڕۆژنامەی (الارشاد) بڵاوی کردبووەوە لەدرۆیەکی رووت بەولاوە هیچی تر نییەو نەوعە زمان درێژییەکە لەبارەی یەکێك لەوالییەکانمان هەروەها دەیەوێ هەچ خراپەیەك لەم شارە کراوە بیداتە پاڵ شێخەکانو دانیشتوانی شارو شێخان بدا بەگژیەکدا تا ئەمنو ئاسایش لەشاردا هەڵبگیرێ، ئەم ڕەوشتە نەوپەڕی بێ ویجدانییە. ئێمە بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە داوا لەرۆژنامەی (الارشاد)و خاوەن مەقالەکە دەکەین ئەگەر خۆیان بە دڵسۆزی ئەم نیشتمانە دەزانن دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن کە بەرەی شێخانو دانیشتوانی شار پێکەوە ئاشت بکەنەوەو مەیدان بە بلاوبوونەوەی شتی درۆو هەڵە نەدەن لەرۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە، ئومێدەوارم ئەم هیوایەمان جێبەجێ بکرێ.

بەڵگەی ژمارە (٦)

ئەمە وێنەی ئەو ئیفادەیەیە کە رۆژی (٤ی حوزەیرانی ١٣٢٥) لەدادگای بیدایەتی سلێمانی وەرگیراوە:

بۆ گوێ گرتن لەفەرمانی سەڵتەنەتی پادشاهی لەبارە دانانو بڵاوبوونەوەی یاسای ئەساسیو بانگ کردنی ئەنجومەنی مەبعووثان بۆ کۆبوونەوە داوا کرا هەموو دانیشتوانی شار بە مشایخو زاناو ناودارانەوە لەبەر دەرگای سەرای حکومەت ئامادەبین، لەناو بانگ کراوەکاندا خوالێخۆشبوو شێخ سەعید ئەفەندییو کوڕەکانیش هەبوون هەموو ئەو خەڵکە لەگۆڕەپانی بەر دەرگای سەرای حکومەت ئامادەبوون فەرمانبەرانو سەربازانیش لەولاوە هەموو بەڕێز وەستان، ئەم نمایشە ڕێکەوتی رۆژی چوونە سەرتەختی پادشاهی بوو پاش خوێندنەوەی تەلغورافی پادشاهی بۆ ئەو مەبەستە ئەو خەڵکە هەموو بەجارێ سوێنددران کە گوێڕایەڵی ناوەرۆکی خاڵەکانی یاسابینو پەیڕەوی بکەنو لێی

لانـەدەن‌و هـەر ناکۆکییـەکیان لـەئارادا هەیـە دەبــێ نـەمێنێت‌و لـەجیاتی ئـەوە یەکێتییەکی گشتی بێتە ناوەوە، بەڵام هەندێ لەو کەسانەی کە سوودی تایبـەتی خۆیـان نـەبێت هیـچی تریـان مەبەسـت نییـە وەك فەرمانـدەی پێـشووی سـوپا مستەفا پاشاو فەرماندەی ئێستا قوڵ ئاغاسی (٣٨) ساڵح‌و جێگری سەرۆکی هێزی جەنـدەرە فەهمی‌و دوکتۆر ضیاء و سـەرۆکی دادگای جـەزا (ئەحمـەد رەفعـەت)و سەرنووسـەری دادگـا (دەروێـش)و فەرمانبـەری ئیجـرا (نـەجیب) و ئەفـسەری تەجنیـدی سەرچـنار (حـاجی عەبـدوڵڵا)و هـەردوو فەرمانبـەرانی تـەلغوراف (ئەدیب‌و ئەحمەد)و عەبدولعەزیز ئەفەندیی موفتی لەناوخۆیاندا رێككەوتنێكی نهێنییـان دژی شـێخان گـرێ دابـوو، ئـەو کەسـانەش کۆنـە قینێکیـان دژی شـێخان هەبوایـە، ئەوانیـشیان هـان دەداو دەیانهێنایـە نـاو رێككەوتنەکەیانـەوە، بـۆ داپۆشینی ئەسڵی مەبەستیان دژی شێخان هاتن هەندێ شکایەتی ناڕەوایـان کـردو ئینجا هـاتن ئـەو رێکەوتنـەیان خـستە قـاوغی کۆمـەڵی ئیتتیحـادو تەرەققییـەوە ئینجا بەو ناوەوە خۆیان ئاشکرا کرد.

ئینجا ئـەو فەرمانبەرانـە بـەهۆی پایەیانـەوە لەفەرمانەکانیانـداو مـەوقعیان لەکۆمەڵەکەیانـدا لـەناو بـازاڕو کووچـەو کۆڵانەکانـدا بـە ئاشـکرا دەسـتیان دایـە شەڕفرۆشتن دژی بەرەی شێخان‌و لـەرۆژانی ئاهـەنگی رەسمیـشدا ماوەیـان نـەدەدا بـەرەی شـێخان جـێ‌و مـەقامی شـیاوی خۆیـان بدرێتـێ، ئینجـا لەرۆژنامـەکانی ئیتتیحـادو تەرەققیشدا هێرشیان دەبردنـە سـەر، ئەنـدامانی کۆمەڵـە دەیـانزانی حەزرەتی شێخ سەعید ئەفەندی زاتێکی چاکە خـوازو خـاوەن پایـەو مەقامـە بـۆ وەدەسـت هێنـانی ئامـانجی تایبـەتی خۆیـان بـێ ئـەوەی گـوێ بدەنـە سـەرەنجامی مەسەلەکە وەك لەدڵی خۆیاندا بڵێن ـ هەرچی دەبێ بابێ ـ دەستیان دایە پیلان رێکخـستن دژی شـێخان وەك ئـەوەی پـاش جـەژنی ڕەمـەزان بەچـەند رۆژێـك لـەکوڕەکانی شـێخ سـەعید، شـێخ مـەحموودو شـێخ ئەحمـەد هـەروەها سـەید

ئەحمەدی بابا رەسول‌و شێخ ساڵح ئەفەندیی موفتییان بە بیانووی ئەوەی گوایە قەرداری حکومەتن، چوون بەهێزی جەندرمە هێنایانن‌و لەسەرای حکومەتدا تەوقیفیان کردن‌و دەوریان بە چەکدار گرتن ئینجا دوکتۆر زیادو و ساڵح قوڵ ئاغاسی‌و فەهمی ئەفەندیی یوزباشی کەوتنە ناو بازاڕو لەناو خەڵکدا بڵاویان کردەوە: حکومەت شێخانی حەپس کردووە، هەستن، ڕاپەڕن، ئەوانەی کە لەگەڵیاندا نەبووە پێیان دەوتن بڕۆن بۆ بەردەمی سەرا وا فەرمانی حکومەت دەخوێنرێتەوە ئەو کەسەی نەچێت سزای دەخرێتە سەر، بەم شێوەیە دوکان‌و بازاڕیان پێ داخستن‌و ئەو خەڵکەیان بە کۆمەڵ لەبەردەم سەرادا کۆکردەوە ئەوانەی بێ لایەن بوون دژمیان بۆ دەکردو دەردەپەڕین ئەوانەشیان دوژمنی شێخان بوون بە زۆر دەیانبردنە دایەرەی پۆستەو دژی شێخان ئەلغورافیان پێ لێ دەدان. بەم شێوەیە دوو ڕۆژ لەسەر یەك حەشاماتیان لەو گۆڕەپانە کۆکردەوە تاوەکو لەڕۆژی سێیەمدا فەرمانی دورخستنەوەیانیان بۆ موسڵ وەرگرت.

بەمەشەوە نەوەستان، بە بیانوی وەرگرتنی قەرزی میرییەوە چەکدارەکانی حکومەت دەچوونە سەر ماڵ‌و خێزانی شێخانی دوور خراوو ئافرەت‌و منداڵەکانیان دەترساندن تاوەکو ژنی شێخ ئەحمەد لەژێر ئەم ترس‌و بیمەدا منداڵێکی لەبارچووە هەروەها هاتن چەند دەعوایەکی بێ بناغەیان دژی شێخان ڕێکخست‌و شایەتی درۆیان بۆ تاشی بۆ ئەوەی حوکم بدرێتە سەر ئەفرادی شێخان، شێخ عەلی کە ژنبرای شێخ مەعرووفی نەقیبە لەماڵەوە کەوتبوو بە زۆری زۆرداری چۆن لەناو دوێنێ نەخۆشی دەریکردن دایان بەکۆڵی سەربازێکدا بۆ ئابڕوو بردن بازاڕو کۆڵانەکانیان پێ گێڕا.

ئەم کارو کردەوە ناپەسندان هیچ پێوەندییەکی بە ڕۆحی ئیدارەو مەشرووتییەتەوە نییە پاش ئەوە هاتن زۆر بەنهێنی پیلانیان بۆ هێنانە دی کارەساتەکەی موسڵ هۆنیەوە.

جارێکیان موتەسەریفی پێشوو (تەوفیق پاشا) بەرەو بەغدا بەڕێ دەکەوێ جەردە ڕێی لێ دەگرێ هاتن ئەمەشیان دایە پاڵ خزمان شێخەکان (٣٩)، ئا بەم شێوەیە بە زۆری زۆردارەکی شێخان لەحاڵو ماڵی خۆیان دوور خرانەوە لەئافرەتی زەعیفە بەولاوە کەسیان لێ بەجێ نەمایەوەو هاتن لوولەی تۆپو تفەنگیان لەم ئافرەتە بەسەزمانانە دەگرت تا بییان تۆقێنن، چەکیانیش دابەش کردە سەر ئەوانەی سەر بەخۆیانن‌و ئەو خەلکەیان هێنایە هەڵچوون‌و ئاسایشیان لەئارادا نەهێشت.

بەمە خاوو خێزانی شێخانیان خستە بەردەم کارەساتێکی گەورەوەو کاریان کردە سەر دانیشتوانی شارو خستنیانە پێش دەم ڕووداوێکی گەورەوە، هەر کەسە لەئەهلی بازاڕ ملی بۆ فەرمانەکانیان درێژنە کردبایە هەڕەشەیان لێ دەداو تانووتیان تێ دەگرتن بەمە ئاسایش لەناودا هەلگیراو ئازادی لەئارادا نەماو شیرازەی ئیدارە پچڕا، خودا سزای ئەو کەسانە بدات کە بوونەتە هۆی بەرپابوونی ئەم گرفتارییە، ئامین.

وەڵامدانەوەی دووەم پرسیار: پێش ئەم ڕووداوە مەحموود پاشای جاف بانگ کراو پاش ئەوەی شێخان تەوقیف کران، مەحموود پاشا چەند سوارەیەکی ئامادەکرد، من نازانم لەبەرچی بوو، کە موتەسەریف پاشا ڕووت کرایەوە، مەحموود پاشا جڵەوی ئیداری گرتە دەست، من نازانم بەپێی فەرمانێك ئەمەی کردووە یان هەر لەخۆیەوە. لەوانەی لەدەرەوەی شار سەر بە شێخانن هیچ کەسێکیان لێ نەهاتووەتە ناو شارەوە.

وەڵامدانەوەی سێیەم پرسیار: هەر لەو ڕۆژانەدا بیستم لەوانەی سەر بەشێخانن هەندێکیان لێ تەوقیف کراوە.

بەڵگەی ژمارە (٧)

وێنەی نووسراوی موتەسەریفێتی سلێمانی ژمارە (٣٥٠)ی ڕۆژی (٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٢٥) بۆ عیززەت ئەفەندی ـ ی نووسەر لەئەنجومەنی ئیدارەی لیوا (٤٠)

بەپێی یادداشتی جێگری موددەعیی گشتی لەوەزیفەی (موستەنطیق) (٤١) داناراو لەئەنجومەنی ئیدارەی لیوا کە ماوەیەکی شاغیرە. لەبەر ئەمە پێویستە هەر ئەوراقێك عائید بەئیستینطاق هەیە وەری بگریو دەست بکەی بە فرمانەکەی خۆت کە پێت سپێردراوە.

بەڵگەی ژمارە (٨)

بسم الله الرحمن الرحيم

وێنەی ئەو سکاڵانامەیەم کە لە (١٨ی کانوونی دووەمی ١٣٢٥)دا (٤٢) بۆ ویلایەتی جەلیلەی موسڵم پێشکەش کرد.

لەهەموو وەختێکدا لیوای سلێمانی لایەن سەڵتەنەتەوە بە چاوێکی تایبەتەوە تەماشا کراوە منیش لەم ڕەوانگەیەوە زات بەخۆم دەدەم ئەمەی خوارەوەتان بۆ دەبڕم:

لەسندوقی مالییەی سلێمانی پێنج سەد لیرەو هەنێ دزرابوو ئەو دزێتییەش لەلایەن دادگاوە لێکۆڵینەوەی (٤٣) لەسەر کرا، بەڵام کاربەدەستان کاریان کردە سەرو بڕیاریاندا لەلایەن ئیدارەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، گومان لەوەدا نییە کە دزی کردن تاوانێکی شەخسییە دەبێت لەلایەن دادگاوە لێی بکۆڵرێتەوەو بڕیاری لەسەر بدرێ گوێزانەوەی بۆ جێهەتێکی ئیداری بۆ کارتێکردنو مەبەستێکی خراپە، لەبەر ئەمە جێگری موددەعیی گشتی بڕیاریدا دەبێ ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەن موحەققیقی دادگای بیدایەتەوە بکرێو بڕیاری لەسەر

بدرێ، لەبەر ئەمە رۆژی (٢٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٣٢٥) ئەو ئەوراقە گەڕایەوە دادگا.

سپاردنی ئەم مەسەلەیە بۆ لایەنێکی ئیداری گومانی خستە ناو مەسەلەکەوەو ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی ئەمینی سندوق دەستی لەکار بکێشرێت، بەپێی یاسا دووبەرەکی کەوتە نێوان دوو موستەنتیقەوەو بەهیچ کلۆجێك نابێت ئەمە ببێتە هۆی بەرەڵلاکردنی گومان لێ کراوێك‌و لەدادگایەکی ژوورترەوە فەرمانی بۆ دەربکرێ، ئەمە منی تووشی هەڕەشە لێ کردن‌و قسە پێ وتن‌و چاوترساندن کرد منی کۆیلەی بێ دەسەڵات تا ئێستا کەس کاری تێ نەکردووم مەبەستی من لەناو نەچوونی خەزێنەی دەوڵەتە. مەبەستم پارێزگاری کردنی یاسایە کەچی لەم پێناوەدا قسەی سووکم پێ کراوە منیش خۆم ڕاگرتووەو بەرگریم لێ کردوون‌و ئەوەشم بیستووە کە دەسەڵاتدارانی زەبر بەدەست کەوتوونەتە دژایەتیی بەندەوە.

من بە درێژایی سەردەمی ئیستیبداد ئێش‌و ئازارم چێشتووەو لەفەرمانبەرێتیمدا لەرێگای ڕاست لامنەداوە ئێستاش لەسایەی مەشروتییەت‌و سەربەستی هەرگەرمم بوو سارد نەبوومەتەوەو بەڵگەیەکی زۆرو زەبەنم بە دەستەوەیە بۆ چەسپاندنی وتەکانم کەچی وا ئێستا دەبینم لەسەر ئیشعارێك کە لەگەڵ رۆحی عەدالەتدا ناگونجێت ـ پرس‌و لێکۆڵینەوەم لەسەر دەکرێ، من لەو بڕوایەدام کە ئێوەی پایە بەرز لەویلایەتدا رێگا بەو نەوعە کەسانە نادەن ئەو هەڵپەرستانە دەیانەوێ لەژێر پەردەی عەدالەتدا ئامانجی تایبەتی خۆیان جێبەجێ بکەن، من ئەم سکاڵایەم بۆ ئێوەی بەڕێز بەرزکردەوەو چاوەڕێی دادپەروەریتم.

بەڵگەی ژمارە (٩)

وێنــەی ئــەو سـکاڵانامەیەی کــە لەگــەڵ بەڕێوەبــەری تــەحریراتی سـلێمانی نــوورەددین ئەفەنــدی پێکــەوە ڕۆژی (٢٣ی کــانوونی دووەمــی ســاڵی ١٣٢٥) بــە تــەلگراف داومانەتــە ویلایــەتی جەلیلــە: بەداخــەوە لــەم ڕۆژانــەدا زۆربــەی کاربەدەستانی لیوای سلێمانی بریتین لەپیاوانی بــێ بەهرەو گێرەشێوێن‌و ڕاڕاو لەهەموو هەنگاوێکیاندا دژی یاساو شـەریعەتن‌و مەبەسـتیان تـەنیا پڕکردنـەوەی گیرفانی خۆیانەو بەس، شیرازەی دادگەری‌و ئاسایش پچڕاوە، خستنە بەرچاوی ئەم ڕاستییانە لەسەردەمی ئیستیبداددا قەدەغـە بـوو ئەگـەر سکاڵایەك لـەبارەی ئـەم دسـت درێژییانــە بکرایــە لێکۆڵینــەوەی لەســەر نــەدەکرا بــەڵکو لــەخودی ستەمکاران پرسیار دەکرا.

ئێمە عەرزی ئێوەی بەڕێز دەکەین کـە تـا ڕۆژی ئـەمڕۆمان سـلێمانی سوودی لەســەردەمی پــیرۆزی مەشــرووتییەت وەرنــەگرتووە دیــارە ئەمــە حیکمــەتێکی خودایی تێدایـە، موتەسـەریفی ئـەمڕۆمان لەبەڕێوەبەرێتیـدا سـەرکەوتوو نییـەو ئەویش بەشوێن مەبەستی تایبەتی خۆیدا دەگەڕێ.

ئەو کەسەی کە پێنج سەد لیرە پارەی دزیوە لەپێشدا لەلایەن دادگای بدایەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، بەڵام موتەسەریف بەپێی دەسەڵاتی خۆی مەسـەلەکەی خستە ژێر دەست ئیدارەوە تـا ئـەو کـابرای دزە ڕزگـار بکـات‌و بیلفیعل (بالفعل) بەرەڵڵای کردو هات تەنگی بـەمن هەڵچنی وەختــێ کە بینـی ئێمـە لەسـەر ئـەو دەعوەیە سوورین‌و دەست لەو دەعوایە هەڵناگرین ئینجا هەوڵیدا لێکۆڵینـەوە کـە لەلایەن کەسانی سەربەخۆیانەوە بکرێ.

ئەوانەی وەك ئەو موتەسەریفە ئیدارەی ئەم لیوایەیان شێواندووە غـەفووری سەرۆکی پێشووی شارەوانیی سلێمانییە ئەم پیاوە لەژێر پەردەی مەشرووتییەتدا هانی ئەو کەسانە دەدات کە جاران سەر بەئیستیبداد بوون دژی ئەوانەی کاروباری خۆیان بە دڵسۆزی بەجـێ دەهێـنن ئێمـە لەهـەموو هەڵچوونێکی سـلێمانیدا بــێ

لایـەن وەسـتا بـووین فـەرمانی رەسمـی خۆمـان جێبەجـێ دەکـردو دژی کـەس نـەبووین، ئـەوان هـەتا ئێـستا خـەریکن ئـەهالی هـان دەدەنو بەمـە نێـوان فەرمانبەرانو دانیشتوانی شار دەشێوێننو تۆوی دووبەرەکی دەچێننو خـەریکن فیتنەیەك بەرپا بکەنو موتەسەریفیش لەم کارەدا پشتگیرییان دەکات.

ئێمە کە خۆمان بەکەسانێکی بێ گوناهـ و ستەم لێ کراو دەزانین لەئێوە داوا دەکەین لەم سەردەمەی عەدالەتـەدا سـستەمکاریمان لەسـەر هـەڵبگرن بـۆ بەجـێ هێنانی ئەم مەبەستە چاوەڕێ دەکەین لێکۆڵینەوەیەکی دروست بـێ لایەن بکرێ ئەوساکە درۆو راستییان بۆ دەردەکەوێ، چاوەڕێی ڕەحمەتی ئێوەین.

سەرنجام دەگەینە ئەوەی بڵێین

١ـ کارەساتی کوشتنی شێخ سەعیدی حەفید لەموسڵ ئەڵقەی دووەم بووە لەو ئەڵقانە کە بەرەی ئیتتیحادو تەرەققی هۆنیویانەتەوە (یەکەمیان) لەسلێمانی هەڵیان گیرساندووەو کە ناودارەکان و شێخەکانیان گرتووەو خەڵقیان هان داوە دژی ئەوان بروسکە لێ بدەن بۆ موسڵ و ئەستەموڵ بۆ دوورخستنەوەی شێخ سەعید.

(دووەمیان) لەموسڵ ئەوە جێبەجێ کراوە کە شێخ سەعیدو براو هەندێ لەخزمو کەسانی شەهید کراون.

(سێیەمیان) لەرۆژنامەکاندا بەرەی ئیتتیحادو تەرەققی چ لەکارەساتی سلێمانی و چ لەکارەساتی موسڵ دژی شێخان وەستاون.

٢ـ دووری کۆمەڵەی کورد لەئەستەموڵ بەسەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادر لایەنگیری شێخان بوون راستیی کارەساتەکەیان شی کردۆتەوە ئەوەیان کردووە کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم رووداوە بکرێت.

ئومێدەوارم بەم نوسینە خزمەتێکی مێژووی کوردی ئەو سەردەمەم کردبێت و نووسەرانی داهاتوومان کەڵکیان لێ وەربگرن..

پەراوێزەکان

١ـ ئەو بەتوورکی (عريضة)ی بەکارهێناوە ئێمە لێرەدا سکاڵا نامەمان بەکارهێناوە.

٢ـ ساڵی (١٣٢١)ی رۆمی ـ ساڵی رۆمی ـ دەکاتە (ساڵی (١٩٠٥)ی زاینی.

٣ـ ئەم شارە ـ واتە شاری سلێمانی.

٤ـ نووسەر نموونەی ئەدەبی بەرزی ئەو سەردەمەی لەسکاڵانامەکەیدا بەتوورکی بەکار هێناوە، ئێمە خستمانە سەر زمانێکی سادە.

٥ـ لەسەدەی پێشوودا، سلێمانی (سەنجەق)ێك بوو سەر بەپارێزگای شارەزوور کە شاری (کەرکوك) چەقی ئەم پارێزگایە بووە.

٦ـ خان ـ کاروان سەرا.

٧ـ ڕەنگە ئەم جۆرە حەوزانە بۆ فەرمانبەرە تورکەکان تەرخان کرابن، چونکە کوردی سلێمانی هەموو شافعی مەزهەبن.

٨ـ لەورۆژگارەدا، شێخ مەحمود لەتافی لاوێتیدا بوو تەمەنی نزیکەی (٢٣) ساڵ دەبوو.

٩ـ گوێك تەپە، واتە (گردە شین) لەکوردیدا کراوە بە (گۆپ تەپە).

١٠ـ تەرخانیو ڕۆخزایی دوو تیرەی گەورەی هۆزی جافنو لەشۆڕشەکانی شێخ مەحمووددا، پشتیان بەرنەداوە.

١١ـ ئەو وەسفی شاری سلێمانییە، وەك کەرەستەیەك بۆ نووسەران کەڵکی تایبەتی خۆی هەیە.

١٢ـ بەرانبەر (استجواب) پرسو لێکۆڵینەوەم بەکار هێناوە.

١٣ـ بەرانبەر (مجلس مەبعوثان) ئەندامانی پەرلەمانم بەکار هێناوە.

١٤ـ چوونە سەر تەخت (تتويج) لەسەردەمی پاشایەتیدا لەعیراق (جلوس) یان بەکار هێناوە.

١٥- خەلیل منەوەر- ی شاعیر لەم بابەتەوە لەداستانەکەیدا دەڵێت:

جەم بین چەن نەفەریێ رەحم‌و ئینصاف

پەی موڵك (بەغداد) کێشان تەل غوراف

یەکك تەلێ دیگەر بە (موصڵ) ماوا

تەل کاری کردن، صوب تا خۆراوا

چەن تەل غورافێ پەی (باب عالی)

پەی (شێخ الاسلام) میر لیواو والی

١٦- یوزباشی ـ واتە سەرکردەی (سەت کەس) بەرامبەر بەپایەی عەسکەری (نەقیب)ی ئەمڕۆی سوپایە، شاعیرێکمان وتوویەتی:

ئەڵێن دۆمێکیان کردە (یۆزباشی) لەپێشدا سەری دایکی خۆی تاشی

١٧- مەبەستی لەیەکەم والی ـ ی سەردەمی حوکمڕانی بەرەی ئیتیحادو تەرەقییە.

١٨- پرس‌و لێکۆڵینەوە لەفەرمانبەرە بێ لایەنەکان کرا بێئەوەی ناویان ئاشکرابکەن.

١٩- جاران لەهەر شارو شارۆچکەیەك دوو ئەنجوومەنی (شارەوانی)و (ئیدارە) هەبوون‌و شێوە هەڵبژاردنێك بۆ ئەندامانی شارەوانی هەبوو، بەڵام ئەنجوومەنی ئیدارە لەلایەن حکومەتەوە دادەنرا.

٢٠- گوڵعەنبەر ـ ناوی ئەم سەردەمەی شارۆچکەی (هەڵەبجە) بوو.

٢١- مەبەست لەعوسمان پاشای حەمە پاشای جافە (١٨٤٧- ١٩١٠) مێردی خانمی ئەردەڵان‌و باوکی هەردوو (ئەحمەد موختارو تاهیر بەگی جاف)ە سەردەمێ قائیمقامی هەڵەبجە بووە.

٢٢- بەتوورکییەکەی (ردیە صورتیدر) لەم رستەیە (در) تورکییەو ئەو دوو وشەکانی دیکە عەرەبین.

٢٣ـ لەسەردەمی ئیتیحادو تەرەققیدا لەبەغداد سێ ڕۆژنامە دەردەچوو (بغداد ـ الارشاد الحقیقة) لەوڕۆژانەدا (کاظم حسن الدجیلي ١٨٨٤ـ ١٩٧٠)ی خودا لێخۆشبوو یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی ئەوکۆمەڵەیە لەبەغدادو لەنووسینی هەرسێ ڕۆژنامەکاندا قەڵەمی لەکاردابوو، لێپرسراوی ڕۆژنامەی (الارشاد) (حسین جاهد)و ڕۆژنامەی (الحقیقة) (مجید طلعت) بوو.

کە بەرەی ئیتیحادو تەرەققی لەعوسمانێتییەوە دروشمی تورکیزمیان هەلگرت (کاظم الدجیلي) لێیان کشایەوەو دژیانیش وەستا.

بۆ زێدە زانیاری بڕوانە گۆڤاری (افاق عربیة) ژمارە یەکی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٩٣) نووسینێك لەمبارەیەوە بەقەڵەمی (رفعت عبدالرزاق محمد) بەناونیشانی (شخصیات عرفتها ـ أظواء ثقافیة).

٢٤ـ ئەوسا لەنووسینە ڕەسمیەکانی حکومەتدا لەجیاتی (ئەستەمبوڵ) وشەی (دەرسعادت) دەنووسرا.

٢٥ـ بە تورکی ڕستەی (ژورنا لچیلق) یان بەکار هێناوە واتە بەدرۆ ڕاپۆرت نووسین.

٢٦ـ ئەمکارانە، هەموو ئەندامانی ئیتتحادو تەرەققی کردوویانە بۆ ئەوەی شێخان لەناوبەرن‌و خۆیان جڵەوی کار بگرنە دەست.

٢٧ـ مەحموود پاشای کوڕی حەمە پاشای کەیخەسرەوبەگ (١٨٤٥ـ ١٩٢١) پاش کوشتنی حەمە پاشای باوکی لەساڵی (١٣٠٨)ی کۆچییەوە، سەرکردەیی هۆزی وەرگرت، لەپێشدا بوو بە قایمقامی گوڵعەنبەر، دوایی نەقڵ کرایە پارێزگایی (ئورفە ـ ڕەها).

زێوەر، لەیاداشتەکەیدا دەڵێت (٧٠):ـ (ئەم زاتە دووجار لەتەرەف سوڵتان (عبدالحمید)ەوە تەکلیفی وەزیری لێ کرا قبوڵی نەکرد) بانگ کرایە ئەستەمووڵ‌و سێ ساڵ لەوێ دەسبەسەر مایەوەو توانی بەهۆی ناوداره

کوردەکانەوە خۆی بگەیەنێتەوە کورستانو ناو هۆزەکەی خۆی، بەرانبەر ئەم ئازایەتییەی دەوڵەتی عوسمانی لێبوردنی بۆ دەرکردو پایەی (بەگلەر بەگی)ی پێ بەخشرا، مەحموود پاشا ئەدەب پەروەرو دەستی شیعر نووسینیشی هەبوو هەوڵی دەدا بۆ بەرزێتی قەومەکەی خۆی (بڕوانە مێژووی ـ مشاهیر الکرد وکوردستان، چاپی ١٩٤٧، محەمەد ئەمین زەکی).

که ئیمارەتی بابان ساڵی (١٨٥١) هەرەسی هێنا بەرەی شێخان ئەو کەلەبەرەیان لەسلێمانیدا پڕکردەوە، لەناودارانی جاف چ (حەمە پاشا)و چ کوڕەکانی لەوە زیاتر کە قەوارەی هۆزەکەی خۆیان بپارێزن چاویان لەحوکمدارێتی سلێمانیو کوردستان نەبوو. هەمیشە کاربەدەستانی تورکی عوسمانی، هەوڵیانداوە دووبەرەکی بخەنە ناو کوردەوە، هەوڵو ئامانجی ئەو پاشایەی سلێمانیش یەکێکە لەوپیلانە گلاوەیان. پێوەندی نێوان پیرەمێردو مەحموود پاشا پتەو بووەو پیرەمێرد لەژیندا زۆری لەسەر نووسیوەتەوە، ئەم زاتە مافی ئەوەی هەیە شتێکی لەسەر دەربکرێ.

٢٨ـ تورکیش وەك عەجەم لەجیاتی شۆڕش (ئینقیلاب) بەکار دەهێنن ئەمە لەعەرەبی کۆنیشدا بۆ ئەومەبەستە بەکار هاتووە.

٢٩ـ (ڕێڕەو) بە عەرەبی (مسیرە) لەتورکییەکەدا هەیە (جانو نومایش)ی بەکار هێناوە.

٣٠ـ ئەم دکتۆرە (ضیاء)ناوە وادیارە تورك بووەو یەکێك بووە لەئەندامە هەرە بزێوەکانی ئیتیحادو تەرەققی لەسلێمانی.

٣١ـ لێرەدا خەلیل منەوەر دەڵێت:

تا ئاخر فەرمان هات لەئەستەمووڵ

شێخان سەوق بیۆپەی شار مووصڵ

بەئەمرو فەرمان زات شاهانە

شێخان پەی مووصڵ گشت بین ڕەوانە

٣٢ـ ئەو بۆ ئەمە (ئەسرار ئەنگیز)ی بەکار هێناوە.

٣٣ـ شێخ عەبدولقادری شەمدینی، سەرۆکی کۆمەڵی (تعالی‌و ترقی کورد) بوو لەئەستەموول، ئەمە یەکەم ڕێکخراوی کوردەو بەڕێزان (شەریف پاشا)و (ئەمین عالی بەدرخان) ئەندامی ئەو کۆمەڵە بوون. بڕوانە ـ کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی، د. کمال مظهر أحمد، ١٩٧٥ ص ١٠٠، هەروەها بڕوانە کتێبی الجمعیات والنظمات والاحزاب الکردیە فی نصف قرن ١٩٠٨ـ ١٩٥٨ د. عبدالستار طاهر شریف، ١٩٨٩، ص ١٩.

٣٤ـ خەلیل منەوەر لەم بارەشەوە دەڵێت:

قورب یەك هەفتە دوو هەزار سوار

ئامان وەئیمداد شێخان سالار

موهەییا بیین شێران سەرحەد

پەرێ ئینتیقام خوون شێخ ئەحمەد.

٣٥ـ کە سکاڵایەك بۆ کاربەدەستێك ڕەوانە دەکرا دەبێت بەرامبەرەکەی گەورەو خۆی زۆر بچووك بکاتەوە، ئەمە داب‌و نەریتی کاغەز نووسینی ئەو سەردەمە بووە، شوێنەواری ئەمە لەسەردەمی پادشاهێتیی عیراقیشدا مابوو کە سەرۆك وەزیران بەرامبەر پادشاهانی عیراق خۆی بە (العبد المطیع) پیشان دەدا کۆیلەیەتیش بەرامبەر خوا ئەبێت‌و بەس پێغەمبەرمان فەرموویەتی (متی استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتم أحرارا؟).

٣٦ـ وا دیارە هیچ فەرمانبەرێك نەیتوانیوە سەربەخۆ هیچ کەرستەیەك لەڕۆژنامەکاندا بڵاوبکاتەوە تا موافەقەتی فەرمانبەری لەخۆی بەرزتر وەرنەگرێ، بۆیە ئەم هەق خوازەش وەڵامدانەوەکەی ناردووەتە مەرکەزی ویلایەت بۆئەوەی موافەقەتی لەسەر بکرێ.

٣٧ــ مەبەستی لەدەوری ئیستیبداد دەوری سەڵتەنەتی عەبدولحەمیدی دووەمە.

٣٨ـ قوڵ ئاغاسی روتبەیەکە لەسوپای تورک.

٣٩ـ لێرەدا ئەو ڕستەی (ساداتن بقیة السیوفی أولان) واتە دایانە پاڵ ئەوانەی لەشمشێرەکانی سادات ماونەتەوە.

٤٠ـ لەنووسینەکە دەڵێت (رفعتلو عزت أفندی) ـ رفعتلو ـ واتە خاوەنی پایەی بڵند (صاحب المقام الرفیع) لەسەردەمی پادشاهێتی لەمصردا ئەم نازناوە بۆ سەرۆك وەزیران بەکاردەهێنرا وەك (صاحب المقام الرفیع مصطفی النحاس باشا).

٤١ـ مستنطق (موستەنتیق) ـ واتە ـ محقق، ئەو کەسەی لەدادگادا لێکۆڵینەوە دەکات.

٤٢ـ من وابزانم ئەم مێژووە بەپێی زنجیرەی رووداوەکان ساڵی (١٣٢٦) بێت نەك (١٣٢٥)ی ڕۆمی.

٤٣ـ بەرامبەر (تحقیق) لێرەدا لێکۆڵینەوەم بەکارهێناوە.

مەجليسى تايبەتى بۆ ليواى سليمانى

لەپێشكەوتنى حەفتەى رابردوو شتێك باسى مەجليسى تايبەتى ليواى سليمانى كرابوو ئەمجارەش وا باسى دەكەينەوە.

لەمەوپێش بڕيار وابوو كە (٤) لەخەڵكى سليمانىو (٤) لەخەڵكى قەزاكانو (٤) لەمەئمورانى ئەعزا دەبێ، بۆ هەڵبژاردنى (٤) ئەعزا لەخەڵكى سليمانى وەها كرا. رۆژى (١٥)ى مانگ بەپێى دەفتەرى بەلەديە لەوانە كە خانويان هەزارو هەزار روپيە زياتر بوو (٢٠٥) كەس نووسرا كە رۆژى يەك شەممە (١٦)ى مانگ لەسەعات (٣)ى غروبيەوە بێنە دائيرەى سياسى بۆ نواندنى بيرى خۆيان بۆ ئەو (٣١) كەسە كە دانرابوون لەوە (٤) كەسيان لێ هەڵبژێرێت بۆ ئەعزاييەتى ئەم مەجليسە.

ئەو (٣١) كەسەش ئەمانە بوون: جەنابى حاجى حەسەن نەورەس ئەفەندى، حاجى سەعيد ئاغا، محەمەد ئاغاى عەبدولرەحمان ئاغا، حاجى مەلا سەعيد ئەفەندى، عەزمى بەگى بابان، مەلا حسين ئەفەندى پسكەندى، عەزيز ئەفەندى موفتى، شێخ بابا على ئەفەندى، شێخ محەمەد ئەفەندى بەرزنجى، حاجى ئاغا فەتحوڵڵا، عزمت بەگ، عەبدولفەتاح چەلەبى، غەفور ئاغا، فەتاح بەگى حاجى ئيبراهيم بەگ، سەيد نورى ئەفەندى نەقيب، حاجى مەلا محێدين ئەفەندى، حاجى ئيبراهيم ئاغاى خەفاف، ئەحمەد بەگى تۆفيق بەگ، جەمال بەگى عيرفان، مەجيد ئەفەندى حاجى رسول ئاغا، حاجى ئەحمەدى حاجى كەريم، حەمدى بەگى رشيد پاشا، محەمەد بەگى فەتاح بەگ، عەبدولكەريم ئەفەندى ئەلەكە، ئەحمەد ئاغاى حاجى عەبدوڵڵا، حاجى ئەمين كاكە حەمە، حاجى مەلا سەعيد شاڵى، حاجى كاكە حەمە، صالح ئەفەندى قەپتانچى، حاجى كەريم منبرخان، خواجە يونتوب.

شاری سلێمانی

رۆژی (١٦)ی مانگ لەسەعات (٢)وە لەو (٢٠٥) کەسە کە نووسرابوو بەشوێنیاندا بووە وە تەشریفیان بردە دائیرەی سیاسی کە دەچونە ژوورەوە کاغەزی کە ناوی ئەو (٣١) کەسەی تیا نووسرابوو دەدرایە خزمەتیان هەچکەس کەس بەبیری خوی (٤) راستو چەپی لەبەرامبەر ناوی ئەوانە دەکرد کە لای باش بوو. پاشا ئەو کاغەزە راستو چەپ کراوە دەخرایە ناو سندوقی کە درزێکی هەبوو دەرگای قوفڵ دابوو. هەتا سەعات ١٠و نیو چاوەڕوانی کرا لەو ٢٠ کەسە (١٦٤) کەسی هاتو (٤١)ی نەهات ئەو (٤١) کەسە وا دەزانم لەناو شار نەبوون بۆ توتن داگرتنو شت چوبوونە دەرەوە لەبەرئەوە نەهاتن.

پاش ئەوە کە زانرا ئیتر کەس نایەت سندوقەکە کرایەوەو کاغەزە راستو چەپ کراوەکان هێنرایە دەرەوە پاش وردبونەوەو تەماشا کردن دەرکەوت ئەوانەی رای زۆریان بۆ دراوە بە جەنابی حاجی سەعید ئاغاو محەمەد ئاغای عوبەیدولرەحمان ئاغاو جەمال بەگی عیرفانو حاجی ئیبراهیم ئاغای خەفافن.

بەو تەحرە لەڕۆژی (١٧)ی مانگدا لەلایەنی جەنابی حاکمی سیاسیەوە موبارەك بادیان بۆ نوسراو لەشاریشدا ئیعلان کرا.

ئێمەش بەناوی هاوولاتیەکانەوە (خۆ ولاتیەکانەوە) موبارەك بادیو دوعای مۆفەقیو سەرکەوتنیان دەکەین.

پێشکەوتن:

ژ (٧٨)

بەئۆکتۆبەری ١٩٢١

(سەرچاوەی پێشوو)

له ناو او دیلانه که له سربیا هاتونه‌ته‌وه [illegible] له یونانان ناوی ام دو کسه‌یشی تیا هیه بو زانینی [illegible] و کاریانی درج کرا سعید کوری حاجی حسن له نه‌وه (نوزی علی) خلق محلة کو [illegible] سلیمانی که ساکنی محلة سوره له بغداد ام [illegible] استانبول .

وا اعلان کراوه که‌م ادرسه کاغذ بو [illegible] که‌لای حکومت یونان بتومسریت پیاده‌کات .

استانبول هلال احمر واسطه سینه سربازان اسارتدن قورتیله‌رق یونان حکومتی طرفنـدن توقیف ایدیلان صاظلام اسرا میانده ... اوغلی ..

پێشکه‌وتن(سه‌رچاوه‌ی پێشوو) ساڵی (٢) ژماره ٨٣ [illegible] ١٩٢١)

وێنەکان

ئەوڕەحمان پاشای بابان
لە کتێبی(گەشتی ریچ بۆ کوردستان– ١٨٢٠) ل١١٧، وەرگێڕانی
محەمەد حەمە باقی

فەرمانبەرێکی گەورەی پاشای سلێمانی

(عومەر ئاغای خەزنەدار)

لە کتێبی(گەشتی ریچ بۆ کوردستان ـ ١٨٢٠) ل٩٠، وەرگێڕانی

محەمەد حەمە باقی

ئیسماعیل حەقی بابان نوێنەری بەغدا لە ئەنجومەنی مەبعوسانی عوسمانی
وەزیری رۆشنبیری لە دەوڵەتی عوسمانیدا ١٩٠٨
لە بڵاوکراوەی (عوثمانلی مبعوثلر) وەرگیراوە

سلیمانیة مبعوثی حاجی سعید افندی

سلێمانی (٦)ی ئەیلولی ١٩٣٠

ئەمین زەکی بەگ

گوزیده یامولکی

کەریمی ئەلەکە

عارف صائب

مستەفا پاشای یامولکی

ناوی شوێنەکان

(ئیندێکس)

ناو	لاپەڕە
	ئـ

ئەرز ڕووم ٤١

ئەمارەتی ئامێدی ٤٧

ئەمارەتی ئەردەڵان ٤٧

ئەستەمووڵ .... ٤٧، ٤٩، ٥٢، ٦٨، ٧٣، ٨١،
١٠٤،١٠٠، ١٢٢، ١٣٠، ١٣٣، ١٥٨،
١٦٥، ٢٢٨، ٢٥٦، ٢٥٩، ٢٦٠

ئامێدی ٣٩

ئەڵوەن ٢٦٨

ئەستراخان، ئەشتەرخان .... ٧٣، ٧٧

ئەزمەڕ ١٦٥

ئەمەریکا .... ١٨، ١٩، ٢٢

ئەوروپا .... ١٨، ٢٣، ٢٤، ٤٦

ئەنلوس ٢٤٨

ئورفە ٢٥٩

ئێران........٥٩، ٧٥، ٧٨، ٩١، ٩٧، ١٠٤، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٨، ١٩٤

ئێرلەندەی باکور ٢٤

ئیتالیا .... ١٨، ٢٢

ئیسکەندرۆنە ٤١

ئیمارەتی بابان........٢٦٠

ئەڵمانیا .... ١٩، ٢٢، ٣٠، ٤٦، ١٦٤، ١٦٥

ئیسکان........ ٧٦

پ

پانه ..... ٧٤، ٢١٣

پاسك ٢٤

پاسەڕە ٧٦

پاشقەڵا ١٦٧

پاواجی ٧٧

پازیان ..... ١٨٨، ٢٣٠

پاژمووسیان ٢٠

بەرلین ..... ١٤، ١٤٥

بەڕنایەتی ٢١

بەریتانیا ..... ١٢٩، ١٣٧

بەرزنجە ٨٠

بەغداد..... ١٣، ٣٦، ٣٧، ٤٠، ٤١، ٤٧، ٤٩، ٧٤، ٧٧، ٧٩، ٨١، ١٠٠ ، ١٢١، ١٣١، ١٣٣، ١٣٨، ١٤٩، ١٥٢،١٥٣، ١٥٤،١٥٧ ، ١٦٦، ١٦٧، ١٧٥، ١٩٥، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٣٣، ٢٣٠، ٢٣٦، ٢٥٨، ٢٥٩

بەلاشاوا ٢١

بەسرە ٤١

بەحری قەزوین ٤١

بەردەرگی سەرا ٧٩

بۆكان ..... ٧٧، ١٩٤

بێسان ٧١

بیرە ژی ٢١

بیروت ١٥٠

پ

پرۆیسیا ٣٠
پاریس .... ١٤٥، ١٥٠
پۆتیناوا ٢١
پشدەر .... ٧٧، ٢١٩
پیر مەنسسور ٢١٠

ت

تەورێز .... ٤١،٧٧
تۆبەکارە ٢٠
تابین ٢٠٧
تاران .... ٤٩، ١٠٠
تەنگژە ٢٠
تورکیا .... ١٣٧، ١٦٤

ج

جاسانە .... ٢٠١، ٢٠٥

ح

حەمەی کەریم ٢١
حەڵەب .... ٤١، ٢٢٩

خ

خانەقی .... ٢١، ٣٩، ٢٦٧
خاناقای حاجی مەلا عەلی ١٠٢
خانەقای مەحوی ١٠٢
خانەقای مەولانا ١٠٢

خڕی نێوزەنگ ٢٦٧
خورماڵ ١٨٣
خۆشناوەتی ٢١

چ

چەمچەماڵ ٢١٩
چوارقوڕنە ٢٠
چوراباخ ١٨٤

د

دۆڵی سورداش ١٩٩
داریکەلی ٢٣٠
دەرگەزێن .... ٧١، ٧٤
دەریای ڕەش ٤١
دەریای سپی ناوەڕاست ٤١
دەزییان ٢١
دڕکاوا ٢١
دهۆك .... ١٩، ٢٠
دوكان .... ٢٠٥، ٢٠٦
دیاربەکر .... ٤١، ٤٧

ر

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ٤١
ڕانیە .... ٢٠٥، ٢١٩
ڕەواندز .... ٣٥، ٤١، ٢٠٤
ڕوباری دیجلە ١٦٥

ز

زەنجان.......٤١

زرگوێز.......٧٦

ژ

ژاڵە.......٧١

س

سابڵاخ.......٣٥، ٧٧

سابونکەران.......٧٤، ٩٦

ستۆکهۆڵم.......١٥١، ٢٦٧

سەرچنار.......٢٠٧، ٢٣١

سەیداوە.......٢١

سلێمانی.......١١، ١٢، ١٤، ١٦، ١٩، ٢١،
٢٥، ٢٧، ٣٤، ٣٥، ٣٧، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٧، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٦، ٥٨، ٦١، ٦٤، ٦٥، ٦٧، ٦٩، ٧٠،
٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨٥، ٨٦، ٩٣، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٩، ١٠٠، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤،
١٠٥، ١٠٧، ١١٣، ١٢١، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٧، ١٢٨، ١٣٠، ١٣٣، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٧، ١٤٩، ١٥٠، ١٥١، ١٥٤،
١٥٧، ١٥٨، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٧٧، ١٨٠، ١٨١، ١٩٣، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠٤، ٢١٠،
٢١٢، ٢١٣، ٢١٧، ٢١٩، ٢٢٥، ٢٢٧، ٣٢١، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٨، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٣،
٢٤٤، ٢٤٥، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٦٠، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨

سنە.......٣٥، ٤٧، ٤٩

سنجابی.......٧٧

سورداش.......٧٩

سێتاقان.......٢١

سیروان.......٢١

ش

شاخی کۆسرەت..٢٠٥
شاربازێر ....٧٢، ٢١٩
شارەزوور ....٦٢، ٧١، ١٤٧، ١٨٠، ١٩٠، ٢٥٧
شاری میدلهاوزن ٨١
شام ١٠٤
شەقامی گۆران ٩٦
شەقامی نالی ٧٢
شوكاك ١٩٤
شیروانە ٢١
شیلانە ٢٠

ع

عێراق........................٢٧، ٤٠، ٤٥، ٤٦، ٧٨، ١٠٥، ١٠٦، ١٢١، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٥٠، ١٥٧،
١٧٥، ١٩٣، ٢٠٤، ٢١٩، ٢٢٠، ٢٦١
عەقاری ٧٦

ف

فەرەنسا .... ١٨، ٢٢

ق

قوروجە ٢٠
قازانقایە ٢١٠
قەرەداغ ٧٢
قەشان ١٨٣
.... ٢١٩

قەڵاچوالان ٨٠

قەمچوغە .... ٢٠١، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧

قەیسەری حاجی برایم ٢٢٧

قەیسەری غەفور ئاغا ٢٢٧

قەیسەری نەقیب .... ٢١٠، ٢٢٧

قرگە ٧١

قلیاسان ٢٠٧

ك

گوران ٢١

کەلار ٢١

کۆڵەجۆ ٢١

کەتالانی ٢٤

کۆرسی ٢٤

کۆیە .... ٣٩، ٢٠٥

کفری ٣٩

کرمانشان .... ٤٧، ٤٩

کانێسکان ٢١٢

کوردستان .... ١٤، ٢٤، ٣٥، ٣٩، ٤١، ٤٤، ٤٦، ٧٨، ٩٧، ١٠٠، ١٠٥، ١٠٩، ١٢٩، ١٣٣، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٥، ١٧٧، ١٩٨، ٢٠٣، ٢٠٩، ٢٢٥، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٤١، ٢٤٣، ٢٦٠

کەرکوك .... ٩، ٣٩، ٤٠، ٤٧، ٧٧، ٧٨، ٨٧، ٩١، ١٠٣، ١٠٤، ١٣٩، ١٦٦، ١٦٧، ١٩٧، ١٣١، ٢٥٧

گ

گۆپ تەپە ٢٥٧
گۆیژە ....١٦٥، ٢٣٦
گەڕەکی تەیراوا ٢١
گردەشین ٢٥٧
گولەك ٢٠
گوڵعەنبەر ....٢٣٤، ٢٥٩
گێمەدێ ٢١

ل

لەندەن ....٤٧، ١٠٠

م

ماوەت ١٨٣
مەراغە ١٩٣
موصل..٤١، ٤٧، ٥١، ٧٤، ٧٧، ٩٣، ٩٤، ١٩٦، ٢٠٤،
٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٣٥، ٢٣٩،
٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٤٧ ، ٢٥١، ٢٥٦، ٢٥٨، ٢٦٠، ٢٦١
میرزاڕۆستەم ٢٠
میرنشینی بابان.....................................٢٧، ٣٥، ٤٧، ٥٤، ٥٦، ٦٤، ٨٥، ١٠٢
میرنشینیسۆران ....٣٥، ٤٧
میرنشینیموکریان...٣٥
میزۆپۆتامیا ١٦٨

ن

نۆدێ ٨٠
ناوچەی‌مالوان .... ٦١، ٦٢
نەمسا ٣٠

هـ

هۆنگکۆنگ ٢٤
هەڵەبجە .... ٣٩، ٢١٩، ٢٥٨
هەمەدان ٧٧
هەولێر .... ٢١، ٣٩، ٤٠، ١٠٣،
١٣١، ١٤٧، ١٥١، ١٩٦، ٢٢١
هندستان .... ١٢٩، ١٩٥
هوانە ٧١

بنیاری سلێمانی

ناوی کەسایەتییەکان

(ئیندێکس)

ناو **لاپەڕە**

ئـ

ئازاد عەبدولواحید ١١٨
ئازاد هیدایەت دەلۆ .... ١٢، ١٤٧، ٢٢٥
ئاغا تەها............ ٦٢، ٦٣، ٧١، ٧٤
ئاغا فەتحوڵڵا ئەفەندی ٧٣
ئاغا فەتحوڵڵا چەلەبی ٩٣
ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی ١٣٩
ئالتۆسەر ٢٣
ئەحمەد ئاغا ١٨٧
ئەحمەد بەگ ٢١٩
ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ .... ٧٧، ٧٨، ١١٢، ١٢٧
ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان (حەمدی) ٧١
ئەحمەد تەقی ٢٠٤
ئەحمەد پاشای حاجی قادر ٧١
ئەحمەد خواجە............ ١٥، ٤٢، ١١٦، ١١٨، ١٥٠، ١٩١، ١٩٢ ، ١٩٣، ١٩٧، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٧
ئەحمەد رەفعەت .... ٢٣١، ٢٤٩
ئەحمەد فەهمی .... ٢٠١، ٢٠٣
ئەحمەد کەمال ١٣٧
ئەحمەد موختار بابان .... ١٣٦، ٢٥٨
ئەحمەدی عەزیز ئاغا .... ٣١، ١٤٩
ئەدمۆنز(ئیدمۆنز)............ ٧٨،٩٦
ئەدیب (فەرمانبەری تەلغوراف) ٢٤٩

ئەرستۆ ٢٤
ئەرکان ئیبراهیم حیلمی ١٩٢
ئەکرەمی سالحی رەشە .... ١٦، ٩٦، ١٤٧، ١٤٩
ئەمین ئەفەندی ٢٣٤
ئەمین رەواندزی ٢٠٣
ئەمین زەکی بەگ ١٩١
ئەمین عالی بەدرخان ٢٦١
ئەو رەحمان ئاغای گەورە ٢٤٨
ئەورەحمان پاشای بابان .... ٧٠، ٨٤، ١٥١، ٢٦٤
ئەورحمان ئاغا ٧١
ئەولا سوتەڵ ١٨٣
ئولریش کوینسل ٢٤
ئیدمۆنز ٩٦
ئیسماعیل حەقی بابان .... ١٢٥، ١٥٨، ١٥٩، ٢٦٣، ٢١٧
ئیمیل دورکهایم ١٠

ب

بابەکر ئاغا ٢١٩
باران ٢٢
بالەنی ١٨٣
بەرلینەر ١٤
برایم پاشای بابان .... ٤٢، ١٦٥
بسمارك ٢٤

پ

پاول بۆرشارد(بۆرخارد) .... ١٦٩،١٤

پوره ماتان ١٨٧

پیرەمێرد .... ٧٧، ١١١، ٢٠٩

ت

تۆفیق ئەفەندی ١٩٥

تۆفیق پاشا ٢٥١

تۆفیق وەهبی ١٩٥

تۆماس موینستەر ٨١

تایەر ئەمین ئەفەندی .... ٢٠٢، ٢١٠

تایەر بەگی جاف ٢٥٨

ج

جۆرج واشنتۆن ٢٤

جەمال بابان .... ١٥١، ١٥٢

جەمال بەگ جاف ١١٦

جەمال حەکیم .... ٧٦، ١٥٤

جەمال خەزنەدار .... ١٣١، ١٥٧

جەمال عیرفان .... ١٢٠، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩،
١٥٧، ١٥٨، ١٩٣، ١٩٦، ١٩٧

جەمیلە ١٣٧

جمیل بندی الروژبیانی ١٥٠

ح

حاجی ئەحان ٥٩

حاجی بەگ ٤٨

حاجی برایم ٢٤٨

حاجی سەعید ٧٥

حاجی سەعید ئاغا ٢٤٨

حاجی سەعید ئەفەندی.. ٢٦٦

حاجی سەید ئاغا .... ٧١، ٢٤٨

حاجی سعید ئاغا .... ٦٣، ١٠٧

حاجی عەبدولڕەحمان مەحموود.. ١٣٣

حاجی عەبدوڵڵا ٧٦

حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی ٢٣١

حاجی عەلی ئاغا .... ٦٣، ٢٤٨

حاجی غەنی .... ٥٩، ١٥١، ١٥٢

حاجی قادر ١٨٣

حاجی قادری کۆیی ١٢٩

حاجی مەلا سەعید .... ٧٦، ٧٧، ١٥٥

حاجی مەلا محێدین مەعروف(حاجی مەلا محێدین)........................ ٦٣،٧٤،٧٥،١١٢

حاجی میرزا .... ٦١، ٦٢، ١٨٢

حاکم سۆن (عەلی ناجی) ٢٢١

حامید ١٨٣

حەبیبە ١٣٧

حەپسە خانی نەقیب.......................................١١٣، ١١٤، ١٣٧،١٩٧
حەسەن یاسین ٣٦
حەسیب بەگ ٢٣١
حەکیم باشی حەمامچی ٦١
حەمە بەگی قادر پاشا ١١٧
حەمە بچکۆڵ ....١٥٧، ١٥٨
حەمە خانی بانە ....١٩٢، ١٩٣
حەمە ساڵح بەگ ٧٩
حەمە کەرکوکی ٧٦
حەمەی ئەمین بەگ ١١٦
حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا ....٧٠، ١١٠، ١١٢، ١١٧، ١٢٦
حەمدی ....١٢٦، ١٢٧، ١٥٩، ٢٠٩
حەمدی بەگی بابان ١٢٥
حسین جاهد ٢٥٩

خ

خاڵە هۆمەر ....٥٩، ٦٠
خالد پاشا ٣٧
خالد سەعید ....٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٥، ٢٠٦
خەلیل منەوەر ....٢٥٨، ٢٦٠، ٢٦١
خومیس ئەفەندی ١٥٨

چ

چاپمان ٧٨

د

داروغە .... ٥٩، ٦٠
دەروێش (سەرنوسەری دادگا) ٢٤٩
دەروێش ئاغا .... ٦٠، ١٨٢
دکتۆر زیاد ٢٥٠
دکتۆر چیا ٢٣١
دکتۆر ضیاء .... ٢٣٩، ٢٦٠
دکتۆر کەمال فواد ١٣
دکتۆر کەمال مەزهەر .... ١٣١، ١٥٧، ٢٦١
دکتۆر مارف خەزنەدار .... ١٣، ١٥٣
دکتۆر هەڵکەوت حەکیم .... ٤٧، ١٥٠، ١٥١، ٢٦٧
دیدرۆ ٢٨

ر

رۆدۆلف بەلینەر ١٦٩
راسیل ١٦٩
رەشەی حاجی فەتاح .... ٢١٠، ٢١١
رەشید ئەفەندی کابان ١١٧
رەشید پاشا ٢٣١
رەشید جەودەت .... ١٩٣، ٢١٩، ٢٢١
رەشید عەبدولکریم ٢٠٠
رەشید غەفور ٢٠٨
رەفعەت عەبدولرەزاق ٢٥٩
رەفیق حیلمی .... ٨٠، ١٢٠، ١٢٩، ١٣١، ١٥١، ١٥٨، ١٥٩

ڕەفیق ساڵح ....١٥، ١٦، ١٧، ٧٠، ١٤٩، ١٥١، ١٥٧، ٧٩
ڕەمزی عەبدلکریم ....٢٠٠، ٢٠٦
ڕەمزی مەلا مارف ٢١١
ڕێبوار حەمە تۆفیق ٢٦
ڕیچ ....٥٠، ١٤٣، ١٥٦، ١٦٦

ز

زێوەر ....١٥٣، ٢٥٩

ژ

ژان ژاك ڕۆسۆ ٢٨

س

ساڵح پاشا ....١١٧، ١١٨
ساڵح زەکی ....١٣٧،٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٥
ساڵح قوڵ ئاغاس..٢٣٢، ٢٥٠
ساڵح قەفتان ١٩١
سالم ....٥٦، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣
ستالین ٢٣
سەدیقی حەیدەری ١١٦
سەید ئەحمەدی بابا ....٢٣١، ٢٣٩، ٢٥٠
سەید ئەحمەدی بەرزنجی ٢٠٢
سەید تەها ١٩٣
سەید ڕەئوف ١٩٨
سەید ڕەزا ١٩٨

سەید محەمەد فەقێ ٢٠٢
سەیفەدین خانی سەقز .... ١٩٢، ١٩٣
سدیق سالْح .... ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ٧٠، ١٤٧، ١٤٩، ١٥٤، ١٥٧
سلێمان پاشا .... ٤٨، ٤٩، ٥٣، ٨٣
سمە قولی ٢١١
سمەی قاوەچی ٢١١
سمکۆ .... ١٩٣، ١٩٤
سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم .... ١١، ٦٥، ٢٥٩، ٢٦٢، ١٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٩، ٦١، ٩٢
سویزی ٢٣

ش

شەرەف خانی بەدلیسی ١٣٣
شەریف پاشا ٢٦١
شەمسەدین سامی ١٠٣
شکسپیر .... ٢٤، ٤٤
شێخ ئەحمەد .... ٢٣٢، ٢٣٩، ٢٤٠
شێخ الاسلام ٢٥٨
شێخ حەمە غەریب .... ١٠٩، ١١٧
شێخ رەزای تاڵەبانی .... ٨٥، ٩٣، ١٢٢، ١٥٨
شێخ سالْح ئەفەندی .... ٢٣٩، ٢٥٠
شێخ سالْح موفقی زادە ٢٣٢
شێخ سەعید .... ٨٠، ٩٣، ٩٥، ١٢١
شێخ سەعید ئەفەندی .... ٢٤٩، ٢٥٠

شێخ سەعید حەفید ....٢٢٥، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٣٨
شێخ سەعید شێخ مەحمود ....٢٣٢، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٥٠، ٢٥٦
شێخ سەعید گوێك تەپە ....٢٣٠، ٢٤٢
شێخ سەید ئەفەندی ٢٢٨
شێخ عەبدولقادر ئەفەندی ٢٤١
شێخ عەبدولقادر شەمزینی ٢٤٠
شێخ عەلی ٢٥١
شێخ عەلی قازی ١٠٢
شێخ قادر ....١٠٩، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٦
شێخ قادری حەفید ....١٢٩، ١٩٤، ١٩٥، ٢٠٤، ٢٠٧
شێخ مارفی نۆدێ ....٥٣، ٦٤، ٨١
شێخ مەحمود ....١٤، ١٥، ٧٠، ٧٦، ٧٧، ٨٠، ٨٢، ٨٣،
٨٤، ٨٥، ٩٣، ٩٤، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩،١١٢،
١١٥، ١١٧، ١١٩، ١٢٠، ١٢١، ١٢٣، ١٢٦،١٢٧
١٢٨، ١٣٧، ١٣٨، ١٥٤، ١٥٧، ١٧٧، ١٩١، ١٩٢
١٩٥، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٤،
٢٠٥، ٢٠٩، ٢١١، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٩،
٢٣٩، ٢٤٠، ٢٥٠، ٢٥٧
شێخ مەحمودی گوڵانی ١٩٩
شێخ مەعروف ....٢٣٩، ٢٤٠
شێخ مەعروفی نەقیب ٢٥١
شێخ محەمەد بن عەبدولوەهاب ٥٣
شێخ محەمەد عەلی ١٢٢

شێخ محەمەد غەریب ....٢١٠، ٢٤١
شێخ نجم الدین سید نوری ٢٣٠
شێخ نوری شێخ ساڵح ١١٨

ع

عەلی ئیسحاق پاشا ٧٦
عەبدولکەریم قاسم ٧٩
عەبدوڵڵا پاشای بابان ٦١
عەزیز ئاغای مەسرەف ٦٢
عیماد ئەحمەد ٢٥
عوسمان ئەنوەر ٣٦
عەبدوڵڵا پاشا ٣٧
عارف سائیب ....١٢٠، ١٣٧، ١٧٧، ١٩٣، ١٩٤، ٢٠٣
عەزیز یامولکی ١١٣
عەبدوڵڵا ئاغای سەرشەقامی..١١٧
عەبدوڵڵا سەعید حەمە ئاغا ١١٧
عەزمی بەگی بابان ١٢٤
عەبدولعەزیز ئەفەندی ٢٤٩
عەلی عیرفان ١٣٧
عادیل ١٣٧
عەبدولقادر رۆستەم بابان ١٥١
عەلی وەردی ١٤٩
عەبدول قادر سەعید ١٩٧
عەبدول خالید سابیر ١٥٤

عەبدولقادری بابان .... ٤٩، ١٦٦
عباس العزاوی .... ١٤٧، ١٥٤، ١٥٥
عەزیز قەزاز ٢٠٣
عیسا ١٦٧
عیزەت تۆپچی ٢٠٣
عومەر ئاغای خەزنەدار ٢٦٥
عوسمان پاشا ٢٣٤
عەزیز بەگی بابان ١٧٩
عیزەت نەجیب ٢٠١
عەلی خانی کوڕی سەردار ١٩٤
عەزیز کوردی .... ٢٠٥، ٢٠٦
عەلی کوردی ٢٠٦
عەمی مارف ٢١٠
عوسمان پاشای حەمە پاشا ٢٥٨
عەبدولستار تاهیر شەریف ٢٦١
عیزەت پاشا ٢٤٣
عبدالرقیب یوسف .... ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٤٧، ١٥٤
عەبدوڵڵا زەنگەنە .... ١٦، ١٧، ١٤٧، ١٥٨، ٢١٧

ف

فەتاح بەگی ساحێبقران .... ٧١، ٢٤٨
فەتحی حەزین ٦٠
فەهمی ئەفەندی ٢٥٠
فەهمی یوزباشی ٢٣٢
فرایزەر .... ٤٧، ٤٨، ٤٩
فواد مەجید میسری....................................... ١٣٩، ١٥٨
فواد مەستی ٢٠٨

ق

قوڵ ئاغاس....................................... ٢٣١، ٢٦٢
قادر ئەفەندی ٢٣٢
قادر بەگی عیزەت بەگ ٧٩
قادر سەعید (قالەی ئائیشە خان)....................................... ١١٧، ١٩٧
قادری دەلاك ١٨٤
قازی محەمەد ١١٦
قالەی شەریف ١٨٨

غ

غاندی ٢٤
غەفور ٢٤٨
غەفوری میرزا کەریم ١٥٧

ك

کاظم حسن الدجیلی..٢٥٩
کاك ئەحمەد..١٢١، ١٥٣
کاك ئەحمەدی شێخ..٢٣٦
کامیلە..١٣٧
کانت..٢٤
کەریم ئاغای نەنێ..٥٩، ٦٠، ١٨٢
کەریمی حیسامی..١٥١
کەریمی ئەلەکە..١١٧، ١١٨، ١٥٤
کەریمی فەتاح بەگ..١١٠
کەمال رەئوف محەمەد..١٠٤
کوثر ئەفەندی..٢٢٦
کوردی..٦١

گ

گوێتە..٤٤
گوزیدە پامولکی..١١٣

ل

لینین..٢٣

م

مستەفا نەریمان..١٢، ١٤٧، ٢٢٣، ٢٢٥
محەمەد مستەفا کوردی..١٣
محەمەد مستەفا (حەمە بۆر)..١٣، ٦١، ١٤٧، ١٥٢، ١٥٣
محەمەد مەلا کەریم..١٣، ١٠٢، ١٥٢

مەلا حەمدون ....١٤، ٦١، ٨٥، ٨٧، ٩٠، ٩٢
مەحمود ئاغای زل ....٦١، ٦٢، ١٨٢
مارف ئاغا تەها ٦٣
مێجەر سۆن ....٦٤، ٩٤، ١٥٠، ١٩٣، ٢١٩، ٢٢١
مارتن لوتەر ٨١
مەلا عەبدوڵڵای زێوەر ٨٣
مامۆستا موحسین ٢٦
مستۆ ....٦٠، ١٨٢
مستەفا ناری ٦٠
مەولانا خالیدی نەقشبەندی ....٥٣، ٨١، ٨٢، ١٠١، ١٠٢
مەحمود پاشا ....٤٨، ٢٣٤، ٢٣٨
محەمەد خان ....٤٧، ٤٩
محەمەد سەلمان حەسەن ....٤٤، ١٥٠
مارك سایكس ....٩٦، ٩٧
ماتینی پیبۆدی ٩٧
محەمەد ئاغا ١١٠
مستەفا پاشای یامولکی..١١٠، ١١٧، ١٢٨، ١٢٩، ١٣١
مامۆستا جەعفەر ١٤٧
محەمەد عەلی ١٥٣
محەمەد رەسول هاوار ....٧٠، ١٥٤، ١٥٦، ١٥٧، ١٥٩
محەمەد حەمە باقی ....١٥٦، ١٦٤
مامۆستا کەریم ئەحمەد ١٥٧

محمد رئوف تەوەکولی ١٥١
مەلا یونس ١٨٣
ماجد مصطفی .... ١٩٧، ٢٠٦، ٢٠٧
مێجەر ئەدمۆنز .... ١٩٩، ٢٠٠
مجید خانەقینی ٢٠٨
میرزا ئەحمەدی قەڵەمچی ٢١٠
مستەفا پاشا ٢٣
مەحمود پاشای حەمە پاشا ٢٥٩
مەحمود پاشای جاف ٢٥٢
مەحمود (فەرمانبەری تەلغوراف) ٢٤٩
محەمەد تۆفیق ٢٤٧
محەمەد ئەمین زەکی بەگ .... ٥٠، ٥١، ١٢٣، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٥٠، ١٥١، ١٥٨ ، ٢٦٠
میشائیل نۆیمان .... ٩، ٢٥
مارکس .... ١٠، ٢٣، ٢٤
ماکس ڤێبەر .... ١٠، ٢٤، ٢٨
محەمەد عەلی قەرەداغی .... ١٦، ١٧، ١٤٧

ن

نۆبەرت ئیلیاس ١٠
نائیلە ١٣٧
ناپلیۆن ٢٤
ناسرالدین شا ٩٠
نالی ٨٤

نەجیب (فەرمانبەری ئیجرا) ٢٤٩
نەوشیروان مستەفا .... ١٧، ١٤٧
نوری عەلی سەیدەلی.. ٢٠٢

هـ

هادی سائیب ١٩٥
هێگل ٢٤

و

وەستا حسەین کل ١٨٣
وسو ئاغا ٢١٢

ی

یونس ٦٠
یونس ئاغا ٧٦
یونس عەبدولقادر .... ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠٨

بەرهەم و بڵاوکراوەکانی نووسەر

١. خۆرگێران	کورتە چیرۆك	خرپینێوزمنگ	١٩٨١
٢ - ڕاوەماسی	ڕۆمان	ستۆکهۆلم	١٩٨٦
٣ - لەگێژاودا	کورتە چیرۆك	ستۆکهۆلم	١٩٨٨
٤ - هەڵۆی سوور	سیناریۆ	سلێمانی	٢٠٠١
٥ - پێکهاتنی چوارچێوەی ئابووریو		سلێمانی	٢٠٠٣

سیاسیی - چینی بۆرجوازی لەشاری سلێمانیدا.

٦ - التيارات والأتجاهات الأدبية والفكرية في القرن التاسع عشر - التآخي ١٩٧٢.

٧ - خانقين خلال ربع قرن (١٩٠٠ - ١٩٢٥)، خمس حلقات، _ ((التآخي)) ١٠و ١١و ١٢و ١٣و ١٤ حزيران - ١٩٧٣.

٨ - خانقين خلال ربع قرن (١٩٠٠ - ١٩٢٥) - بحث ميداني - السليمانية - ٢٠٠٥

٩ - الرومانتيكية في الأدب الكردي - مجلة الثقافة، عدد (١) س (٤) ص (١٠١) - بغداد - ١٩٧٤.

١٠ - لماذا سادت اللهجة الگورانية في الأدب الكردي - مجلة الثقافة - بغداد ١٩٧٣ .

١١ - چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شەڕی پارتیزانی - خرپ نێوزمنگ - ١٩٨١.

12-Fadil Ahmad:Die Stellung der Frau in der Kurdischen Gesllschaft.
In: VIA- Magazin (Bonn) .3 (1991) S.1-20

★ وتاری: دەوری ژن لەکۆمەڵی کوردستاندا (بەئەڵەمانی) لە گۆڤاری VIAدا بڵاوکراوەتەوە.

13-Fadil Ahmad:LUTTE ARMEE ENTRE LE MYTHE ET LAREALITE
In: HALKAWT HAKIM: Les Kurdes Par- delà .1,exode.Paris 1992

* وتاری خەباتی چەکدار لەنێوان ئەفسانە و ڕاستیدا. لەلایەن (د. هەڵکەوت حەکیم)ەوە کراوەتە فەرەنسیو لەکتێبێکدا ساڵی ١٩٩٢ لەپاریس بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە لە گۆڤاری یەکگرتندا بڵاوکراوەتەوە و چەندین کەس لەسەریان نووسیووە.

14 -Fadil Ahmad: Die Kurdische Befreiungsbewegung zwischen Stammeskultur und politischer Erneuerung. Hildesheim.1994.

* کتێبی: بزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد لەنێوان کەلتووری عەشرەتگەری و مۆدێرنکردنەوەی سیاسیدا. ئەمە نامەی ماجستیری ساڵی ١٩٩٤ ە.

١٥ ـ ئەڵوەنو ئەفسانە	ڕۆمان	سلێمانی	٢٠٠٤
١٦ ـ مێژووی بیری کوردی	لێکۆڵینەوە	سلێمانی	٢٠٠٥
١٧ ـ الصقر الأحمر ـ	سيناريو	السليمانيه	٢٠٠٥
(ترجمة: شهاب القره لوسي)			
١٨ ـ من بڕوام بەدیموکراسی کوردی نییە.	لێکۆڵینەوە	سلێمانی	٢٠٠٦

تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

کسازی: قادر میرخان

Mamosta Jafar

City of Sulaimani

The conflict of social groups 1820-1920